دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان

عەبدوڵڵا ئۆجالان

ئورفا، مێژوو، پیرۆزی و نەفرەت

لە تورکییەوە: لوقمان عەبدوڵڵا

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

عەبدوڵڵا ئۆجالان

ئورفا؛
مێژوو، پیرۆزی و نەفرەت

لە تورکییەوە
لوقمان عەبدوڵڵا

ئورفا؛
مێژوو، پیرۆزی و نەفرەت

ناوەندی توێژینەوەو هزریی شەهید ئارام ٢٠١٧

بەڕێوەبەری دەزگا: سیروان حەمەسەعید

ناوی کتێب: ئورفا؛ مێژوو، پیرۆزی و نەفرەت

ناوی نووسەر: عەبدوڵڵا نۆجالان

لە تورکییەوە: لوقمان عەبدوڵڵا

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

زنجیرە: (٢٣)

چاپی یەکەم: ٢٠١٧

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی کارۆ

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (١٥٩٧)ی ساڵی ٢٠١٧ پێدراوە

Tel: 0533202936 07701549509

email: jamalerfan99@gmail.com

facebook: Jamal Erfan's Library

www. jamalerfan.com

ناونیشان: سلێمانی- شەقامی سالم

ناو بینای یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی- بەرامبەر ماکسی مۆڵ

مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ ناوەندی توێژینەوەو هزریی شەهید ئارام

ناوەڕۆك

تێبینی ۷

پێشەکی..... ۹

بۆ سەرۆکایەتی هەشتەمین دادگای ئەنقەرە..... ۱۹

مێژوو لە حەوزی دیجلە ـ فورات..... ۲۱

هەنووکەیی کردنی نەریتی حەزرەتی ئیبراهیم..... ۵۵

پاشکۆ -۱- ۸۱

ئورفاو عەبدوڵڵا ئۆجالان

پاشکۆ -۲-..... ۱۱۵

هەڵسەنگاندن سەبارەت بە ئورفا

پاشکۆ -۳-..... ۱۷۳

گردی خرابەرەش

تێبینی خانەی بڵاوکردنەوە (تورکی)

دۆزی ئورفا لەرێکەوتی ١٧-١١-١٩٨٧ لەلایەن دووەمین دادگای سزای قورسی ئورفاوە دەستی پێکردووە، ئەو دۆزە سەبارەت بە خەبات و چالاکیەکانی بەر لە ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ یە کە دەرهەق بە ١٠١ کەس کراوەتەوە، لەسەرووی هەمووشیانەوە عەبدوللا ئۆجالان.

دوای ئەوەی لە ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ لە ئاکامی گەلەکۆمۆیەکی نێودەوڵەتیەوە ئۆجالان رفێنراو رادەستی دەوڵەتی تورکیا کرایەوە، دووەمین دادگای سزای قورسی ئورفا لە دانیشتنێکیدا لە رێکەوتی ٩-٧-١٩٩٩ بڕیاریدا کە دۆزەکە بۆ دادگای سزای قورسی ئەنقەرە بگوازرێتەوە. لەو سۆنگەیەوە؛ لە ٤-١٠- ١٩٩٩ هەشتەمین دادگای سزای قورسی ئەنقەرە دۆزی ئورفای گرتە دەست. ئەو دۆزە لەگەڵ دۆزی ئیمرالی تێکەڵ نەکراو بەجیا بەڕێوەچوو، دادگا لە دانیشتنێکیدا لەبەرواری ٢٦-٣-٢٠٠١ لەمیانەی ئەو بڕیارەی وەریگرت داوای بەرگرینامەی لە عەبدوللا ئۆجالان کرد کە لە ژووری تاکەکەسی (ئینفیرادی) زیندانی تاکەکەسی دوورگەی ئیمرالی بەندکرابوو. لەو چوارچێوەیەدا ئۆجالان یەکەم بەشی بەرگرینامەکەی لە رێکەوتی ١٠-٧-٢٠٠١ تەواو کرد و پێشکەش بە دادگای ناوبراوی کرد. هەروەها ئاگاداریشی کردنەوە کە لە کۆتاییەکانی مانگی ئابدا بەشی دووەمیشی تەواو دەکات.

ئەو بەرگرینامەش لەژێر ناوی " لە دەوڵەتی کاهینی سۆمەرەوە بەرەو شارستانێتی دیموکراتیک" کرا بە پەرتووک. بەپێز ئۆجالان ئەو پەرتووکە بە تەواوکاری بەرگرینامەی ئیمرالی دادەنێت کە بەهۆی هەلومەرجەکانی ئەوکاتە سەرتاپاگیر نەبوو، بە وەلامێکی پرۆسەی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپاشی دادەنێت، هەروەها وەک چوارچێوەیەکی بەرفراوانی بەرگرینامەی ئورفاشی دەبینێت؛ ئۆجالان ئورفا بە میکرۆ نموونەی شیکارکردنی مێژوو، شارستانیەت و رۆژهەلاتی ناوین دادەنێت، لەمیانەی

ئەو بەرگرینامەیەشدا پاشکۆیەکی تایبەتی بەناوی بەرگرینامەی ئورفا ئامادەکردووە و لە ١٠-٧-٢٠٠١ پێشکەش بە دادگای پەیوەندیداری کردووە. ئەو پەرتووکەی لەبەر دەستتانداید تەنیا ئەو بەشە لەخۆوە دەگرێت کە تایبەتە بە ئورفا.

بەڵام گووتەو بۆچوونەکانی ئۆجالان تەنیا بە مانەوە سنووردار نییە. بەو حوکمەی کە ئۆجالان خەڵکی ئورفایە، باسگەلێکی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان شوێنی لەدایکبوونی و چۆنیەتی شێوەگرتنی ناسنامەکەی جێگای باسە، هەروەها لەکاتی ئامادەکردنی ئەو بەرگرینامەیەیدا چەند شیکارو هەڵسەنگاندنێکی هەیە کە لەگەڵ پارێزەرەکانیدا ئەنجامیداون، ئەمانەش کۆکرانەوەو وەک پاشکۆیەک لەگەڵ ئەم بەرگرینامەیە دانراون، بەو ئامانجەی بەرگرینامەیەکی گشتگیری ئورفا فەراهەم ببێت.

خانەی ئامارا بۆ بڵاوکردنەوە

پێشەکی

بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان کوڕە جوتیارێکی گوندی ئاماڕای سەر بەشاری روها- ئورها (ئورفا[1])ی باکووری کوردستانە کە دەکەوێتە نزیک رووباری فورات و یەکێک لە شارە هەرە دێرینەکانی کوردستانە. مێژووەکەی بۆ دە هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. بەهۆی پێکهاتە کولتووری، ئەتنیکی و ئایینییە هەمەڕەنگەکەیەوە بەدرێژایی تەمەنە دێرینەکەی، ڕۆڵی گرنگ و دیرۆکی بینیوە.

یەکێک لە دەقەرە گرنگەکانی سەرهەڵدانی کولتووری دایکایەتی، شۆڕشی گوند و کشتوکاڵە، یەکێک لەشوێنەکانی یەکەمین دۆزینەوە و داهێنانەکانی مرۆڤایەتییە: جۆرەکانی خۆراک و ئامرازە پەیوەندیدارەکانی، لەم سۆنگەیەوە؛ بەیەکەمین شوێنەکانی سەرهەڵدانی پیرۆزیی دادەنرێت.

بەدرێژایی مێژووی خۆی بەرامبەر بە زۆردار و ستەمکاران مەڵبەندێکی یاخیبوون و بەرخودانی هەژاران و زۆرلێکراوان بووە. هەربۆیە چەندین چیرۆکی بەرخودانی بێهاوتا تا ئێستاش لەم شارە دەگێڕدرێتەوە و باس دەکرێت. ئەوانەی کە ڕێبەرایەتی ئەم یاخیبوون و بەرخودانانەشیان کردووە ڕۆشنبیران و ڕێزانەکانی ئەو سەردەمەن، واتە پێغەمبەرەکانن؛ ئەمەش لە چیرۆکی پڕ بە ئێشی حەزرەتی ئەیوب کە بە شێوازێکی تایبەت بە خۆی، بەسەبرێکی زۆرەوە بەرگەی ئەوە دەگرێت کە کرم پارچە پارچەی گۆشتی جەستەی بخوات، تا سەرنجی نەمرودەکان ڕاکێشێت و بە

---

[1] ئورفا:شارێکی باکوری کوردستانە، ناوە کۆنەکەی (ئورهـا) یان (روها)یە، لەسەردەمی یۆنانیەکان (ئەدەسا)یان پێگوتووە، دواتریش بە ئورفا ناسراوە، لەسەردەمی کۆماری تورکیاش (شانلی ئورفا)ی پێگوتراوە (وەرگێڕ).

هەموولایەکی رابگەیەنێت کە مرۆڤی (کۆیلە)ش ئازار دەکێشێت و هەست بە ئازار دەکات، تا دەگاتە پێغەمبەران ئیدریس، یونس و نوح، بەتایبەتیش حەزرەتی ئیبراهیم خەلیل کە بەرخودان و سەرهەڵدانە میژوویییەکەی بەرامبەر بە نەمرود (پاشا - خوداوەند) ئەنجامدەدات، کولتوور و نەریتی پێغەمبەرایەتی دەگەیەنێتە لوتکە.

شاری ئورفا سەرەتا مەڵبەندێکی شۆڕشی گوند و کشتوکاڵ بووە، ناوەندێکی کولتووری دایکایەتی و خوداوەندە ژن - دایک بووە، شوێنی دۆزینەوەی خۆراک و خواردەمەنی، واتە شوێنگەی ژیان بووە، هەر بۆیە بەپیرۆز دانراوە. دواتر بوو بە شاری سەرهەڵدانی یاخیبوون و بەرخودانی پێغەمبەران، چەندین پێغەمبەر لەوێ چاویان بەدونیا هەڵێناوە، هەربۆیە بەشاری پێغەمبەرانیش ناوبراوە.

دواتر هەورێ رەشوتاریک ئاسمانەکەی داپۆشیوە، ئیتر لەجیاتی پیرۆزی، نەفرەت بووە بە بەشی ئەم دەڤەرە، یاخیبوون و بەرخودانی گەل کپ کرایەوە، ستەمکاران بەناوی پیرۆزی و ئیلاهییەوە دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرت و ژەهریان دەرخواردی خەڵکەکەیدا. ئیتر خوازیار بوون ئەم رەوشە وەک چارەنووسێکی رەش بەسەر ناوچەکە و خەڵکەکەیدا بسەپێنن .

بەڵام خەڵکی ناوچە کە خاوەن کولتووریکی رەسەنی پیرۆزی و بەرخودانن، بەشێوەیەکی شاراوە، درێژەیان بە ماتە وزەی ئەم نەریتە دێرینەدا کە بەیەکەوە ژیانی ئازادانەی گەل، کولتوور، ئەتنیک و ئایینە جیاوازەکان لەخۆوە دەگرێت. بەردەوام بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕان جارێکی دیکە ئەم کولتوورە رەسەنە بەکاریگەر بکەن.

لەم چوارچێوەیەشدا کاتێک لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوو شەڕی رزگاری نیشتیمانی لە تورکیا لەسەر بنەمای رێککەوتنی کورد -

تـورک پێشـکەوت، بـۆ پێشخسـتنی یـەکێتی ئازادانـە و بەدەسـتهێنانی دەستکەوتی هاوبـەش ئورفا و ناوچـەکانی دەوروبـەری جێگای خۆیـان لـەم هەڵمەتە دا گرت، تا دەوڵەتی تورکیا دامەزرێنرا .

بـەڵام هێنـدەی پێنـەچوو تورکـەکان نکوڵییـان لـەم رێککەوتنـەکرد، گـەلی کوردیـان بـە نـەبوو لـە قەڵەمـدا. یـاخیبوون و سـەرهەڵدانە یـەک بـەدوای یەکـەکانیان سـەرکوت کـرد. دوای سـەرکوتکردنی سـەرهەڵدانەکانی شـێخ سـەعیدی پیـران ١٩٢٥، هـەرە دوایـیش سـەید رەزای دێرسـیمی ١٩٣٨ ئیتـر دەیانگوت شتێک بەناوی کورد و کوردستان نییە و نەبووە، تەنانـەت گۆڕی سیمبۆلیشـیان دروسـتکرد و لەسـەر کێڵەکـەی نووسـیبوویان "کـورد و کوردستان لێرە لەگۆڕنراون ."

قۆناخی دواتر قۆناخی یەک دەوڵـەت، یـەک نەتـەوە، یـەک کولتوور، یـەک زمـان، یـەک ئـاڵا و یـەک وڵات بـوو کـە تورکـەکان بەسـەر گـەلی کوردییـان داسـەپاند، نکـوڵی و قڕکـردن بـوو بـە سیاسـەتێکی بـاوی پـەیڕەوکراو دژ بەکوردان و گەلانی دیکە (جگە لە تورکان). هەرشتێکی ناو و بـۆنی کورد و کوردسـتانی لێدەهات قەدەغـەکرا، بـە هۆکـاری جوداخـوازی دانـران؛ نـاوی شار، گوند، شاخ، کانی و ئاوەکانی کوردسـتان گشـتی گۆڕان و تورکێنران، تەنانـەت گـەلی کوردیشـیان بـە تـورکی شـاخاوی نـاو بـرد. نـەک هـەر تـەنیا بەرامبـەر بـە کـوردانی بـاکووری کوردسـتان، بـەڵکو رژێمـی فاشیسـتی دەوڵـەتی تـورک بەرامبـەر بـە تـەواوی کـوردان هـەمان هەڵوێسـتی هـەبوو، چـاوی بـە دەسـکەوتەکانی کـورد هەڵنـەهات جـا لەهـەر کوێیـەک بێت، بۆیـە دژایـەتی دەکـردن و دەسـتی لەزۆربـەی رێککەوتنـەکانی دژ بـە کوردانـدا هـەبوو، بەرچاوترینیشـیان رۆڵـی بـوو لـە رێککـەوتنی جـەزائیر و پووچەڵکردنەوەی مفاوەزاتی سەرەتای هەشتاکانی نێوان حکومەتی ئێراق و یەکێتی نیشتیمانی.

لە رەوشێکی بەمجۆرەدا وزەی شاراوەی نەریت و کولتووری رەسەنی ناوچەکە چیتر نەیدەتوانی دەستەوەستان بوەستێت، دیسان دەبوایە رۆڵی مێژوویی خۆی ببینێت. هەروەکو چۆن لە رابردوو ببووە مەڵبەندی بەرخودان بەرامبەر بە نەمرودی ستەمکار، ئەمجارەش دەبوایە بزووتنەوەیەکی هاوچەرخی ئیبراهیمی بەرامبەر بە نەمرودە نوێیەکان سەرهەڵبدات، چارەنووسی خراپی گەلی کورد، رەنجدەر و هەژاران بگۆڕێت و سنوورێک بۆ ستەم، چەوسانەوە، نکوڵی و قڕکردن دابنێت، گەل بە ئازادی و سەرفرازی شاد بکات. پەلی هەوری رەش و تاریک بەلاوە بنێت و رۆژی روناکی گەلان هەڵبێت.

بەڵێ کوڕە جووتیارەکەی گوندی ئامارا ئەو کەسایەتییە بوو کە وزەی شاراوەی پیرۆزی و رەسەنی ناوچەکەی رێکخست، کردی بە هێز و بەرامبەر بە نەمرودە ملهوڕ و خۆ داسەپێنەکان جارێ بزووتنەوەیەکی رەنجدەران و هەژارانیدا کە خوازیارە ببێتە بزووتنەوەیەکی ئیبراهیمی هاوچەرخ.

بزاڤی ئاپۆچێتی، یاخود بە ناوەکەی تری پارتی کارکەرانی کوردستان (PKK)وەک بزووتنەوەیەکی خاوەندارێتیکردن لە پیرۆزی، رەسەنی و کولتووری ناوچەکە سەریهەڵدا، بزاڤێک کە کۆتایی بە ستەم و زۆرداری نەمرودەکانی سەردەم بێنێت. لەم پێناوەشدا لەدوا چارەگی سەدەی بیستەم تێکۆشانێکی ماندوو نەناسانە ئەنجامدرا، فیداکاریەکی بێهاوتا کرا، قوربانیەکی زۆر پێشکەشکرا؛ لەکاتێکدا بزووتنەوەکە دەسکەوتی گرنگی بەهاداری بەدەست دەهێنا و لە سەرکەوتن و ئازادی تەواو نزیک دەبوویەوە و ناسنامەی مرۆڤی ئازادی بەرزکردبۆوە و ببووە سەرچاوەی ئیلهامی تەواوی بزاڤەکانی هەژاران و رەنجدەران: سەرجەم نەمرودەکانی جیهان ترسیان لێ نیشت و ئەو راستیە تێگەیشتن کە چارەنووسی

نەمرودەکان گرێدراوی یەکترەو گشتیان بەهانای نەمرودەکانی دەوڵەتی تورکەوە هاتن، بەرامبەر بەم بزووتنەوە کەوتنە ناو پیلانڕێژی و نەخشەدانانەوە: لە ئاکامدا بە پیلانگێڕیەکی نێودەوڵەتی لە ١٩٩٩/٢/١٥ ڕێبەری ئەم بزاڤە، بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالانیان ڕفاند و ڕادەستی نەمرودەکانی دەوڵەتی تورکیایان کردەوە .

بەڵێ سیستەمی جیهانی نەمرودەکان هەروەکو چۆن سەرەتای سەدەی بیستەمیان بە قەسابخانەی مرۆڤایەتی (شەڕی یەکەمی جیهانی) دەست پێکرد، بە هەمان شێوە ئەم سەدەیان بە بێبەختی و غەدرێکی گەورە بەرامبەر گەلی کورد دەست پێکرد: گەلی کورد و وڵاتەکەی کوردستانیان بۆ چوار پارچە دابەش کرد و هەر پارچەیەکیش خرایە ژێر دەستی دەوڵەتێکەوە. بەهەمان شێوە بەزوڵم و ستەم و غەدرێکی گەورە کە بەرامبەر گەلی کورد و کوردستانیان ئەنجامدا خاڵیان بۆ سەدەی بیستەم دانا، کە ئەویشیان پیلانگێڕی نێودەوڵەتی ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ بوو.

یەکێک لە هۆکارە هەرە سەرەکیەکانی ئەم پیلانگێڕیە ئەوەبوو کە بزاڤی هەژاران و ڕەنجدەرانی کوردستان کۆتاییان بەو دۆخە هێنابوو کە دۆزی کورد وەک کارت و پیۆنێک لەلایەن هێزە هەژموونگەرا نێودەوڵەتیەکان بەکاربهێنرێت PKK .وەک بزووتنەوەیەکی هاوچەرخ ،سەربەخۆیی ئیرادە و ناسنامەی کوردی ئازادی بەرزکردەوە: هەموو هەوڵێکی لەپێناو چارەسەری دیموکراتیانەی دۆزی کورد و یەکێتی ئازادنەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بوو. ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندیپەرستی پاوانخوازی سیاسی، سەربازی و ئابووری هێزی هەیمەنەی جیهانی نەدەهاتەوە: کە بەرژەوەندیەکانیان لە ڕێگای شەڕ و ئاژاوە و پشێویەوە مسۆگەر دەبوو.

نەمرودە جیهانگیرییەکان لەو بڕوایەدابوون کە بەدەستگیرکردنی ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان و بەندکرنی لەزیندانی تاکە کەسی ئیمرالی ئیتر دەتوانن

کۆتایی بەم بزاڤە گەلەرییە بێنن. وەک دیارە مێژوویان لەبیرکردبوو، چونکە کاتێک نەمرود حەزرەتی ئیبراهیمی فڕێدایە ناو ئاگرەوە، نەک هەر تەنیا کولتوور و نەریتەکەی لەناونەچوو، بەڵکو رەگ و ریشەی خۆی بەشێوەیەکی قوڵتر داکوتا. هەربۆیە جارێکی دیکەش مێژوو بەنوژەنیەوە دووبارە دەبوویەوە!

دوای ئەوەی رێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان وەک دیلێک و بارمتەیەک لە زیندانی تاکە کەسی دوورگەی ئیمڕالی بەندکرا، لەو کاتەوە تاکو ئێستا دە ساڵە(کاتی نووسینی ئەو پێشەکییە) بەشێوازێکی تایبەت بەخۆی، بە سەبرێکی ئەیوبیانە بەرخودانێکی واتادار و رەسەنانە بەرامبەر بە سیستەمی نەمرودی جیهانی دەکات، بەرخودانێک شێوازی قەبە و کۆیرانەی بەرخودانی تێپەڕ کردووە، نوێنەرایەتی ناسنامەی کوردی ئازاد دەکات. لەم بەرخودانەشدا هێزی خۆی لە کولتووری بەرخودان، پیرۆزی ناوچەکە و رەسەنایەتیەکەی، بیروباوەڕە بەهێز و قوولاییە فیکریەکەی و بەرخودانی گەل و بزاڤەکەی وەردەگرێت. فەلسەفەی بەرگری و بەرخودانەکەشی بریتییە لە "ئەگەر هێزی جیهانمان بەدەستەوە بێت هێرش ناکەینە سەر کەس، بەڵام تەواوی هێزی جیهانیش هێرشمان بکاتە سەر، تەسلیم نابین."

بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان بەهۆی پەیوەستبوونی بە کولتووری رەسەنی ناوچەکە باوەڕی تەواوی بە یەکێتی ئازادی گەلان هەیە و لەم پێناوەشدا تێکۆشانێکی بێوچان و بێهاوتای کردووە. نەک تەنیا لە قۆناخی ئیمڕالی بەڵکو لەساڵی ١٩٩٣ بەدواوە بەشێوەیەکی بەرچاو لەم بوارەدا هەنگاوی هاوێشتووە، ئاگربەستی یەکلایەنەی راگەیاندووە، بەڵام ئەو کاتە دەوڵەتی شاراوەی تورک لەلایەک تۆرکۆت ئۆزالی سەرۆک کۆماری تورکیای کوشت، لەلایەکی دیکەشەوە سیناریۆی کوشتنی ٣٣ سەربازە تورکەکەی

داڕشت[٢] و جێبەجێیان کرد، بەم جۆرە ئەم هەوڵەی PKK بۆ دیالۆگ و ڕێگەچارەی دیموکراتیانە لەباربرا. لەساڵی ١٩٩٦دا بۆ جاری دووەم، لەساڵی ١٩٩٨ دا بۆ جاری سێیەم ئاگربەستی یەکلایەنەی ڕاگەیاند تاوەکو زەمینەی دیالۆگ و ئاشتی بڕەخسێت و یەکێتی ئازادانەی نێوان گەلی کورد ـ تورک بەدیبێت، چونکە لەو بڕوایەدابوو کە یەکێتی زۆرەملێیانە بە واتای کۆیلایەتی دێت. لە ١٩٩٣ بەدواوە لە هەوڵەکانی ئەنجامدانی گۆڕانکاریەکی ستراتیژی و ریشەییدا بوو، تاوەکو لە ساڵی ١٩٩٨ لەو دیالۆگەی لەگەڵ شۆڕشگێڕی تورک میهری بەللی ئەنجامی دا بە چوارچێوەیەکی گەیاند و دواتر وەک پەرتووکێک لەژێر ناوی "وەرچەرخانی مەزن" دا بڵاوی کرایەوە.

بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان قۆناخی ئیمڕالی بە میلادێکی نوێ تەنانەت بە سێیەمین لەدایکبوون (میلاد) دادەنێت. میلادی یەکەمیان ساڵی هاتنە دونیایە، دووەمیان دامەزراندنی بزاڤی(PKK) یە، سێیەمیشیان قۆناخی ئیمڕالی یە .

لە قۆناخی ئیمڕالی چەند بەرگرینامەیەکی مێژوویی لەلایەن بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالانەوە نووسراون؛ بەرگرینامەی یەکێتی دیموکراتیانە بۆ دادگای ئیمڕالی، بەرگرینامەی تایبەت بە ئورفا بۆ دادگای ئورفا، بەرگرینامەی لە دەوڵەتی کاهینی سۆمەرەوە بەرەو شارستانیەتی دیموکراتیانە (دوو بەرگ) بۆ دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا، بەرگرینامەی کوردی ئازاد بۆ دادگای ئەسینا، بەرگریکردن لە گەلێک بۆ دادگای مافی

---

[٢] ئەم پیلانە لەلایەن گروپی گلادیۆی تورکی ناسراو بە ئەرگەنەکۆنی ناو سوپای تورکیاوە نەخشەی بۆ دانرا، لە جێبەجێکردنیدا لەپاڵ چەند فەرماندەیەکی سوپا شەمدین ساقق بەکارهێنرا کە ئەوکات فەرماندەیەکی هەرێمی ئامەد بوو، دواتر لەلایەن پەکەکەوە دادگایی کرا، ئەندامێتیەکەی وەستێنرا. لە ریزەکانی شۆڕش رایکردو خۆی تەسلیم بە پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق کرد، ئەوانیش تەسلیم بە دەوڵەتی تورکیایان کرد (وەرگێڕ).

مرۆڤـی ئـەوروپا، هـەروەها ئێسـتاش سـەرقاڵی نووسـینی بەرگرینامـەی مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیکە بۆ دادگای مـافی مرۆڤـی ئـەوروپا کـە لە (٥) بەرگ پێکدێت.

ئەوەی لەبەردەستتانداﻳە ئەو بەرگرینامەﻳە کە لە ٢٠٠١/٧/١٠ نووسراوە و پێشکەش بـە دادگای تایبـەتی شـاری ئورفـا کراوە. بێگومـان لەبەرئـەوەی بـەدرەنگ کـەوتنێکی (٨) سـاڵی، تـازە ئـەم بەرگرینامەﻳـە وەردەگێڕێنـە سـەر زمانی کوردی (کـە خـاڵێکی ڕەخنەدانـە و کەموکوڕﻳﻴـەکی جددﻳـە)، هەربۆﻳـە هەندێک گۆڕانکاری سیاسـی کـە سـەبارەت بـە کوردسـتان و بزاڤـی ئـاپۆچی ڕوﻭﻳـداوە دەبێت ڕەچاوبکرێت و بەشـێوەﻳەکی بابەتیانـە هەڵسـەنگێنرێتەوە، بۆ نموونە؛ بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجـالان لـەم پەرتووکـەدا دەڵێت: " (PKK) بـەم نـــاو و ناســـنامەﻳە ناتوانێـــت ئـــەم وەرچەرخانـــە ئەنجامبـــدات" لـــەم چوارچێوەﻳەشدا لـە کۆنگرەی ٢٠٠٢ (PKK) خـۆی هەڵوەشـاندەوە. بـەڵام دوای سـەرهەڵدانی گروپێکی تەسفیەکاری لەسـاڵی (٢٠٠٣) بـەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان لە پـەرتووکی (بـەرگریکردن لەگـەلێک ٢٠٠٤) بـەشـێکی تایبـەتی بـۆ PKKئامـادە کـرد و لـەژێر نـاوی (ڕەخنـەدان بـەناویPKK ، کێشـەی سـەرلەنوێ ئاواکردنـەوە) پێشکەشـی کـرد، بـەمجۆرە داوای سـەرلەنوێ ئاواکردنەوەیPKK ی کردبوو. هۆکارێکی دیکەی گرنگی ئەم گۆڕانکاریەش خودی دەوڵەتی تورک بوو، چونکە لەجیاتی هەنگاونان بۆ ئاشتی، دیالۆگ و یەکێتی ئازادانە، جارێکی دیکە درێژە بە سیاسەتی کلاسیکی دەوڵەت درا کە گەلی کورد و مافەکانی بەنەبوو دادەنێت.

ئـەم بەرگرینامەﻳـە چەنـدین لایـەنی گرنگـی کێشـە هەنووکەﻳﻴـەکانی ئـەم سەردەمەشـمان دەخاتـەڕوو: لەسـەرووی هەمووشـیانەوە پرسـی ئـایین کـە ئەمڕۆ لەژێر ناوی "ئیسلامی سیاسی، ڕادیکاڵ یـان میانڕەو" بۆتـە ڕۆژەڤ. لەلایەکەوە سیستەمی نەمرودی جیهانی گەلان دەچەوسێنێتەوە و لە ئازادی

و مافـه سـەرەکیەکانی بێبەشـیان دەکـات، لەلایـەکی دیکەشـەوە ئـەو نیسلامیەتەی گوایە دژ بەم سیستەمەیە و پێداگری لەسـەر موحافەزەکاری و دۆگماتیزم دەکات، ژیانی لەگەلان کردووە بە دۆزەخ و بە نیازە جیهانیش بکات بەزیندان.

لێرەدا رێبـەر عەبدوڵڵا ئۆجـالان لـە رێگـای دامـاڵینی ئـایین لـە دەمـامکی ئیلاهی و پیرۆزی، لەمیانـەی کۆمەڵناسیـەکی هاوچەرخانـەی ئازادیـەوە؛ ئـەم بابەتـەی لـە مەسـەلەیەکی تـابۆ و دەسـت لێنـەدراو رزگـار کـردووە. لـەم چوارچێوەیـەدا تێزێکـی نـوێ بـۆ نوژەنبوونـەوەی ئـایین پێشـکەش دەکـات؛ ئـەویش ئەنجامـدانی ریفـۆرمێکی ریشـەیی و گەڕانەوەیـە بـۆ رەگـەکانی کولتوور و نەریتی ئیبراهیمی. بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان چۆنیەتی ئەنجامدانی ئـەم هەڵمەتـەی لـە حـەوت خاڵدا پوخت کردۆتـەوە کـە وەک گەڕانـەوە بـۆ ناوەڕۆکی ریفۆرمخوازی دامەزراوەی پێغەمبەرایەتی دەبینێت.

خاڵی هەرە سەرنجڕاکێش لەم بەرگرینامەیـەدا ئەو پرسـەیە کـە بـەڕێزی سەبارەت بـە PKK دەیکات و دەڵێت: ئایا PKK چ جۆرە پەیوەندیـەکی بـە راستینەی مێژوویی و هەنووکەیی ئورفاوە هەیە؟ ئایا دەتوانین بڵێین PKK بزووتنەوەیەکی ئیبراهیمی هاوچەرخە؟

ئەمـەو ئـەم نامیلکـە بـە قـەبارە بچـووک، بـەڵام بـەناوەڕۆک گـەورە و دەوڵەمەنـد، وەڵامـی چەنـدین پـرس دەداتـەوە کـە سـەری ئێمـەی جـەنجاڵ کردووە.

هەروەکو گوتم هەرچەندە درەنگیش کەوتبێت، بـەڵام بـە وەرگێرانـی ئـەم بەرگرینامەیە بۆ سەر شێوەزاری سۆرانی هیوادارم خزمـەتێکی بچـووکم بـە پەرتووکخانەی کوردی و خوێنەران بەگشتی، بە تایبەتیش بـە هـۆگرانی ئـەم بزاڤە مەزنە و هزرە هاوچەرخەکەی کردبێت.

وەرگێڕ
17/9/2008

بۆ سەرۆکایەتی هەشتەمین

دادگای سزای قورسی ئەنقەرە

دادوەرانی بەڕێز:

دوو دانە بەرگرینامەم بۆ دۆزی ئورفای تایبەت بە (PKK)ئامادە کردووە: ئەو دۆزەی نەخرابووە ناو دادگاییکرنەکەی ئیمرالی. ئەم بەرگرینامە کە بەرتەسکترە و لە ئاستێکی خۆجێیی دایە، دەشێ وەک پاشکۆ و تەواوکاری بەرگرینامەکانی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا هەڵسەنگێنرێن. بەرگرینامە پێشکەشکراوەکان بەدادگای مافی مرۆڤی ئەورپا، کە هەوڵم داوە لە چوارچێوەی یەکپارچەیی دۆزەکە پێشیبخەم، بەو ئامانجەی بەشێوەیەکی باشتر گرفت و کێشەکان رووونبکرێتەوە، شیکارێکی مێژوویی و شارستانیەت لەخۆوە دەگرێت. هەربۆیە چوارچێوەی تیۆری و مێژوویی دۆزی ئورفای تایبەت بە(PKK) ش دیاری دەکات. بەشێکی تەواو بووە، ئەمانە بەیەکەوە پێشکەش دەکەم. بەشی دووەمی لەکۆتاییەکانی مانگی ئاب تەواو دەکەم و پێشکەشیان دەکەم.

لەبەرگرینامەکانمدا لە تاوتوێکردنی رووداو و بوویەرەکان زیاتر، رووونکردنەوەی ئەو پەند و خاڵانەم بەبنەماگرتووە کە لەمەودوا پێی دەگەین. لەو قۆناخەی کە ئێستا تورکیا تێیدایە ریفۆرمی سیاسی و یاسایی لە رۆژەڤدایە، وەک لایەنێکی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگ، بەو بڕوایەی کە پێشکەشکردنی بۆچوونەکانم کۆمەکێکە بایەخم بە ئامادەکردنی بەرگرینامەکانمدا. لە تێکۆشانێکی بەمجۆرەی کۆمارێکی دیموکراتی و سیکۆلار (عەلمانی)دا، بینینی رۆڵێکی ئەرێنیانەم وەک تاکە رێگەچارەی

بنەڕەتی و زانستیانە نرخاند. لەو بڕوایەشدام بەمجۆرە هەڵوێستی خۆم بەشێوەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ ڕێکخستن و گەل ڕاگەیاند.

بەڵانی کەم هیوادارم کە لەمەودوا بەرگرینامەکانم ببێتە فاکتەرێکی ئاسانکاری بۆ دادگاکەتان تا پێوانەکانی یاسای گەردوونی بۆ وڵاتەکەی ئێمەش پەیڕەوی لێبکرێت.

10/7/2001
عەبدوللا ئۆجالان
دوورگەی ئیمرالی

مێژوو لە حەوزەی دیجلە ـ فورات
ئورفا سیمبۆلی پیرۆزی و نەفرەت

گووتەی "مێژوو لە سۆمەریەکانەوە دەست پێدەکات" تا رادەیەک پەیڤێکی راستە. بەڵام مێژووی سۆمەریەکانیش لەو شوێنانەوە دەستپێدەکات کە رووبارەکانی دیجلە و فورات و لقەکانی لێ هەڵدەقوڵێت. ئەم شوێنەش میزۆپۆتامیای سەرووە. میزۆپۆتامیاش لەو دەشت و کوێستان و بەرزاییانە پێکدێت کە دەکەوێتە نێوان زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس ـ تۆرۆسەوە. لەو کاتەدا چەندین گەل، لەسەرووی هەموشیانەوە سۆمەریەکان دەڤەری "مەملەکەتی بەرزاییەکان"یان بە "گوندوانا" و " کاردوانا = ئۆرارتوو"ش ناو بردووە کە هەمان واتا دەبەخشن. دواترین لێکۆڵینەوە زانستیەکانی لەوبارەیەوە ئەنجام دراون پیشانی دەدەن کە گونجاوترین هەلومەرجی جوگرافی لەبار بۆ شۆڕشی کشتوکاڵ و مااڵیکردنی یەکەمین جۆرەکانی ئاژەڵ، لەم شوێنانە پێکهاتووە.

سەبارەت بەجۆرەکانی رووەک، دانەوێلە و ئاژەڵی مااڵیکردن، ئەم شوێنانە خاوەن کولتووری هەرە دەوڵەمەندە. کەشوهەواکەی خەسڵەتی ئاودێری سروشتی هەیە. ئەم شوێنە هەم لەبواری کۆکردنەوەی بەروبوومی درەخت و رووەک، هەم لەبواری نێچیروانی و بوونی بەشوێنی کۆبوونەوەی یەکەمین جۆرەکانی مرۆڤ، سەرچاوەکەی بۆ ئەم رەوشە گونجاوەی ناوچەکە دەگەڕێتەوە. یەکەمین گروپەکانی مرۆڤ، کە شیمانە دەکرێت ملیۆنێک ـ ملیۆن و نیو ساڵ بەر لەئێستا لە رۆژهەاڵتی ئەفریقیا دەرکەوتبن، کاتێک هاتوونەتە رۆژهەاڵتی ناوین، ئەم جوگرافیایەیان وەک گونجاوترین گۆڕەپانی ژیان بینیوە. ئەم شوێنەش پێبەپێ بووەتە جێگایەکی هەمیشەیی ژیان. لەم بارەیەوە هیچ گۆڕەپان و شوێنێکی تر وەک ئەم جێگایە لەبار نەبووە. لەتەواوی قۆناخەکانی سەهۆڵبەندان و ماوەکانی

نێوانیـان، بەتاقیکردنـەوە سـەلمێنراوە کـە ئـەم جوگرافیایـە لەجیهانـدا گونجاوترین شوێنی ژیان بووە.

بیسـت هـەزار سـاڵ بەرلەئێسـتا لەگـەڵ کۆتاییهـاتنی دوا قۆناخـەکانی سەهۆڵبەندان، چاخی میزۆلیتیک دەستپێدەکات، کە دەکەوێتە نێوان هـەردوو سـەردەمی بـەردینی کـۆن و نـوێ. لـەرۆژگاری ئەمڕۆماندا لـە ناوچەکـەدا چەنـدین ئاسـەوار هـەن کـە بـۆ ئـەو سـەردەمانە دەگەڕێنـەوە. لـە کاتێکدا (١٢)هەزار ساڵ بەرلە ئێستا ئەو سەردەمە کۆتایی هاتووە، چاخی نوێلۆتیک دەسـتی پێکـردووە. وەک دەرکـی پێـدەکرێت قۆنـاخێکی وشـکایی لـەو سـەردەمەدا رووی داوە، ئەمـەش رۆڵێکی گرنگی لـەم گۆڕانکاریـەدا بینیـوە. بـەهۆی زیـادبوونی ئـەزموون و ئـەو گۆڕانکاریـە گەورەیـەی بەسـەر کەشـوهەوادا هـاتووە، لەسـەر بنـەمای پێگەیانـدنی دانەوێلـە و رووەک و مـاڵیکردنی ئـاژەڵ، گـەورەترین شۆڕشـی مرۆڤایـەتی ئەنجامـدەدرێت. پاشماوەی شوێنەواری ئەم شۆڕشە کۆنترین مێژووی بۆ (١١) هـەزار سـاڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. پاشماوەکانی ئـەم شۆڕشـە لەتـەواوی ئـەو ناوچانـە دەبینرێن کە حەوزی دیجلە ـ فورات لەگەڵ شاخەکان بەیەکتری دەگەیـەنن. کـۆنترین سیسـتەمی نیشـتەجێبوون لـە ناوچـەی ئورفـا هەڵکـەوتووە. شوێنەکانی وەک (نەوالی چۆرێ و گردی خرابـەڕەش) کە دەڵێین یەکەمین شوێنەکانی نیشتەجێبوونە، مێژووەکەی بۆ یازدە هـەزار سـاڵ پێش زایین درێـژ دەبێتـەوە. هـەروەها ئـەوەش سـەلمێنراوە کـە یەکـەمین شـوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکانێکی خاوەن پەرستگان.

بـە قورسـایی ئورفـا (ئامـەد و مـاردین)ی ئـەمڕۆ و شـارە دراوسـێکانیان ناوەنـدی ئـەو سـەردەمەن. ئـەو زوورگ و گردۆلکانـەی لـەکاتی رێبـوارێتی ئاسـایی لـە ناوچەکـەدا چـاوت پێیـان دەکـەوێت، گەنجینەیـەکی مێژوویـی بێهاوتان، تا ئێستا بەسـەدان گردۆلکەی لـەم چەشـنە چـاوەڕوانی کنـەکردن، کـۆلین و لێکۆڵینـەوەن. کاروخـەباتێکی هەسـتیارانەی شوێنەوارناسـی لەو

جێگایە دەتوانێت داتاکانی یەکەمین شۆڕشی مەزنی مرۆڤایەتی بدۆزێتەوە. ئەم رەوشە بەگشتی بۆ نائاساییبوونی ناوچەکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ هەلومەرجی گونجاوی جوگرافی ناوچەکە دەگەڕێتەوە.

گونجاوترین رووەک و دانەوێلە بۆ کشتوکاڵکردن، ئاژەڵی لەبار بۆ ماڵیکردن، هەم لەناوچە شاخاوییەکان هەم لە دەشتەکاندا بەزۆر و زەوەندی پەیدا دەبن. ئەشکەوتە سروشتیەکانیش لەلایەنی ئاسایشەوە گونجاوترین و یەکەمین شوێنەکانی نیشتەجێبوون بوون. لەهەموو شوێنێک زێی گەورە و لقەکانی و سەرچاوەکانی ئاو دەبینرێن. کاتێک ئەم دەرفەتانەی باران و ئاودێری لەگەڵ تواناکانی رووەک، دانەوێلە، ئاژەڵ و نیشتەجێبوون بەبن بە یەک رەوشێکی نموونەیی دێتە ئاراوە. بەڵێ ئەم خەسڵەتانە وایکردووە ناوچەکە ببێتە لانکەی مرۆڤایەتی. دۆزینەوە و گەشەکردنی کشتوکاڵ، ژیانی نیشتەجێی گوند لەگەڵ خۆیدا دێنێت. بەجۆرێک لە جۆرەکان شۆڕشی گوند بەرلە شۆڕشی شار ئەنجامدراوە. ئەم شۆڕشەش رێگای لەپێش بوارێکی مەزنی گۆڕانی جیهانی رۆحی و زهنی مرۆڤ کردەوە.

خۆراکی زۆر، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و پەرەسەندنی شوێنی نیشتەجێبوون، بەرچاوترین لایەنەکانی مێژووی ئەم ناوچەیەن. کولتووری کشتوکاڵی نیۆلۆتیک بەجۆرێک ریشەکانی خۆی داکوتاوە، تەنانەت تا ئێستاش کاریگەریەکانی لەزهن و رەفتارە سەرەکیەکانی مرۆڤدا ماوە. کولتووری دایکایەتی ماوەیەکی درێژخایەن تێیدا ژیاوە. کشتوکاڵ و ماڵیکردنی ئاژەڵ بەشێوەکی بنەڕەتی لەدەوروبەری ژندا پەرەیسەندووە. هەروەها ژیانی جێنشین زیاتر بۆ ژن پێویستە. بەخێوکردنی منداڵ، کولتووری کێڵگە و دروستکردنی پەرژینەکانی، زیاتر نیشتەجێبوون دەکاتە پێویستیەک، ئەم هەلومەرجانەش رۆڵی ژن گەورەتر دەکات و کولتووری خوداوەندە ژن پێکدێت. هێما (وێنە) یەکەمینەکانی خوداوەند پیاوانە نەبووە،

بەڵکو ژنانە بووە. زمانی گفتوگۆش مێیینە بووە. ئەستێرەیان بۆ یەکەمین ژنە خوداوەند کردۆتە هێما. گووتەی ' ستار' یش بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە. وشەی ستار لە ئەستێرەوە وەرگیراوە. یەکەمین پەرستگای ئەو خوداوەندانەش لە گوندەکان ئاواکراون. پاشماوەی ئەم پەرستگایانە لەشوێنە ئاسەوارییەکاندا بەرچاودەکەوێت.

دەڤەری ئورفا(روها) یەکێکە لە گەورەترین ناوەندەکانی ئەم شۆڕشە. شوێنگە نموونەییەکەی بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، لەسااڵنی (١٠)هەزار پێش زایین بەولاوە کردوویەتییە ئەو شوێنەی کە بەدرێژایی ئەم سەردەمە مێژوویانە رۆڵ و پێگەی لانکەی هەبێت. بەسەدان تەپۆلکە و ئەشکەوتی کەنار ئاو، بەهێزی و لەباربوونی ناوچەکە بۆ نیشتەجێبوون پیشاندەدات. سیستەمێکی بەمجۆرەی نیشتەجێبوون لە هیچ شوێنێکی دیکەی جیهان نادۆزرێتەوە. دەشێت بگووترێت ئورها و ناوچەکانی دەوروبەری ناوەندی سەردەمی بەردینی نوێ (نیۆلۆتیک)ن کە (١٠)هەزار ساڵ بەردەوامبووە. هەروەکو چۆن ئەوروپا ناوەندی سەردەمی سەرمایەداریبە، کە ئەویش مەگەر پێنج سەد ساڵێک بەردەوامبکات. بەسەربردنی درێژترین ماوەی سەردەمی جێنشینی مرۆڤایەتی لەم ناوچەیە وایکردووە کە لەمێژووی دواتردا ئاسەوارەکانی دیاربێت و نەسڕدرێتەوە. مێژووی سۆمەر و میسر بەردەوامیەکی سروشتیانەی مێژووی ئەم ناوچەیەن. دوای ئەوەی مرۆڤ لەم ناوچانە نیشتەجێبوو، هێزی کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، تەکنیک (ئامراز)، زانست، ئایدیۆلۆژیا و بەڕێوەبەرایەتی تاقی کردەوە، ئینجا بەرەو خوارتر بۆ زەوییە لیتاویی و بەپیتەکان و کەناری ئاوەکان شۆڕبوونەتەوە. شوێنەواری مێژوویەکان ئاشکرای دەکەن کە ئەو کولتوورەی بۆ سۆمەر و میسر چووە لەم ناوچانەوە سەرچاوەی گرتووە. بەهەرحاڵ ناکرێ و ناشێت شۆڕشی کشتوکاڵ لە بیابانەکانی ئەفریقیا و عەرەبستان سەرهەڵبدات. هەروەها بۆ دەستپێکردنی یەکەمین شوێنەکانی نیشتەجێبوون

لەکـەناری رووبـار و زۆنگاوەکـان (هۆرەکـان)دا کولتـووری دانەوێلـە و رووەک و ئاژەڵداری جێگـای بـاس نـەبوو. ئـەم راسـتینەیەش ئـەوەمان بـۆ ناشکرا دەکات کە بۆچی سەردەمی دەستپێکردنی مێژوو لـە حـەوزی دیجلـە ـ فورات، بەتایبەتیش لەناوچەکانی ئورها و دەوروبەری بووە.

دیسـان پێویسـتە جـەختی لەسـەر بکرێتـەوە، ئـەم چاخـە؛ سـەردەمی کشـتوکاڵ، مـاڵیکردنی ئـأژەڵ، نـەمام و درەخت رووانـدن، ئـاواکردنی گونـد، دروسـتکردنی پەرسـتگا و جێگیرکردنـی یەکـەمین هێماکـانی خوداوەنـدی ئاسـمان بـووە. ئـەو سـەردەمە بـووە گـەواهی کـۆمەڵگەی دایکایـەتی دەوروبەری ژن و لەدایکبوونی کاریگەری و هێزی کولتووری ژن. تـاوەکو ڕۆژگـاری ئەمڕۆشـمان کاریگـەری ئـەم چاخـە لەسـەر مرۆڤایـەتی مـاوە. کولتووری دایکایەتی، ئاژەڵداری و کشتوکاڵ لەکوێ و چەندە کاریگـەر بێت، مۆری ڕەسەنی شـوێنی سـەرهـەڵدانی ئـەو سـەردەمە لـەخۆوە دەگرێت. ئـەم یەکەمین شۆڕشەی مێژوو شـەپۆل بەشـەپۆل بەهـەموو شـوێنێکدا بڵاوبۆتـەوە و شـوێنپەنجەی خۆی لەسـەر بەجێهێشتووە.

ڕوهـا وەک ناوچـە مەڵبەنـدی ئـەو سـەردەمە بـووە. پێویسـتە هەنـدێک دەستەواژەی لە جۆری مێژوو، پیـرۆزی و نـەفرەت بـەقوولّی ڕوونبکرێنـەوە و بناسـرێن و شـیبکرێنەوە، لـە دەرەنجـامی ئەوەشـدا دەگەینـە ئـەو ڕۆشـنگەرییە زهنییـەی کـە پێویسـتە ببێتـە بناخـەی ڕێنسانسـی ڕۆژهـەڵاتی نـاوین. هـەروەکو ئاماژەمـان پێکـردووە مێـژوو بەسـۆمەر و میسـر دەسـتپێدەکات، بـەڵام شارسـتانیەتی میسـر و سـۆمەریش دوای شۆڕشـی کشـتوکاڵی ئـەم جوگرافیایـە دەسـتپێدەکەن. تەنانـەت دوای ئـاوابوونی ناوەندەکانی شارستانیەتش، وەکو یەکەمین هێماکانی شارستانیەت ڕێگاو کاروانەکان لەنێوان ئەم ناوچەیە و ناوەندەکانی شار دەکەوێتە کار. تەواوی ئەو تەکنیک (ئامراز) و هزرانەی کە ڕێگایـان لـەپێش شارسـتانیەت کردەوە، لەسـەر ئـەم ڕێگایانەوە بەرەو سـۆمەر و میسـر، دواتریش هـەنگاو بەهـەنگاو

بەرەو باکوور، رۆژهەڵات و رۆژئاوا رۆیشتووە و بڵاوبۆتەوە. تەواوی بەڵگە مێژووییەکان پیشانی دەدەن ئەگەر نزیکەی (١٠) هەزار ساڵ پێش زایین بەبنەما بگرین، ئەوا ماوەی نێوان هەزار ــ دوو هەزار ساڵ لەم ناوچەیەوە بۆ هەر چوارلا پەلهاوێشتن و نیشتەجێبوون جێگای باسە. شەش هەزار ساڵ پێش زایین سەردەمی کشتوکاڵ بەباشترین شێوە پێگەیشت و بەدەزگا بوو، ئەمەش لە مێژوودا بەکولتووری (تل ـ حلف) ناوبراوە. نزیکەی دوو هەزار ساڵ دوای ئەم قۆناخە یەکەمین سەرەداوەکانی شارستانیەتی سۆمەر و میسر بەدەرکەوتوون. لەساڵانی (٣ ـ ٤)هەزاری پێش زایین سۆمەر، دواتریش میسر لەدایک بوون. سەرجەم کولتوور و بەهاکانی شارستانیەت لەکەوانەی ناوەوەی سیستەمی زنجیرە شاخەکانی (زاگرۆس ــ تۆرۆس)ی میزۆپۆتامیای سەروو بۆ ئەوێ دەگوازرێتەوە.

نزیکەی ماوەی (١٠٠٠) ساڵ دوای بڵندبوونی شۆڕشی شار و شارستانیەت (٣٠٠٠ پ.ز) ی سۆمەر، یەکەمین کۆلۆنیەکانی خۆیان لە میزۆپۆتامیای خواروەوە بەرەو "مەملەکەتی بەرزاییەکان" بڵاو کردەوە. (ئورفا، حەڕان، کارگامێش و سامسات) بە یەکەمین ناوەندە گرنگەکانی کۆلۆنی مێژوویی ناسراون. خودی ئورفا جوگرافیاکەی پڕ لە تەپۆلکەیە و دەکەوێتە کەناری رووبارەوە. گۆلی (خەلیل رەحمان) لەم سەرچاوەیەوە دێت. ئاو و رەحمەت هەمان واتا دەبەخشن، هاوواتابوونی نێوانیان جێگای باسە. بەمجۆرە گوزەرکردن لەسەردەمی گوندەوە بۆ سەردەمی شار دەست پێدەکات. هەربۆیە سەردەمی مێژووی نووسراوی روهـا و دەوروبەری، لەساڵانی (٢٠٠٠) پێش زایینەوە دەستپێدەکات. لەمە بەدواوە بەئاسانی دەتوانرێت مێژوو پۆلێنبەند بکرێت؛ واتە بەگوێرەی بەشەکانی (کات = زەمان) دەستنیشان بکرێت. ئیتر دەکرێ بەشێوەیەکی ئاسانتر رووبکرێتەوە کە هەر سەردەمێک گوزارشت لەچی دەکات.

مێژوو لەسەرەتای خۆیدا شاراوەیە. ئەوانەی سەرەتاکەی شیکارنەکەن، زانیاری مێژووییان، واتە نەزانی (جەهالەت)یان دەبێتە بناخەی گشت کارەساتەکان. رەوشێکی وەها بۆ مرۆڤایەتی ئاسان نییە کە لانکەکەی پشتگوێ بخرێت. کام مرۆڤ دەتوانێ بڵێ من لەلانکەدا گەورە نەبوومە؟ ئەگەر بڵێن نەخێر، ئەو کاتە تا رۆڵی لانکە (بێشک) بە دەرکی پێنەکرێت و مافی خۆی پێنەدرێت، ئەوا بەهاو راستی مرۆڤایەتیش دەرکی پێناکرێت. دایکێک بەهەزارن ساڵ تۆ لە بێشکەکەی خۆیدا گەورە بکات، دواتر تۆ بڵێی "ئەوە رابردووی من نییە، من بەهایەکی کۆمەڵگەی چینایەتی شارەکانم، تەنیا ئەمهیان من پەیوەندیدار دەکات"! لەو دۆخەدا ئەوەیان مێژووی مرۆڤایەتی نییە، بەڵکو دەبێتە مێژووی چینایەتی. سەردەمی بێشکە تەنیا قۆناخی گریان و داواکردنی شیر نییە، بەڵکو قۆناخی سەرەتای ئاشنابوونە لەگەڵ زمان، هەزر، رۆیشتن، ناسینی سروشت و کۆمەڵگە. قۆناخێکە بەهەموو بێگەردیەکی خۆیەوە، بەبێ سەرکوتکردن و چەوسانەوە، بەبێ پەنابردنە بەر دزی، ژیان تەنیا لەمیانەی پشتبەستن بە ڕەنجەوە ناسراوە و پەرەیسەندووە. مێژوو بەم جۆرە لە جوگرافیاکەماندا دەستی پێکردووە و مسۆگەر دڵنیاین کە ئەمەش ناوەڕۆکەکەیەتی.

کەواتە کاتێک دەڵێین مرۆڤایەتی لە بێشکەی خۆمان بە بەها سەرەکیەکان بارگاوی بووە، ئەو دەست نیشانکردنە راستە و لەجێگای خۆیدایە. "مسۆگەر پێویستە هیچ گومانێکمان لەوەدا نەبێت کە رەگ و ریشەکانی مرۆڤایەتی لای ئێمەیە، پێویستە لەم لایەنەوە بڕوامان پتەوبێت". مێژووی چینەکان دواتر نووسراوە: ئەم مێژووەش بەناوی، کەس، خانەدان(بنەماڵە) و ناسنامە ئیلاهیەکانەوە نووسراون. لەجیاتی راستیەکان درۆو دەلەسە رووبەر و پانتایی ئەم مێژووەی داپۆشیوە. بڕوا نەکردن بەمە، پێویستیەکی ڕێزگرتنە بەرامبەر بە مێژووی راستەقینە. کاتێک روها و مێژوو لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکرێن، ئەو راستی و ناکۆکییە بەزەقی

دەبینرێت و ئاگادارمان دەکاتەوە کە تا ئێستا لەدوروبەری روەا بەم دوو شێوازە مێژوو دەئافرێنرێت (دەنووسرێت): ئەو مێژووەی مرۆڤە رەسەنەکان بەڕەنجی خۆیان ئافراندوویانە، لەگەڵ ئەو مێژووەی کە کەسانێک دێن لەرێگای فشارو هەزارویەک فرت و فێڵ، درۆ و تەڵەکەبازیەوە دەستی بەسەردا دەگرن. لەبەرئەوەشە ئەم ناوچەیە زیاتر بەهۆی ئەو مێژووەوە نەیتوانیوە مێشک و هزری خۆی بکاتەوە. چونکە لەگەڵ کۆمەڵگەی چینایەتی مێشکی بووە بەخۆڵەمێش و گەچ گرتوویەتی. کەواتە تا ئەمە بەشێوەیەکی راست شیکار نەکرێت، ناتوانین کردەی بیرۆکەیەکی راست پەیڕەو بکەین.

کاتێک باسی روەا دەکرێت دەستەواژەیەکی دیکەی سەرەکی کە پێویستی بەشیکارکردن هەیە "پیرۆزی"یە. کەواتە پیرۆزی چییە؟ پەیوەندیەکەی لەگەڵ ئەم ناوچەیە چۆن سەریهەڵداوە؟ دیسان سەرچاوەکەمان سۆمەرە. ئەم وشەیە لە زمانی سۆمەریدا " کاوتا" ی پێدەڵێن، کە مانای "خۆراک" دەبەخشێت. خۆراک (خواردەمەنی) یش هەموو شتێکی سوودبەخشە کە لەرێگای ئاژەڵداری و کشتوکاڵەوە بەدەستدێت. خۆراک لەژیانی سەرەتایی مرۆڤدا وەکو ئەفسوون (جادوو) پێشوازی لێکراوە. چونکە مرۆڤایەتی لەڕێگای خواردنەوە درێژەی بەژیان داوە. بەگوێرەی ئەوەی هیچ شتێک وەکو ژیان بەهادار نییە، ئەوا هیچ شتێکیش لە خۆراک بەهادارتر نابێت کە فاکتەرێکی سەرەکی درێژە پێدەری ژیانە. هەر شتێک بەواتای بەهایەکی مەزن بێت، ئەوا بۆ تەواوی مرۆڤایەتی شکۆدار دەکرێت، دەکرێتە تابۆ و ئیلاهی، واتە پیرۆز دەبینرێت. پیرۆزی ئەو ناسنامەیەیە کە شایستەی شتە گرنگەکانی درێژە پێدەری ژیانی مرۆڤایەتی دەبینرێت. بەگوێرەی ئەوەی لەدرێژەدان و بەردەوامکردنی ژیانی مرۆڤایەتیدا خۆراک بەهادارترین شتە، ئەوا بوونی بەشتێکی پیرۆز

مەسەلەیەکی مایەی تێگەیشتنە و دەرکی پێدەکرێت. لێرەشدا پێشەنگەکانی سۆمەر زۆر بەچاکی بوویەرەکەیان دەستنیشان کردووە و ناویان لێناوە.

لە شاری ئورفا و دەوروبەری پیرۆزی هەست و سۆزێکی بەربڵاوە. هەرلایەکی پڕەو تەژییە لە پیرۆزی. ئەم مەسەلەیەش بەو مانایە دێت کە لەهەر لایەکی ناوچەکەدا خۆراک فیچقە دەکات و هەموو شوێنێک سەوزاییە. بەجۆرێک لەجۆرەکان مێژووی خۆراک لەو ناوچەیەدا شاراوەیە. بەڵام چەندە شاراوەش بێت، بەهۆی بایەخەکەیەوە بەردەوام ئاسەوار و شوێنپەنجەکەی لەیادەوەریەکانی کۆمەڵگەدا دەمێنێت و ناسڕێتەوە، ئەمەش هەڕەشەیەکی شاراوەیە. مێژووی خۆراک گەوهەری دەستەواژەی ئورفای پیرۆزە. نەک تەنیا خەڵکی ناوچەکە بەڵکو تەواوی مرۆڤایەتی لەرێگای ئەم خۆراکەوە ژیاوە. تەنانەت تا ئێستاکەش لەو رێگایەوە دەژی. ساوار، جۆ، نۆک، نیسک، تری، هەنجیر و ... هتد هەموویان ژیانین. تەنانەت لە رۆژگاری ئەمرۆشماندا کێ دەتوانێت دەستبەرداریان بێت؟ ئەوەی سۆمەریەکان هاوتای پیرۆزییان بینیوە، بە بەروبوومی خودایان داناوە و مەراسیمیان بۆ کردووە و بە جەژنیان داناوە، ئەم خۆراکانەیە. ئەمەش مێژووی شاراوەی خۆیانە.

چی لەبناخەی خۆراکدا هەیە؟ بێگومان رەنجە، رەنجی دایک. دایک ئافرێنەر، دۆزەرەوە و پێگەیەنەرەکەیەتی. کێ دەزانێ کاتێک یەکەمین گوڵەگەنمەکانی کۆکردۆتەوە چەندە دڵخۆش بووە! ئەی چۆن دڵخۆش نەبێت؟ مرۆڤایەتی تەنها لەڕێگای ئەو بەرهەمانەوە بەردەوامی بە هەبوون و رەچەڵەکی خۆی داوە و دەدات، ئایا کار و چالاکیەکی لەمە مانادارتر دەبێت؟ ئایا دەکرێ و دەشێ شەڕ و ئەشکەنجە لێرەدا بوونی هەبێت؟ دایک تەنیا سەرقاڵی بەرهەمهێنانە. تەنیا ئەمە دەزانێت و دەناسێت. لەو رێگایەوە درێژە بەژیانی مرۆڤایەتی دەدات. بەم جۆرەش لەمرۆڤایەتی تێدەگات. بەڵێ مرۆڤایەتی دایک، مرۆڤایەتی ژن ئەم مانایە دەبەخشێت. ئەمە چەمکێکی

ناسینی مرۆڤایەتییە کە بەواتای مرۆڤایەتی پیرۆزیش دێت. سۆمەریەکان راستی هەڵدەسەنگێنن. ئەو ئامرازە گرنگانەی لە بەرهەمهێنانی خۆراکدا بەکاردەهێنرێن بەپیرۆز دادەنرێن. خەرماشە، گاسن، تەور، گا، گامێش و.. هتد. تەنانەت هەریەکەو خوداوەندی تایبەتی خۆی هەیە. تەواوی جۆرەکانی خۆراک و سەرجەم ئەو شتانەی لە بەرهەمهێنانی خۆراکدا سوود بەخشن وەک خاک، باران، خۆر، با و ئاژەڵەکان یان خۆیان دەکرێن بەخوداوەند یان لەرێگای خوداوەندێکەوە نوێنەرایەتییان دەکرێت.

هێندەی دەچێت دەستەواژەی پیرۆزی فراوان و ماناداریش دەبێت، چونکە مرۆڤایەتی لەمیانەی چۆنیەتی رێگاو رێچکەو پەیرەوەکانی پێگەیاندنی ئەم خۆراکانەوە گەورە دەکرێت، پەرەی پێدەدرێت و بەردەوام دەبێت. لەو جۆرەی دوێنێ کە لەئاژەڵ دەچوو، لەسەر راوکردن و کۆکردنەوەی بەروبووم دەژیا، گوزەرکردن و گۆڕان بۆ مرۆڤێکی بەرهەمهێنەر ئاسان نییە. ئەمە شۆڕشێکی نەوازەو ئەفسوونییە. بەڵێ ئەم راستییە پیرۆز دەبینرێت و بەئیلاهی دەکرێت. کەواتە خۆراک لەبناخەی خوداوەندیبوونیدا شاراوەیە کە لەگەڵ پیرۆزیدا هەمان مانایان هەیە. خوداوەندەکانی خۆراک (خواردەمەنی) بەهۆی سوودەکانیانەوە، ئەو خوداوەندانەن کە مرۆڤ ناسنامەی پێبەخشیون. وەک دۆستی خۆی، نزیکترین ناسنامەن لێیانەوە. هێشتا سەردەمی ئەو خوداوەندە ژنانەیە کە مرۆڤ ناچەوسێننەوە، هەمیشە بۆیان دەبنە خۆراک و خۆیان پێشکەش دەکەن، سەردەمی ئەو مێخوداوەندانەیە کە منداڵ (وەچە)دەخەنەوە و بەخێویان دەکەن. پیرۆزی بۆ ئەم مێخوداوەندانە تایبەت دەکرێت. واتە پیرۆزی پێشکەش بەراستینەی سەرەکیترین خۆراک دەکرێت. ئەم مێخوداوەندانە درۆ و فشار پەیرەو ناکەن. دایکی ئەم مێخوداوەندانەش دایکە خوداوەندە. راستینە و مێژووی خوداوەندەکان بەم جۆرەیە. زۆر روونە: وەک مێخوداوەندێکی پیرۆز مانار دەبن، دەبنە ناسنامەی پیرۆزیی

خۆراک کە رەنجی مرۆڤ بناخەکەی پێکدێنێت و پێویستیەکی ژیانییە. لەبەرئەوەی دەوروبەری روحا پڕە لەم پیرۆزیانە، کەواتە پڕە لەشتە ئیلاهییەکان. ئیتر خودی ئورفاش بەو شێوەیە پیرۆزدەبێت.

دواتر سۆمەریەکان ئەم خوداوەندەیان زەوتکرد. لەپەرستگای کاهینەکاندا کران بەخواوەندی کۆمەڵگەی چینایەتی. بۆ ئاسمان بەرزیان کردنەوە، خستیانە دۆخێکەوە کە دەرکی پێنەکرێت. کردیانە خواوەندێک کە لێدەدات، سزا دەدات و تۆفانیان بەسەردا دەبارێنێت. ئەمانە خودی چین (طبقە)ن کە بەرزبوونەتەوە و خۆیان کردووە بەخواوەند. ئەمەش یەکەمین دەستدرێژی و داگیرکاری هەرە گەورەیە کە دەکرێتە سەر مێژوو، مەعریفەو هۆشیاری مرۆڤایەتی. سەرەتای هۆنینەوەی تۆڕی درۆ، فشار و قەدەری خراپە. کەچی مێخوداوەندەکانی دایکە خوداوەندیش لە تەنیشتیانەوە (لەتەک مرۆڤەوە) بوون. بەرهەمهێنەر و دۆست بوون، بەهیچ شێوەیەک فشار و درۆیان نەدەزانی. بەم جۆرە لەپەرستگای کاهینەکان، بەتایبەتیش بەشێوەیەکی نووسراو خواوەندە درۆزن و سزادەرەکان بەرهەمهێنران و بۆ ئاسمان بەرزکرانەوە، دواتریش چەندەی بڵێی مەزن و شکۆدارکران. زیادەڕۆییان بۆ کرا، لەڕادەبەدەر زلکران و نەوەد و نۆ سیفەتیان لێبارکرا. بەمجۆرە چینی دەسەڵاتداران بەبێ ئەوەی کاربکەن، گەورە بوون، بوونە سزادەر، چەوسێنەر، رەنج و بەرهەمی خەڵکیان زەوتکرد و لەگەڵ داروودەستەکانیاندا بوونە خواوەند. کاهینەکانی سۆمەر ئەم کارەیان بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا ئەنجامدا. واتە بۆ ئەوەی بزانین ئەمە ئەو کارە بوو کە ئەنجامیاندا، بەبێ گەڕانەوە بۆ فەلسەفە و زانست کە سەر لە مرۆڤ دەشێوێنێت لێی تێدەگەین. میتولۆژیا (ئەفسانە)یان وەکو چیرۆک داهێناو بەکاریان هێنان. دواتر کاتێک وەکو چینی دەسەڵاتدار خۆیان جێگیرکرد، ئیتر گووتیان "جیهان هی منە" خوداکانیشیان بەپلە و ئادرەسی "لەئەزەلەوە هاتووین، بۆ ئەبەدی و هەمیشەیی دەڕۆین" گەیاند.

چونکه لەلای ئەوان دەسەڵاتدارەکان راستینەی هەرە گەورە و مسۆگەرن! هەروەکو چۆن خوداکانیان مسۆگەرن و گەورەترین حەقیقەتن، ئەوانیش بەم جۆرە خۆیان دەنوێنن و خۆیان بەسەر کۆیلەکاندا دەسەپێنن.

حەزرەتی ئیبراهیم وەک کەسێکی خەڵکی دەڤەری ئورها (روها) دەناسرێت، هەڵوێستی بەرامبەر ئەم زۆرداری و درۆ گەورەیە ماناداره و پیرۆزیەکی راستەقینە لەخۆوە دەگرێت. حەزرەتی ئیبراهیم دەڵێت: " ناشێت ئەم بتانە خوداوەند بن، تەنانەت بتی هەرە گەورەشیان نابێتە خوداوەند". کاتێک نەمرود دەڵێت: " نا". ئەویش دەڵێت:" کەواتە من بتەکانم نەشکاندووە، بەڵکو بتە گەورەکە بتەکانی دیکەی شکاند"، بەمجۆرە (نەمرود) دەخاتە نێو تەڵەزگەوە. ئەمە شەڕێکی ئایدیۆلۆژییە. لێرەدا شەڕ لەنێوان سیستەمی خوداوەندی گەل و سیستەمی خوداوەندی چینی کۆیلەدار ـ نەمرودەکان جێگای باسە. تاکە خودای حەزرەتی ئیبراهیم گوزارشت لە هەبوون و یەکێتی گەل، راستتر بڵێین گوزارشت لەهەبوون و یەکبوونی تیرهو هۆزەکان دەکات. رزگاربوون لە بتگەرایی هەڵوێستێکە لەبەرامبەر هێزی درۆی زەق و ئاشکرا. خوایەکی دەرهەست (ئەبستراکت ـ مجرد) و گشتگیر، کە بۆ ئەو سەردەمە جێگای تێفکراندنێکی زۆرە، هۆکاری یەکبوون و بەرەو پێش چوونە. بەم جۆرە پیرۆزی حاڵەتێکی ناراستەوخۆ لەخۆوە دەگرێت. گۆڕەپانی پیرۆزیی بەتایبەتی بۆ "ئەڵڵا" سنووردار دەکرێت، بەڵام دیسان هێز و یەکێتی گەل لەبناخەکەیدا هەیە. دووەمین قۆناخی پیرۆزیەکانی ئورها، هەڵمەتی پیشاندانی هەڵوێست بوو لەبەرامبەر خواوەندی چینایەتی، کە بەپیرۆزی ئیبراهیمی و پێغەمبەرایەتی ناو دەبرێت. بەگوێرەی قۆناخی خۆی پیرۆزیەکی بەرخودانگەر و پێشکەوتنخوازە.

ئەمە لەشەڕی نێوان خوداوەندەکاندا دەبێتە هەڵوێستێکی نزیک بەڕاستی. بەناوکردنی ئورفا وەکو شاری پێغەمبەران، کە تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان بەمجۆرەیە، بۆ پیرۆزی خۆراک و رەنجەکەی، بەتایبەتیش بۆ

ناوهێنانی به وشەی پیرۆز دەگەڕێتەوە. کاتێک دەگووترێت ئورفای پیرۆز، شاری پێغەمبەران، بەواتای ئەو ئورهایە دێت کە بەسیستەمی کشتوکاڵ و خۆراکەوە گرێدراوە. ناونانیشی بەناسنامەی شاری پێغەمبەران بۆ ئەو راستییە دەگەڕێتەوە. کاتێک لەلایەن نێرخوداوەندە درۆزنەکانی چینایەتیەوە، هێرش کرایە سەر پیرۆزیەکانی ناوەندی ئەو پێغەمبەر و مرۆڤانەی کە نوێنەرایەتی سیستەمی خودایی گەل دەکەن، ئەوانیش لە بەرامبەر سیستەمی خوداوەندی نەمرود راپەڕیون.

لەکاتێکدا مێژوو و پیرۆزی لە ناوچەی روها بەمجۆرە بێت، ئایا دەستەواژە گرنگەکەی دیکە نەفرەت (نەعلەت) بە چ واتایەک دێت؟ دەستەواژەیەکی دیکەی (کلیل)یش خودی نەفرەتە. شیکارکردنی روها لەنزیکەوە پەیوەندی بەشیکردنەوەی نەفرەتەوە هەیە.

هەرشتێک مێژووی راست و پیرۆزی تێکبدات نەفرەتە. نەفرەت هێرشێکی ستەمکار و درۆزنەکانە. شانبەشانی دەست پێکردنی هێرشی دز و ستەمکاران بۆ سەر رەنج و رەنجدەران، قۆناخی نەفرەتکردن دەستپێدەکات. تەواوی کردەوەکانی پەلاماردان بۆ سەر گشت بەرهەمەکانی رەنج، گوند، شار، کێڵگە و پەرستگاکان بە نەفرەت و لەعنەت ناودەبرێت. ئەم رەوشە لەنزیکەوە پەیوەندی بە گوزەرکردن بۆ کۆمەڵگەی چینایەتی هەیە. مرۆڤایەتی لەمیانەی ئەم سیفەتە (نەفرەت)وە وەڵامی ئەو داگیرکردن، سزادان، تاڵان، وێرانکردن، تەڵەکەبازی و زۆرداریيە دەداتەوە کە تا ئەو کاتە ئاشنای نەببوو. زۆر ئاشکرایە کە نەفرەت گوزارشت لەپێچەوانەی مانای پیرۆزی دەکات. لەگەڵ بەرزبوونەوەی کۆمەڵگەی چینایەتی لە شاری روها و دەوروبەری (نەفرەت)یش بەخێرایی زیاد دەکات، چونکە هێندەی دەچێت بەرهەمەکانی رەنج زیاد دەبێت و دەوڵەمەندی پەرەدەسەنێت. لەحاڵەتێکی وەهادا جیابوونەوەی چینایەتی و هێرشکردن لەناویەکدا بەڕێوە دەچێت. چیتر ئەم ناوچانە ناتوانن خۆیان لەژێر دەستی هێرش، داگیرکاری

و تالانکاران رزگاربکەن. ئیتر نەفرەت تۆڕی خۆی بەسەردا دەکێشێت. تراژیدیا جێگای مەراسیمی پیرۆزی و جەژن دەگرێتەوە. جەژنەکانی پیرۆزی تێکدەچێت، قۆناخی تراژیدیا و شیوەن دەست پێدەکات کە نەفرەت رێگای لەپێش کردۆتەوە.

پێشتر مۆسیقای ئایینی و زایەڵەکانی پیرۆزی لە روهاو دەوروبەری جێگای باس بوو، تەنانەت ئەگەر بگووترێت روها یەکەمین ناوەندی مۆسیقای ئایینی جیهانە لەجێگای خۆیدایە. بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەمجۆرە بەردەوامبووە، بەڵام کاتێک سەردەمی نەفرەت دەستی پێکردووە، ئەم مۆسیقایە جێگای خۆی بۆ ئەفسانەو هاوار و شیوەن بەجێهێشتووە. ئەو سەردەمە دەستیپێکردووە کە بەگۆرانیەکانی ئورفا دەناسرێت. مۆسیقای پیرۆزی لەناو ئەم گۆرانیانە شاراوەیە. شۆڕشی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لەژێر ئەم پیرۆزیەدا شاراوەیە کە لەناو دۆخێکی بەمتمانە و خۆراکی زۆردا، دەرفەتی بەردەوامبوونی رەچەڵەکی مرۆڤایەتی رەخساندووە. لە کولتووری بنچینەیی روها مۆسیقا ریشەیەکی بەمجۆری هەیە. کاتێک مرۆڤ هێزی خۆراکی جێگیر بەدەستدێنێت دڵخۆش دەبێت، ئەم دڵخۆشییە دەبێتە دەنگ و ئیتر گۆرانی لەدایک دەبێت. سەرەتا مۆسیقا بۆ پیرۆزی خوداوەندەکان دادەنێت، دواتر بەسەردوولکە و ئاوازی خەمناک وەڵامی نەفرەت دەداتەوە. بەمجۆرە گۆرانییە خەمناکەکان دەکەوێتە ناو دیرۆکی سترانەوە.

گرێدراو بەم دەستەواژە سەرەکیانە (پیرۆزی ـ نەفرەت) دەکرێ چەندین چەمکی دیکەی کولتووری وەک: رەحمەت، زیارەت، سەبر، کفر، دوعا، قارەمان، عیبادەت، جەژن، خزمایەتی، شەیتان و پەرستگا.. هتد بژمێردرێت. کولتووری شۆڕشی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کولتوورێکی قوواڵە؛ لەتەواوی کیشوەر و سەردەمەکاندا کاریگەری لەسەر مرۆڤایەتی کردووە.

هەروەکو دەزانین سۆمەریەکان بەگەلی ئافرێنەری ئەم سەردەمەیان گوتووە "ئاریانیەکان" کە بە زمانی سۆمەری ئەو دەستەواژەیە واتای گاسنەوانی دەبەخشێت، هەروەها "ئۆرارتوو"ش بەواتای "خەڵکی مەملەکەتی بەرزاییەکان" دێت، "گۆتی" یش بەواتای ئەو کەسانە دێت کە لەگەڵ گا، مانگا و رەشە وڵاخەکانیاندا دەگەڕێن. تەواوی ئەم دەستەواژانە ریشەکەیان بۆ سۆمەریەکان دەگەڕێتەوە و گوزارشت لەخەڵکی میزۆپۆتامیای سەروو دەکەن. لەمێژوودا ئەم کولتوورە بە (هیندۆ ئەوروپی)، بەواتایەکی بەرتەسککراوەتر بە "کولتووری ئاریان" ناو دەبرێت. ئەم کولتوورە تا سااڵنی چوارهەزاری پێش زایین، لەکەنارەکانی زەریای مەزن، لەچینەوە تا زەریای ئەتڵەسی، تا دەگاتە دوا سنوورەکانی ئەورووپا بەهێزی پەلهاوێشتن و بڵاوبوونەوە گەیشتووە.

لەمیانەی کنەکردن و هەڵکۆڵینە شوێنەوارناسیەکانەوە رۆژ لەدوای رۆژ راستینەی بۆچوونێکی هاوبەش دەخاتەڕوو کە ئەمجۆرە پەلهاوێشتن و بڵاوبوونەوە کولتوورییەی ئاریان لەیەک ناوەندەوە سەرچاوەی گرتووە. لەهەمان لێکۆڵینەوەدا دەبینرێت کە مێژووی شار و جیابوونەوەی چینایەتی بەپشتبەستن بەسەرچاوە سۆمەریەکان لەسااڵی (٢٠٠٠) پێش زایینەوە کاریگەریەکانی دەبینرێت. دوای ئەوە سەردەمی مێژووی نووسراو دەستپێدەکات، بەڵام راستترین و قوواڵترین مێژوو، چاخی کشتوکاڵییە کە زیاتر لە (١٠٠٠٠) ساڵ ناوەندێتی کردووە، پێش ئەو سەردەمەش بەدەیان هەزارساڵ، چاخی کۆکردنەوەی بەرووبوومی درەخت (خواردەمەنی)، چاخی هەرە پێشکەوتوو بووە. بەگوێرەی ئەمە مێژووی نووسراو هەم نوێیە، هەم بەخەستی دیرۆکی چینایەتی لەخۆوە دەگرێت. ئەمە مێژوویەکە تاڕادەیەکی مەزن راستێەکانی شێواندووە، هەڵکشانی سیاسی و ئایدیۆلۆژی دەسەاڵتدارانی پیرۆزکردووە، جۆرێکە لەمێژووی نەفرەت کە راستی مێژوو و پیرۆزی تێکداوە.

لەسالانی (٢٠٠٠)ی پێش زایین ئاشوورییە بەرەچەڵەک ئامووریییەکان کە شوێنی نیشتەجێبوونیان دەکەوێتە باکووری بابل، وەک قەومێکی بازرگانی میزۆپۆتامیای سەروو بۆ ئەنادۆڵ هەڵدەکشێن. لەنێوان میزۆپۆتامیای خواروو کە سیستەمی شاری تێدا زاڵبوو، لەگەڵ میزۆپۆتامیای سەرووی ئەنادۆڵ کە سیستەمی کشتوکاڵ و کانزا (مەعدەن)گەری تێدا پێشکەوت، ئاشوورییەکان لەڕێگەی بازرگانییەوە هێزێکی زۆریان بەدەستخستووە. لەسالانی (١٣٠٠)ی پێش زایین تا کۆتاییەکانی (٦٠٠)ی پێش زایین ئاشوورییەکان هێزی دەسەڵاتداری سیاسی و بازرگانی بوون.

ئورها لەمیانەی بوون بەناوەندی ئەم کشتوکاڵ و بازرگانییە گرنگی زیاتر بەدەست دەخات. لەسەردەمی هۆری (خووری- حۆری)یە کشتوکاڵکار و کانزاگەرە بەڕەچەڵەک ئاریانییەکان، دواتریش لەقۆناخی میتانییەکان کە بەردەوامێکی خوورییەکان بوون، روها ناوە بەناوە رۆڵی پایتەخت دەبینێت. لەنێوان (ئاشووری و خووری)یەکاندا ئەم دەست و ئەو دەست دەکات، هەروەها دەبێتە ناوەندی هەرە گرنگی میتانییەکانیش. لەسەردەمی ئۆرارتوو‌ییەکانیشدا ئەم گرنگیەی خۆی بەردەوامدەکات. لەم سەردەمانەدا بەردەوام لەنێوان (خووری ـ ئاشووری ـ هیتیتی)یەکاندا دەبێتە ناوەندێکی پەلاماردان و خێرا خێرا دەسگۆڕکێ دەکات. لەدوای (میدی)یەکان دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی (پارس) ەکانەوە. لەسەردەمی (ئەسکەندەر) ئاشنای (هێلینی)یەکان دەبێت. لەسالانی (١٠٠)ی پێش زایین دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی رۆماوە. دیسان لەو سەردەمە دەبێتە ناوەندی دەوڵەتی (ئەبگار) کە بەڕەچەڵەک (ئاریانی ـ ئاشووری)ین. لەسەردەمی (بێزەنتی)یەکانیش کە شوێنی رۆمایان گرتۆتەوە، لەکاتی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان (ساسانی ـ بێزەنتی)یەکان دەست گۆڕکێ بەردەوام

دەبێت. هەروەها ئورها لەسەرووی ئەو شوێنانەشەوە دێت کە ئاییینی مەسیحی تێدا لەناو (کورد ـ ئاشووری ـ ئەرمەن)یەکاندا بڵاوبۆتەوە.

پێشتر جەختمان لەسەر ئەوە کردبۆوە کە لەسااڵنی (١٨٠٠) پێش زایین ئورها ناوەندی ئەو بزووتنەوانە بوو کە پێغەمبەرەکان رێبەرایەتییان دەکرد. بەتایبەتی نەریتی پێغەمبەری کە نوێنەرایەتی بەرخودانی تیرەو هۆزە خۆجێییەکان دەکات بەرامبەر پاشا ــ نەمروود بەڕەچەڵەک ئاشووریەکان، لەڕێگای حەزرەتی ئیبراهیمەوە قۆناخێکی مێژوویی دەستپێدەکات. ئەمە لەناوەڕۆکی خۆیدا نەریتی بەرگریکردنە لە ئازادی و بەرخودانی ئەو گەل ـ هۆزانەی بەرامبەر سیستەمی کۆیلەداری نوێنەرایەتی ئەم نەریتە دەکەن. وەرچەرخانی ئایدیۆلۆژی لە تەوتەمپەرستی تیرەوە بەرەو یەکتاپەرستی، لەمیانەی ئاییینە تاکخوداییەکانەوە گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینی. بەشێوەیەکی بنەڕەتی پێغەمبەرەکان ئافرێنەر و نوێنەری گۆڕانکاری ئەم قۆناخە مێژووییانەن. بەشێوەیەکی ڕێژەیی ئەم هەنگاوە لایەنێکی ئازادیخوازیشی هەیە. دەرکەوتنیان کاردانەوەیەکە لەبەرامبەر جیابوونەوە و سەرهەڵدانی چینایەتی. لەشێوەگرتنی ئایدیۆلۆژی قۆناخی ناوینی نێوان رێکخستنی دەوڵەت و بەڕێوەبەرایەتی پەرتەوازەی تیرەو خێڵە شاخاویەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان دەبێت. ئەم نەریتە کاریگەریەکی مەزنی لەسەر پەیدابوونی هێزە نوێکان هەیە. ئاوابوونی پاشایەتی (عیبرانی)یەکان لەسااڵنی (١٠٠٠)ی پێش زایین دەرەنجامێکی ئەم کاریگەریەیە. ئەم نەریتە کە لەڕێگای تەوراتەوە بوو بە یەکەمین پەرتووکی پیرۆز، دواتر وەک "عەهدولقەدیم" تا بڵێی پێشدەکەوێت. لەبنەڕەتدا هەوڵدەدات جموجۆڵە بێ ئەنجام و پەرتەوازەکانی تیرەکان ڕێکبخات، کە لەبەرامبەر سۆمەری و میسرییەکان ئەنجامیان دەدا. ئەم پەرتووکە بەقووڵایی لەژێر کاریگەری ئەفسانەکانی سۆمەری و میسریەکان دایە. بەجۆرێک لەجۆرەکان ئەم کولتوورانە بەگوێرەی پێکهاتەی تیرەو هۆزەکان

دەگۆڕن و دەیگونجێنن. لەڕێگای حەزرەتی موساوە ئیسرائیل بەرەو ئایینی قەوم دڕێژە بەگۆڕانکاری دەدات. یەهوودییەکان لەگەڵ دەرکەوتنی حەزرەتی عیسا دووچاری پارچەبوونی چینایەتی هاتوون، بۆ دوو لایەن (تەورات یان ئینجیل) یاخود سەردەمی کۆن یان نوێ (عهد قدیم او جدید) دابەش بوون. لەکاتێکدا "عەهدولقەدیم" پەرتووکی کۆنی یەهودیەکانە، (عەهدولجەدید، ئینجیل) دەبێتە پەرتووکی تەواوی مرۆڤایەتی چەوساوە، بەمجۆرە رێکدەخرێت و دەبێتە خاوەن بانگەشە. لەم سەردەمدا ئورها دەبێتە ناوەندی ئایینی کرستیانی.

ئەو بزووتنەوە ئایدیۆلۆژیەی لەناوچەی ئورها (ئورفا) و دەوروبەری دەستی پێکرد، زۆر قوڵتربوو لەوەی کە شیمانە دەکرا. لێرەدا شوێن رۆڵێکی گرنگ دەبینێت. ئەم ناوچەیە کە بەمەودایەکی چۆنیەک لە (هیتیت ــ ئاشوور ــ میسر) دوورە رۆڵی هاوسەنگی دەبینێت. تاڕادەیەک لەنێو زەمینەیەکی ئازاد دایە. لەبەرامبەر نوێنەرەکانی خەڵکی خۆجێیی و نوێنەری ناوەندە ئیمپراتۆریەکان هێندە بەهێز نین. لەم واتایەدا لەسالانی (٢٠٠٠) پێش زایین بەدواوە ئورها رۆڵی ناوەندێکی گرنگی ئایدیۆلۆژی دەبینێت. پێکهاتەی خەڵک (گەل) بەکەی بناخەیەکی بەهێز پێشکەش بەمە دەکات. تیرەو هۆزە بەڕەچەڵەک ئاریان و ئاموریەکان بەشێوەیەکی تێکەڵ لەگەڵ یەکتریدا دەژین. تەنانەت لەڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا ئەم پێکهاتە دیموگرافییە بەردەوامە. لەباشوور عەرەبەکان، لەباکووریش وەکو کورد بەدرێژایی (٥٠٠٠)ساڵ ئەم ناوچەیە بەردەوام هاتووچۆی دانیشتوانی بەخۆیەوە بینیوە. دواتر ئەرمەنی و تورکەکان دێن و بەشداری ئەم پێکهاتە دیموگرافییە دەکەن.

هەم لەبواری جوگرافی و دیموگرافی، هەم لەبواری ئابووری و بازرگانیەوە ناوەندێکی گرنگ و پڕ بایەخە. لەبەرامبەر هەرسێ ناوەندی کۆیلەداری، واتە کۆیلەداری ئەنادۆڵ و سۆمەر و میسر، لەمیانەی پێکهاتەی

بەهێزی دیموگرافی، بازرگانی و ئابوورییەوە تەواو لەناوەڕاستیاندا دەبێتە زەمینەی بزووتنەوەیەکی نوێی ئایدیۆلۆژی و سیاسی. ئەم جیاکاری و تایبەتیبوونەی خۆیشی لەژێر ناوی شاری پێغەمبەران و ئورهای پیرۆزەوە پیشاندەدات. کاردانەوە و رقی خەڵکی ناوچەکە لەبەرامبەر کۆیلەداری لەمیانەی ئەم سەرهەڵدانە ئایدیۆلۆژییە نوێیە، ڕێگا لەپێش دەنگدانەوەیەکی مەزن دەکاتەوە. بەخێرایی دەبێتە مۆڵکی خەڵک و وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەری لێدێت. لەدایکبوونی دەوڵەت بەپلەی دووەم ڕۆڵ دەگێڕێت. بۆ خۆیشی ناوە بە ناوە دەبێتە ناوەندی دەوڵەتەکان. تا چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم درێژە بەم دۆخەی خۆی دەدات.

دوای ئایینی کرستیانی سالانی (٦٤٠) بەدواوە ئاشنای ئایینی ئیسلام دەبێت. ئایینی ئیسلام کۆمەکێکی زیاتر پێشکەش بە کولتووری شاری بازرگان و پیشەکاران دەکات کە لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا گەورە دەبن و لەمیانەی بازرگانیەوە بوونەتە خاوەنی هێز. لەناوچەکەدا ڕێگای بازرگانی باکوور ـ باشوور، ڕۆژهەڵات ـ ڕۆژئاوا زۆر چالاکە. کاریگەری هەزاران ساڵەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەرفەت بە بەردەوامبوونی پێگە گرنگەکەی دەدات. لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلام ڕۆڵی ناوەندێتی بەردەوام و زیاتر دەبێت. تاوەکو سالانی (١٠٠٠)ی زایین لەژێر دەسەلاتی عەرەبەکاندا دەمێنێتەوە، (٩٩٠ ـ ١٠٨٠) لەژێر فەرمانڕوایی کوردە مەروانیەکان، دواتر دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی هۆزی (ئارتوک ئۆغوللاری = کوڕانی ئارتوک) بەڕەچەڵەک تورک، لە سالانی (١٢٠٠)ی زایینی دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی بنەماڵەی (ئەیوبی ــ کورد). لەسالانی (١٥٠٠) بەدواوە دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی عوسمانیەکان. لەکاتێکدا وەک گەل کورد لەپێشەوە دێت، پاشماوەی ئاشوورییە کۆنەکان، ئەرمەنی ــ سوریانیەکان، عەرەب و تورکەکانیش دەبن بەخەڵکی نیشتەجێی ناوچەکە. وەک ناوەندێکی سەرجەم کولتووری ئایینی و پێکهاتە ئەتنیکیەکان، پێکهاتەیەکی تێکەڵ پیشاندەدات.

لەناوچەکە تەنیا کولتووریک زاڵ نییە، هەمەلایەنە و فرەڕەنگی پێکهاتە کولتووریەکەی بۆ کۆنترین سەردەمە مێژوویییەکانی دەگەڕێتەوە. بەگشتی پیرۆزی لەهەموو قۆناخێکدا جێگای باسە. هەروەکو رووونمان کردەوە ئەمەش بۆ پێگەی ناوەندێتی شۆڕشی کشتوکاڵی و ئایدیۆلۆژیای پێغەمبەرایەتی دەگەڕێتەوە.

ئەم کورتە باسەش دیاریدەکات کە ئورها (ئورفا) و دەوروبەری خاوەن پێکهاتەیەکی مێژوویی تێکەڵن. کولتوورە ئەتنیکی و ئایینیەکەی بەناویەکدا چووە، لەناوەڕۆکی خۆیدا کولتووریک زاڵە کە پشت بەئابووری و بازرگانی دەبەستێت. لەکاتێکدا لە ناوچەیەکی بەرفراوانی پێدەشت و شاخەکاندا، لەنێو کشتیار و رەوەندەکاندا بەشێوەیەکی رێژەییش بێت سیستەمی هۆز ــ عەشیرەت زاڵە کە خەریکی بازرگانین، لەناوەندی شاریش دانیشتوانێک جێگای باسە کەخاوەن پێکهاتەیەکی فرە ئەتنیکی، کولتووری و ئایینین و سەرقاڵی بازرگانین. ئەم رەوشە کە وەکو خەسڵەتی شارە سۆمەریەکان بووە تا رۆژگاری ئەمرۆشمان هاتووە. ناوچەیەکە بەچڕی دەسەلاتدارانی سەردەمی کۆیلایەتی ــ نەمرود، بەگ، میر و نەجیبزادە دەسەلاتدارەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی ناسیوە. مەنجەنیق و فرێدانە ناو ئاگر کە لەسەردەمی نەمرودەکانەوە ماوەتەوە، پێویستە وەک هێما و سیمبۆلێکی ئەم شەڕە ریشەداری ئابووری و ئایدیۆلۆژییە بەکاریگەرە دەرکی پێبکرێت. چەمک و پێناسەی نوێ بۆ ئورفا پێویست ناکات، بە پیرۆزی و نەفرەتەکانی خۆیەوە گەیشتۆتە سەدەی بیستەم، بەڵام بەرچاوترین و سەرنجڕاکێشترین وەرچەرخان ئەو پێشکەوتنەیە کە لەنێوان پیرۆزی و نەفرەتدا رووییداوە.

کولتووری ئورفا کە هێشتا زۆرترین پێداگری لەسەر پیرۆزی دەکات و لەم پێناوەدا لەنێو بەرخودانداییە، بەڵام ئەو راستیەش لەبەرچاوانە کە پیرۆزی دووچاری گەورەترین خیانەت بووە. سیستەمی درۆ و ستەمکاری کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی ناوەڕۆکی پیرۆزییان پووچکردووە. ئەم

دەستەواژە شکۆدار و پڕ واتایە تووشی داگیرکاری ئەو نەفرەت لێکراوانە بووە کە بەردەوام کارەکتەری دەسەڵاتداریێتی و چەوسانەوەیان گۆڕانکاری بەسەردادێت. ڕەوشێک دێتە ئاراوە کە سەراوژێر و پێچەوانەکراوەتەوە. لەکاتێکدا ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی پیرۆزی مۆرکی نەفرەت لێکراوانی لێدەدرێت، نەفرەتییە ڕاستەقینەکانیش بەتایبەتمەندی پیرۆزی دادەپۆشرێن. ڕەنجدەران دەخرێنە پێگەی نەفرەت لێکراوی، شوێنکەوتوو (اتباع) و نەوەکانی نەمرودیش دەمامکی پیرۆزی دەپۆشن. ناوەوەی شار و بەکرێگیراو و نۆکەرەکانی ناوچە پێدەشتەکان هەزاران ساڵە ڕێککەوتنێکی خیانەتکارانەیان لەدژی ڕەنجدەرە ڕاستەقینەکان ئەنجامداوە. پێویستە ئەم ڕێککەوتنە بەباشی شیکاربکرێت. تا ئەم ڕێککەوتنە شیکارنەکرێت، مەحاڵە ئورفا و دەوروبەرەکەی لەگەڵ مرۆڤایەتی شکۆداری ڕابردوو، لەگەڵ سەرجەم بەها پیرۆزەکان، پێغەمبەر و شوێنکەوتووە بێشمارەکانی بەیەکتر بگەنەوە.

دوژمنانی پیرۆزی لەژێر دەمامکی پیرۆزیدا بەرامبەر بە ڕەنج و گەلان لەنێو خیانەتێکی چۆندان؟ لەسەردەمی سۆمەریەکان بەدواوە ئەم گەمەیە چۆن درێژەی هەبووە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان هاتووە؟ هەوڵمدا سەرەداوی ئەمانە ڕوون بکەمەوە. ئەمانە ئەو چینە خیانەتکارەن کە بەپێی بەسەرچوونی کات سنووردار(مارژیناڵ) بوونە. هەم لەبەرامبەر هەمان گروپی ئەتنیکی، هەم لەبەرامبەر ئەو کولتوورە پڕ لە پیرۆزییەی خۆیان خیانەت دەکەن، تەواوی هێزەکەیان؛ ئەو هاوکاریەی کە لەگەڵ ناوەندەکانی کۆیلایەتی پێشیانخستووە، پەیڕەوکردنی ئەشکەنجە و فشار، هەڕەشەی مەنجەنیق و فڕێدانە ناو ئاگرە، ئەم هێزەش لەپووچکردن و خاڵیکردنەوەی ناوەڕۆکە ئایدیۆلۆژیەکەی و پۆشینی ڕووپۆش و شێوەکەی وەردەگرێت. مسۆگەر ئەمانە هیچ جۆرە پەیوەندیەکیان بەئایینی دایکە خوداوەند و ئایینی حەزرەتی ئیبراهیمەوە نییە. بەهیچ شێوەیەک ئایین ناناسن. ئەمانە ئایینیان

کردۆتە ئامرازێکی ترساندن. بەدوای خواوەندێکی ساختە کەوتوون کە لەخواوەندی کاهینەکانی سۆمەر مەترسیدارترە. هەرە زێدە ناوی خودا و ئایین دەکەنە وێردی سەر زمان و خوازیارن لەو رێگایەوە خیانەتە میژوویيەکەیان بشارنەوە.

دەشێ پەیوەندیەکانی نێوان روحا و ئایین بکرێت بە مژارێکی سەربەخۆی لێتوێژینەوە. پێویستە زۆر ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە بکەم کە راستییە پیرۆزەکان دووچاری خیانەت هاتوون، بەر لەهەموو شتێکیش پێویستە ئەم شارە باوەڕمەندە لە باوەڕمەندە ساختە و ساختەکارەکان پاک بکرێتەوە. پێویستە سنووریان بۆ دابنرێت و پێیان بگوترێت: ئیتر خیانەتکردن لە ئایین بەسە، پێویستە کۆتایی بەسیستەمی کاهینەکانی سۆمەر بهێنرێت. ئەمەیان هیچ گرنگ نییە کە زانان یاخود نا. چونکە ئەمە دۆخێکە بووە بە کەلانە و توێژێکی کەڵەکەبوو، ئەمەش بەهێزترین ئەڵقەیە. بەکرێگیراوەکانی دەرەوەی شار و ناوەندەکەی، ئاغا، میر و پاشماوەکانی شێخایەتی و سەرۆک خێڵی ئیتر لەم بێشکەیەی مرۆڤایەتی هەریەکەیان وەک دووپشکێکی ژەهراوی، ژەهر بەرهەمدێنن و دەیبەشنەوە. ئیتر ژەهراویکردنی ناوچەکە بەسە. ئەمانە وەک چۆن هیچ شتێکیان پێشکەش بە گەلە قەشەنگەکەی ئەم ناوچەیە نەکردووە، بەڵکو بەردەوام نکوڵییان لێکردووە. سەرباری ئەوەی هەزاران ساڵە لە بەرهەمەکەی دەخۆن، بۆ خۆشیان لەڕەوشێکدان ناتوانن هیچ شتێک پێشکەش بکەن. بەردەوام خۆراکە بەتام و بەچێژەکانی روحا (ئورفا) بەدیاری بۆ ناوەندەکانی کۆیلەداری دەنێرن. ئێستا بەفڕۆکە بەشێوەی پاکەتی قارگۆ بۆ تەواوی جیهانی ڕەوانە دەکەن، بەڵام روهاو دەوروبەری هەتا دوایی هەژارە، برسی و بێکارە. لەکۆنترین و بەپێترین زەویەکانی جیهاندا ئەم ڕەوشە ناهەمواڕە جێگای باسە. لەو شوێنەی کە زۆرترین زمان و کولتووری تێدا پێشکەوت، زمان و کولتووری گەل کەوتۆتە ڕەوشێکەوە کە ناناسرێت و چیتر

گوزارشتی لێناکرێت. بەڵام نۆکەرو خیانەتکارەکان وەک بولبول قسە دەکەن و دەبنە پاڵەوانی کولتووری ناڕەسەنی. بگرە تەنانەت دەنگ و مۆسیقاو ئاوازە خەمناکەکانی خودی خوداوەند و مێخوداوەندەکانیشیان کردۆتە ئامرازی کاڵا هەرزانەکانی بازاڕ.

خیانەت چەندەی دەتوانێت ئەستوور و دەوڵەمەند بووە. گەلیش هەژار و بێزمانە، هێندەی بڵێی کەوتووە. ئەم ناکۆکییە لەدەڤەری روها لەبەرزترین ئاستدایە و خەسڵەتێکی کرۆنیکی هەیە. نامۆبوونی گەل لەکەینونەو بوونی خودی خۆی لەقۆناخێکی تاریکدایە. مانای نەفرەت و پیرۆزیەکانی سەرەتای مێژوو پێچەوانە کراونەتەوە. مێژوو وەک دەستپێکی پەرەسەندنەکان نییە، بەپێچەوانەوە بەکۆتایی پەرەسەندنەکان پشت ئەستوورە، پیرۆزی شوێنی نەفرەتی گرتووە، نەفرەتیش رۆڵی پیرۆزی دەبینێت. لە سەدەی بیستەمدا ئەم ناکۆکییە بەخەستیەکی زیاتر بەردەوام بوو. سەرتاژێر وەک سەدەیەکی نەفرەت باڵی خۆی بەسەر تەواوی کون و کەلەبەرەکانی ژیاندا کێشاوە.

لەگەڵ رووخانی ئیمپراتۆریەتی دەرەبەگایەتی عوسمانی، تورکەکان بە سەرکێشی (مستەفا کەمال) لەڕێگای شەڕی رزگاری نیشتمانیەوە پێکەوە لەگەڵ کوردان بەرەو ئاواکردنی کۆماری تورکیا هەنگاویان ناوە. کوردەکانی ئورفاش پشتگیریان لەم قۆناخە کرد. کوردان بەشێوەیەکی سەرتاپاگیر وەک ئەندامێکی ستراتیژی بەشداربیان لە رزگاری نیشتمانی و ئاواکردنی کۆماردا کرد. بەشی ئورفاش لەمەدا وەکو قارەمانێک خەڵاتکراو نازناوی شانلی ئورفای پێبەخشرا، بەڵام بەهۆی یاخیبوونەکانەوە، رەنگدانەوەی ئەرێنیانەی کۆمار نەبینرا. جەمسەری بەکرێگیراو کە پاشماوەی سەردەمی سۆمەریەکانە سوودی لەم رەوشە وەرگرت و شوێنی خۆی دۆزیەوە. داردەستەکانی رژێمی کۆیلایەتی کە هیچ جۆرە پەیوەندیەکیان بە بەهایەک لەبەهاکانی کۆمارەوە نەبوو لەمیانەی ئەزموونە

مێژوونووسەکەیانەوە، بەبێ ئەوەی هیچ وابەستەیی و ڕێزێکیان بۆ بەها نیشتیمانی و دیموکراتیەکانی سەدەی بیستەم هەبێت، وەک جەمسەری دەسەڵاتداری خیانەتکاری خۆجێیی بەباشی کارەکانی خۆیان بەڕێوەبرد. پەیوەندییان بەهیچ ڕۆشنگەرێکی کۆمارەوە نییە. لەژێر پۆشینی دەمامکی پیرۆزی، تەنانەت لەدەرەبەگایەتیش پاشکەوتووتر لەمیانەی کەسایەتیەکی سواو و نکوڵیکار لە شار و دەرەوەی شار تۆڕی بەرژەوەندی پەرستی بەڕێوەبردووە. پێکهاتەی ئەتنیکی و کۆمەڵایەتی گەل هێشتا بۆ کرانەوەیەکی پێشکەوتنخوازی وەرنەچەرخاوە. جلوبەرگە کۆنەکە لەجاران زیاتر گوشیویەتی. لە وڵاتی خۆراکدا بووە بە نەدارترین و هەژارترین تۆژ. لەناو دەوڵەمەندترین کولتووردا خراوەتە ناو قووڵترین بۆشاییەوە. لەدوا چارەگی سەدەی بیستەمدا جارێکی دیکە سەرهەڵدانەوەی نەریتێکی نوژەنی پێغەمبەرایەتی هەر وەکو بڵێی بووە بە چارەنووسێک.

ئێستا لەهەڵسەنگاندنەکاندا گەیشتووینەتە قۆناخی دەرکەوتنی (PKK) لە ئورفا. هەر چەندە لەرووخساردا وەها دیاردەبێت کە بناخەی (PKK) لەئەنقەرە دانراوە. کەچی بەشێوەیەکی تێرو تەسەل باس لە نەتەوەپەرستی هاوچەرخ و سۆسیالیزم دەکرێت. تەنانەت هەوڵدەدرێت وەک هاوشێوەکانی لێبکەن. بگرە لەکۆتاییدا خۆینیش دەڕژێت. سەبارەت بەبابەتی (PKK) هەڵسەنگاندنی بەرفراوانم کردووە. هەوڵمدا دوا نرخاندنەکانم لەدانیشتنەکانی دادگاییەکەی ئیمرالیدا بکەم. لێرەدا دووبارەکردنەوەیان مانایەکی ئەوتۆی نابێت، بەڵام ئەو ڕەهەندەی سەرنجم ڕادەکێشێت: "چ جۆرە پەیوەندیەکی لەگەڵ ڕاستینەی مێژوویی و ئێستای ئورفا هەیە؟"، بەڵێ ناتوانم پرسیارێکی بەمجۆرە لەخۆم نەکەم. وەک دامەزرێنەری (PKK) و تاکێکی خەڵکی گوندی ئامارا کە دەکەوێتە نزیک ڕووباری فورات و ئەوپەڕی خاڵی باکووری شاری ڕوها، دەشێ ئەمە ڕێگا لەپێش چۆن کاریگەرێەک بکاتەوە؟ ئەوەی جێگای باس و کارتێکردنە کولتووری گوندە

یان شار یاخود بەها گەردوونیەکانە؟ وەک بانگەشەی بۆ دەکرێت ئایا توانیویەتی لەوەدا سەرکەوێت کە ببێت بەبزووتنەوەیەکی هاوچەرخ؟

کاتێک بگەڕێینە دواوە و تەماشا بکەین دەبینین، ئەو راستینەیەی بەشێوەیەکی سەرەکی مۆری خۆی لەکردار و پراکتیکی ئێمەداوە، شێوەی نوژەن و هەنووکەیی پێغەمبەرایەتییە، ئەم لایەنە زیاتر قورساییەکەی دیارە. من و تەنانەت (PKK) ـەش هێندە پەیوەندیمان بە سەدەی بیستەمەوە نییە. لەبواری رووخسار و گووتەوە وەها دیارە کە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو سەدەیە بەستووە. بەڵام پێویستە ئەو راستیە بڵێم کە وەک کەسایەتی من هەرگیز نەگەیشتمە کەسایەتی و رۆحی سەدەی بیستەم ـ بێگومان ئەگەر شتێکی بەمجۆرەش هەبێت ـ من لێی تێنەگەیشتم و هەرسم نەکرد. هەربۆیە ئەوکاتە لەڕەوشێکی وەها دوور بووین واتا بدەینە کۆماری تورکیا، ئەورووپا و یەکێتی سۆڤیەت. لە رووخساردا وەک شارستان دیارە، هەندێک لەجلوبەرگەکانیشی پۆشیوە، بەڵام ئاشکرایە کە لە رۆح و هۆشیاریەکەی بێئاگا و دوورە. لەوەش سەیرتر ئەوەیە، دوورم لەوەی دەرکم بەدونیای دەرەبەگایەتی بەسەرچوو کردبێت و هەرسم کردبێت.

هیچ یەکێک لەتایبەتمەندیەکانی ئەو کولتوورەش بە واتای خۆی نەگەیشت. بەشێوەیەکی گەوهەری هیچ پەیوەندیەکم لەگەڵ جیهانی بونیادنراو دانەنا، هیچ شتێکیش لە قۆناخی بەسەرچووی سەردەمی دەرەبەگایەتیش تێنەگەیشتبووم. منداڵێک بووم بەتەنیا مابوومەوە. لایەنی سەیری مەسەلەکە ئەوەیە کە لەناو خێزان، گوند و قوتابخانەشدا دۆخەکە بەهەمان شێوە بوو. ناوی دایک و باوک، دەستەواژەکانی لەجۆری برا، ژن، پیاو، مامۆستا و خزم زیاتر لەئاستی زارەکیدا دووبارە دەبوونەوە. لەئەنجامیشدا ئەوە دەردەکەوت، کە پێدەچێت لەم دونیایە لەهیچ تێنەگەم. توانای تێگەیشتنی ئەو بابەتانە پیشاندەدەم کە خوازیارن فێرم بکەن، لەرووخساریشدا هەوڵدەدەم وەک هاوشێوەکانم بم، چونکە باشترینیان

ڕێزی لێدەگیرێت و پێشدەخرێت. بەڵام دیسان بێبەشبوون لە ناوەڕۆک بنەڕەتییە. بۆ ئەوەی (PKK)ـەش وەک هاوشێوەکانی دامەزرێت و کار بکات، بە هەوڵ و کۆششی پێویست دادەمەزرێت و پێش دەخرێت. تا دەبێتە سەرنجراکێشترین ڕێکخستنی جیهان. هەروەکو بڵێی هەمووی لەبەرخاتری ئەم سەدەیە (سەدەی بیستەم) ئەنجام دەدرێت. کاتێک کارو خەبات بەهێز و جددی بوو، گەیشتە سنوورە هەرە هەستیارەکانی ژیان، دەردەکەوێت کە ئەم ڕاستینە دووچاری دوولایەنی دەبێت.

لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەم هەرکەس دەیخواست بەباشترین شێوە (PKK)بکاتە هی خۆی و بەکاری بێنێت. ئەمەش بەهەموو قورساییەکیەوە ڕەنگدانەوەی بەسەر واقیعدا هەبوو. بەتەنیا مابوومەوە، ڕاستتر بڵێم جارێکی دیکە لەقوواڵییەوە پێوەن و تەنیاییم هاتەوە بەرگوێ، بەڵێ ئەو تەنیاییەی کە سەرەتا و هەموو کاتێک ڕووبەڕووم دەبووییەوە. تایبەتمەندێتیەکی پیاوی تەنیام دەدرکاند کە "لە دەرەوەی سەردەمەکانە، بەڵام لەگەڵ هەموو سەردەمەکانیشدایە". پێموایە دەرکم بەم ڕاستیە کردووە. دەزانم ئەوانەی نزیک بەقۆناخی شکۆداری دەبنەوە، لەم تایبەتمەندییە نزیک دەبنەوە. چەندە لەو سەردەم و زەمانە دابڕێی کە تێیدا دەژیت، بەو ڕادەیە بۆ ناو تەواوی زەمەنەکان دڕێژ دەبیتەوە. لەڕەوشی بەرجەستە و واقیعی (PKK) لەم دۆخەدا ژیام. مسۆگەرە کە ئەمە قوتابخانەیەکی نائاساییە.

بەو ئەندازەیەی سیفەتەکانی لەجۆری جوداخواز و لایەنگری تووندوتیژی پەسند ناکەم، زۆرباش ئاگادارم کە لەدڵەوە ئارەزووی ئەنجامدانی چالاکی لەو جۆرەمان نەبووە. ئەوەی خوازیاری بووین و ئارەزووم دەکرد، ئەوە بوو کە هەموو شتێک بەشێوەیەکی ئازادانە گفتوگۆ بکرێت، ئەنجامی پەسندکراویش لەبواری کرداریدا جێبەجێ بکرێت. حەزم لەم ڕێبازو پەیڕەوە دەکرد. لەئامانجی چالاکیەکانمدا بەردەوام ئەم خاڵەم ڕەچاو کرد.

کاتێک دەمگووت: "لە موخاتەبێک دەگەڕێم" مەبەستم ئەمە بوو. بەهۆی دۆخی داخراوی راستینەی تورک، هیچ ئەگەری ئەوەم دانەنا کە بکەوێتە ناو دیالۆگەوە. لەسەردەمی (ئۆزال) و قۆناخەکانی دواتردا بەهیچ شێوەیەک باوەڕم بەهەوڵی لەم جۆرە نەکرد. تا دەرکمان پێکرد ـ ئەم لایەنەی چەمکی چالاکیش گرنگە ـ بانگەشەکانی دیکە لەمەسەلەیەکی رووکەشی بەولاوە هیچ رۆڵێکی دیکە نابینێت.

بۆ شڕۆڤەکردنی قۆناخی ئیمڕالی هەوڵ و کۆششێکی زۆر دەدەم. دەشێ بگووترێت لەبواری چەمکدا لەهەموو قۆناخێک زیندووترم و زیاتر قوواڵبوومەتەوە. ئەو پەرەسەندنەی توانای تێگەیشتن واتادار دەبینم کە لەگەردوونەوە تا دەگاتە مێرووولەیەک، هەرشتێک وەک راستینەی خۆی تاوتوێ دەکات. تەواو ئاگادارم و هەست بەوە دەکەم کە گەورەترین شەڕو تێکۆشان قووڵکردنەوەی مەعریفە و گەیشتنە بەئاستێک کە لەتاوێکدا دەرک بەسیستەمی سروشتی ناو هەموو شتێک بکرێت. ویستم ئەمە پیشانی (PKK) ەش بدەم و تێیدا رەنگبداتەوە. نەک تەنیا بەڕەچاوکردنی یەکێتی سیاسی و نیشتیمانی تورکیا، بەڵکو بەیەکەوە لەگەڵ تەواوی وڵات و گەلانی دراوسێ، تەنانەت ئەگەر تۆزقاڵێکیش دەرفەت هەبێت ئەو دەسکەوتانەی لە یەکێتی نێوانیان بەدەست دێت، ئەگەر بەگوێرەی رۆحی یاساکان بێت، لەگەورەترین جەنگ بەهادارترە و بژارێکە شایەنی هەڵبژاردن و پەیڕەوکردنە. تەنیا پێویستە هەرکەس و هەموو لایەک هێزی وابەستەبوون بەرۆحی یاسا گەردوونیەکان پیشانبدات. دوای بەدیهاتنی ئەمە، یەکێتی لەگەڵ تەواوی گەل و وڵاتان خودی ئامانجمە. بەبێ دوودڵی رووم لەم هەڵوێستە کرد.

بەردەوام باوەڕیم بەبەرگری رەوا هەیە. لەو بڕوایەشدام کە یاسایەکی سروشتە. هەرچەندە هێرشکاری لەسروشتدا هەبێت، بەڵام ئەوەی بنەڕەتییە یاسای هەبوونی سروشتی بوونەوەرەکانە. بەرگری رەوا ئەم مانایە

دەبەخشێت. هیچ گومانێکم لەوە نییە تەنانەت تاکە کەسێکیش دەتوانێت بەرامبەر جیهان سەرکەوتوانە بەرگری رەوا پێشبخات. ئەوەی لێرەدا جێگای بایەخە، هێزی جەستەیی لایەنە بەرامبەرەکان نییە، بەڵکو یاساکانی رۆحی پێشکەوتنە. لەم سۆنگەیەوە؛ مسۆگەر رەوشی بەرگری رەوای ئێستای (PKK) ـە پێویستە. لەو بڕوایەدام تا رێگا لەپێش سیستەمی یاسای گەردوونی و یەکێتی ئازاد دەکرێتەوە، بەرگری رەوا بۆ هەرکەسێک و تەواوی گەلانی دراوسێ و ناوچەکە پێویستە. لەمە بەدواوە دۆخەکە گرێدراوی ئەو هەڵوێستەیە کە دەوڵەتی پەیوەندیدار پیشانی دەدات. ئەگەر هێرش و پەلامارەکان بەرگری رەوا تەنگەتاو بکات، ئەوا رێگا لەپێش پەرەسەندنی زەمینەکانی توندوتیژی دەکرێتەوە. لەرێگای هێرش و پەلامارەکانەوە هێرش کردنە سەر بەرگری رەوا هیچ دەسکەت و قازانجێکی بۆ دەوڵەت نابێت، بەڵام ئەوانە بەهێز دەکات کە لەپێگەی بەرگری رەوادان. راستترین هەڵوێست، هێشتنەوەی دەرگایە بەکراوەیی لەبەردەم دیموکراتیزەبوونێکی تەواودا، چارەسەرکردنی گشت کێشە و گیروگرفتەکان و لایەنگری کردنە لە رێککەوتنی دیموکراتیانە.

دەرک بەم راستیە دەکرێت کە بەرگری رەوا بەردەوام رێگا لەپێش گرژی دەکاتەوە، ئەمەش لەئاکامی دۆخ و بوویەری چاوەڕوان نەکراودا، حاڵەتی مەترسیدار لەگەڵ خۆیدا دێنێت.

رەخنەی توندم دەرهەق بەچەمکی چالاکی و کردەوەکانی رابردووی (PKK) پێشخست. هەوڵمدا بیهێنمەوە سەر رێبازی بەرگری رەوا، بەڵام وەک دەمویست لەو هەوڵەمدا سەرکەوتوو نەبووم. ئەو ئەنجامەی سەبارەت بە بابەتی توندوتیژی پێی گەیشتم: تا هێرش نەکرێتە سەر مافی ژیان و گوزارشتی ئازادانەی هەبوون، هیچ دژە هێرشێک ئەنجامنەدرێت، تەنانەت یەک دڵۆپە خوێنیش نەرژێنرێت. ئەمە پێویستیەکی فەلسەفەی ژیانی ئازادمە کە هەوڵدەدەم پێیەوە گرێدراو بمێنمەوە.

ئەگەر مرۆڤ هۆشیاری خۆی لەدەستنەدات و بزانێت چۆن پەندو ئەزموون وەردەگرێت، گرنگترین قۆناخەکانی وەرچەرخان لە بەسەربردنی رووداوە قورس و سەختەکاندا بەدەستدەخرێت. لەو بڕوایەدام کە سالانێکی درێژ لەناو ئەم جۆرە بوویەرە سەخت و پڕ لەئێشانەدا ژیانم بەسەر برد و وەرچەرخانم لەناو ئەم هەلومەرجەدا ئەنجامدا و لەم بەرگرینامەیەدا بەشێوەیەکی بەرفراوان باسم لەو دەرەنجامانە کرد کە پێی گەیشتووم. شیکردنەوەکانی خۆم سەبارەت بەجیهان، رۆژهەلاتی ناوین، وڵات و کۆمەڵگە تا دەگاتە دەوڵەت خستووەتەڕوو. جارێکی دیکە لەژێر رۆشنایی ئەم شیکردنەوانە تەماشای راستینەی ناوچەی ڕوهـا (ئورفا) دەکەم و پێشخستنی دیدگایەک بۆ سەدەی بیستەم و یەکەم بە ئەرکی خۆم دەزانم.

جارێکی دیکە ڕوهـا ڕووبەڕووی ئەوەیە کە رۆڵی مێژوویی خۆی بگێڕێت. دیسان پێویستە پێهەڵگرتنێکی مێژوویی ئەنجام بدات، پیرۆزی و نەفرەت لەو شوێنەدا جێگیر بکات کە مافی خۆیەتی. لەواقیعی وڵاتدا ڕوهـا ئەو ناوچەیە کە نەریتەکانی پاشماوەی دەرەبەگایەتی تێدا زۆر بەهێزە، تەنانەت پاشماوەکانی زهنیەتی سیستەمی سۆمەریشی تێدا کەم نییە. لەپێدەشتەکانیدا تارادەیەکی مەزن زهنیەتی نیۆلۆتیک جێگای باسە. بەهاو کایەکانی سەرمایەداری کاریگەری لەسەر ناوەڕۆک و ماهیەتەکەی نەکردووە، کاریگەریەکی تەکنیکی هەبووە. لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری لەناو وڵاتدا بۆخۆی وەک وڵاتێک وایە. لەپێکهاتە ئەتنیکی و کولتوورییەکەیدا فرەڕەنگی بەردەوامە. نموونەیەکی بچووکی مۆزاییکی کۆمەڵگەی رۆژهەلاتی ناوینە. رۆژهەلاتی ناوین بۆ جیهان گوزارشت لەچی بکات، ڕوهـاش بۆ رۆژهەلاتی ناوین هەمان واتا دەبەخشێت، هەمان گرنگی و پێگەی هەیە. ئەمەیە ئەو تایبەتمەندییەی کە لەمێژوودا بەبینینی رۆڵی هاوشێوە ناودەبرێن. لەگەڵ دەست پێکردن و پراکتیزەکردنی پڕۆژەی (گاپ) ئەم رۆڵەی گرنگ و زیاتر بووە.

بێگومـان روهـا (ئورفـا) کێشـەی ئـابووری، کۆمەڵایـەتی و کولتـووری گرنگی هەیە، ئەمەش راستە کە بە وەبەرهێنانێکی سنووردار پەرەسەندنێکی گەورە ئەنجامدەدات. بەڵام گەوهـەری رۆح هەڵکێشـی کێشـەکە سـەرچاوەی خـۆی لـەم بابەتانـە وەرناگرێـت. کێشـەی سـەرەکی پەیوەنـدی بـە بـواری ئایدیۆلۆژیـەوە هەیـە. خەسـڵەتە هـەرە کـۆن و قوولـەکانی موحافەزەکـاری (دۆگمـاتیزم) لەسـەر پێکهاتـەی زهنیەتەکەیـدا زاڵـە، بەجۆرێکـە کاریگـەری لەسـەر تـەواوی وڵات دەکـات. لـەم چوارچێوەیـەدا نـەک تـەنیا دۆگمـاتیزمی دەرەبەگایـەتی، بـەردەوامی بەتـەواوی ئـەو موحافەزەکاریـە دەدات کـە وەک میراسـێک لـەهێزە دەسـەڵاتدارەکانی سـەدەکانی رابـردووی وەرگرتـووە، شانبەشـانی درێـژە پێـدانی تەنانـەت بەدەروبەریشـیدا بڵاودەکاتـەوە. وەک چەمکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی، بەرامبەر بـە کۆمـارێکی سـیکۆلار (عـەلمانی) و دیمـوکراتی داخـراوە. ئـەم زهنیـەت و چەمکـە سیاسـییە تێپـەڕ نـەکرێت، موحافەزەکاریـەکی زیـاتر لەدەوروبـەری گـاپ سـەرهەڵدەدات. ئـەو دەرەنجامانەی لەگەڵ خۆیدا دێنێت گرنگیەکەی لە نموونەی (PKK) کەمتر نابێت.

بەرلەهـەموو شـتێک پێویسـتە شـەڕێک لـەپێناو ناسـنامەی ئایـدیۆلۆژی بـەڕێوەببرێت. شۆڕشـی زهنیش دەکەوێتە سـەرووی هـەموو ئەرکەکانـەوە. گرنگـی ئـەم شۆڕشـەش لـە بوویـەرەکانی تاوانـەکانی دابونەریتـدا ئاشـکرادەبێت. ئەگـەر ژنێـک بـەهۆی رەفتـار و هەڵسـوکەوتێکەوە کـە سروشتیترین مافی خۆیەتی، بـەڵام لەلایـەن خێزان (بنەماڵە)کەیـەوە بڕیـاری مردنـی بەسـەردا بسـەپێنرێت، کەواتـە رەوشـێکی زۆر مەترسـیدار جێگـەی باسە. ئەمەش تەنیا بەهۆی بێبەشبوونی لە ئازادی و مافی ژیان نییە، بەڵکو بەهۆی ئەو هەلومەرجە قورسەی موحافەزەکارییە کە باڵی بەسـەر تـەواوی کۆمەڵگەدا کێشـاوە؛ رێگـرە لەبـەردەم خسـتنەکاری ماتـە وزە (پۆتانسـێل)ی ناوچەکـە. لەڕەوشـێکدا دەیهێڵێتـەوە کـە لەهـەزاران چەتـەی شـاخەکان

مەترسیدارتر بێت. بێگومان موحافەزەکاری هێزی خۆی لە راستینەی چینی دەسەڵاتدار و چەوسێنەر وەردەگرێت کە بە درێژایی هەزاران ساڵ بەردەوام بووە. هەروەها ئەو پەیوەندییە سەرمایەدارییانەی لە پەرەسەندندان، لەوە زیاتر کە کاریگەرییان لەسەر چارەسەرکردن هەبێت، زیاتر لەسەر بنەمای پتەوکردنی ئەو موحافەزەکاریە بەکاردەهێنرێت، لەم لایەنەوە ئەزموونە مێژوویییەکان هێزێکی گەورەیان پێدەدات.

ئەو دەستێوەردانەی لەئاستی ئایدیۆلۆژی بۆ ناوچەکە بکرێت دەبێ لەچوارچێوەی پێوانە دیموکراتیەکاندا بێت، بەجۆرێک لەجۆرەکان پێویستە ناوچەکە بە رێنسانسدا تێپەڕبکرێت. سەبارەت بە ئورفاش هیچ شتێک لە دیموکراتیزەبوون بەهادارتر نییە. پێویستی بە پڕۆژەیەکی دیموکراتیزەبوون هەیە کە بەئەندازەی گەورەیی گاپ بێت. بەر لەهەموو شتێک پێویستە ئەو راستیە بزانرێت کە ئەم پرۆسەی دیموکراتیزەبوونە نە لەمیانەی بزووتنەوەیەکی گەلەری زادەی کۆمەڵگەی کۆن، نەلەڕێگای دەستێوەردانەکانی دەوڵەتەوە بەڕێوەنابرێت. بێگومان دەوڵەت و کۆمەڵگە دەستەوەستان نامێنن، رۆڵی خۆیان لەگۆڕانکاری و پێشهاتەکاندا دەبینن، بەڵام ئەوەی پێویستە پڕۆژەیەکی بەرفراوانی کۆمەڵگەی مەدەنییە. ئەو دامەزراو و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە بەبێ پێکدادان لەبەرامبەر دەوڵەت و کۆمەڵگە پێشدەخرێن، تەنانەت دەرفەت هەبێت هاوکاری یەکتریش دەکەن، ئەگەر بە شێوازێکی ئازادانە پێشبخرێن بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە دەتوانن رۆڵی شۆڕشی دیموکراتی ببینن. ئەو رێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لەگشت گۆڕەپانەکان بە پێی پێویست ئاواکراون، زهنیەتی موحافەزەکاری دەشکێنن. کاتێک لەمەدا سەرکەوتن بەدەستبێنن بزووتنەوەی رۆشنگەری ئەو مێشک و هزرانە بەرەو پێش تاودەدات کە تینووی ئازادین.

لەڕاستیدا خەسڵەتە بەهێزەکانی سەردەمی دایکایەتی ناوچەکە و پیرۆزیەکانی کولتووری پێغەمبەرایەتی کە ماونەتەوە ئەگەڵ پێوانە هاوچەرخەکانی دیموکراتیزەبوون بکرێنە یەک ئەوا شۆڕشێکی ڕۆشنگەری تەواو ڕوودەدات. ئەم یەکبوونە کاریگەری لەسەر ئەخلاق دەبێت و دەرفەتی قەڵەمباز و هەڵمەتی بەهێزی ڕەفتار و ئاکاری ئازاد دەڕەخسێنێت. هەربۆیە لەم بوارەدا هۆشیاری مێژوویی ڕاست، زانستیبوون و پەروەردە دەرهەق بەبابەتەکانی فەلسەفەی دیالەکتیکی و تاکەکەسێتی گرنگی و بایەخێکی مەزنی هەیە. پێویستە چەندین کۆمەڵەی جیاواز بەئامانجی پەروەردە بکرێنەوە. سەبارەت بە بابەت و بوارەکانی هونەریش لەپێناو گەل پێویستی بەهەڵمەتێکی هەمەلایەن هەیە. چونکە تا کاریگەرییە سڕکەر و تێکدەرانەکەی هونەری ئێستا کۆتایی پێنەهێنرێت، ئازادکردن و ڕۆشنکردنەوەی زهنیەت و ڕۆح مەحاڵە. گفتوگۆیەک سەبارەت بە مێژووی ناوچەکە، هونەرەکەی و سەرجەم بابەتەکانی ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگە سازبدرێت ئەنجامی سوودبەخشی لێدەکەوێتەوە. لەڕاستیدا لەبواری زهنیەتەوە پێویستی بەهەڵمەتێکی ئیبراهیمی نوژەن هەیە. بتەکانی ئێستا لەهی جاران زیاترن، بەشێوەیەکی بەرفراوانتریش جێگیرکراون. مێشک و دڵی مرۆڤایەتییان ئیفلیج کردووە. هەربۆیە پێویستە لەمیانەی کەسایەتی حەزرەتی ئیبراهیمەوە تەورەکە بەشێوەیەکی بەهێزتر بەکار بێنین (لەبواری مەعنەوی و هەزری). ئەمەش ڕێزی ڕاستەقینە لەبەرامبەر ئایین، پەیوەستبوون بە بەها پیرۆزەکان، وەڵامدانەوە لەمیانەی هەڵمەتێکی بەمجۆرە دەکاتە پێویستیەک. شۆڕشی شکاندنی بتە نوێکان بۆ ئورفا دەبێتە ڕێنسانێکی ڕاستەقینە.

دیموکراتیزەکردنی سیاسەت دووەمین هەنگاوی گرنگ و بەهادارە. بەتایبەتی پێویستیەکی مەزن بەبزووتنەوەیەکی پارتیبوونی دیموکراتیانە هەیە. لە ڕێگای پارتێکی بەپەرەنسیپ، کە خاوەن هێزێکی پێویستی کادیران

بێت، هۆگری دیموکراتیزەبوون بێ، باوەڕی و ئاستی مەعریفی هەبێت، پێشەنگایەتی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت. ئەگەر کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ، مافی ئازادی ژنان و کۆمەڵەی لاوان ئاوابکرێن، دەتوانن رێگا لەپێش دیموکراتیزەبوون بکەنەوە. هەموو ئەو کەسانەی هۆشیاری دیموکراتی و دامەزراوەکانی بەهادار دەبینن و بایەخی پێدەدەن، پێویستە جێگای خۆیان لەناو ئەم جۆرە کۆمەڵانەدا بگرن. ئەم کارە بەو کەسانە ناکرێت کەباوەڕی و هەوڵەکانیان ناتەواوە و تێرناکات. هیچ کارو خەباتێک هێندەی تێکۆشانی دیموکراتیانە بۆ ناوچەی ڕوها (ئورفا) و دەوربەری بەهادار نییە.

هەندێک لە دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانیش جێگای بایەخن. بنکەی خزمەتی تەندروستی بەخۆڕایی یان هەرزان بۆ گەل، کارکردنی هەرەوەزی، کێڵگەی بەرهەمهێنانی نموونەیی و هۆڵەکانی پەروەردەی وەرزشی چەند دەزگایەکن دەتوانن ڕۆڵی ئەرێنی ببینن. بەتایبەتی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، لەگشت گەڕەک و گوندەکان پێویستیمان بەنوێنەرانی یاسایی و حقوقی هەیە. تێکۆشانێک بەلانی کەم هێندەی هۆشیاری مێژوویی ڕێگا لەپێش هۆشیاری یاسایی - حقوقی بکاتەوە پێویستیەکی ژیانییە. دەزگا و دامەزراوەکانی لەم جۆرەی کۆمەڵگەی مەدەنی فشار دەخەنە سەر دەوڵەت و کۆمەڵگە، ئەوانیش بۆ ئەوەی لەدواوە نەمێننەوە هەنگاو دەهاوێژن. لەم لایەنەوە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵگەی مەدەنی سەرکەوتن بەدەست بێنێت، ئەوکاتە ئورفا لەمێژووی خۆیدا کۆمەکێکی مەزن پێشکەش بەڕۆشنگەری ڕاستەقینە و بەڕێوەبەرایەتی دیموکراتی دەکات. شانبەشانی پەرەسەندنی تەکنیکی ژێرخان، ئەم پێکهاتانەی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئایدیۆلۆژی، لەبواری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی ئورفا دەکەنە هێزی پێشەنگ. لەمیانەی پێکهاتەی بەپێت و دەوڵەمەندی خاکەکەی ڕێگا لەبەردەم دەوڵەمەندیەکی مەزن دەکرێتەوە. بێکاری، هەژاری و نەخۆشی کە وەک چارەنووسێکە ئیتر کۆتایی پێدێت. ئورفا هێندەی وڵاتێکی ناوینی ئەوروپا

یان رۆژهەلاتی ناوین دەبێتە خاوەن رۆل. بەمجۆرە ئورفایەکی دیموکراتیک دەسکەوتێکی مەزنی مرۆڤایەتیشە کە کولتووری هەر گروپێکی ئەتنیکی رۆژهەلاتی ناوینی دیموکراتی وەک گوڵێک تێیدا دەگەشێتەوە و لەسەر بنەمای بەیەکەوە ژیان و تەباییەوە لەیەکتری نزیکدەبنەوە. لەسەر ئەم بنەمایە واتایەکی راست بەپیرۆزیەکانی پێغەمبەران دەدرێت، بەڕاستی ئەو کاتە دەبێتە ناوەندێکی سەرنجراکێش و وەک دووەمین شوێنی حەجی لێدێت. قۆناخی ئورفای دیموکراتی دەست پێدەکات کە زۆرترین هێز بە رۆژهەلاتی ناوینی دیموکراتی دەبەخشێت.

ئەمە ئەو پەندو ئەزموونانەی من و (PKK) بوو کە لەناو بەئێش و ئازارترین بوویەرەکانی وڵاتی ناسۆری و ئازارەگەورەکان وەرمان گرتووە، هەروەها ئەو ئەنجامەیە کە دەرهەق بەدۆزی دادگاییکردنی ئورفا و حوکمەکەی پێی گەیشتووم.

باوەڕیم مسۆگەرە کە حوکمی مێژوو بەرائەتە، چارەنووسی وڵات و گەلەکەشم سەرکەوتنی دیموکراتیانەیە.

٢٠٠١/٧/١٠

عەبدوللا ئۆجالان

ئیمرالی

هەنووکەییکردنی نەریتی حەزرەتی ئیبراهیم بە چ واتایەک دێت؟

دەڤەری ئورفا بەگشتی وەک شوێنی لەدایکبوونی نەریتی پێغەمبەرایەتی بەتایبەتیش وەک شوێنگەی نەریتی حەزرەتی ئیبراهیم پیرۆز دەبینرێت. هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یەکەمین جار کشتوکاڵ، کۆچەری (رەوەندی) و کۆمەڵگەی شار بەشێوەیەکی تێکەڵ لەسەر ئەم جوگرافیا بەپیتەدا ئەنجام دراون و بەیەکتر گەیشتوون. ڕوها (ئورفا) ناوەندێکی سەردەمی نێۆلۆتیکە، کاتێک ناوچەکانی دەوروبەریشی بخەینە سەر هێشتا لەشوێنە بەرزەکاندا ئەو تەپۆلکانەی دەردەکەون، ناوەندی سەدان شوێنی نیشتەجێبوونن کە هێشتا کنەکردن و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە نەکراوە و بەڵگەی سەلمێنەری ئەم ڕاستیەن. بەپیترین شوێنی نێوان ڕووبارەکانی دیجلە ـ فورات ـ شاخەکانی تۆرۆس دەشتی ڕوهایە. بەپێبوونەکەی لە ئاستی جیهانیدایە، ئەم خەسڵەتەی تا ڕۆژی ئەمڕۆشمان بەردەوامە. گرێدراو بەم تایبەتمەندیەی کۆچەری پێکهاتەیەکی دیکەی کۆمەڵگەیە کە لەنێوان چیا و دەشتدا ئاوابووە. لەسەردەمە هەرەکۆنەکانی مێژوو گوندی نیشتەجێ و ڕەوەندی لەناو یەکتردا بووە. ئەمە تا نزیکەی (١٠٠٠٠) سال پێش زایین درێژ دەبێتەوە. ئاواکردنی ئورها وەک شار لەشێوەی کۆڵۆنیەکی سۆمەریەکاندا بووە. وشەی (ئور) لەزمانی سۆمەریەکان بەواتای شاری سەر تەپۆلکەکان دێت. لەدەرەوەی میزۆپۆتامیای خواروو یەکەمین کۆڵۆنی سۆمەریەکان لە دەوروبەری ئورها پێکدێت. ئورها وەکو ناوەند، حەران، سامسات و کارگامیش یش لەدەوروبەری دروستدەکرێن. سالانی دووهەزار پێش زایین لەدەرەوەی سۆمەریەکان، دووەمین ناوەندی هەرە گرنگ ئورها و دەوربەرەکەیەتی. ئورها مەیدانی سەرەکی پەلهاوێشتنە. وەکو ناوچە و کۆڵۆنی گرێدراوی

پاشایەتی شارەکانی سۆمەرن. جیاوازی پێکهاتە ئەتنیکیەکەی بەرخودان بەرامبەر دەسەڵاتداریتی سۆمەر دەکاتە ناچارییەک. کەچی وەک دەزانرێت شارستانیەتی سۆمەری شارستانیەتێکە یەکەمین جار کۆمەڵگەی چینایەتی تێدا پێشکەوت، دواتر شەپۆل بەشەپۆل بەدەوروبەردا بڵاو بوویەوە. پێکهاتەی یەکسان و ئازادانەی کۆمەڵگەی کشتوکاڵ و رەوەندی، بەئاسایی ملکەچی بۆ ئەم جیاوازیەی چینایەتی ناکات، بەڵام کارەکتەری پێشکەوتووخوازی شار لەماوەی درێژخایەندا زاڵبوون دەکات بەڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر. هەربۆیە یەکەمین تاقیکردنەوەی سۆمەریەکان بۆ ئاواکردنی کۆڵۆنی لەدەوروبەری ساڵانی (٢٠٠٠) پێش زایین بەرخودانی دژوار لەگەڵ خۆی دێنێت.

گروپە ئاریانەکان (لەزمانی سۆمەریدا ئاری = گاسن)ی ئافرێنەری کۆمەڵگەی کشتوکاڵی و گروپە ساماییە رەوەندەکان لەناوچەکە هەم بەناویەکدا چوونە، هەم لەدژی یەکترن. پەیوەندی بەهێزی بازرگانی لەنێوانیان پەرەدەسێنێت. لەکاتێکدا ئاریانەکان باکوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوای ناوچەکە پێکدێنن، سامیەکان لەباشوور دەسووڕێنەوە. شاری ئورها (روها) تەواو لەناوەڕاستیاندا ئاواکراوە. ئیستاش ئەم گەوهەرەی خۆی دەپارێزێت. بەو پێیە ئورها وەکو شار و ناوچە لەساڵانی (٢٠٠٠)پێش زایین لەبواری کشتوکاڵ، رەوەندی، پیشەکاری و ئاژەڵداری بەپێگەیەکی نموونەیی گەیشتووە. دوای میزۆپۆتامیای خواروو، لەرەوشی دووەمین شار (مەترۆپۆڵ)ی هەرە گەورەدا بووە. جوگرافیایەک کە تادواڕادە زیندووە، بۆ گۆڕانکاری کراوەیە، کۆمەڵگەی شار و گوند و رەوەند لەناو یەکتردا لەخۆوە دەگرێت و دوو گروپی سەرەکی گەل، واتە ئاریانی و سامیەکان بەیەکەوە تێیدا دەژین، وەک وڵاتێکی نوێ وایە. ئەم تایبەتمەندیانە زۆر گرنگن و دەتوانێت کولتووری ئازادانەی خۆی بخوڵقێنێت. لەمەشدا هێندە درەنگ ناکەوێت. ئەم کولتوورە لەچوارچێوەی

خۆپاراستن بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی کۆلۆنی سۆمەریەکان، زیاتر بەرخودانڤانی خۆجێیی و تایبەتمەندێتی فرە ئەتنیکی جیاواز لەخۆوە دەگرێت. هەربۆیە بەشێوەکی زەق و بەرچاو نەریت و کولتووری ئیبراهیمی تێیدا رەنگ دەداتەوە.

کولتووری حەزرەتی ئیبراهیم بەرامبەر بە نەمرودی پاشای شاری سۆمەریەکان، نوێنەرایەتی بەرخودان و جیاوازی دەکات. چیرۆکە بەناوبانگەکەی بت شکاندن و فرێدانە ناو ئاگر باسە سیمبۆلیەکەی ئەم بەرخودانەیە. راستیەکەی زۆر تێکەڵ و درێژخایەنترە، تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان درێژ دەبێتەوە. ئەم کولتوورە لەناوەڕۆکی خۆیدا دژی بەڕێوەبەرایەتی کۆیلەداره وشکەکانی سۆمەرییە کە خۆیان وەکو پاشا ـ خوداوەند راگەیاندووە. هەروەها باوەڕی خوداوەندێک بەبنەما دەگرێت کە مرۆڤانەترە، بەرخودان دەکات و لەگەڵ بەرژوەندی تیرە ـــ هۆزە خوجێییەکانی گەل دەگونجێت، پشت بەو باوەڕییە دەبەستێت کە مرۆڤ تەنانەت پاشاکانیش نابن بە خوداوەند. لەم قۆناخەدا تازە بەتازە لە تەوتەمگەرایی تیرەوە هەنگاو بەرەو خوداوەندی شکۆدار دەهاوێشترێت. کاریگەری میتۆلۆژیای سۆمەری لەسەر ئەوەش جێگەی بایەخە. دوورکەوتنەوە لە تەوتەمگەرایی سەرەتایی کۆن، واتە دوورکەوتنەوە لەو چەمکەی کە هەر تیرە و تەنانەت هەر بنەماڵەیەک خوداوەندی خۆی هەبێت، هەنگاونان بۆ یەک خواوەندی هۆز و تیرەکان "ئەل" ، واتە گوزەرکردن بۆ قۆناخی خواوەندی مەزن پێشکەوتنێکە زیاتر بەگوێرەی بەرژوەندیەکانیانە و خزمەتی باشتر بە یەکێتی دەکات. تەوحید واتە چەمکی تاکخودایی کە بەناوی حەزرەتی ئیبراهیمەوە باس دەکرێت، گوزارشتکردنە لەم قۆناخە. بەشێوەیەکی گشتی دامەزراوەی پێغەمبەرایەتی واتای ریفۆرمی ئایینی لەخۆوە دەگرێت. لەو سەردەمانەدا ئەو ریفۆرمە ئایینیانە زۆر واتادارن، تەنانەت بەواتای شۆڕش دێن. پێغەمبەرایەتی بەواتای ئەو دامەزراوە دێت

کـه هـەم بەرامبـەر کولتـووری پاشـا ــ خواوەنـدی سـۆمەریەکان، هـەمیش بەرامبەر چەمکی ئایینی تەوتەمپەرستی کۆن، ئەو ئایین و کولتوورە نوێیە ئاوادەکـات کـە دەرەنجامـەکانی لـەمێژوودا کاریگەریـەکی یـەکجار گـەورەی دەبێت. بوونی ئورفا (ئورها- روها) بەناوەندی ئەم دامەزراوەبوونـە بـەهۆی تایبەتمەندیەکانیـەوە راسـتیەکی دەسـت لێبەرنـەدراوە. قـوولایی مێـژووی روهای پیرۆز و شاری پێغەمبەران تاوەکو ناو ئەم راستیانە شـۆڕدەبێتەوە. رەوشـەکانی نکوڵی و لەعنـەت کـە دواتـر سـەریانهەڵدا جەمسـەرێکی دیکـەی دژ بەپێشکەوتنی دیالیکتیکی پێکدێنێت.

بەپێچەوانـەی شـیمانەکان کولتـووری پێغەمبەرایـەتی لەعەرەبسـتانەوە نـەهاتووە. ئورفـا و ناوچـەکانی دەوروبـەری دامـەزراوەکانی بـاوەڕی نیۆلۆتیـک و سـۆمەریەکانیان بەرپەڕەمێکدا تێپـەڕکرد، گۆڕانیـان بەسـەردا هێنـا، لەسـاڵانی (٢٠٠٠) پـێش زایـین بـەوڵاوە وەک راسـتیەکی مێژوویـی بەهـەموو لایەکدا بـڵاو بوویـەوە، لەناویشـیاندا لەنیمچـە دوورگـەی عـەرەب بـڵاو بـوویەوە. بـوونی روهـا بـە (وڵات)ی پێغەمبـەران بـەو واتایـە دێـت. بەگوێرەی ئەو سەردەمە جۆرێک لە رێنسانسـە. لـەجیاتی پەرستنی بەندە و بتـەکان، وابەسـتەبوون بەخواوەنـدێک کـە بـەگوێرەی ئـەوان یەکسـان و ئـازادیخوازترە، هـەنگاوێکی گرنـگ دەهاوێژرێـت و واتایـەکی مێژوویـی گەورەی هەیە. دواتر قۆناخێکی نوێ دەست پێدەکات. لەناوچەکە نـەک تـەنیا حەزرەتی ئیبراهیم، بەڵکو زۆر لەو لەپێشتر "ئیدریس، ئەیوب، یونس و نوح" هـەنگاوی پێکهێنـانی ئـەم نەریتـەیان هاوێشـتووە، ئەمانـە بـەزۆری لـەدژی کۆیلەداری سۆمەر ـ بابل ـ ئاشوور بەواتای کەسایەتییە پێشـەنگەکانی گەل دێـن. تێکۆشـانی چینایـەتی بـەگوێرەی قۆنـاخ بـەرێوەدەچێت، ئەمانـە نوێنەرایـەتی ئـازادی ئـەو تیـرەو هـۆزە ئەتنیکیانـە دەکـەن کـە پێیانـەوە گرێدراون. دەکرێ بـاس لـەقۆناخێکی مێژوویـی بکرێـت. بـوونی حـەزرەتی ئیبـراهیم بـە بـاپیرە گـەورەی نەریتەکـە، دەسـتپێکردنی کاریگـەری و

یەکلاییکردنەوەی ئەو قۆناخە پیشان دەدات کە گوزارشت لە سەرکەوتن و کاریگەری بەرخودان دەکات.

تا ئەو رادەیە جێگرتنی لەیادەوەری مرۆڤدا بۆ ئەو کۆمەکە گرنگە دەگەڕێتەوە کە بۆ کەرامەتی مرۆڤایەتی پێشکەشی کردووە. پێشتر تەنیا پاشا ـ خوداوەند و چەمکێکی رەهای مرۆڤایەتی کۆیلەکراو جێگای باس بوو. شکاندنی ئەم زهنیەت و بەندایەتییە گەورەترین هەنگاوی شۆڕشگێڕانەی قۆناخی خۆیەتی. شکاندنی بت لەراستیدا بۆ یەکەمین جار وەشاندنی زەبرێکی سەرکەوتوو و بەکاریگەرە بۆ سیستەمی کۆیلایەتی کە لەمێژوودا وێنەی نەبوو و بەهەمیشەیی دەکرێت. پێغەمبەرایەتی نەریتی یاخود گوزارشتی بەدامەزراوبوونی ئەم پرۆسەیە. هەنگاوەکانی دواتر سەبارەت بەشکۆدارکردنی ئایینی تاکخودایی، پێشخستنی چۆنایەتیەکەی و خۆجێی کردنی دەبێت. قۆناخێک کە هەر کولتوورێک پێیدا تێپەڕ دەبێت، نەریتی ئیبراهیمیش پێیدا تێپەڕ دەبێت. سەرهەڵگرتنی (کاروانی) حەزرەتی ئیبراهیم بۆ وڵاتی کەنعان (ئیسرائیل ـ فەلەستینی رۆژگاری ئەمرۆمان) هەم بەهۆی زیادبوونی فشارەکانی سەریەتی، هەم بەهۆی بازرگانییە کە رۆژ لەدوای رۆژ گرنگیەکەی زیاد دەبێت. لەمیانەی ئەم پرۆسەیەی کۆچەوە کە شیمانە دەکرێت لەسالانی (١٧٠٠) پێش زایین رووبدابێت کولتووری پێغەمبەرایەتی لەعەرەبستان بڵاودەبێتەوە. چەندین تیرەو هۆزی ئاریان ـ خووری و ئامۆرییە بەرەچەڵەک سامیەکان لەنێو جموجۆڵێکی هاوشێوەدان. لەنێوان ناوەندەکانی شارستانیەتی سۆمەر ـ میسر بازرگانی دەکەن، دەرفەتی ئاواکردنی میرنشینی بچووک دەبینن. ئەم رەوشەش پێویستی هەبوونی ئایدیۆلۆژی و رێبەری خۆجێیی پیشاندەدات. دابینکردنی پێویستی هەرە گشتگیر لەمیانەی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی نوێوە جێبەجێدەکردێت کە بەئەل گوزارشتی لێدەکرێت و بەرەو ئایینی تاکخودایی ئاراستە دەگرێت.

ئەو هۆزو تیرانەی حەزرەتی ئیبراهیم رابەرایەتییان دەکات لەماوەی نزیکەی (٤٠٠) ساڵدا تا وڵاتی میسر دەڕۆن، هەوڵدەدەن وەکو کارکەرە عیبرانییە هەژارەکان جێگیربن، (وشەی عیبرانی: لە وشەی ئابیرۆ ــ عبیرۆوە هاتووە کە بەمانای پیاوە تۆزاویەکانی بیابان دێت، بەزمانە میسرییەکان بەواتای پیاوە پیس و تۆزاویەکان دێت) بەهۆی رەوشی نالەبار و یارمەتیدانی یاخیبوونێک لەسااڵنی (١٣٠٠) پێش زایین بەڕابەرایەتی حەزرەتی (موسا) کاروانە مێژوویەکەی میسر ئەنجامدەدەن. ئەو کاروانەی شیمانە دەکرێت (٤٠) سال بەردەوام بووبێت، بەنیشتەجێبوون لە ئیسرائیلی رۆژگاری ئەمرۆ ئەنجامگیر بوو. ئەم نیشتەجێبوونە لەمیانەی پێکدادانێکی دژوار لەگەڵ تیرە خۆجێییەکان بەدیهات. (موسا) لەرێگای دە فەرمانە گرنگ و بەناوبانگەکەیەوە نەریتی ئایینی تاکخوادیی دەگەیەنێتە قۆناخێکی نوێ. لەسااڵنی (١٠٠٠) پێش زایین بۆیەکەمین جار داود و سلێمان ئەم نەریتە دەگەیەننە ئاستی پاشایەتی. حەزرەتی موساش یەکەمین کەس و پێغەمبەرە کە رۆڵی میللیکردنی ئایینی تاکخودایی دەبینێت. لەسەر بنەمای ئەم نەریتە ئایینییە قەومی یەهودیی دەکاتە یەک. پێکهاتەی پەرتەوازە و بڵاوی تیرەکان کە بەسانایی نایەنە لای یەکترەوە و لە ناوەندێک گرد نابنەوە، لەرێگای گەورەترین "ئەڵی" شکۆدارکراو کە خوداوەند (یەهودا)یە دەترسێنرێن، سەر لەنوێ دەهێنرێنەوە سەر رێگا.

ئەم چالاکیەش ئەنجامی مەزن لەمێژوودا دەخوڵقێنێت. لەدوای ئورها بەتایبەتی لەدەوروبەری قودس، دووەمین ناوەندی پێغەمبەرایەتی پێشدەخرێت. شاری قودس کە خۆشی بەواتای پیرۆزی دێت، ناوەڕۆکەکەی خۆی لەکولتووری ئورها وەرگرتووە. بەاڵم لەمیانەی وەرچەرخانەوە لەجێگیربووندا سەرکەوتوو دەبێت. ئاواکردنی یەکەمین پاشایەتی، جیاوازی نێوان چەوسانەوە و چەوسێنەر لەگەڵ خۆیدا دێنێت. تۆێژێکی یەهودیەکان

دەوڵەمەند دەبن و دەگەنە ئاستی کاهینی فەرمی، تـوێژە هەژارەکـەیش پـەراوێز دەخـرێن، ناچـاری ئـاواکردنی تەریقـەتی رکابـەر دەکـرێن. لـەم سەردەمەدا حەزرەتی عیسا کە نوێنەرایەتی هەژارانی دەکرد، دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەسەنیەکان، لەمیانەی پیرۆز (تقدیس)کردنی لەلایـەن حـەزرەتی (یـەحیا)وە هەڵمەتـە ناسـراوەکەی دەسـت پێـدەکات. قۆنـاخی (مـیلاد) کـە بـەواتای لـەدایکبوون دێـت، لەڕاسـتیدا لـەمێژووی ئایینـە تاکخوداییەکانـدا گوزارشـتە لـە هـەنگاونان لـەقۆناخی هـۆز و قەومـەوە بـۆ قۆنـاخێکی گەردوونی.

بۆ یەکەمین جارە لەمێژووی ئایینەکان بەبێ جیاوازی کردن لەنێوان هۆز، قەوم و چین حەزرەتی (عیسا) لەمیانەی چەمکی خودای ـ سیانییەوە مژدەی قۆناخێکی نوێ دەدات. زیـاتر لـەناو تـوێژە چەوسـاوە و هەژارەکانـدا دەنگدەداتـەوە. فەلسـەفەی گریـک و یـەکێتی سیاسـیانەی رۆمـا، لـەمێژە زەمینـەی مـاددی و هـزری پێویسـتیان ئامـادەکردووە. بەشـێوەیەکی بابـەتی حەزرەتی (عیسا) دەکرێتە سیمبۆڵ، ئایینی کرستیانی لـەم سـێ سـەرچاوەوە تێردەکرێـت و وەکـو ئـایینی نـوێ پێشـکەوتنی مـەزن بەدەسـت دێنێـت. بەکاریگـەربوونی تـا ئـەم ئاسـتە بـۆ ئـەم هەلومەرجـە لەبارانـە دەگەڕێتـەوە. هەڵمەتێکە کە زۆرترین کاریگەری لەسـەر مێژووی جیهـان کردووە. رۆڵی حەزرەتی (عیسا) لەدروستبوونی ویژدانی مرۆڤایەتیدا گەورەیـە. هـەروەکو دەزانرێـت پـێش لەخاچـدانی بـۆ ئورفـا بانگهێشـت کرابـوو، بـەڵام ئـەو بـۆ ئاشکراکردنی ساختەکاری کاهینە فەرمیەکانی یـەهودی بـە ئاگاییـەوە رووی لە قودس کرد. بە راشکاوانە دەکرێ بگووترێت؛ ئەگەر ئەم کاروانەی بـەرەو قـودس نـەبووایا ئـەوا ئاراسـتەی مێـژوو زۆر جیـاوازتر دەبـوو. نـاوەڕۆکی سەرەکی ئایینی (عیسا) پەیوەندی بـە ویژدانـەوە هەیـە. ئامانجەکەشـی لـەبیر نەکردن، کۆکردنەوە و گەیاندنی مرۆڤایەتی چەوساوە و ئازار چەشتووە بـە ئـازادی. دوای ئـەوەی لەسـاڵانی (٤٠٠)ی زایینـی دەبێتـە بـاوەڕی و ئـایینی

فەرمی بێژەنتییەکان، ئیتر ئایینی کرستیانی مانایەکی پێچەوانە لەخۆوە دەگرێت، لەخزمەتی دەوڵەتدا چەوساوەکان بە دەوڵەتەوە دەبەستێتەوە. لەکاتێکدا لایەنە پێشکەوتووخوازەکەی لە کون و قوژبنە تاریکەکاندا دەمێنێتەوە، لەناوەندی دەوڵەتەکانی شارستانیەتیشدا دەکەوێتە ناو کۆنەپەرستیەوە.

سێیەمین هەنگاوی مەزنی وەرچەرخان و خۆجێیکردنی نەریتی ئیبراهیمی کە روها سەرچاوەکەی پێکدێنێت، لەناوەوەی عەرەبستان لەمەککە و دەوروبەری دەهاوێشترێت. ئەم هەنگاوەی کە حەزرەتی محەمەد هاوێشتوویەتی، هەردوو شێوەی یەکەمینی نەریتی ئایینی تاکخودایی، واتە لەڕێگای تێپەڕکردنی هەردوو ئایینی یەهوودی ـ مەسیحی بەریفۆرمێکی چڕدا، هەڵمەتەکەی ئەنجامدەدات. سێیەمین دەڤەری پیرۆزی لەمەککەو دەوروبەری پێکدێت. پێشتر مەککە و پەرستگاکەی واتە کەعبە ناوەندی (٣٦٠)بت بوو. هیچ پەیوەندیەکی بە ئایینی تاکخودایەوە نەبوو. ژیانێکی ئایینی سەرەتایی تێکەڵ بەتەوتەمپەرستی جێگای باسە. لەڕێگای حەزرەتی (محەمەد)ەوە ناوەندی سێیەم و قۆناخێکی نوێی مێژوویی دەست پێدەکات. حەزرەتی (محەمەد) لە چوارچێوەی دەستەواژەی (ئەڵڵا= اللە)ی تاک و بێ شەریک کۆکردنەوەی تەواوی هۆزە عەرەبە سامییەکان بەبنەما دەگرێت. بەرزبوونەوەی ئاستی بازرگانی، بەهێزبوونی ئیمپراتۆریەتەکانی (بێزەنتی ـ ساسانی ـ حەبەشە)ی دەوروبەر، یەکێتی و بەهێزبوونی تیرەو هۆزە عەرەبەکان دەکاتە ناچاریەک. ئیسلام وەک ناسنامەیەکی ئایدیۆلۆژی نوێ بەرهەمێکی ئەم پێویستیەیە.

بەلاوەنانی رەوشی پەرتەوازەیی، خەسڵەتی دژە ناوەندی ژیانی تیرەو هۆزەکان، پێشخستن و قووڵکردنەوەی دەستەواژەی (ئەڵڵا) بۆ گەیشتن بە هێزی ناوەندی چالاکیەکەی دەکاتە پێویستیەک. کارامەیی یان گەورەیی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی (محەمەد) لەبینین و وەڵامدانەوەی ئەم پێویستیەدا

شاراوەیە. هێندە قووڵ و هەڵمەتکارە بەخێراییەکی بێهاوتای مێژوویی، ڕێگا لەبەردەم گەورەترین شۆڕشی دەرەبەگایەتی دەکاتەوە. بەمجۆرە گەورەترین قەڵەمبازی شارستانیەتی چاخی ناوین مەیسەر دەکات.

حەزرەتی (محەمەد) کاتێک خۆی بەکۆتایی هاتنی سەردەمی پێغەمبەرایەتی ڕاگەیاند، هەواڵی بەهێزبوونی سەردەمی ئەقڵ و تێگەیشتنیشی بەمرۆڤایەتی دا. پێغەمبەرایەتی زیاتر گوزارشت لە کەسایەتییە پێشەنگەکانی ئەو قۆناخە دەکات کە بۆ ڕزگاری چاوەڕوانی هێزی ئیلاهی و ئایین دەکات. پەرەسەندنی فەلسەفەو زانست گرنگی ئیلاهیات دەخاتە پلەی دووەمەوە. شێوازی هزری ئایینی زیاتر شێوەی هزری سەردەمەکانی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتییە. دەرکەوتنی فەلسەفە بەڵگەی بەسەرچوونی ئەم قۆناخەیە لەمێژووداا. حەزرەتی (محەمەد) ئەو پێغەمبەرەیە کە زۆرترین ڕاڤەی فیکری ئایینی ڕەچاو کردووە. لایەنە لاوازەکانی ئایینی باش زانیوە. لە سەختی و زەحمەتیەکانی پراکتیکی خۆیەوە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە چیتر مرۆڤایەتی بە سروش (وەحی) تێر ناکرێت. ئەم پراکتیکە لووتکەی هەرەبەرزی هزری ئایینییە. لەمە بەدواوە سەردەمی کەوتنی هزری ئایینی و سەرەتای سەردەمی ئەقڵە.

بەداخەوە سەرجەم زانا و بیرمەندە ئیسلامیەکانیش کارەکتەری ریفۆرمخوازی ئایینی حەزرەتی (محەمەد)یان ڕاست دەستنیشان نەکردووە، هەربۆیە نەیانکردووە بە خەسڵەتێکی هەمیشەیی: خۆی، واتە حەزرەتی (محەمەد) ریفۆرمخوازی هەرە گەورەی ئایینەکان بوو. بەڵام بەپێچەوانەوە دواتر لەئایینی ئیسلامدا ڕێگایان لەبەردەم گەورەترین موحافەزەکاری کردۆتەوە. ئەو موحافەزەکارییە لەگەڵ کۆچی دوایی حەزرەتی (محەمەد)دا دەستی پێکرد، لەناو قۆناخێکی چەند سەدەییدا لە گۆڕستانی ڕۆژهەلاتی ناوین کەوتە ناو ریشەدارترین کۆنەپەرستیەوە. ئیتر چیرۆکی هەڵکشاوی (١٥٠٠) ساڵەی مرۆڤایەتی بەرەو لێژی ئاراستەدەگرێت. لەدوای ئاڵۆزی و

کێشمەکێشەکانی سالانی نێوان (٨٠٠ ـ ١٢٠٠)وە ئیتر دواکەوتن، قەیران و هەڵوەشانەوە خێرادەبێت. هێڵکاری هەڵکشانی مرۆڤایەتی لەکێشوەری ئەورووپا، لەرێگای زانستی ئەزموونییەوە سەرەتایەکی نوێ دەست پێدەکات.

بەشێوەیەکی گشتی میزۆپۆتامیا، بەتایبەتی مێژووی رووها لەم چوارچێوەیەدا پیرۆزی کۆن لەدەست دەدات و بەپێچەوانەوە دووچاری نەفرەت دێت. ولاتی پێغەمبەرە پیرۆزەکان ئیتر کەوتۆتە ناو قۆناخی تاریکی و گرگنیەوە. پڕ بەئێشە، بەڵام راستیەکە مێژوویکی دواکەوتن و خراپی هەروەکو بڵێی چارەنووسە تۆڕی خۆی هۆنیوەتەوە. ئەو خاک و کولتوورەی گەورەترین کۆمەکی پێشکەش بەشارستانیەتی جیهان کردووە، لەلایەن خاوەنە نوێیەکانیەوە دووچاری خیانەت دەبێت.

یەکەمین شەپۆلی خیانەت لە رێگای بنەماڵەکانی (ئەمەوی و عەباسی)یەوە ناوچەکە دەتەنێتەوە. ئاغاکانی شەڕ لەمیانەی دۆگمایەکی ئایینی پووچ و تۆندوتیژیەکی رووتەوە کە دیاریکەری ئەنجامەکانە، بەبێ ئەوەی هیچ بەها و پرەنسیپێکیان هەبێت وەکو دووپشک دەستیان بەسەرناوچەکەدا گرت. قۆناخەکانی دیکەی داگیرکاریس لەدووبارەکردنەوەیەکی خراپتری هەمان شێواز تێپەڕیان نەکردووە. روها و شارەکانی دەوروبەری، پڕ دەبن لەو (نەمرود)انەی کە هەزاران جار لەنەمرودەکانی سۆمەر و ئاشوور خراپترن. بووکەڵەی لەبت خراپتر، هەموو شوێنێک پردەکەن؛ قۆناخی دەربەگایەتی بەشێوەیەکی سەرتاپاگیری و قووڵ، مرۆڤایەتی دەخاتە ناو نەزانی (جەهالەت) و ویژدانەکەی دەپووکێتەوە. ئیتر قۆناخێکی لەشێوەی "نەعلەتکردن لە ئاکادا" رووەدات. شیوەن، ئاوازی خەمناک، هاوار و تەواوی گۆرانیەکان گوزارشت لەو ئێش و ئازارانە دەکەن کە ئەم نەعلەتکردنە لەگەڵ خۆی هێناوە. بەڵێ تاجی لەعنەت و نکوڵیکردن دەکەنە سەر پیرۆزی و نەریتی ئیبراهیمی.

کولتووری زاڵی دەرەبەگایەتی لەم لایەنە تۆڵە لە کولتووری پیرۆزی مرۆڤایەتی دەکاتەوە. بەرچاوترین بەڵگە ئەوەیە: بچووکترین لێگەڕینی ژنان بۆ ژیانی ئازاد بەتاوان دادەنرێت، گوایە بەبڕیاری ئەنجوومەنی بنەماڵەوە،

بەشێوەیەکی دڕندانە بەسەر کچە هەرزەکارە (١٥)ساڵیەکاندا دەتەقنەوە. ئەو بەناو ناموووسەی لە پیاودا چڕبۆتەوە، لەناوەڕۆکدا گەورەترین بێناموووسییە، نامۆترین و گومڕاترین ئازادی زایەندی (سێکسی) بۆخۆی وەک مافێک دەستنیشان دەکات، بەڵام لێگەڕین و پەیجوربوونی ژنان بۆ ئازادی بابەت و هۆکاری گەورەترین سزایە. ئەم دیاردەیە سەمبۆلیزەکردنی هەموو رووداوەکانە. لەڕاستیدا ئەم نەفرەتە لەسەرتاسەری ژیاندا جێگای باسە. هەرکەسێک دەخوازێت لەنهێنی گۆرانیەکان و بیبەری تیژی ئورفا تێبگات، بەڵێ ناوەڕۆکەکەی لەم راستیەدا شاراوەیە. ئەم تۆیژ و قەتماخە هەزارسااڵیەی کۆنەپەرستی، لەمیانەی رووپۆشی سەدەی بیستەمی سەرمایەداریەوە دژوارتر و وێرانکەرتر بوو. لەرێگای چەپەڵترین هاوسەرگیری سەرمایەداری و دەرەبەگایەتییەوە خوازیارن رێگا لەبەردەم رەوشێکی بنبەستوو بکەنەوە کە رزگاربوون لێی ئاستەمە.

ئەگەر ئەم رووپۆشە هەڵبدرێتەوەو ژێرەکەی بکۆڵدرێت، ئەو کاتە دەبینرێت کە لەبن هەر تۆزقاڵێکدا مرۆڤایەتیەکی راستەقینە شاراوەیە. مەدالیا دووڕووی بەمجۆرەی هەیە. رووبەکیان؛ ئەو دامەزراو، رۆح، زهنیەت و پێکهاتە لەعنەتیانەن کە پشت بە ڕزاندن، وێرانکردن و نکوڵیکردنی تەواوی بەها رەسەنەکان دەبەستێت، رووەکەی دیکەشی، بەدامەزراوەبوونی پیرۆزی پێغەمبەرایەتییە، کە لەمیانەی رۆح و زهنیەت و بەها راستیەکانی مرۆڤایەتیەوە هەن. زۆر سەخت و بەئێش و ئاڵۆزە، بەڵام رووبەڕووی دیالەکتیکێکی مێژوویی تایبەت بەخۆی بۆتەوە. سەرەکیترین پرس کە پێویستی بەشیکارکردن هەیە، ئەو پەیوەندییە دیالەکتیکیانەیە. ئەمەش یەک رێگای هەیە. ئەویش بەهەموو هەستیاریەکەوە بەزانستیبوونداتێپەڕ دەبێت.

هەرچەندە (PKK) ئاگاداری قوواڵیی تێگەیشتنەکەی نەبێت، بەڵام لە واقیعی رووادا بەم تاقیکردنەوەیە هەستاوە. راستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە نیازی(PKK) لایەنگریکردنی ئازادی و رۆشنگەرییە. ئەنجامدانی یەکەمین

چالاکیەکانی لەجیاتی داموەدزگاکانی کۆمار، بەرامبەر پێکهاتەی کۆنەپەرست و پاشڤەڕۆیی دەرەبەگایەتی، بەڵگەی سەلمێنەری ئەم راستیەن.

لەم لایەنەوە ئایا دەکرێ بگووترێت کە (PKK) بزووتنەوەیەکی ئیبراهیمی هاوچەرخە؟ لەبواری نیازدا لایەنی هاوشێوەی زەق و دیار بەرچاو دەکەوێت. هێرشکردنە سەر زەمینەی نەعلەتی و نەمروەدە بچووکەکان نەک تەنیا بەناوی نەتەوەیی و دیموکراتیەوە، بەڵکو بۆ تەواوی مرۆڤایەتیش هەنگاوێکی پێشکەوتنخوازییە. ئەمە لەگەڵ کۆماریبوون یش ناکۆک نییە. پێویستیەکی سروشتەکەیەتی. کۆمار ناچارە لەدژی دەرەبەگایەتی بێت. ئەگەر کۆمار نەیەوێت بەساختە ناوبنرێت و بەراستی لەسەر راستەڕێی کارەکتەری عەلمانی و دیموکراتییەوە خوازیاری پێشکەوتن بێت، ئەو کاتە دەکرێ بگووترێت کە (PKK) و کۆماری تورکیا بەڕێککەوتنێکی سروشتی گەیشتوون. ئەو ڕێککەوتنە بابەتییەی لەساڵی (١٩٢٠) بەمتمانەیی لەنێوان کورد ـ تورک پێشکەوت، لەناوچەکانی (عەنتاب، مەرەش و ئورفا) مانایەکی بەمجۆرەی هەیە. ئەم ڕێککەوتنە ناوەڕۆکێکی برایانەی ئەوتۆی هەیە کە بۆ هاوچەرخی و ئازادی کراوەیە. پەیڕەونەکردنی یاساو حقوقی برایەتی بەهۆی یاخیبوون و ئەوپەڕگەری نەتەوەپەرستی، بێ چانسیەکی گەورەیە. ئەمەش ڕێگرتنە لەبەردەم پێشکەوتنی قۆناخێکی مێژوویی گرنگ، لەهەمانکاتدا چانسێکی نوێی ژیانە بۆ دەرەبەگایەتی.

لەم لایەنەوە (PKK) بەدوای کارەکتەری ئازادی و برایەتی کۆمار دەگەڕێت. چەندە ئەمەی لەمیانەی هۆشیاری و کارامەیی سیاسی ئەنجامداوە، لایەنێکە پێویستە زۆرترین ڕەخنە بکرێت، بەڵام لەقەڵەمدانی تەواوی ناوەڕۆکەکەی بەجوداخوازی نرخاندنێکی ئەوپەڕگەرییە. (PKK) تا مۆخەکانی ئیسکی ئەو دروشمەی هەرس کردووە کە دەڵێت: "ئازادی

نەبێت، یەکێتی نابێت". بەڵام ئەگەر بگووترێت لەهەموو هەلومەرجێکدا لایەنگری دەوڵەتێکی میللیگەرایی کوردی جیاواز بووە، مسۆگەر ئەمە پەسند ناکرێت. ناتەواوی و هەڵەکەی ئەوەیە کە ڕێکخستن و چالاکیەکی گونجاوی بەگوێرەی یەکێتی ئازادانە و بەڕێبازێکی ڕاست و کارامە بەڕێوەنەبرد. لەکاتێکدا دەرفەتی ئەمەش هەبوو. جددیترین بزووتنەوەیە کە بەبێ پەنابردنە بەر توندوتیژی، بەتایبەتیش توندوتیژییەک کە بەرگری ڕەوا تێپەڕ بکات، لەسەر ئەم ڕێگا ڕاستە دەتوانێت گەورەترین خزمەت بە کۆمارێکی دیموکراتی و عەلمانی بکات. مەگەر (PKK) لەم خاڵەدا تاوانبار و ڕەخنە بکرێت. ئەگەر نا لەبواری نیاز، هەوڵ و فیداکاری لەسەرووی ئەو دیاردانەوە دێت کە بۆ ڕوهـا و ناوچە هاوشێوەکانی، پاڵێوراوە بۆ ئەوەی لەم سەدەیە ببێتە بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینەی پیرۆزی.

دووبارەکردنەوەی ئەو بابەتانە بەپێویست نابینم کە بەگشتی بەناوی (PKK)وە ئاماژەم پێکردووە. تەنیا ئەوە دەڵێم کە سەبارەت بە ڕوهـاش لەجێگای خۆیدایە. ئەوەی بۆ ڕوهـا و دەوروبەری گرنگە، ئایا (PKK) لەسەدەی بیست و یەکەمدا دەتوانێت هەنگاو بۆ پیرۆزییە هەنووکەیی و نوژەن کراوەکانی ئیبراهیمی بهاوێژێت یان نا. خاڵی بایەخدار ئەوەیە: ئەو وەرچەرخانەی (PKK) ئەنجامی داوە، ئەو مەعریفە، هۆشیاری و ویژدانەی بەدەست هێناوە کە بۆ ئەم بزووتنەوەیە پێویستە؟. پێویستە زۆر بەڕاشکاوانە ئاماژە بەوە بکەم کە بەناو و ناسنامە کۆنەکەی ناتوانێت ئەم وەرچەرخانە لە ناوچەکەدا ئەنجام بدات و لەلایەنی مێژوویشەوە بەوشێوەیە. دیسان پێویستە ڕاشکاوانە ئەوەش بڵێم کە کۆماری تورکیا لەڕێگەی چەمکی ڕێککەوتنی کۆن لەگەڵ دەرەبەگایەتی ناتوانێت ڕەوابوون (مەشروعیەت) بەخۆی بدات. کۆمار تەنیا لەمیانەی گەڕانەوە بۆ ڕۆحی هاوبەشی سەردەمی ڕزگاری نیشتمانی و یەکێتی ئارەزوومەندانەی ساڵی (١٩٢٠) و چالاکبوونی هاوچەرخانەی کۆماری دیموکراتیەوە دەتوانێت ئەم ڕەوابوونە بەدەست بێنێت. لەڕێگای گواستنەوەی پێکهاتەی دەرەبەگایەتی

بۆ سەدەی بیست و یەکەم و قەدەخەکردنی هەبوونی کولتووری و مافی خۆگوزارشکردنیان تەنیا زەمینە بۆ جوداخوازی ئامادە دەکرێت. یەکێتی بەهێز بە بەرژەوەندی هاوبەش و ئازادیدا تێپەڕ دەبێت. دەشێت ئەم راستینە یەکێتیەکی برایانە لەئێش و ئازاری ئەم بیست و پێنج ساڵەی دوایی فەراهەم بکات. تۆندوتیژی و گومانی دووڵایەنە و نکوڵیکردن، لەژەهراویکردنی زەمینە و ڕێگاکردنەوە لەبەردەم شەپۆلی نوێی تۆندوتیژی بەوڵاوە هیچ شتێکی دیکە لەگەڵ خۆی ناهێنێت.

هەروەکو تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوین و تورکیا، ڕوها و دەوروبەریشی کە یەکێکە لەناوچە گرنگەکان تەنیا کاتێک پێودانگە هاوچەرخەکانی دیموکراتی پەسند بکات، ڕابردووی خۆی لەمیانەی ئەم پێودانگانە نوژەن و زیندوو بکاتەوە، دەتوانێت سەرلەنوێ بکەوێتە قۆناخی لەدایکبوونی ئازادانەوە. کاتێک لەگەڵ دیموکراتیزەبوونی گشتیدا لەناو پەیوەندیەکی پتەو جموجۆڵ بکات، دەشێت خاوەنی ڕۆڵێکی شایستە بەمێژوو بێت. لێشاوی ئاودێری ڕووباری فورات بۆ دەشتەکان زەمینەیەکی ماددی بەهێز بۆ هەڵمەتێکی نوێی شارستانیەت پێشکەش دەکات. هەر لەئێستاوە ئاشنابوونی بەپێشکەوتووترین تەکنۆلۆژیا لەڕێگای شارستانێتی دیموکراتیدا گوزارشت لەهەنگاوی مەزندەکراو دەکات. بەکاریگەرترین کۆسپ لەبەردەم دیموکراتیزەبوون، زهنیەتی دەرەبەگایەتی و داموددەزگاکانێتی، هەروەها نەگەیشتنی کۆمارە بەمیکانیزمێکی تەواوی دیموکراتی و عەلمانی.

لەقۆناخی داهاتوومانداً لەکاتێکدا (PKK) خۆی نوێ دەکاتەوە، تەنیا کاتێک کەموکورتیەکانی بەلاوە بنێت دەتوانێت کاریگەری هەبێت. پێویستە (PKK) خۆی لەگەڵ بەدامەزراوبوونێکی یاسایی و دیموکراتیدا بگونجێنێت. لەمیانەی پڕۆژەیەکی بەرفراوانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەتوانێت گرنگترین و بایەخدارترین کۆمەک پێشکەش بەئاشتی و دیموکراتیزەبوون بکات.

پڕۆژەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی گرنگیەکی ژیانیان هەیە بۆ ڕوها و دەوروبەری. لەڕێگای چەمکی دەوڵەت و کۆمەڵگەی کلاسیکەوە نەک هەر

تەنیا پێشکەوتن بەدەست ناهێنرێت، بەڵکو تەنیا خزمەت بەکۆنەپەرستی و موحافەزەکاری دەکرێت. ئەگەر کۆمەڵگە بەهەموو شێوەیەک بکەوێتە خزمەتی دەوڵەتەوە، یان بەپێچەوانەوە دەوڵەت بەتەواوی بکەوێتە خزمەتی کۆمەڵگەوە ئەوا ئەم شێوازە هێندە دەرفەتی پێشکەوتن و وەرچەرخان نادات. چونکە ئەم پەیڕەوە کە لەدەستپێشخەری تاکەکەسی بێبەشە، پشت بەدامەزراوە هاوچەرخەکانی رێکخراوی مەدەنی نابەستێت، خولقکار نییە. بەردەوام چەمکێکی سیاسی شێوازی بەرژەوەندییەرستی لەرۆژەڤدا دەهێڵێتەوە. هەڵبەتە بەرژوەندییەرستی دژی خولقکاری و بەرهەمهێنانە. ژمارەیەکی زۆری دامودەزگا هەمئاهەنگەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کاتێک لەتەواوی گۆڕەپانەکانی کۆمەڵگەی ئەلتەرناتیفدا لەدەوربەری پرۆگرامێکی تایبەتدا رێکبخرێن و لەمیانەی چەمکێکی راستی کارکردن جموجۆڵ بکەن، دەتوانن ناوچەکە بخەنە ناو پرۆسەی دیموکراتیزە بوونەوە. گەشەپێدانی مادەی پێویست بۆ پڕۆژەی (گاپ)، تەنیا لەرێگای پرۆژەیەکی بەمجۆرەی دیموکراسی بەمانای راستەقینەی خۆی دەگات. دیموکراتیزە بوون و پەرەسەندنی مادەی وەکو گۆشت و نینۆک گرێدراوی یەکترن، ئەگەر بەیەکەوە پێشبکەون ئەو کاتە دەتوانن رێگا لەپێش ئەنجامی تەندروستانەتر بکەنەوە.

لەحاڵەتێکی بەمجۆرەدا کاتێک بۆ دواوە بگەڕێینەوە و سەیرێکی رووەای سەردەمی حەزرەتی ئیبراهیم بکەین لەرۆژی ئەمڕۆماندا چی دەبینین؟

کاروانەکەی حەزرەتی ئیبراهیم بەرەو وڵاتی کەنعان بووەتە سەرەتای گۆڕانکاریەکی مەزنی مێژوویی. ئایینی تاکخودایی، دونیای ئەخلاق و باوەڕی پشتبەستوو بەئەڵڵای بۆ کولتووری پێغەمبەرایەتی ئافراندووە. لەسەر ئەم بنەمایەش کاریگەری لەسەر تەواوی مێژووی مرۆڤایەتی کردووە. ئەو مرۆڤایەتیەی لە ڕووەا و دەوروبەری لەدایک بووە، لەمیانەی گەردوونیبوونیەوە سەلماندوویەتی کە شایستەی پێشەنگایەتییە. ئەمڕۆش

کە لەرەوشی هەرە دواکەوتوویی نەعلەتیدایە، رووبەڕووی ئەنجامدانی ڕێنسانس و لەدایکبوونێکی نوێیە. ئەو ئەرکانەی کۆمار جێبەجێی نەکرد، (PKK) خستیە سەرشانی خۆی و هەوڵی جێبەجێکردنی داوە، بەڵام ناکرێ بگووترێت کە بەتەواوی سەرکەوتنی تێدا بەدەست هێناوە. سەرکەوتن تەنیا لەمیانەی کاراکردنێکی ڕاستەقینەی پرەنسیپەکانی کۆماری دیموکراتی و عەلمانیەوە دەبێت؛ ئەویش لە حاڵەتێکدا مسۆگەردەبێت، کە لەناو زەمینەی ئاشتی بەڕۆحێکی برایانە جموجۆڵ بکرێت و هەوڵو کۆششێکی هاوبەشی بۆ بدرێت. لەمیانەی وابەستەبوونێکی ئارەزوومەندانە بەیادەوەرییە تازەکانی (١٩٢٠) کە یەکەمین و بنەڕەتیترین ڕێککەوتنە، پێویستە جارێکی دیکە لەنێوان گەلی کورد و تورک نوێبکرێتەوە. ڕێککەوتنێک کە پشت بەیەکێتی ئازادانە ببەستێت و ئازادی ڕادەربڕینی هەبوون و پێکهاتە کولتوورییەکان بەبنەما بگرێت، ئەمە ڕێککەوتنێکی ڕاستەقینەی چارەنووسسازە.

گرنگی پێدان و پەیوەندی ناوەندە نێودەوڵەتیەکان بۆ ناوچەکە ڕۆژ بەدوای ڕۆژ زیاتر دەکات. شڕۆڤەکردنی هەموو ئەمانە وەکو ئامانجێکی داگیرکاری چەوتە، بەڵام هەرگیز ئەوەش لەبیر ناکرێت کە لە سەردەمی سۆمەریەکان بەدواوە بەردەوام پەرەسەندنی کۆڵۆنییەکان جێگای باس بوو. ڕاستترین هەڵوێست ئەوەیە کە پەیوەندی نێودەوڵەتی بەگوێرەی پێودانگی بەهاکانی شارستانێتی دیموکراتی تاوتوێ و پەسند بکرێت، لەسەر ئەو بنەمایەش هاوکاری و هاوبەشی پێشبخرێت. لەم ڕێگایەوە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنرێت کە ڕوهـا و دەوروبەری دەتوانن بەبن بە ناوندی شارستانیەتێکی (بان نەتەوەیی) و شکۆداریەکی شایستەی میژووەکەی؛ لەڕێگای ئەم ئامانجەوە سەرلەنوێ خاوەندارێتی لەناوچەی لەدایکبوونی شارستانیەت دەکرێتەوە. ڕێگا لەبەردەم دەستپێکێکی سەرکەوتووانەی

شارستانیەت دەکاتەوە و لەسەردەمی خۆیدا، جارێکی دیکە بەرەو بەو پێشکەوتنانە دەدات کە کاریگەری لەسەر تەواوی رۆژهەلاتی ناوین دەکات.

ئەو پێکدادانانەی لەنێوان هۆزی عیبرانی و هۆزە سامیەکانی دیکە لەسەردەمی حەزرەتی ئیبراهیمەوە دەستپێکرد، ئەمڕۆ بەشێوەی پێکدادانی عەرەب ـ ئیسرائیل بەردەوامە. چەندەی دەکرێت لایەنەکان ئاشت نابنەوە. هۆکاری ئەمەش دوورکەوتنەوەیانە لەناوەڕۆکی ئایینی حەزرەتی ئیبراهیم. لەچارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییە مێژوویییەشدا روهاو دەوروبەری دەتوانن رۆڵ ببینن. کێشەکانی مرۆڤایەتی لەو شوێنانەی لێی لەدایکبوون، واتە لە لانکەکەیان بەچارەسەری واتادار دەگەن. هەر لەکۆنەوە بانگەشەی عەرەب و ئیسرائیلیەکان دەرهەق بە خاوەندارێتی ناوچەکە کەم نەبۆتەوە. تا ئێستاش عەرەبەکانی (حەران) راستی و واقیعێکن. ئیسرائیل لەڕێگەی پڕۆژەی گاپەوە، تەکنۆلۆژیا و سەرمایەی دارایی جیهانی خستۆتە پشتخۆیەوە، هێدی هێدی لەناوچەکە جێپێی خۆی دەکاتەوە و جێگیر دەبێت. سەرمایەی عەرەبەکانیش لەناو هەنگاوێکی هاوشێوەدان. هەردووکیشیان لەناو تورکیا هاوپەیمانی بەهێزیان هەیە، بۆ پەیوەندی بەکاریان دێنن. بەڵام پێویستە هەر لەئێستاوە باش بزانن کە ئێتر هەوڵەکانی کۆلۆنیکردنی شێوازی سۆمەریەکان بێ واتایە. ئەگەر گەل برسی و بریندارە، نابێت بەگوێرەی ئەوە خۆیان بخەنە ناو خەیاڵی خاوەوە. راستتر ئەوەیە بکەونە سەر راستەڕێیەک کە پێکەوەژیان و ئاشتی نێوان تەواوی گەل و کولتوورەکان بەبنەمابگیرێت و لەمیانەی پێوانە دیموکراتیەکانەوە لەچارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەلاتی ناوین بگەڕێن، لەسەر بنەمای ئەم چەمکە بێنە ناوچەکەوە.

گەلانی ئاشووری و ئەرمەنیش رەنجێکی زۆریان بۆ ئەم ناوچەیە داوە. پێویستە لەمیانەی رێزێکی گەورەوە پێشوازی لە پەیوەندییان بۆ ناوچەکە بکرێت. ئاشووری و ئەرمەنیەکان لەکولتووری روهادا شوێنپەنجەیەکی

ئەوتۆیان هەیە کە ئاسەوارەکانی ناسڕدرێتەوە. لەحاڵەتێکی وەهادا هاوکاریەکی شارستانێتی دیموکراتی نێونەتەوەیی (ئەنتەر ناسیۆنال)، تەنانەت بان نەتەوەکانیش کە پشت بە تەواوی ئەم ئەندامە رەسەنانە ببەستێت، هەم گەیشتن بە سەردەم لەگەڵ خۆیدا دێنێت، هەمیش ئەو دیموکراسییە سەرەتاییە بەدەست دەخرێتەوە کە لەسەردەمی کۆمەڵکاری کشتوکاڵی نیۆلۆتیکەوە لەدەست دراوە، بەمجۆرە لەئاستێکی بەرزدا دەتوانێت بیکات بەپارچەیەکی گرنگی کۆتێزی شارستانیەتی نوێ. جارێکی دیکە لەم رێگایەوە نەریتی حەزرەتی ئیبراهیم لەناو پێوانە هاوچەرخەکان دەتوانێت گەردوونی بێت، بۆ گەنجینەی هاوبەشی مرۆڤایەتی وەرچەرخێت. لەسەر ئەم بنەمایە روهـا و رۆژهەڵاتی ناوینی نوێ دەگەنە پێگەیەک کە هاوشان و شایستەی رۆڵی مێژووییان بێت.

وەکو ئەنجام کولتووری پێغەمبەرایەتی و نەریتی ئیبراهیمی کە حەزرەتی ئیبراهیم بە باپیرەو دامەزرێنەرەکەی دادەنرێت، شڕۆڤە و کرداری هاوچەرخ دەکاتە پێویستیەک و جێگای بایەخ پێدان. کاتێک پێگەی روهـا و دەوروبەری لەناو مێژووی مرۆڤایەتی بەشێوەکی راست خرایەڕوو، ئەوا دەرفەتی نرخاندنێکی رۆشنتر بۆ رۆژگاری ئەمڕۆشمان دەڕەخسێت. تا شیکاریەکی راست بۆ مێژوو نەکرێت ناشێت رێنمایی و دیدگای مانادار سەبارەت بەداهاتوو پێشکەش بکرێت.

ناوچەکە تا ئێستا گرنگیەکی زۆر بە کولتووری پیرۆزی دەدات؛ پێغەمبەرایەتی و نەریتی ئیبراهیمیش کە پارچەیەکی ئەم کولتوورەن، هەموویان سەرچاوەکەیان بۆ شۆڕشی کشتوکاڵی دەگەڕێتەوە کە بۆ یەکەمین جار لەمێژوو لەو ناوچەیەدا پێشخراوە. شوێنپەنجە قوواڵەکانی ئەم سەردەمە لەناوچەکەدا هەیە و تا ئێستاش لەئارادان. پیرۆزی رەنگدانەوەی ئەم راستینەیە لە دونیای رۆحی و هزریدا. پێگەیاندنی ئاژەڵ و رووەک ناوەڕۆکەکەی پێکدێنێت، بەمجۆرە بۆ یەکەمین جار گوزارشت لەهەست و

هزری گەیشتن بەسەرچاوە دەوڵەمەندەکانی خۆراک دەکرێت. لەسەر ئەم بنەمایەش رێگا لەپێش میتۆلۆژیا و هزری ئایینی و رەفتارێکی ئەخلاقی دەکاتەوە.

دەسەلاتداریێتی سۆمەر کە یەکەمین کۆمەڵگەی چینایەتییە و لەسەر بنەمای زێدەبەرهەم ئاواکراوە، کاتێک وەکو کۆلۆنییەک پەرەی سەند، کاردانەوەی خەڵکی ناوچەکە لەشێوازی بەرخودانی پێغەمبەرایەتی و دامەزراوەبوونیدا بووە، وەڵامدانەوەیەک بووە، ئەوەش ئاسەواری قووڵی لەمێژوودا بەجێهێشتووە. پێشهات و گۆڕانکاریەکانی دواتر لەمیانەی ئەم دیالەکتیکە مێژوویییەوە بەڕێوە دەچێت. رەفتارەکانی کۆلۆنیکردن کە بە سۆمەریەکان دەستی پێکرد و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان بەردەوامە، رەفتارێکە لەناوەڕۆکی خۆیدا لەگەڵ کولتووری پیرۆزیدا ناکۆکە. لەکاتێکدا یەکێکیان پشت بەڕەنج، ماندووبوون، هاوکاری و برایەتی قوول و واتاداری مرۆڤایەتی دەبەستێت، ئەویتریان پشت بە دەستبەسەرداگرتن، هەژموونگەرایی، ستەمکاری، سەرکوتکردن و فشارەوە دەبەستێت. مێژوو لەسەر بنەمای ئەو ناکۆکیەوە هەوڵیداوە یەکێک لەکانگا قووڵەکانی پێشکەوتن شیکاری بکات کە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا تووشی بێچارەیی و بنبەستبوونێکی تەواو هاتووە. ئەو بزاوتەی بە ناوی ژیان دەکرێت، پاشکەوتنێکی مەزنی رۆحی و هزری گەندەڵ لەخۆوە دەگرێت.

ئەم راستینە سەرلەنوێ لەدایکبوون و رێنسانس دەکات بەناچاریەک. رەنگدانەوەی شارستانێتی دیموکراتی هاوچەرخ لەسەر ناوچەکە دووڕە. ئەو کاریگەریانەی لەدەرەوە هاتوون، بەتایبەتیش ئەوەی لەڕێگای پڕۆژەی گاپەوە هاتووە لەدووبارەبوونەوەیەکی نوژەنی کۆلۆنیگەرایی سۆمەری بەولاوە هیچ مانایەکی دیکە نابەخشێت. سەرمایەی عەرەبی و ئیسرائیلی کە لە هەمان رەچەڵەکی سامیێ و لەگەڵ یەکتر لەنێو پێکدادانێکی دژواردان، هەروەکو لەمێژوودا رووبداوە دیسان بە هەمان شێوە هەوڵی فەتحکردنی

ناوچەکە دەدەن، لەڕێگای بەکرێگیراوە بەهێزەکانیانەوە هەنگاو بەهەنگاو بەرەو پێشەوە دەڕۆن.

بۆرژوازی تورک وەکو هێزی دەسەڵاتداریێتی سیاسی و سەربازی ناوچەکە، تاوەکو ئێستا وەک خوازیارە پاوانی ئابووری خۆی ئاوانەکردووە. لەڕێگای تۆڕێکی بەرفراوانی هاوپەیمانە دەرەکیەکانەوە هەوڵی پەرەپێدانی ئەم سیستەمە ئابووریيە دەدات. کوردان کە گەلێکی رەنجدەری (١٥٠٠٠) ساڵەی ناوچەکەن بەتەواوی هەوڵی پەراوێزکردنیان دەدرێت. کەچی کوردان هێزێکی سەرەکی ئەتنیکی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابووری ناوچەکەن. پێویستە باش بزانرێت کە بەشێوازی زۆرەملێیی و بێدڵی ئەوان تەنانەت چەوساندنەوەی هاوچەرخانەش سەرناگرێت. نابێت لاوازی، دواکەوتوویی و چەواشەکارییە مەعریفی و هۆشیاریەکەی و دۆخی بێ ڕێکخستنی کە لە ئارادایە هیچ کەسێک فریوبدات. دیسان ئایینگەرایی ساختە و تەریقەتەکان بەخێرایی هەڵدەوەشێنەوە، ئەمانە ئەو دەزگایانە نین کە بەرەی داگیرکاری ـ چەوسانەوە بتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن پشتیان پێببەستێت.

بەناوبەکداچوونی نزیکەی (١٠٠٠) ساڵی گەلی کورد و تورک لەناوچەکەدا راستیەکی دیکەیە کە پێویستە ببینرێت. ئەم بەیەکەوە ژیانەی بەناوبەکدا چووە و پشت بەیەکێتی ئازاد و ئارەزوومەندانە دەبەستێت، کۆمەکێکی گرنگی پێشکەش بەهەڵمەتی رزگاری نیشتمانی ساڵی (١٩٢٠)ی دژ بە ئیمپریالیزم کردووە. راگەیاندن و بەدەزگابوونی کۆمار کە یەکێک لەهەنگاوە قووڵ و یەکەمینە شۆڕشگێڕیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینە، بەهۆی یاخیبوونەکان و پشتبەستنی کۆمار بەداموددەزگاکانی، هێزی کاراکردنی وەرچەرخانی دیموکراتیانەی پیشان نەداوە کە لێی چاوەڕوان کراوە. دیاردەی (PKK) کاردانەوەیەکە لەبەرامبەر ئەم ڕەوشە. ئەم پرۆسەیە کە

ڕێگای لەبەردەم قۆناخێکی پڕ لەئێش کردەوە، نەک جودابوونەوە، بەڵکو هەوڵدانێکە لەپێناو یەکێتیەکی ئازاد و هاوچەرخانە.

گرنگترین وانەی پێویستە لەدۆزی (PKK)ی ئورفا بەدەست بخرێت، دوورکەوتنەوەی دوولایەنەیە لەو ڕەفتار و کردەوانەی کە تونڕوتیژی و جوداخوازی دەوروژێنن، بەخێرایی ئەو هەڵسوکەوت و جموجۆڵانە بکرێنە ڕۆژەف که بەڕاستی خزمەت بەبرایەتی و یەکێتی ئازادانە دەکات. ڕێگای ئەمەش پێشکەشکردنی نرخێکی گەورەیە بەزەمینەی ئاشتی، ڕێگادانە بەگوزارشتی ئازادانەی هەبوون و پێکهاتە کولتووریەکان و دان پێدانانیان (اعتراف) و بەبنەماگرتنی پێوانەکانی شارستانێتی دیموکراتی بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان. ئاشکرایە کە ئەم هەڵوێستە پێویستیەکی پێکهاتەی ڕاستەقینەی عەلمانی و دیموکراتیانەی کۆمارە.

ئەو ئەرکەی دەکەوێتە ئەستۆی تەواوی ئەندامە هۆشیارەکانی گەلی کورد و تورک، لەسەرووی هەمووشیانەوە (PKK)، ئەوەیە؛ لەسەر بنەمای پشتبەستن بە پڕۆژەیەکی بەرفراوانی کۆمەڵی مەدەنی و لەپێناو کۆماریکی دیموکراتی وعەلمانی بەهەموو هێزی خۆیانەوە بژاریکی چارەسەری پێشبخەن و پراکتیزەی بکەن. هێندەی بڕواکردن بەو ڕاستیەی کە ئەمە ڕاستترین ڕێگە چارەیە، پێویستە ئەوەش باش بزانرێت کە ڕێگاو پێڕەوەکانی دەرەوەی ئەمە جوداخوازی، تونڕوتیژی، نکوڵی و ئێشوئازار لەگەڵ خۆیدا دێنێت و لەبنبەستبوون بەولاوە هیچ ئەنجامێکی دیکەی لێناکەوێتەوە. چارەسەرکردنی هەموو شتێک لەسەر ڕێبازێکی ڕاستی، گرێدراوی وەرچەرخانی ئێشوئازارەکانی ڕابردووە بۆ هێزو هۆشیاریەکی ئازادانە؛ ئاواکردن و سەرخستنی بزووتنەوەی ئاشتی و سەفەربەرێکی گەورەی دیموکراتییە لەپێناو خولقاندنی ئایندەیەکی پڕلەهیوا.

کەواتە لەچوارچێوەی ئەم پێناسە کورتەی کێشەی سەرەکی ناوچەکە و رێگای چارەسەرکردنی، شرۆڤەیەکی هاوچەرخانەی حەزرەتی ئیبراهیمی بەچ واتایەک دێت؟

١. بەرلەهەموو شتێک ئایینە تاکخواییەکان بەگوێرەی ناوەرۆکەکەیان پێویستییان بەلێپرسینەوەیەکی قووڵ هەیە. ئەمەش لەپێناو ئازادی و نزیکبوونەوەیەکی زیاترە لە راستینەی ئایینی ئیبراهیمی. چونکە بوون بەناسنامەیەکی ئایدیۆلۆژی کە بەرژەوەندی تەواوی چینە دەسەلاتدار و چەوسێنەرەکان داپۆشێت، بەواتای ئایینی ئیبراهیمی نایەت. لەسەر ئەم بنەمایە؛ عیبادەتکردن لە مزگەوت، کڵێسا و کەنیست لەناخەوە بەواتای وابەستەبوون بە حەزرەتی محەمەد، عیسا و موسا نایەت. ئەو پێغەمبەرانە کەسانێکن کە لەسەردەمی خۆیاندا شرۆڤەی عەقڵانی و رەفتاری ئەخلاقییان گەیاندە لووتکە. بەراستی گرێدان و رێزگرتن لەپێغەمبەران بەواتای بەهاپێدان و بە بنەماگرتنی ئەخلاقی ئازاد و هێزی ئەقڵانی هەرە پێشکەوتووی سەردەم و جێبەجێکردنی پێویستیەکانی دێت.

٢ـ هەربۆیە عیبادەتی راستەقینە ئەو کردارانە نییە کە هەزاران ساڵە دووبارە دەکرێتەوە و مانای خۆی لەدەستداوە، لەشوێنی ئەوەی عیبادەت چەند بارە بکرێتەوە، بەڵکو چەندەی بۆت دەکرێت نرخ و بەها بەزانست و ئازادی و هونەر بدەیت، لەمیانەی وابەستەبوون بەم راستیانەوە ژیانی تاک و کۆمەڵ رێکبخەیت. گەورەترین عیبادەت بە زاڵکردنی زانست، ئازادی و هونەر لەناو هەموو بوارەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا گوزەر دەبێت.

٣ـ ئیتر مەرجەکانی باوەڕمەندی (ئیمان) لەپێوانە کلاسیکەکانی لەجۆری نوێژ، رۆژووگرتن، قوربان(حەج)، زەکات و کەلیمەی شەهادە زیاتر، لەرێگەی زانستەوە گەیشتنە بەفەلسەفەی دیالەکتیک، لە ئەخلاقیشدا گەیشتنە بە مەعریفە و رەفتاری ئازادی، لەهونەریشدا گەیشتنە بەچەمکی جوانی و بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە جێبەجێکردنی پێویستیەکانیەتی.

ئیتر پێشەنگایەتیکردن و پیشاندان و فێرکردنی رێگاکانی لەمزگەوت، کڵێسا و حەوراکان لەچاخە راستەقینەکاندا پشت بە بنەماگرتنی ئەم راستیانە دەبەستێت. خنکاندنی لەنێو رەفتارو هەڵسوکەوتە بێماناکان، بەواتای ناکۆکبوون لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی (ئیمان) دێت.

٤ــ عیبادەتی راستەقینە ئەوەیە کە لە بواری ئەرکی کرداری و بەرجەستەدا بەقوولایی فێری پێوانەکانی شارستانێتی دیموکراتی بیت، لە پێناو جێبەجێکردنی پێویستیەکانیشی هەوڵ بدەیت، بەباوەڕی و شێوەیەکی کارامە تەواوی هێزی خۆت بخەیتە گەڕ. ئیتر بانگهێشتکردنی خەڵک بۆ ئەوەی بەیانی و ئێواران لەسەر بەرماڵ کەلیمەی شەهادە دووبارەبکەنەوە و ئەمە بەمەرجی سەرەکی ئیمان و جێبەجێکردنی ئەرکەکان دابنرێت، بەواتای وابەستەبوون بەئایینی ئیبراهیمی راستەقینە نایەت. شتێک کە واتاکەی نەزانیت و لەبەرزترین ئاستدا پەیوەندی بەژیانی هەنووکەوە دروست نەکەیت و لەدامەزراوەبوونیدا سەرکەوتوو نەبیت، ئایینە ئیبراهیمیەکان ئەمە وەکو ئیماندار و عیبادەتکردن پەسند ناکەن. فێربوونی قوولترین هەزری زانستی و فەلسەفەی هەنووکەیی و سەردەم؛ وەک پیرۆزترین کارو کردار دەستنیشانکردنی رەفتاری ئازاد و لەرێگای هونەرەوە گەیشتنە بەجوانترین گوزارەکانی ژیان، ئەمە بەواتای ئەندامێتی ئایینی ئیبراهیمی راستەقینە دێت.

٥ ـ لەم پێناوەشدا بۆ ئەوەی ببیت بەخاوەن کردار، پێویستە جێگای خۆت لەناو چەند پرۆژەیەکی رێکخراوی مەدەنی، رزگارکردنی شوێنەوارە میژوویەکان و ژینگەدا بگریت. بەراستی کاتێک هەرکەس و گروپێک لەناو چوار- پێنج رێکخراوی مەدەنی لەجۆری: رێکخستنەکانی ئاشتی تا دەگاتە کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ، لەپارتیبوونی دیموکراتییەوە تا دەگاتە کۆبوونەوەو خۆپیشاندانە جەماوەریەکان، لەیەکێتیەکانی ژنی ئازادەوە تا دەگاتە یەکێتیەکانی لاوان، مندالان و بەسالاچوان، لەئۆرگانەکانی چاپەمەنی

و راگەیاندنەوە تا دەگاتە یەکێتیەکانی ئابووری، بازرگانی و داراییەکان، لەوەرزشەوە تا دامەزراوە هونەرییەکان، لەپەروەردەی سەرەتاییەوە تا ئەکادیمیا، لە کۆمەڵەکانی ژینگەوە تا پاراستنی مێژوو و کولتوور، لەزانستەوە تا دەگاتە تەکنۆلۆژیا، بەگوێرەی هێزی خۆی بەشداری تێدا بکات، بەڕاستی بەواتای بوون بەخاوەن کردار(عمل) دێت. مانەوە لەدەرەوەی ئامانە بەواتای ژیانێکی بێ کردارو بێ پراکتیک دێت، ئەمەش واتای ژیان و مردنێکی بێ ئیمان دەبەخشێت.

٦ ـ لەمیانەی چەمکی حەڵاڵ و حەرامەوە مانای ژیان گۆڕاوە. گەیشتن بەهۆشیاری سەردەم و راستی مێژوویی، بوون بەخاوەنی گوزارشتی ئازادانەی زمان و کولتوور، بەدەستهێنانی مافی رەنج، بەبنەماگرتنی ئەو سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی ئەمانە فەراهەم دەکات: بوون بەخاوەن ژیانێکی باوەڕمەندی و حەڵاڵ مسۆگەر دەکات. ژیان لەدەرەوەی ئەم بەهایانە، واتە بێبەش بوون لە هۆشیاری سەردەم و راستی مێژوویی، نەبوونی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دادوەرانە، بەواتای ژیانێکی بێ ئیمانی و حەرام و نەفرەت لێکراو دێت. پێغەمبەرایەتی و نەریتی ئیبراهیمی راستەقینە تەنیا لەم چوارچێوەیەدا حەڵاڵ و حەرام پێناسە دەکات و پێویستیەکانی جێبەجێ دەکات. ئەگەرنا بەبێ ئەوەی واتاکەی بزانیت، نەزانی بۆ کام سەردەم لەجێگای خۆیدایە و تەنیا دوعا بخوێنیت و عیبادەت بکەیت لەگەڵ ناوەڕۆکی ئایین و نەریتی ئیبراهیمی ناکۆکە، بەواتای تێکەڵکردنی ویژدان و بوون بەئامراز دێت، ئەمەش مەلەکردنە لەناو زەلکاوی ژیانێکی پڕ لەحەرام و کفرەوە.

٧ـ لە چوارچێوەی گشتیدا خاوەندارێکردن لە ناسنامەی راستەقینەی روحا و دەوروبەری کە لە پیرۆزی هەرسێ ئایینەکەدا گوزارشتی لێکراوە؛ رەنجی ئافرێنەر، ژیانی ئازاد و بەکەرامەت، جوانی و ئاشتیەکەی، پێوانەکانی دادوەری راستی و ژیان لەمیانەی ئەقڵ و ویژدان. هەموو کارە

خێر (چاک)ەکانی لەجۆری نوێژ، رۆژوو، زەکات و کەلیمەی شەهادە و .. هتد، تەنیا ئەوکاتەی بەگوێرەی ئەم پێناسانە رەفتار بکرێت دەیکات بەباوەڕمەند و تێکۆشان لەم رێگایەدا واتادار دەبێت. ئەو کردار و چالاکیانەی کە تەریقەتەکان بەناوی ئایینەوە پەنای بۆ دەبەن، فەرمی بێت یاخود نافەرمی لەجەهالەت (نەزانی) بەولاوە هیچ مانایەکی دیکەی نییە. لە کرنۆش بردن بۆ نەمردە هاوچەرخ و بتەکان بەولاوە هیچ مانایەکی دیکە نابەخشێت. تەنیا وشەی (ئەڵڵا) و (نەمرود) جێگۆڕکێیان کردووە. لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا شێوەی ئەو بەهایانەی بەناوی (ئەڵڵا)وە دەپەرستریت بەگوێرەی سەردەمەکەی خۆی بەتەواوی گوزارشتێکە لەنەمرود. گەورەترین جەهالەت (نەزانی) لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەوەیە کە نرخ و بەهای سیستەمی ئیلاهی بە راستینەی نەمرود دەدرێت. زهنیەت و کردەوە ئایینیەکان کە لە کاهینە سۆمەریەکان کۆنەپەرستترە، لەخزمەتی ستەمکار و چەوسێنەرەکاندان، بەڵام بەزارەکی دوعا و سووڕەتێکی زۆر ئەزبەرە دەکەن، باس لەفەرموودە دەکەن و مەراسیمەکانی دیکەی عیبادەت پەیڕەو دەکەن، تەنیا دەتوانین ئەمانە هاوتای تایفەی نەمرود و ئەبوجەهل بکەین. پارچەکردنی بتەکانی ئەو جەهالەتەی سەدان ساڵە بەڕێوە دەبرێت، لەمیانەی هۆشیاری و چالاکیەکانی بەرگری رەوا، بەشێوەیەک کە بەگوێرەی مێژووی رەنج و ئازادی بێت، بکەوێتە چوارچێوەی پێودانگە نوێکانی شارستانیتی دیموکراتی، بەواتای گرێدان بەپیرۆزی راستەقینەی ئیبراهیمی دێت. کاتێک نەمرودگەرایی هاوچەرخ و بتەکانی لەمیانەی ئەم چەمکەوە هەڵسەنگێنرێت و پێویستیەکانی جێبەجێ بکرێت، ئەوکاتە دەتوانرێت باس لەپەیڕەوکردنی رێبازی تەواوی پێغەمبەر و کەسایەتییە پیرۆزەکان بکرێت، ئەو کاتە دەبێتە خاوەنی ئیمان و ئەخلاقێکی راستەقینە.

هەم وەکو (PKK)، هەم وەکو بەرپرسیارێکی لەپێشینەی ئەو ژیانەی لە رووا جێگای باسە، لەو بڕوایەدام لەسەر ئەو بنەمایەی ئاماژەم پێکرد

بـەرگریکردنێکی راسـتم بەرامبـەر سـەردەم و رەخنەدانیشـم بەرامبـەر بەمێژوو پێشکەش کرد.

لـەو بڕوایـەدام ئـەو رێگایـەم رۆشـن کـردەوە کـە لـە وڵاتەکـەمان و ناوچەکەمانـەوە بـۆ تـەواوی مرۆڤایـەتی پێویسـت و سوودبەخشـە، ئومێدەوارم لەمە بەدواوە ژیان زیاتر لەسـەر بنەمای لێبوردن و ئایینـدەی ئازاد پێش بکەوێت و رەنجیش بـەهای بەرامبـەری خـۆی بدۆزێتـەوە، لـەم بارەیـەوە مێژوو دەبێتـە شـاهیدی راسـتەقینە، بانگـەوازی بـۆ هـەر کەسـێک دەکەم ئەرکی سەرشـانی خـۆی جێبـەجێ بکات و رێزی خۆمتان پێشکەش دەکەم.

٢٠٠١/٧/١٠

عەبدوللا ئۆجالان

ئیمرالی

پاشکۆ -١-
ئورفاو عەبدوڵڵا ئۆجالان

بۆچوون و چەسپاندنێکی زانستییە کە ژینگەی سروشتی و پەرەسەندنی مێژوویی لە پێکهاتنی کەسایەتی تاکدا رۆڵێکی دیاریکەر دەبینێت. لە ئاستی پێناسەکردندا دەکرێ هەندێک دەستنیشانکردنی گەوهەری سەبارەت بە چوارچێوەی مێژوویی و ژینگە پێشبخرێت. ئەو ژینگەو شوێنەی لێی لەدایکبووم لەشێوەو دیمەنی ئەو تەپۆلکە بچووکانەیە کە ناوەڕاستەکانی چیای تۆرۆس لە رۆژئاواوە لەگەڵ دەشتەکانی میزۆپۆتامیا بە یەکتر دەگات، لە تەپۆلکەو گردگەلێک پێکهاتووە کە دۆڵەکان لێکیان جیا دەکاتەوە. گوندی ئۆمەرلی(ئامارا- ئاماران) کە لە نزیکەی پێنج کیلۆمەترێکی پێچەکانی رووباری فورات هەڵکەوتووە، شوێنی لەدایکبوون و گەورەبوونمە.

کەشوهەوای دەڤەرەکە وەکو کەشوهەوایەکی درەنگ هاتووی دەریای سپییە. دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەو ناوچەیەی لە مێژوو بە هیلالی بەپیت ناودەبرێ. جوگرافیاو کەشوهەواکەی بۆ کولتوورەکانی دانەوێلە و ئاژەڵداری لەبارو گونجاوە. ئەو تایبەتمەندێتیانەی سەردەمی نیۆلۆتیک کە تا ئێستاکەش بەشێوەیەکی بەهێز لە ئارادایە، پیشانماندەدات کە یەکێکە لە سەرەکیترین ئەو دەڤەرانەی کۆمەڵگای نیۆلۆتیکی تێدا پێشکەوتووە. پێکهاتەی دەرەبەگایەتی کە لە دەڤەرەکانی نزیکەوە بەهێزە، هەروەها خەسڵەتەکانی سەرمایەداریش کەدواتر پەرەیان سەندووە، لەو دەڤەرەی لەدایکبوونم کاریگەریەکی ئەوتۆیان نەبووە. بەردەوامبوونی کۆمەڵگای گوندی نیۆلۆتیک بە شێوەیەکی بەهێز، رەوشێکی سەرنجڕاکێش و شایەنی تێڕامانە.

هەروەکو دەزانرێ هەوڵەکانی شارستانیەتی سۆمەر بۆ کولۆنیکردن بۆ یەکەمین جار بەشێوەیەکی بەهێز لەو دەڤەرانە تاقیکراوەتەوە. دەڤەرەکەمان تەواو دەکەوێتە ناوەڕاستی کۆلۆنیەکانی سۆمەر، کە لە باشووردا سەرەکیترینیان کارگامێشە، لەرۆژهەڵات ئورفا بیلیجیک، لە باکوور

سامسات و رۆژئاواش شاری پەرەیە. هەروەها ناوچەیەکە دەکەوێتە ناوەندی پاشایەتی کۆماگەناش. مسۆگەرە کە ساڵانی ٢٠٠٠ پێش زایین ئاشنای شارستانیەت بووە. شیمانەیەکی بەهێزە کە سەردەمی نیۆلۆتیکیشی بەخۆیەوە بینیوە کە لە سەردەمی لەدایکبوونیەوە تا رۆژی ئەمڕۆمان هاتووە و تەمەنەکەی ١٥ هەزار ساڵە. هەروەها ئاشنای شارستانیەتەکانی ئاشووری، ماد - پارس، ساسانی، هێلینی، کۆماگەنا، رۆما، بێزەنتی، عەرەبی ـ ئیسلامی و تورک - عوسمانیش بووە.

تایبەتمەندیەکی دیکەی گرنگی مێژووی ئەم ناوچەیە، ئەوەیە کە دەروازە و پردی تێپەڕبوونی جڤاتە ئەتنیکی و قەومە جیاواز و هەمەڕەنگەکانە. قەوم و جڤاتێکی ئەتنیکی ساف لە ئارادا نییە. تاوەکو ئێستاش شوێنپەنجەی مۆزائیکێکی تێکەڵەی هەموویان لە دەڤەرەکە بەهێزە. لە پێداوە مێژوویی و شوێنەوارناسی و نەژادناسیەکانەوە دەرک بەوە دەکرێت کە یەکەمین جڤاتی ئەتنیکی خاوەنی جێنیشنە جێگیرەکان هۆری (خوری- حۆری)یە بەریشە ئاریانەکانن. لێکچوونی پێکهاتەی زمانی کوردانی رۆژگاری ئەمڕۆمان لەگەڵ پێکهاتەی زمانی هۆریەکان ئەم راستینە دەسەلمێنێ. هەروەکو دەزانرێ هۆری ناوێکی گشتییە و سۆمەریەکان بۆ ئەو گەلانەیان بەکارهێناوە کە لە باکور لەناوچە شاخاوی و گردۆلکە بەرزەکاندا ژیاون. هەروەها هەندێک جار سۆمەریەکان گەلی ئەم ناوچەیان بە "کورتی" ناوبردووە کە واتای" گەلی شاخی" دەبەخشێت. وشەی "کور" مانای شاخی و شاخستانی دەبەخشێت ، هەرچی پاشکۆی "تی" یە گوزارشت لە مەنسوبیەت دەکات. بەمجۆرەش وشەی "کورتی" مانای شاخی و شاخستانی دەبەخشێت. لە باشووریش جڤاتی ئەتنیکی ئامۆری بەریشە سامی دەژین، کە بەردەوام بەرەو ناوچەکە دزە دەکەن. دەشێ ناوی ئەممار(ئامارا) بەرهەمێکی کاریگەری ئەم نەریتە کولتووریە بێت. ئەم جڤاتانەی لەرێی عەرەبەکانەوە پێگەیەنران، دواتر لە ژێر فەرمانداریتی سەعدی کوڕی وەقاس ئیسلامیەتیان بۆ ناوچەکە گواستەوە. تا ئێستاکەش ناوی زۆربەی گوند و مرۆڤەکانی دەڤەرەکە ریشەکەی عەرەبییە. شیمانە

دەکرێ کێشمەکێشی نێوان هۆری ـ ئامۆری باو لەناوچەکەدا بۆ مێژوویەکی یەکجار کۆن بگەڕێتەوە. گەلێک پاشماوەی ئاشووریەکان تاوەکو ئێستاش لە ناوچەکەدا ماوەتەوە. چەندین بەردی نووسراو هەن.

گروپە ئەتنیکیەکانی دیکە کە ناوچە ئاشنای بووە لووییەکان و ئەرمەنییەکان جێگای بایەخن. بەدرێژایی قۆناخی توانەوە کە لەماوەی ١٠٠٠ سال پێش زایین تاوەکو ١٠٠٠ی زایین لەلایەن گریکەکان (یۆنانییە کۆنەکان) بەڕێوەچوو، مسۆگەرە کە لووییەکان جڤاتێکی ئەتنیکی بە کاریگەربوون لەناوچەکەدا. وشەی گوند کە تا ئێستاش واتای دێ دەبەخشێت بەزمانی لوویە و هەروەها مانای "گرد- تەپۆلکە"ش دەبەخشێت. لەکاتێکدا سۆمەریەکان ئەم گردو تەپۆلکانەی شوێنی نیشتەجێبوون بە"ئور" ناو دەبەن، لووییەکان پێیدەڵێن "گوند". لووییەکان یەکێک لەکۆنترین گەلانی ئەنادۆڵن، زیاتر لە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ نیشتەجێبوون. زمان و کولتوورەکەیان ریشەیان ئاریانییە.

لەمیانەی پاشماوە کولتووریەکانەوە دەردەکەوێت کە ئەرمەنیەکانیش لە گەلە کۆنەکانی ناوچەن. گوندی جەبین (سایلاک قایا) کە گوندێکی دراوسێمانە و تا پۆلی پێنجەمی سەرەتاییم تێدا خوێندووە و ڕۆژانە هاتووچۆم دەکرد، تا سەردەمی کۆمار گوندێکی ئەرمەنییە. خەلفەتی (ڕۆم قەلا) کە قەزای ئیداری دەڤەرەکەمان بوو، شیمانەیەکی بەهێز ئەوەیە ناوەکەی لەناوی گەلێک دێت کە بەکانزاوە خەریک بووبن و لە کاتی خۆی بە هال ـ پاوۆ ناوبراون. شیمانە دەکرێت ئەم گەلەش باپیرەی ئەرمەنیەکان بن. وەستایی کانزاکاری لەناوچەکە تایبەت بەئەرمەنیەکانە. لەدووەمین سەدەی زایینەوە ئیتر کۆچی تیرەو هۆزە تورکمانەکانیش بەرەو ئەم ناوچەیە دەبینرێت. لەبەر ئەوەی لەڕۆژهەڵات کوردەکان بەتەواوی بالادەستن، هەربۆیەش تورکمانەکان زیاتر لە ڕۆژئاوای فوراتەوە هاتوون و هەوڵی دزەکردنیان داوە.

ئەگـەر لـە ژێـر رۆشـنایی ئـەم راسـتینەیەدا نەخشـەیەکی ئـەتنیکی دەوروبـەری گوندەکـەمان بکێشـم ئەوا بەمجۆرەیـە؛ لەناوەڕاسـت گونـدی ئامارا کوردە، لەرۆژئاوا لە کەناری ڕووباری فورات گوندی عـەینۆ (عـەین، بـەزمانی عـەرەبی بـەواتای کانی دێت، کانیـەکی گرنگـە) تورکمـانن، لـەباکور گوندەکانی پازور، دارتۆ و گۆلگان کوردن. لـەرۆژهەلات گوندی ئارا (ڕێی ناوین) تورکمـانن، هەروەهـا گوندی ئارام یش لـە باشـوورە کە تورکمـانن. شـیمانە دەکـرێ نـاوی ئـارا و ئـارام بەریشـە ئاشـووری ــ ئـامۆری بـن. لەباشوور جەبین (سایلاک قایـە) تـا رابردوویەکی نزیک گوندێکی ئەرمـەنی بـوو، لەسـەردەمی کۆمـار بـەتورک کـراوە. وەک دەبینرێـت تـەواو لەنـاو زەمینەیەکی مۆزائیکی ئەتنیکی و کولتووری داین. هەروەکو بڵێی سێ چوار گروپی ئـەتنیکی ــ کولتـووری سـەرەکی ڕۆژهەلاتـی نـاوین لـەناو بەیەکـەوە ژیـانێکی بەهێزدان. بـەردەوام کاریگـەری ئامۆرییـە سـامیەکان، ئاشـووری و عەرەبەکان لە باشوورەوە هاتووە، کاریگـەری ئەرمـەنیەکانیش وەکو گـەلێکی پیشـەکار، ئاسنگەر و کانزاکـار لـەباکوورەوە هـاتووە. تـورک ــ تورکمانـەکان گروپێکـی دیکـەی ئـەتنیکی ــ کولتـوورین کـە لەدوای هـەموان هاتوونەتـە ناوچەکـە. هـەرچی کـوردانن، وەکـو سـەرەکیترین ئـافرێنەر و بـەهێزترین درێژەپێدەری کولتوور و شۆڕشی نیۆلۆتیک، لەناوچەدا ڕۆلێکی تەوەرەییـان بینیـوە. کشـتوکاڵ و ئاژەڵـداری کـار و پیشـەی سـەرەکیانە. عـەرەب ــ ئامۆریـەکان بـە بازرگـانییەوە خەریکبـوون، ئەرمەنییـەکان بـە کانزاکـاری، تورکمانەکانیش بەکۆچەری و شەڕڤانیەوە سەرقاڵ بوون.

ئەم تایبەتمەندێتیەی ناوچەکە، دەرفەت بەزاڵبوونی کولتوورێک نادات کە سـەر بە تاکە قەومێک بێت، لە قۆناخـە کۆنـەکانی مێژووەوە بەیەکـەوە ژیـان و فـرە کولتـووری دەکاتـە ناچاریـەک. لـەبواری باوەڕیشـەوە دەڤەرێـکە لەکۆنەوە مەسیحیەت و موسوڵمانێتی لەگەڵ یـەکتردا دەژین. هەربۆیـە وەک ئەدرەس کۆنترین ناوچەی فرە کولتووری و فرەئـەتنیکی و مرۆڤپەروەرییـە. تەڵیبوون و بەناویەکداچوونی کۆمەڵـە ئەتنیکیـەکان بەهێزە. هەموویـان ژن خـوازی لـەگەڵ یـەکتری دەکەن. ئـەم ڕەوشـەش ڕوونیدەکاتـەوە کە بـۆچی

سیستەمێکی سەرکوتکردن و فشاری چینایەتی بەهێز ئاوانەکراوە. زاڵنەبوونی تاکە کۆمەڵگایەک، هەبوونی گروپە ئەتنیکییە جیاوازەکان لەناو کۆمەڵگاکاندا و پاراستنی بونیادی خۆیان، تایبەتمەندێتییە بەهێزەکانی گوندی نیۆلۆتیک؛ ناهێلێت دەوڵەتێکی بەهێز یاخود میرنشینێکی شێوازی کۆیلەداری و دەرەبەگایەتی مۆری خۆی لەناوچەکە بدات. ناوچەکە ئاستی هۆز ــ خێڵی کۆمەڵگای گوندی تێپەڕنەکردووە و بەهەزاران ساڵە هەوڵدەدات ئاستێکی کۆمەڵگایی نزیک بە بنەماڵە ئازادە لادێیەکان بپارێزێت. چونکە بەگایەتی بەخۆیەوە نەدیوە. لە سەردەمی سۆمەریەکانەوە لەگوندەکانی بیرەجک ـ خەلفەتی، سامسات، بیرۆکراتێکی کۆلۆنی گرێدراو بە سەرەڕۆیی ناوەندی هەیە کەخاوەن هێزێکی سنووردارە. ئەم بیرۆکراسییە لە کولتووری گەلانی ناوچەکە نامۆیە، هەروەکو بڵێی دیوارێکی ئەستووریان لەنێواندا هەیە. ئەم تایبەتمەندێتییە تا ئێستاکەش بەردەوامە. ئەم گەوهەرە کۆلۆنیگەراییەی بیرۆکراسیەت، لە ئاستی خۆجێییدا رێگای بە جیابوونەوەی چینایەتی نەداوە، دەرفەتی بە پێکهاتنی بیرۆکراسیەتێکی خۆجێیی نەداوە. هەربۆیە ناکرێ باس لە کولتووریکی بەهێزی چینایەتی بکرێت. کولتووری زاڵ زیاتر کولتووری بنەماڵەی لادێیی ئازادە. تەنانەت کولتووریکی بەهێزی خێڵەکیش نەهاتووەتە ئاراوە. کولتووری سەرمایەداریش تازە بە تازە گەشە دەکات. ئەم راستینەیەش رەوشێکی تایبەت بەناوچەکەیە. بوونی شوێنپەنجەی بەهێزی کولتووری کشتوکاڵی نیۆلۆتیک، هۆکارێکی گرنگی هەستەکانی یەکسانی و نەپلیشانەوەی تەواوەتی ژنانە. بەکورتی دەتوانم بەم شێوەیە تایبەتمەندێتییە سروشتی و میژوویی‌یەکانی ئەو ناوچەیە پێناسە بکەم کە تێیدا هاتوومەتە دونیاوە.

خێزان (ماڵبات) و کۆمەڵگەی گوند کە خێزانیش جێگای خۆی تێدا دەگرێت فاکتەرێکن لەنزیکەوە ناسنامەی منداڵ یەکلادەکەنەوە. هەروەکو چۆن لە چوارچێوەی دیاریکراویشدا دەرکی پێدەکرێ کۆمەڵگای گوندەکەمان کە لە ژێرکاریگەری کولتووری نیۆلۆتیکی هەزاران ساڵ بەر لە

ئیستادایە، بەبێ ئەوەی هێندە لە باوەڕی ئایینی ئیسلامی تێبگات لەناویدا دەژی و پەیڕەوی دەکات. کۆمەڵگەو جڤاتی دەڤەرەکە لەو خێزانە هەژارانە پێکدێت کە جیاوازی چینایەتییان لە نێواندا نییە، مووڵکێکی هێندە کەمیان هەیە کە بەشی گوزەرانی خۆیان دەکات، کرێکاری و سەپانی بۆ دەرەوە دەکەن. ئەگەر لەکۆنیشەوە بێت عەشیرەتگەرایی و هۆزگەرایی تێپەڕکراوە؛ پەیوەندیەکانی خزمایەتی و بنەماڵەیی هێندە لاواز بووە تەنانەت بەشی بەتیرەبوونیش ناکات. بەرامبەر بە پەیوەندیەکانی سەرمایەداری کە لە پەرەسەندنایە، لە پێگەی زەحمەتکێشە نەدارەکاندان. هەروەها بەرامبەر بە پێکهاتەی بیروکراسیەتی کۆماریش نامۆن. خوێندەواریەکی سنووردارییان هەیە. هێندە ئاگاداری کولتووری کۆمار نین.

کاریگەری کۆمەڵگای نیۆلۆتیکیشی لەناودا، دەکرێ بگووترێ کە خەڵکی دەڤەرەکە وەک تاک و جڤات بەبێ ئەوەی کاریگەری سیستەمەکانی کۆیلەداری، دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری بە وەرچەرخانێکی دیالەکتیکیدا تێپەڕ بکەن کە لەدەرەوە وەریانگرتوون، لەمیانەی چەمکی قەدەرگەرایی "ئەوەی بەسەرمان دێت قەدەرە، ناچارین پەسندی بکەین" لەقوڵاییەوە لەناو پاسیڤیزمدا دەژیت. ئەستەمە سەرجەم کولتوورەکان واتایەکیان بۆی هەبێت. بەجۆرێک لە جۆرەکان وەک چینە ژەنگگرتووە نقومبووەکان، بەستوویانە. لەلایەنی هزری و رۆحیەوە هیچ خولقکاریەکیان لێ چاوەڕوان ناکرێت. دەکرێ ئەمە بە "مانەوە لەدەرەوەی زەمان"یش ناو ببەین. ئەو محافەزەکاری و داخراوبوونەی کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵات لە ساڵانی ١٠٠٠ی زایینیەوە دووچاری هاتوون، تا ئێستاش بەردەوامە. وەک کۆمەڵگایەکی مارژینال رۆچۆتە ناو بنی چاڵەکە، تەنانەت یادەوەرییە میتۆلۆژیەکانیشی لەدەستداوە و دەرک بەوەش ناکەن ئەو خوداوەندەی باوەڕیان پێی هێناوە کامە پێویستیانی پێکهێناوە. هەروەها تەڤلینەبوونیان بۆ هیچ قۆناخێکی شۆڕشگێڕی دژ بەسیستەمی سەرمایەداری، ئەو رەوشە مارژیناڵەیان تەنگەتاوتر دەکات. کۆمەڵگای گوند زۆر بە زەحمەتیەوە تەنیا لەبواری جەستەیی دەتوانێ دژێژە بە بوونی خۆی بدات، هەرچی لە بواری

ئایدیۆلۆژییە بە قووڵایی لەناو نامۆبوونی هەزری و رۆحیدا دەژیت. ئامانجێکی ئەوتۆی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئایدیۆلۆژی ژیان بوونی نییە. تەنانەت هزری فریادڕەسی و ئاخیرەتیش واتای خۆی لەدەستداوە. بەڵام بوون بە فەرمانبەرێکی بچووک و کرێکاری لە ئەورووپا، دەتوانێ ئومێدی سنووردار بخولقێنێ. رووبەڕووی راستینەی کەسایەتی مرۆڤێکین کە خراپی نییە، بەڵام چاکەو خێرێشی نییە، بێکاریگەرەو ملکەچە. هەروەکو بڵێی مەحکومی ژیانێکە کە هەموو شتێکی رزیوە، بێتاتا بووە، بێچارەیی بەقەدەرێک دەبینێ و وەکو ئەوە وایە کە لە بەندیخانەیەکی سەرکراوەی جیهاندا خۆی بەندکردووە کە لە ئافرێنەری دوورە.

لە بنەماڵەیەک هاتوومەتە دونیاوە کە هاوبەشی ئەم راستینەیە بووە. بەڵام کاتێک لەمیانەی هەندێک زاراوە بیرم کردەوە کە دەکرێ بۆهێڵی کۆمەڵایەتیش کاریگەری هەبێت، دەرکم بەو راستیە کرد کە پێویستە لە نزیکەوە لێکۆڵینەوە لەسەر بنەماڵەکەمان بکرێت. پێدراوی ئەوتۆ نین کە ئاماژە بەهەبوونی ریشەی کلان یاخود خانەدان بۆ بنەماڵەکەمان بکەن، بنەماڵەیەکە لەنێوان هەردووکیاندایە، ئەگەری ئەوە هەیە کە بنەماڵەیەکی رەسەن و بەڕەچەڵەک بێت. بەزمانی کوردی بە "مالّی ئۆجە" ناوبراوەو ناسراوە. لێرەدا دەکرێ "مالّی" وەکو فامیل بەکار بێنین، هەرچی "ئۆجە" یە کۆنترین باپیرەمانە کە ناسراوەو دەزانرێ. لەو بڕوایەدام نازناوی ئۆجالان بۆ ئەو باپیرەمان دەگەڕێتەوە. ئۆجە دوو خێزان بۆ هەردوو کوڕەکانی حوسێن و عەبدوڵڵا پێکدێنێ. باوکم کوڕی عەبدوڵڵایە، ناوی عومەرە. ناوی منیش لە باپیرەم عەبدوڵڵاوە هاتووە. ئەو تایبەتمەندێتییە بەرچاوانەی باپیرەم کە زۆرجار دەگووترێتەوە، ئەوەیە کە دانا و سوارچاک بووە.

من خۆشم شایەدم کە باوکم کەسایەتیەکی بەکاریگەر نەبوو، بەڵام مسۆگەر خاوەن کەسایەتیەکی راستگۆو سەرفیراز بوو، مسۆگەر گرێدراوی باوەڕیەکانی بوو و سەبارەت بەهیچ کەسێک بەخراپی بیری نەدەکردەوە. وەکو کەسایەتیەک دەهاتە بەرچاوم، کە ئەگەر هەلومەرجەکانی لەباربووایە، لەرێگای ئەم تایبەتمەندێتییەوە دوودڵی لە

تـەقلیبوونی قەڵـەمبازە مێژوویـیـەکان نـەدەکرد. لەراسـتیدا عـارف بـوو. سەبارەت بەناسینی من لە ئاستێکی بەرزدا بوو. ئێستاکەش لەبیرمـە: کاتێک لـەژێر داری فسـتق پێـی گـووتم کارکردنـت زۆر خاوێنـە و شـێوازەکەت فەتحکاریـیە، لەژێر قـووڵایی ئـازاری بێهێزیـەوە دەینـاڵاند. ئەگـەر ئامـاژە بـەو ساتەش بکـەم کـەهیچ کاتێک لـەبیری ناکـەم لـەجێگای خۆیدا دەبێت. کاتێک وەک فەرمانبـەرێکی رووپێـوی (مسـاح) لـە دیاربـەکر بـووم، بینـیم لەسـەر دیـوارێکی تەلاری ویلایـەت دانیشـتووە، کاتێک بەیەکەوە کاڵـەکێکمان پارچـە کرد و خواردمان خۆشحاڵی خۆی پیشاندا. بەو دۆخەی خەمگین بووم. ئـەو لایەنـــەی زۆرتـــرین گرنگـــی پێـــدەدا رەنجـــی بـــازوو و بەدەســـتهێنانی بەرامبـەرەکەی بـوو. کاتێک لەئێمـە تـووڕە دەبـوو دەیگـووت: "خۆزگـە نـان کەرۆشـــک بووایـــە، ئێـــوەش تـــاژی و بـــەدوای بکەوتنایـــە". دەیخواســـت راستینەی ململانێی بەدەستهێنانی نانمان تێبگەیەنی. بەڵام هێزی تێگەیشـتنی ئەمـــەمان نـــەبوو. کاتێـــک بـــەمنی گـــووت: " ئەگـــەر بمـــرم، تەنانـــەت دڵۆپـــە فرمێسـکێکیش لـەچاوت نایەتـە خـوار" بـەزانایی قسـەی دەکـرد و راسـتی گووتبوو.

هەرچی لقەکەی دیکەی مااڵباتە لەخۆرازیبوونی رەسەنێتی تێیدا زاڵ بـوو. هـەروەها باسی ئـەوەش دەکرێ کـە لەکۆنـەوە لە سـەردەمی عوسمانیەکان بیروکراتێک بەناوی عوسمان پاشا لەناو مااڵباتدا دەرکەوتووە. ئەو خەباتـەی عیســـمەت بـــە پشتبەســـتن بـــە لێکۆڵینـــەوە و لێگەڕینـــەکانی فەرماندارێتی گشتی سوپای تورکیا سەبارەت بە بیوگرافیای مـن ئەنجامیدا، بەهـەمان ئـەنجام گەیشتبوو. شـیمانەی ئـەوە لەپێشـە کـە بەرامبـەر هێرشـی هۆزە عەرەب و تورکمانەکان بۆسـەر کوردەکان بنەماڵەکـەمان پێشـەنگایەتی بەرخودانیـان کـردووە. لـەو زەوی و زارە بـەرفراوانـەی بۆیـان ماوەتـەوە دەرک بـــەو راســـتیە دەکرێـــت کـــە ناوچەکـــەیان بەرامبـــەر هێرشـــی هـــۆزە عەرەبەکان لەباشوور و هۆزە تورکمانەکان لـەرۆژئاوا پاراستووە. سـەر بە خێڵی (بەسکی)یەکانن کە لقی رۆژئـاوای هـۆزی بـەرازین، دەکرێ بگـووترێ تێکۆشـەرترین بنەماڵـەی پێشـەنگی رۆژئـاوا پێکـدێنن. هـەروەکو دەزانـرێ

بەشێکی هۆزی بەرازییەکان لەناوچەی سنووری نێوان ئێراق ـ ئێرانی نزیک سلێمانی دەژین. لەو قۆناخەی من لە دەڤەرەکە بووم، پەیوەندییە هۆزایەتی و خێڵەکیەکان بەتەواوی لەبیر کرابوون. وەک ناوێکی گشتی هەر بنەماڵەیەک خۆی بە" کرمانج" ناودەبات. کرمانجێتی گوزارشت لەو کوردە دەکات کە لەخێڵ و هۆز دابڕاوە، هەنگاوی ناوەتە ناو پرۆسەو قۆناخی بەگەلبوون. بەشێوەیەکی بەربڵاو کرمانج بوون لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەم پەرەدەسەنێت. ئەمەش بۆ کوردان بەواتای بەگەلبوونێکی بەرفراوان دێت. کاتێک ئەوە بێنینە بەرچاوان کەتەواوی ئەو خێزان و بنەماڵانەی لەدەرەوەی خێڵ و هۆز دەمێنن بەکرمانج ناودەبرێن، ئەو قۆناخەی کە شکاندنی کاریگەری دەرەبەگایەتی و سەرهەڵدانی لادێیی ئازاد و زەحمەتکێشانی لادێیی تێدا پێشکەوت، دینامیکێکی گرنگی کوردانە.

هەروەکو چۆن من لەم دینامیکەوە هاتووم، لەبەرئەوەی PKKش بەشێوەیەکی سەرەکی کوردان پەیوەندیدار دەکات، جولانەوەیەکی کرمانجانە. بناخە کۆمەلایەتی ـ ئابووریەکەی بەشێوەیەکی قورس کرمانجە. کرمانج گوزارشت لەکوردانی قۆناخی بەگەلبوون دەکات. لەگەڵ پرۆسەی کرمانجبوون سۆزەکانی هۆز و خێڵ نامێنێ؛ ئەگەر بەشێوەیەکی لاواز و لەخۆشیەوە بێت، وشیاری قەوم و گەل جێگاکەی پڕ دەکاتەوە. بەبەراورد لەگەڵ وشیاری خێڵەکی، ئەمە گوزارشت لەشێوەیەکی پێشکەوتووتری وشیاری میللی و کۆمەلایەتی دەکات. ئەم رەسەنێتیەی لەپێکهاتەی سەرۆکایەتی PKK و کادیرە سەرەکیەکانیدا هەیە، ئەو بنەما کۆمەلایەتییە پێکدێنێت کە لە رێکخستن و رێبەرەکانی دیکەی کوردان جیای دەکاتەوە.

لایەنی دایکمان ئاڵۆزترە. دایکی باوکم (بەسێ) سەر بە لقی شابیقان ی خێڵی گەدیکانە کەتا سنووری جوگرافی ناوچەی عەرەبەکان بڵاوبوونەتەوە، مردنی سروشتی بەمردار بوون "حەرام، مردنی پیس" ناودەبەن. باپیرەم "باوکی دایکم" حەمید لەگوندی ئارای تورکمانان لەگەڵ حەوا هاوسەرگیری دەکەن، دایکم عوەیش منداڵی ئەو دووانەیە. حەوا و عوەیش لەناو بنەماڵەدا نوێنەرایەتی ژنی بەکاریگەرو بەهێز دەکەن. مسۆگەر خۆیان لە پیاو کەمتر

نـەدەبینی. دەکـرێ بگـووترێ بەسـەرەتاییترین شـێوەکانیەوە تێکۆشـانی کۆمەڵایـەتییان دەکـرد کـە سـەرچاوەی خـۆی لـەناکۆکی نێوان ژن ـ پیـاو وەردەگرێت. ئـەو هاوسـەنگیەی لەنێوانیـان ئـاواکراوە بەشـێوەی بالادەسـتی نەبووە، بەڵکو بەشێوەی رێککەوتن بووە. بەڵام بەردەوام تۆوی پێکدادانێکی لەخۆوە گرتووە. ئاشکرایە کە ئەو هاوسەرگیریانەی لەگەڵ ژنـانی بە بنەچە تـورک لەنـاو بنەماڵەکەمانـدا ئەنجامـدراون، بـۆ چەمـک و پێویسـتی نزیکبـوونەوە و تـەبایی دەگەڕێـتەوە. هەروەهـا رێگایـەکی کۆتاییهێنـان بـە کێشمەکێشە باوەکانیش، ژنخوازییـە. وەک دیـارە ئـەم شـێوازە بەشـێوەیەکی بەربڵاو پەیڕەو دەکرێت.

کاتێک من لەو خێزانە هاتمە دونیا کە بەکورتی چوارچێوەکەیم دیارکرد، لەراستیدا نوێنەرایـەتی دوا پاشماوەکانی فامیل و تیـرەم دەکرد. هـەروەکو بڵێی مێژوویکی ١٥ هەزار ساڵەی ئەتنیکی لەگەڵ مندا کۆتایی پێدەهات. ئـەو قۆناخـە سـەرسـوڕهێنەرە سیاسـی و ئایدیۆلۆژیـەی دەکەومـە نـاوی پێکهاتەیەکی وەهای هەیە کە کۆتایی بـە ئـەتنیک دێنـێ و دەروازەی قۆنـاخی گەلبوون دەکاتەوە. گوزەرکردنی پڕ بەئێش و ئازار سـەرچاوەی خـۆی لـەم تایبەتمەندێتیـە وەردەگرێت. هـەروەکو بڵێـی رۆڵـی دوا هیندیـە سـوورەکە دەبیـنم. لەوانەیـە بـەبێ ئـەوەی هەسـتی پێبکـەم، رۆڵـی دوا ئومێـدی رەچەڵەکیان پێدابم. کاتێک بێبەزەییانە بەرگی ماڵبات – خێزانم پارچەپارچە کرد، دواتر دەرکـم بـەوە دەکرد کـە میراسـێکی مێژوویـی ١٥ هـەزار سـاڵیم تەنگـەتاو کـردووە. مـاوەیەکی زۆر دوای مردنیـان دەرکـم بـە فرمێسـک و خەمگینی دایک و باوکم کرد. بـەڵام وەک دەزانرێت هـەر شۆڕشـێک لایـەنی بێبەزەیی خۆی هەیـە. سـروشـتی ئیرادەی شـۆڕش وایـە؛ هەسـت بـە هەندێ ئێش و ئازار ناکات. تاکە لایـەنی کـە بینیم ئاسـودەم دەکـات، ئەوەیـە کاتێک دایک و باوکێک منداڵێکی نوێ دێننە دونیـا، دەخـوازن ئەوە ببینن کەخیانـەت لە رابردوویان ناکەن، بەپێچەوانەوە بۆ خاوەن دەرکەوتن لێی سـەختترین و بەئازارترین بەڵام شـەرەفمەندانەترین رێگا هەڵدەبژێرن. هەربۆیـە دەیـانتوانی بەئاسوودەیی لەناو گۆڕەکەیاندا بخەون.

هەرچۆن هاتمە دونیا و خۆمم ناسی، خۆم لەناو شۆڕشی خێزان و گونددا دۆزیەوە. هیچ ئامانجێکی خێڵەکی، چینایەتی و نەتەوەیی نەبوون کە خۆم پێیانەوە گرێبدەم. تەنانەت ئایینیش کە لەمیانەی ئەزبەرەکردنی نزاو سورەتی عەرەبی پێیەوە گرێدرابوو، دوور بوو لەوەی تێرکەر بێت. هەلومەرجەکانی ئەوەش لەئارادا نەبوو بەشێوەیەکی بەهێز سەرلەنوێ خێزان ئاوا بکرێتەوە. هیچ شتێک لەئارادا نەبوو کە هەستەکانی هەڵکشان دامرکێنێتەوە. ئێستاش لە بیرمە کە قوتابخانەم وەک درندەیەک دەبینی کە قووتم دەدات. شاریشم وەک دیاردەیەک بینی کەمن قووتدەدات و هێزم پێ نابەخشێت. هەروەها گروپەکانی گوندیش هیچ ئومێدێکیان لێ بەدی نەدەکرا. لە بڕیارگای فیسکە فیسک و فیتنە و فەساد بەولاوە هیچ رۆڵێکی دیکەیان نەبوو. لەو قۆناخەدا بەردەوام چاوم لەناوچە شاخاویەکان بوو. زۆر باشم لەبیرە کە تەنانەت دوای ئەوەی دایکم سێ دەرگای لەسەرم داخست، دوای ئەوەی منی نیمچە خنکێن دەکرد و دەبوورامەوە، هەرچۆن دەهاتمە هۆش خۆم، بەخێرایی بروسک دەمکێشا بەدەرگا، خۆم دەهاوێشتە دەرەوە و تا بەرزاییەکان رانەدەوەستام. دەگەڕام و دەسوورام. دیارە کە بەدوای شتێکدا دەگەڕام. دوایی کاتێک بەراوردم کرد بینیم کە قەڵەمبازەکانی چەندین پێغەمبەر و فەیلەسوفەکان پێویستی بەکاروانی تەنیایی بەمجۆرە هەبووە. چونکە رزگاربوون لە رووکەشی رەوشی رۆژانەیی و قاڵبوونەوە بەرەو شتی نوێ، زیاتر لەمیانەی ئەم شێوازەوە فەراهەم دەبوو.

رکابەرایەتی هەموو ڕێسا گرنگەکانی ماڵەوەم دەکرد. بەگومانەوە دابونەریت و چەمکی ناموسم دەکرد و پێشێلکردنی ئەمانەش پێبەپێ زیادی دەکرد. کاتێک داپیرەم حەوا جارێکیان بینی بەدزیەوە لەگەڵ یەکێک لەیەکەمین هاوڕێکانی منداڵیم (شەهید حەسەن بیندال) لە گەشتێکی شاخ دەگەڕاینەوە، قیامەتی بەسەرمدا خراپ کرد. چونکە بە بۆچوونی ئەو حەسەن منداڵی دوژمنەکەمان بوو. هەنگاونانم بۆ هاوڕێیەتی ئەو تاوانێکی ترسناک بوو. ئێستاکەش لەبیرمە، بەرامبەر بەدایکم وەستاو گووتی

"عەوەیش ئەم کوڕەت بێ ناموووس دەرکەوت". سەرباری ئەم کینە، بەڵام دیسان یەکبوون لەگەڵ منداڵی ئەو مااڵباتانەی بەدوژمن دادەنران، رۆژ بەدوای رۆژ بەهێزتر دەبوو. لەکاتێکدا لەمنداڵانی خزم و کەس دوور دەکەوتمەوە، گەڕان بەدوای پەیوەندی و یەکێتی لەگەڵ منداڵانی ئەو خێزانانەی بەدوژمن دادەنران، ئیتر بۆمن بوو بە چالاکیەک. دواتر تێدەگەیشتم کە لەراستیدا یەکەمین رێکخستنی ئایدیۆلۆژی و سیاسی سروشتی خۆم لەم رێگایەوە پێشخستووە. بەمجۆرە یەکەمین پرەنسیپی پرۆژەکانی کۆمەڵگای نوێم لەدایک دەبوو.

رەدکردنەوەی کۆمەڵگای گوند و خێزان لەبواری پرەنسیپی و کرداریەوە پەرەیدەسەند. لەیاریەکانمدا شێوازی نوێی ژیانم تاقیدەکردەوە. یاریەکان بۆمن راستی بوون، هەرچی واقیعی خێزان و گوند بوو بۆمن ئەو زنجیرانە بوون کە دەبووایە لێی رزگار ببم. هەربۆیە چۆن هەستم بەخۆم و بوونی خۆم کرد، لەمیانەی هەوڵێکی نائاساییەوە هەوڵمدەدا گروپەکانی منداڵیم بخولقێنم. پرەنسیپەکەی ئەو گروپانە یاری و بەهرەمەندی بوو. ئەو منداڵەی زۆرترین یاریم لەگەڵ بکات و هێزی سەرکەوتن پیشانبدات، ئەو منداڵە دەبووە هێژاترین ئەندامی رێکخستنەکەمان. لەپەیوەندی هاوڕێیەتیم لەگەڵ شەهید حەسەن بیندال زۆر زەق و بەرچاوە کە جیاوازی نێوان دۆست و دوژمنم نەکردووە، لەم لایەنەوە تا دوایی بەپرەنسیپانە هەڵسوکەوتم کردووە. لەم لایەنەوە دووەمین پرەنسیپم، جیاوازیم لەنێوان هەردوو رەگەزدا نەدەکرد. ئێستاش ئەو کێژۆلانەم لەبیرە کە لە کاتی یاریکردندا هەستم بە تواناکاریەکانیان کردووە. هەندێک جار بەمانگ لە دەوریان دەگەڕام و دەسووڕام ، هەوڵمدەدا رایانکێشمە ناو یاریەوە. لەم لایەنەوە یادێکی زیندووم، پەیوەندی بە ئەلیف ی کچە مامی حەسەنەوە هەیە. دوایی گوێبیستی بووم کە ئەلیف بەمجۆرە گێڕاویەتەوە. "لەو رۆژانەی ئیتر بە بووکێنی دەچووم، عەبدوڵڵا زۆر بە رێک و پێکی لەماڵ نزیک بۆوە و بانگێشتی یاری کردم". ئەمە راستە. لەو تەمەنەشدا بەشودانی کچانی بەهرەمەندم پەسند نەدەکرد.

لەبیرمە کە لەو تەمەنەشدا پەیوەندیەکی تایبەتم لەگەڵ ئەو کێژۆلانە هەبوو کە بەهرەمەند و جوان بوون. بەگوێرەی من ئەوەی ژیر بووایە، جوانیش بوو؛ ئەوەی جوانیش بووایە، دەبووایە ژیریش بێت. هەروەها لە بیرمە کە ئەو ژنانەی ئەو کاتە هەستیان بەو مەیلەی من دەکرد، بەشێوەی گروپ گوێرایەڵییان دەکردم و پێشوازییان لێدەکردم. بە هۆشمەندی گوند ناو دەبرام. پێشنوێژی مزگەوتی گوند مەلا موسلم هەستی بەوە کردبوو کەلەو تەمەنەدا یەکسەر لەریزی دوای ئەو نوێژ دەکەم، لەبیرمە کە گووتی" ئەگەر بەم خێراییە بەردەوام بیت، وەکو ئەولیاکان دەفڕیت". ئایین دابونەریتێکی گرنگ بوو، بەڵام هۆکارێکی گرنگی ئەوە بوو کە پێ بە پێ کەسایەتیەکی بەگومانم تێدا پێشبکەوێت. بەجۆرێک هەڵوەستەم سەبارەت بە خوداوەند دەکرد کە هەندێک جار دەگەیشتە ئاستی قەیران. بەڵام دەتوانم بڵێم لە شیکردنەوەکانی ئەم بەرگرینامەیەدا، بەشێوەیەکی ریشەیی ئەم دەستەواژەیەم شیکردۆتەوە. رێگایەکی رێکخستنی منداڵانیش ئەوە بوو، کە بەخۆم بەرنوێژم بۆ دەکردن و بەمجۆرە رێکمدەخستن. پێویستە بگووترێ کە بینینی رۆڵی ئیمام لەلای خۆمەوە، شتێکی سەیرە. لەجیاتی یاریەکانی شەڕ، زیاتر مەراقم ئەو یاریانە بوو کە بەهرەو تواناکاریەکان ئاشکرا دەکات.

چوونم بۆ قوتابخانەی سەرەتایی لەناو هەستێکی ئاڵۆزدا بەدیهات. بەرەوشێکی رۆحی ئەندێشەیی و نیگەرانیەوە پێشوازیم لەقوتابخانە کرد؛ بەڵام هەستم بەوەش کردبوو کە تاکە رێگای بەرزبوونەوەم بێرەدا تێپەڕدەبێت. لەیەکەم رۆژی چوونم بۆ قوتابخانە تا دوا قۆناخی زانکۆ بەردەوام جێگای سەرنج بووم. بەردەوام لەریزی پێشەوەی سەرکەوتووەکان بووم. بەڵام ژیانی گوندیشی تێدا بێت، ئەو دووالیزمەی کەسایەتی من لەو رۆژانەوە تێکەوت، بوو بەپارچەیەکی جیا نەبۆوەی کەسایەتیم. ئەو تایبەتمەندێتیەم کە لەرووخساردا لەگەڵ ستاتۆی گشتی گوند، خێزان، دەوڵەت و کۆمەڵگادا دەگونجێ و وەک نمونە پیشاندەدرێت، لەگەڵ تایبەتمەندێتی سۆفیگەراییم بەتەواوی ناکۆکە کە لەناخەوە بەراستی

باوەڕیم پێی هەیە و هەوڵدەدەم جێگیرو پراکتیزە بێت. دوایی بەو رادەیەی دەرکەم پێکرد، بۆم دەرکەوت کە لەبنەڕەتدا ئەمە ناکۆکیەکی گەردوونییە. کاتێک خۆم وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگای فەرمی و نا فەرمیش پیشاندەدەم، دیسان ئەم ناکۆکییە هەر جێگای باسە. لەناکۆکی نێوان تاک و کۆمەڵگاشدا هەمان رەوش لەئارادا بووە. ناکۆکی نێوان ئایینی فەرمی و ئایینی سۆفیگەرایش لەم راستینەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەوەی بۆمن جیاواز بوو، بەردەوام و پێ بەپێ و بەچڕی ئەم دووالیزمەم بۆ دوو روانگەی جیاواز سەبارەت بەژیان گۆڕی. ئەم ناکۆکیەش رێگای لە پێش ئەوە کردەوە کە کەسایەتیم لەناو گومان و نیگەرانی و دوودڵی مەزندا گەشە بکات.

رۆژانە بەپێ هاتووچۆی قوتابخانەی سەرەتاییم دەکرد کە لەگوندی جەبین ی ئەرمەنیەکان بوو. ئاشنای کۆمار ببوو. لە جەبین خێزانگەلێک لەبەر چاوان بوون کە کاریگەری کۆماریان بە سەرەوە دیاربوو. زۆر چاک هەستم بەو راستییە کرد. لەو کاتە هەستی کوردبوون لەژێر وشیاریمدا شاراوە بوو. هەستم بەوە کردبوو کە دەبێتە سەرەکیترین کۆسپ لەپێش بەرزبوونەوەی مەن. ئێتر هەروەکو بڵێی گوێم لەگووتەی (کوردە بەکلەکان)دەبوو. ئێتر هێدی هێدی دەنگی ئەو گووتانەی شۆڤێنیزم بەرز دەبوویەوە کە ناڕەحەتی دەکردین. دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانەو گلێنەی چاوی مامۆستاکان و خەڵکی گوندی جەبین ئەم کۆسپانەم تێپەڕکرد. سەرباری سەرجەم کۆسپەکان، ئەو پەیوەندیانەی لەو قۆناخانەدا لەگەڵ گوندە تورکمانەکان پێشمخست، لە باشترین نموونەکانی برایەتی بوو. ئەم گوندانە بە قورسایی تا ئێستاش وەک دۆست ماونەتەوە. نەکەوتوونەتە ناو شۆڤێنیزمی فاشیزمەوە. تەنانەت لە گوندەکانی کوردان زیاتر مەیلدارن و پەیوەندی پێشاندەدەن.

شوێنپەنجە و کاریگەری کودەتای ٢٧ی گوڵانی ١٩٦٠لەسەر من هەبووە کەلە قۆناخی سەرەتایی و کۆمەڵگای گوند هاتەئاراوە. یەکەمین مەیلی سیاسیم بەهۆی ئەم رووداوەوە پێشکەوت. هەستم بەوەکردبوو کە سەرچاوەی سەرەکی هێز سوپایە. بەشێوەیەکی رەشبینی پێشوازیم لە

لەسێدارەدانی مەندەرەس کردبوو. بەڵام کاردانەوەشم بەرامبەر ٢٧ی گوڵان نەبوو. هێندەی لەبیرمە لەو قۆناخەدا لەژێر داریێک دانیشتبووین بە عەزیزی هاوڕێی قۆناخی سەرەتاییم گووت "تۆ رۆڵی فەرماندەیی هێزەکانی پیادە ببینە، منیش رۆڵی فەرماندەی هێزی ئاسمانی دەبینم، باهەوڵ بدەین لەم رێگایەوە ئەنجامێکی باشتر بەدەست بێنین". تایبەتمەندێتی ئەم هەڵوێستەم، دواتر وەک خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕی لە پێشکەوتن و پەرەسەندنی منداڵ بەکاریگەر دەبوو. هێز و گۆڕانکاری وەک دوو فاکتەری عەشق و تامەزرۆیی یەخەی بەرنەدام.

لەو ماوەیەی لە گوند مامەوە خاوەنی هەڵوێستێک بووم کە بە دۆستی ئاژەڵان دیار بوو و رەنجدەرێکی باشی کشتوکاڵ بووم. وەک عیبادەت پێشوازیم لەکاری چاندن و دروێنە دەکرد. سەرقاڵبوونم بە ئاژەڵەوە کارێکی بە زەوق بوو. لەوەڕاندنیان لە بەپیترین لەوەڕگاکاندا بەختەوەری دەکردم. بەعەشق و پەرۆشیەوە سەرقاڵی درەختەکان دەبووم. خزمەتکردنی رەزو باخ و کۆکردنەوەی بەروبوومەکانی خۆی لە خۆیدا کارێکی پیرۆزی بوو. خۆراک، ترێ و بەروبوومی درەختەکان بە نیعمەتی پیرۆز لە قەڵەمدەدران. فڕێنەدانی وردکەنان و تەنانەت خواردنی نانی گەنم، تایبەتمەندێتیەکی جیاکاری بوو. ئاشکرایە کەلەژێر کاریگەری قووڵی کولتووری نیۆلۆتیکدا دەژیام.

بەکاردانەوە وەڵامی بانگەشەی خاوەندارێتی دایکم دایەوە کە سەبارەت بە من هەیبوو. بوون بەخاوەنی هەبوونی خۆم، بۆ من ئامانجێک بوو. هەربۆیەش ناکۆکیەکانم لەگەڵ دایکم بەردەوام بوو. بانگەشەکانی باوک لەو بارەیەوە سنووردارتر بوو. سەبارەت بەکاری رێک و پێک و چاک لەگەڵ براکانم لەناکۆکیدا بووم. بەو هۆیەوە ململانێ لەنێوانمان دا رووی‌دەدا. خێزان دوور لەباوکسالاری بوو. سەربڵندی دایکم هاوسەنگیەکی مسۆگەری لەناو ماڵباتدا ئاوا کردبوو. ئەم هاوسەنگییە هەلومەرجی گونجاوی بۆ پێگەیشتنی ئازادانەم ئامادە دەکرد. قوفڵبوونی دەسەڵات و دەسترۆیی باوک ـ دایک لەناو خێزاندا بۆشاییەکی دەسترۆیی دەخولقاند. سوود وەرگرتنم

لەم بۆشاییە، دەکرێ وەک یەکەمین دەرفەتی کاروانی ئازادی ببینرێ. خاڵۆکانم وەک سەرچاوەیەکی هێز دەبینی. بەهۆی کاریگەری بەهێزیان لەسەر دەستڕۆیی و دەسەلاتی گوند، کاریگەرییان هەبوو لەوەی بەرەنگاری هەلومەرجەکانی گوند ببمەوە. دەرکم بەوە کردبوو کە ئەدەبیاتی خاڵۆکان لەخۆڕا نییە.

یەکەمین دابڕانی جددیم لە گوند وخێزان، لە یاخیبوونێکی ناو خێزان (ماڵبات) دەستی پێکرد. بەپێی ئەوەی دواتر زانیاریم پێگەیشت، نووسەر ئەحمەد قارەمان ئەم یاخیبوونەی بە"یاخیبوونی یەکەم" ناوبردووە، کە دەخوازێ بیکات بەرۆمان. سەبارەت بە کۆتاییهاتنی قۆناخێک ئاماژەکردن بەم رووداوە شایانی باسکردنە. کاتێک براکەم محەمەد لەخۆیەوە چووە ناو باخەکەو کارەکانی منی تێکدا کە بە رەنجێکی زۆرەوە ئەنجامم دابوو، بەبەرد راوە دووم دەنا. تا شوێنی ساوار کوتان راوە دووم نا. کاتێک باوکم هاتە وەڵام، لەناوەڕاستی گوند بەبەرد لەگەڵیدا کەوتمە ناو پێکدادانێکی دژوار. ئیتر ئەوە تێگەیشتم کە جێگام لەماڵەوە نەماوە، ئیتر رووی ئەوەشم نەمابوو لەگوند بمێنمەوە. چونکە بەمجۆرە شەڕکردنم لەگەڵ باوکم، لەناو گوند ببوو بەجێگای گاڵتەجاڕیەکی مەزن. لەهەمان رۆژ بەنهێنیەوە چوومە ماڵەوە. کیسی پارەی باوکمم بینیەوە کەزۆر بەتایبەت شاردبوویەوە. دە لیرەم هەڵگرت کە بۆ ئەو کاتە پارەیەکی کەم نەبوو، بەخێرایی و بەتەنیا، بەکین و چاوی پڕ لە فرمێسکەوە نەفرەتم لەگوند کرد و بەجێمهێشت. قەدەرێک دوورکەوتمەوە، کاتێک لەژێر دار گوێژێکی بچکۆلانە بۆ دواوە تەماشای گوندم کرد، بە حەسرەت و چاوی پڕ لە فرمێسکەوە گووتم "جارێکی دیکە ناگەڕێمەوە" دواتر دەرکم بەوە کرد لەراستیدا بەشێوەیەکی جددی لە کولتوورێکی هەزاران ساڵە دادەبڕام و هەنگاوم بۆلێگەڕێنێکی نوێ هاوێشتبوو.

ئەم دوا کاروانەم چەندەی بڵێی سەیربوو. کاتێک گوندی ئارام ی دراوسێم تێپەڕکرد، بەبێ ئەوەی هیچ شوێنپەنجەیەکی رەنجاوبوون بمێنێ بەسەرکەوتوویی تێپەڕمکرد. کاتێک گەیشتمە دووەمین گوند کە ناوی

قەرەمەزرا بوو بەشێوەیەکی زۆر پێگەیشتووانە چاوەڕوانی ئەو پاسەم کرد کە لە خەلفەتیەوە دەهات. کاتێک سواری پاسیش بووم زۆر ئارام و لەسەر خۆ بووم. بەسەرکەوتوویی بیرەجیکم تێپەڕکرد، گەیشتنم بە پردی بیرەجیک بەهەمان خێرایی بوو کە یەکێک بوو لە ئاسەوارەکانی قۆناخی مەندەرەس و تازە ئاواکرابوو. ئامانجم چوونە مالّی حەوای خوشکم بوو کەلە نیزیپ بوون. گەیشتم. دووەمین رۆژ منیش لەگەڵ چەند خزمێک چووم بۆ دروێنەو کۆکردنەوەی گەنم و تا دەستەکانم ئەستوور بوو کارم کرد، دوو رۆژ بەرگەم گرت. لەراستیدا کارەکە هەر هێندەبوو. ١٠ لیرەم دەسکەوت بوو. ئەمە هەنگاوێکی گرنگی خۆسەلماندن بوو. ئیتر بە بێی گوند و بێ مالّەوە دەمتوانی بژیم.

دیاردەیەکی دیکەی شایەنی بەبیرهێنانەوەیە، هەڵوێستی خەڵکی لادێ بوو بەرامبەر بەمن. مەیلی هاوبەش ئەوەبوو: "خوا کوڕی هیچ کەسێک وەکو کوڕی عومەر لێ نەکات، بووە بە شێتی چۆڵەوانی، ئیتر خێری لێ پەیدا نابێت" بەڵێ قەناعەتێکی بەمجۆرە دروست ببوو. دواتر سەرکەوتنە ئاساییەکانم لە قوتابخانە کە بەخەونیشیاندا نەدەهات، دەیخستنە ناو شەرمەوە. ئەمە شێوازێکی وەڵامدانەوە بوو.

یادگاریەکی دیکەی گرنگ ئەو هەنگاوانە بوو کە بەرامبەر شەڕی محۆ وجمۆی هەرەپاس هاوێشتم. محۆ بەردەوام شەڕخوازبوو. رۆژێکیان کراسەکەی خۆم پڕ لە بەردکرد و لەسەر گۆشەی بانێک چاوەڕوانیم دەکرد، بەشێوەیەک بەرد بارانم کرد کەهیچ دەرفەتێکم پێنەدا. تاوەکو مالّی خۆیان رایکرد. چیتر جارێکی دیکە شەڕی لەگەڵمدا نەکرد. هەرچی جمۆیە دوای ئەوەی ماوەیەک بەدوایدا گەڕام، دیسان رۆژێکیان کراسەکەم پڕلە بەردکرد و فشارم بۆ برد. ئەویش تا کۆتایی مالّ رایکرد. مالّەوەیان بەزۆر لەدەستیان دەرهێنام. دوای ئەوەی بەباشی وانەی خۆی وەرگرت، ئیتر مەترسی ئەویش نەمابوو. بەبیرم دێت کە بەرامبەر بەم رووداوە دایکم خاوەنداری لێکردم و بەشان و بالّی هەڵدام.

بێچارەیی باوکم و یاخیبوونی دایکم کە بۆ بەدەستهێنانی ماف وەک رێگایەکی دەبینی و هیچ سنوورێکی نەدەناسی، کاریگەرییان هەبوو لەچەمکی بەرەنگاربوونەوەی منداڵ. بەپێی ئەوەی دواتر گوێبیستی بووم، تێڕوانینی دایکم سەبارەت بەمن ئەرێنی و پێگەیشتووانە بووە. باوەڕدەکەم لەوەڵامدانەوەی پرسیارێکی فەرماندەی سەرلەشکری ئورفا گووتبووی "زۆر هەوڵمدا لەژێر چۆکی خۆمی بهێڵمەوە، بەڵام نەمتوانی"، ئەمەش راست بوو. دیسان ئەو یەکەم کەس بوو هەستیکرد و پێی گووتم کە شێوازەکەت بەتەنیات دەهێڵێتەوە. گووتەکەی بەمجۆرە بوو: "هەموو کەسێک سوودت لێ دەبینێ، بەڵام وەکو خۆت، لەگەڵتدا کار ناکەن"، ئەمەش وەکو خۆی لە پراکتیکدا راست دەرکەوت. هەروەها دوا هەڵسەنگاندنی سەبارەت بەمن بەم شێوەیە بووە "ئەو تاقانەی من بوو، جێگاکەی و بەخۆیشی زۆر جیاوازبوو". کاتێک کۆچی دوایی کردووە دوا گووتەی ئەوە بووە: "بەردەوام دوعا بکەن، خێر بەسەر هەرکەسێکدا بڵاوبکەنەوە".

دواتر کاتێک رۆڵی ئەوم لە هەڵسەنگاندنەکانی سەبارەت دایک و ژن تاوتوێکرد، پێویستی ئەوەم بینی بچووکی نەبینم و مافی خۆی پێبدەم. ئەم هەڵسەنگاندنانەشی سەبارەت بە ژنان زۆر عاریفانە بوو کە دەیگووت "زۆر زەحمەتە بەو مێشک و کەسایەتیەوە ژن بدۆزیەوە"، دەبووایە ئەقڵی ئەم دایکەم پەسند بکەم کە پێموابوو لە کین بەولاوە هیچ تایبەتمەندێتیەکی دیکەی نییە، بەڵێ بەهۆی ئەو مێژووەی کوێرمان دەکات لەیەکتر نامۆ ببووین. بەڵام کاتێک بۆ رابردوو دەگەڕامەوە و تەماشایەکی دواوەم دەکرد، ئەوا دەمبینی و پەسندم دەکرد کە دەنگێکی رەسەنی کولتووری خوداوەندی دایک بووە و بەشانازیەوە یادی دەکەمەوە، چونکە ئەم دەنگەی بەمن گەیاند. ئەوەی یاخیبوونم بەرامبەری کرد، دایکم نەبوو، بەڵکو سیستەمی دووڕوو و نامۆ و ستەمکاری کۆمەڵگای بالادەستی پیاو بوو کە ژن و دایکی کردبوو بە هیچ. هەرچەندە لە یەکتریشمان پیرۆز نەکردبێت، بەڵام ئەوەم سەلماندووە کە کوڕێکی باشی دایکم بووم.

لەساڵی ١٩٦٣ لە نزیپ لەمیانەی چوونم بۆ قوتابخانەی ناوەندی، دووەمین قۆناخی ژیانم دەستپێدەکات. لەلایەن خوشکی گەورەم کەلسوم و داپیرەم حەوا(دایکی دایکم) هەوڵمدەدا لەسەر دوا تواناکاریە لاوازەکانی پەیوەندی خزمایەتی بەڕێوەبچم. نیزیپ ئەو شوێنە بوو کە خاڵەکانم و پورەکانم لێی دادەنیشتن، ئەو شارە بوو کەبەخێرایی لە ناوچەکە پەرەیدەسەند. کارگامێش بۆ سۆمەریەکانی سەردەمی کۆیلەداری ج واتایەکی هەبێت، ئەوا نیزیپ کە لە شوێنێکی نزیکی ئەو ئاواکراوە، لە هەلومەرجەکانی کۆماردا هەمان رۆڵی هەبوو. لەسەر نکوڵیکردنی رابردوو کۆلۆنیەکی نوێی سەرمایەداری پەرەیدەسەند. تەنیا لەرێی ئەو شووشە و پەیکەرانەی خاڵۆم مستەفای بازرگانی شتومەکی کۆن لەوەختی بەرەبەیاندا دەیهێناو دەیبردن، دەرکم بە نکوڵیکردن لەمێژووی رابردووی وێرانەکانی شوێنەواری کارگامێشی مێزوویی و بەلقیس ــ زەوگما دەکرد. لەگەڵ ئەوەی هەستم بەوەکرد کە لەقوتابخانە لەگەوهەردا تواناکاری ئاوێتە بوونی ئەوتۆم نەبوو، بەڵام لەرووخساردا دەمتوانی لەریزی پێشەوە لەسەر هێڵێکی سەرکەوتوودا بەڕێوە بچم. هەڵوێستی وشکی داپیرەم حەوا بەجۆرێک خۆی پیشاندەدا کە دەیگووت هێندەی دەخوازی ناتوانی نانەکەم بخۆی. دەرکم بەوە دەکرد کە رووبەڕووی جیهانی رکابەرەکان بوومەتەوە.

قوتابیەکی زیرەک و بەرچاوی مامۆستایان بووم. سەرنجیانم بۆ سەر خۆم راکێشا بوو، متمانەیانم بەدەست هێنابوو؛ یەک بەدوای یەک نمرەی باشم لێیان وەردەگرت. بەڵام پاشماوەی تایبەتمەندیەکانی دەرەبەگایەتی و لاوازیەکانی ژیانی بۆرژوازی کە هەستمکرد ناتوانم لەگەڵیان ئاوێتە بم، دەبووە کۆسپ لەوەی ببمە خاوەن هیوا و ئومێد. دوای قوتابخانەی ناوەندی لەجیاتی قوتابخانەی مامۆستایان، خوێندنی دواناوەندیم هەڵبژارد. چونکە توانای خوێندنی بەپارەم نەبوو. وەک خوێندنی بەخۆڕایی دواناوەندی و خوێندنگای پیشەکاری بژارەکانی پێشم بوون. بەڵام داخوازی راستەقینەم دواناوەندی سەربازی بوو. لەبەر ئەوەی تەمەنم گونجاو نەبوو،

ڕێگای لەپێش گەورەترین دۆخی خەیاڵ شکاوی کردەوە. هەروەکو بڵێی ئەم رووداوە گورزێکی گەورە بوو بەر خەیاڵی گۆڕینی کۆمەڵگا بەرێگای هێزەوە کەوت. کاتێک دەرکم بەوە کرد کەلەبوارەکانی ئایین و سەربازی ناتوانم پێشکەوتن بەدیبێنم، گۆڕەپانی سیاسیم وەکو ئامانجێک بۆ خۆم دیارکرد. دواناوەندی پیشەکاری رووپێوی (مساحە) کە لێی وەرگیرابووم، دەبووە قۆناخێکی گوزەرکردن بەرەو ئەو ئامانجە. ئەم خوێندنگایە لەناوەندی ئەنقەرە بوو. لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٦ ــ ١٩٦٩دا لەوێم خوێند. بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە پۆلەکانم دەربازکرد. تا قۆناخی پۆلی دووەمی دواناوەندی ئایدیۆلۆژیای ئایینی لە پێشتر بوو. لەقۆناخی دواناوەندیشدا درێژەم بە ڕێکخستنی گروپەکانی نوێژکردن دا. هەروەها کۆمەڵەکانی ئولکە ئۆچاغلاری و تێکۆشان بەرامبەر کۆمۆنیزمم سەردان کردن. لێرەدا گوێبیستی هەندێک کۆنفرانس بووم کە سلێمان دیمرال یش بۆی دەهات. لەبواری ئایدیۆلۆژیەوە لەکۆنفرانسی نەجیب فازل کساکورک هەستم بەسەرنج راکێشترین کاریگەری کرد. هەرچەندە مەترسیش هەبوو، بەڵام تا نیوەی شەو گوێم لەکۆنفرانسەکەی گرت. وەلامێکی سۆزداری دەدایەوە ئەو کینەی بەرامبەر کۆمەڵگای بۆرژوازی هەم بوو؛ ئاماژەی بەهەبوونی ڕێگای دیکە دەکرد.

یەکێک لەبەکاریگەرترین مامۆستاکانی ئەم قۆناخەم مامۆستای ئەدەبیات بوو. سەرهەنگ فاروق چاغلایان کە لەهەمانکاتدا مامۆستای ئەدەبیاتی قوتابخانەی شەڕ (مدرسە الحرب) بوو، پەیوەندیەکی نائاسایی بەرامبەر بەمن پیشاندەدا. نووسینەکانی منی لەگیرفانی خۆی هەڵدەگرت و لەگەڵ خۆیدا دەیگەڕاند، وەکو نموونە لەگەڵ مامۆستاکان گفتوگۆی لەسەر دەکرد، پێشنیازی بۆ قوتابیەکانی پۆل دەکرد بەهای من بزانن و تا ئەم ڕادەیە باوەڕی پێدەدام. تەنانەت منی بۆ لای دکتۆرە تایبەتەکەی خۆشی برد. پەیوەندیداریەکەی بەرامبەر من، بەردی بناخەی پێشکەوتنی متمانە بەخۆکردنم بوو.

لەپۆلی کۆتایی دواناوەندی (رووپێوی) خولیام بۆ چەپ پێشکەوت، ئەمەش چیرۆکێکی سەیری هەیە. ئەو کاتەی چەپڕەوی ــ راستڕەوی وەک مۆدێلێک هاتە مەیدان، من بەتەدبیر هەڵسوکەوتم کرد. بەمەعریفەیەکی سنووورداری وەها گەیشتبووم کە بەبێ تێگەیشتن بڕیار نەدەم. زانیاریم سەبارەت بە هەردوو بابەتیش سنووردار بوو. هێزێکی وەهام نەبوو دۆگماتیزم تێپەڕبکەم. بەڵام دیسان دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کەلەساڵی ١٩٦٨ کەوتمە سەر راستەڕێی دووڕیانێک. لەساڵی ١٩٦٩ لەمیانەی تەقلیبوونی مەراسیمی عیمران ئۆکتەمی سەرۆکی دادگای باڵا وەڵامی دەنگی پێی رەوتی چەپم دایەوە. ئیتر لەبواری کرداریشدا دەتوانرا بەچەپ لەقەڵەم بدرێم. تەواوی ئەم گۆڕانکاریە نائاساییانە لەماوەی یەک دوو ساڵ رووياندا. مێشکم تەواو بۆ ناوەندێکی گومانکردن گۆڕابوو. ئیتر لایەنگریکردنی چەپڕەوان یاخود راستڕەوەکان، منی تێرنەدەکرد. لەنێو برسێتی ئایدیۆلۆژیدا بووم. یەکێکی وەهاش نەبووم لەرێگای دروشمەکانەوە بکەومە جوولە.

بەبێ ئەوەی لەبواری فەراسەت و چەمکدا ئیقناع ببم، رۆژ بەدوای رۆژ ژیانم ئاستەمتر دەبوو. گومانکردنم گەیشتبووە ئاستی هەرە بڵندی خۆی. گومانم لەهەموو شتێک دەکرد. ئەو زانیارییە فەلسەفیە سنووردارانەی بەدەستم هێنابوون، گومانەکانمی زیاتر دەکرد. وەک چۆن نەبووم بە ملیتانێکی راستڕەو، نەدەبووم بەملیتانێکی ئاسایی چەپڕەویش. لەناو کەش و هەوایەکی بەمجۆرەدا لەساڵی ١٩٧٠ لە دیاربەکر وەک تەکنیکارێکی رووپێوی و تاپۆ دەستم بەکاری فەرمانبەری کرد. یەکەمین جار بوو پارەیەکی زۆر بەدەست بێنم. ئیتر گفتوگۆکردنی کوردایەتیش کەوتبووە ناو گفتوگۆکانی چەپگەریەوە. دیاربەکر(ئامەد) شارێک بوو کە دانیشتوانەکەی بەتەواوەتی کوردبوو. هەربۆیە کێشەی نەتەوەیی زیاتر جددیەتی خۆی دەسەپاند. لەوێدا ئامانجم ئەوەبوو تاقیکردنەوەی وانەکانی دواناوەندی بدەم و بچمە زانکۆ. لەوەشدا سەرکەوتم. لەهەمانکاتدا دیپلۆمەی قوتابخانەی

دواناوەندی زیاگۆکالپم وەرگرت. پارەیەکی وەهام کۆکردەوە بەشی زانکۆ بکات. ئەو ساڵە لە تاقیکردنەوەکانی چوون بۆ زانکۆ، زانکۆی یاسای ئەستەنبوڵم بەدەستهێنا. شوێنی دامەزراندنی خۆم بۆ باقرکۆی ئەستانبوڵ گواستەوە. کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٠ و ساڵی ١٩٧١ م لە ئەستەنبوڵ بەسەربرد. بە خێرایی بووم بە ئەندامێکی (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کولتووری ڕۆژهەڵات DDKO). هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەم هەبوو بەرامبەر ڕێبەرایەتی بەریشە دەرەبەگ کە ڕێگای پێشکەوتنی بنبەست دەکرد. بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە هەڵوەستەم کرد. سەرباری ئەمەش ئەوە هەنگاوێکی جددی بوو. لەکاتێکدا بەخێرایی بەرەو پێگەی ئەندامێکی لە پێشینە دەچووم، کودەتای ٢ی ئاداری ١٩٧١ ڕوویدا. ئەگەر ئەم کودەتایە کەمێک درەنگ تر بهاتبوایە، لەوانەیە منیشی لەگەڵ خۆی بردبوایە. هەربۆیە بە تەنیشتمدا تێپەڕبوو.

لەئەستەنبوڵ ئاشنای کەسایەتی وەکو موسا عەنتەر و حیکمەت کفلجملی بووم. موسا عەنتەر وەکو ڕۆحی DDKO وابوو. ئەزموونەکانی خۆی بۆ باسدەکردین، دەیگووت: "مەهیڵن یاریتان پێ بکەن". بەتایبەت گوێبیستی گووتەی "ڕۆڵەکانی میزۆپۆتامیا، سەرکەوتن بۆ تێکۆشانتان دەخوازم" لەحیکمەت کفلجملی بووم. بەڵام ئەوەی ڕێگای لەپێش بژارێکی ڕیشەیی من کردەوە، ئەو ئاخافتنەی ماهیر چایان بوو کە چەند ڕۆژێک بەر لە هەنگاونان بۆ خەبات و تێکۆشانی نهێنی لە زانکۆی پیشەکاری ئەستەنبوڵ بەتەنیا چووە سەر سەکۆ و بە دەنگە ڕەسەن و بەبڕیار و باوەڕەکەی و بەوشیاریەوە دەیگووت: "ڕیڤیزیۆنیزم واقیعێکە، پێویستە لە دژی بوەستین. ناکرێ کێشەی کورد پەردەپۆش بکرێت، نابێ ئەمە پەسندبکرێت. ئەگەر داکۆکی لەسەر هەڵوێستی هەڵپەرستانە بکات، پێویستە پەیوەندیەکان ببڕدرێت"، ئەم ئاخافتنەش نزیکبوونەوەی منی لەچەپڕەوی قوواڵتر کردەوە.

لەساڵی خوێندنی ١٩٧١ ــ ١٩٧٢ لەریزی بیستەمدا سەرکەوتم و لەزانکۆی ئەنقەرە لە کۆلێژی (فاکلتی) زانستە سیاسیەکان وەرگیرام. ئیتر بەئامانجەکەی خۆم گەیشتبووم. ئیدی لەکۆلێژی زانستە سیاسیەکان فێری سیاسەت دەبووم. ئیتر هێندە ئاستەم نەبوو ببم بەملیتانێکی لە پێشینەی چەپڕەوێتی. کاتێک لەئەنجامی کودەتای ١٢ی ئادار ملیتانە لەپێشەکان دووچاری تەسفیەبوون و گرتن بوون، رێگامان والابوو. لەمیانەی وشیاری و ئەزموونی سنووردار، ئەو سێ ساڵەی پێشتر لە ئەنقەرە بەسەرم برد رۆڵی لەوەدا بینی بەخێرایی بەرەو پێشەوە بڕۆم. وەک لایەنگرێکی سروشتی بەرەی پارتی کۆمۆنیستی گەلی تورکیا THKP-C جموجۆڵم دەکرد. لەزانکۆو کۆلێژی زانستە سیاسیەکاک زاڵ بوون. ماوەیەکی درێژ چاوەڕوانی THKP-C راستەقینەکانم کرد. کاتێک قەڵەمبازە چاوەڕوانکراوەکانم نەبینی، ئیتر هێدی هێدی لەسەر رێبازی خۆم قاڵدەبوومەوە. هەنگاوەکانم بۆ ئامادەکاری سەبارەت بەکێشەی نەتەوەیی کورد دەست پێکردبوو. بەهۆی هەڵوێستە شۆڤێنیەکانیانەوە بەڕێوەچوون لەگەڵ چەپی تورک ئاستەم دەبوو.

شەهیدبوونی ماهیر چایان و هەڤاڵەکانی و ئەنجامدانی یەکەمین چالاکی بایکۆت بەرامبەر ئەم رووداوە، رێگای لە پێش زیندانیکردنێکی حەوت مانگی کردەوە. بەهۆی لاوازی و ناتەواوی شاهێدەکانم، لە پانزدە ساڵ زیندانی کردن رزگارم بوو. لەو ماوەیەی لەزیندان بووم دەنیز گەزمیش و دوو هەڤاڵەکەی یوسف و حوسێن لە سێدارەدرابوون، ئیبراهیم کایپاک قایە لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید کرابوو. تابلێتی چەپ سەرکوت کرابوو. کاتێک لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٢ لە زیندانی ماماق دەرکەوتم، ئیتر بە تەواوی خۆم بەگوێرەی قەڵەمبازی گروپی سەربەخۆ ئامادە دەکرد. لە نیسانی ١٩٧٣ لە ئەنقەرە، لەبەندەوی چوبوک یەکەمین کۆبوونەوەی سەبارەت بە چارەسەری کێشەی کوردم لەگەڵ شەش کەس ئەنجامدا. بیرۆکەکانی دژ بە داگیرکاری کوردستانم بە بناخە وەردەگرت. ئەمە پێهەڵگرتنێکی تایبەت

و رەسەن بوو. لەسالّی یەکەم نزیکەی دوازدە خوێندکاری زانکۆمان هێنایە ریزی گروپەکەمانەوە. حەقی قەرار و کەمال پیر و دوران کالکان کە بەریشە تورک بوون هاتبوونە ریزەکانمان. لەسالّی ١٩٧٤ ــ ١٩٧٥ بەڕێوەبردنی ئەرکی بەرپرسیارێتی "کۆمەڵەی دیموکراتی خوێندنی بالای ئەنقەرە ADYÖD" چانسی گەشەکردنی گروپی زیاد دەکرد. کاتێک لەسالّی ١٩٧٦ بەشێوەیەکی ریشەیی لەچەپی تورک دابڕاین، بڕیاری کرانەوەمان بەرەو کوردستاندا، لەگەڵ کۆبوونەوەی دیکمانی سالّی ١٩٧٦ بۆ یەکەمین جار حەقی قەرار بەرەو ئاگری، مەزلوم دۆغان بەرەو باتمان کەوتنەرێ. ئیتر ئەو پردانەمان دەفڕاند کە ئێمەی بە سیستەمەوە گرێدەدا. ئەو کاتە بە ئاپۆچیەکان یاخود سوپای رزگاری نیشتمانی ناودەبراین.

بۆ وەلامدانەوەی پیلانگێڕی تیرۆرکردنی حەقی قەرار لەسالّی ١٩٧٧ لەعەنتاب، پڕۆگراممان ئامادەکرد، ئەو یەکێتییە مەترسیدار ، سۆزداری و ماجەڕایەی لەگەڵ کەسیرە یلّدرم ئەنجاممداو ئاراستەگرتن بەرەو دیاربەکر بەئامانجی گەیشتن بەئەنجام، هەروەها کۆبوونەوە ٢٣ کەسیەکەی گوندی فیس و بڕیاردان دەرهەق بەجولانەوەکە وەکو پارتیەک، کۆتایی بە قۆناخێک دەهێنا. لەکاتێکدا تورکیا بەرەو کودەتای ١٢ی ئەیلول ئاراستەی گرتبوو، یان دەرکەوتن بۆ دەرەوە یاخود ئەگەر بەردیش شەق ببات بەرخودانێکی شاخی چەند مانگێک یان چەند سالّێک، وەکو بژار روویەڕوومان ببووەوە کە شەرەفی مرۆڤ دەپارێزێ. دەستگیرکردنی شاهین دۆنماز و یلدرم مەرکیت و ئیعترافکردنیان و داواکاریەکانی کەسیرە، کۆچی ٢ی تەممووزی ١٩٧٩ی ئێمەی بەرەو رۆژهەلّاتی ناوین مسۆگەرکرد ؛ منیش وەکو یەکێکی خەلّکی ئورفا، جارێکی دیکە هەمان ڕێگەی حەزرەتی ئیبراهیممان دەگرتە بەر لەپێناو هەمان ئامانجی پیرۆز و دادوەری، لەپێناو یەکسانی و ئازادی لە ئورفاوە ڕێگای ناوچەیەکی دیکەی پیرۆزمان دەگرتە بەر.

ناسنامه و وشیاری و ئیرادەم نەیدەهێشت تەقلی پەرەسەندنێکی شێوازی بۆرژوای تورکیای سالانی ٦٠ ـــ ٨٠ و پەرەسەندنێکی شۆڕشگێڕی وەها ببم کە تا دواڕادە ماجەڕایە، بێ سەرۆکایەتییە، ڕێباز و کردارەکەی یەکلا نەبۆتەوە. بەشێوەیەکی سەرتاپاگیری نەمدەتوانی تواناکاری هەرسکردنی دەزگاکانی کۆمار پیشانبدەم. لەراستیدا کۆماری تورکیا لەمیانەی نکوڵیکردن لەناسنامەی کورد چانسی ئەوەی لە دەستدابوو هەرس بکرێت. دەتوانی چ بە دیاردەیەک بڵێی کە نکوڵیت لێکردووە یاخود لەمیانەی ئیرادەیەکی یەکلایەنەوە مشار بگریتە دەست و بڵێی: "من بەمجۆرە پارچەت دەکەم و شێوەت پێدەدەم"، ڕووبەڕووی کامە ئامانج دەبیتەوە؟ ئەوەی بەرامبەرت دار نییە، مرۆڤە. ئەم چەمکە دەشێ تەنیا بۆ سیستەمی دەوڵەتی کاهینی سۆمەرو میسر لەجێی خۆیدابێت کە ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین تازە سەریهەڵدابوو. ئەوانیش وەکو پێویستیەکی ئیرادەی ڕەهای خودایی، هاوواڵاتییەکانیان لەمیانەی چەمکێکی یەک لایەنە بەڕێوەدەبەن کە تەنیا لەناو زیندەوەرە خشۆکەکاندا هەیە. ئەو ئایدیۆلۆژیا فەرمیەی لەسەر بنەمای نکوڵیکردنە ناوی کۆماریش بێت، ناشێ هیچ واتایەکی لەمە جیاوازتر لەخۆیەوە بگرێت. ئەگەر شێوەیەکی توانەوە (ئاسیمیلاسیۆن)ی داگیرکاری بەشێوازی شارستانیەتی ڕۆژئاوا پەرەیسەندبووایە، لەوانەیە واتایەکی هەبووایە. شایانی باسە کە قەدەغەکردنی زمان لە سیستەمی کاهینی سۆمەر و میسر بە خەیاڵیشیاندا نەدەهات. لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی تورکیا کار گەیەنرابووە ئەم ئاستە.

لەکاتێکدا لەو ساڵانەی بەرەو ١٩٨٠ دەچووین من وەکو تاک و PKK ش وەک پارت شێوەمان دەگرت، دیاردەی کۆماری بەرامبەرم فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بوو. ئەوە لەوڵاوە بمێنێ کە دان بەناسنامەی کورداندا بنرێ، بەڵکو هەموو جۆرە ڕێگاو ڕێچکەیەکی لەگۆڕنانی لەڕۆژەڤدابوو. بێگومان لەبەرامبەر سیستەمێکی نکوڵیکاری خراپتر لە کائۆس بەشێوەیەکی سروشتی لەشوێنی خۆی دەژمارد و دەکەوتە ناو نیگەرانی و گومانەوە.

ئەگەر تۆزقاڵێک تایبەمەندێتی شەڕەفمەندانەی مرۆڤی هەبێت، ئەوا بەرامبەر بە رووداوەکان لێپرسینەوە دەکات؛ هەوڵدەدات مانای هۆکاری نکوڵیکردنی ناسنامەی کورد شیکار بکات. ئەمەش بە واتای یەخەگرتن و لێپرسینەوەی کۆمەڵگاو دەوڵەتی فەرمی بەرامبەری دەهات. لەمیانەی وشیاری ناسنامەی کولتووری و چینایەتیم کە بەگوێرەی ئەو قۆناخە پێکهاتبوو، تاکە خەباتی واتاداری دەمتوانی ئەنجامی بدەم، ئەوەبوو ئەگەر هیچ نەبێت شتێک لە وزەی شاراوەی کوردان فەراهەم بکرێت. تەنیا بەمجۆرە وابەستەبوونمان بەیادی شۆڕشگێڕەکانی تورکیا و بەتایبەتی یادی شەهیدی هێژای گروپەکەمان هەڤاڵ حەقی قەرار دەسەلمێنرا. ڕەوشەکە لە ڕۆیشتن بەدارستانێکی هۆڤانە دەچوو کە هیچ کەسێکی تێنەگەوتبێت. لەمجۆرە ساتانەی مێژوودا بەردەوام قەڵەمبازی هاوشێوە ئەنجامدەدرێت. ئەوانەی هەنگاو بۆ قەلەمباز دەهاوێژن ئامادەکاریەکی ئەوتۆ و ستراتیژیەتی نییە. واتە هەنگاوێک بۆ نادیار(مجهول) دەهاوێژی، شتی نوێ تەنیا بەمجۆرە لەدایک دەبێت. دەرکەوتنی حەزرەتی محەمەد لە مەککە و کاروانی قودسی حەزرەتی عیسا لەگەوهەری خۆیدا هەمان واتایان هەیە. یان تەسلیمی نەزانی و نکوڵیکاری قۆناخ دەبیت، یاخود بن پێیدەکەیت. بەجۆرێکی دیکە پێشکەوتنی مێژوویی بەدینایەت.

ئەو قەڵەمبازە شۆڕشگێڕیەی لەخاکی ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیاوە بەرەو وڵاتە پیرۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین ئەنجامم داوە، نموونەی مێژووە هاوشێوەکانی دێنێتەوە بیری مرۆڤ. کاتێک ڕێگای ڕۆژهەڵاتی ناوینم گرتەبەر، هاوشێوەی شکاندنی بتەکان لەلایەن حەزرەتی ئیبراهیمەوە، لەراستیدا منیش بەشێکی گرنگی نەریتی پێنج هەزار ساڵیم شکاندبوو، هەڵبەتە وەک حەزرەتی ئیبراهیم، چیتر منیش نەمدەتوانی لەشوێنی خۆم بمێنمەوە. کۆچکردن دەستلێبەرنەدراوبوو، دواتر زۆرباش دەرکەم بەو ڕاستیە دەکرد کە بەدرەنگ کەوتنێکی دوو هەزار ساڵیەوە، کاریکی هاوشێوەی حەزرەتی ئیراهیمم کردووە. هەرچەندە لەسەرەتاکاندا هێندە

ئاگادار نەبم و دەرکیشم پێنەکردبێت، بەڵام دواتر ڕوون دەبۆوە کە هەر لەسەردەمی منداڵیەوە و لەژێر هەلومەرجی تایبەت بەخۆیەوە، لەبنەڕەتدا بەرامبەر سیستەمێکی پێنج هەزار ساڵەی شارستانیەت ڕاپەڕیوم. لەهەمانکاتدا ئەو ڕاستیە دەبوو بەشۆڕشگێڕیەکی تایبەت بەخۆی.

ڕاستینەکانی سەدەی بیستەم کەلێی بەگومان بووم دەبوایە لەبەرامبەریدا چۆک دانەدەم. بەمجۆرەش ڕۆحی مرۆڤایەتیم تەسلیمی ئەو نەدەکرد. یاخیبوون ریشەیی بوو و شایستەی نموونە مێژوویەکان بوو. زۆر دووری نەتەوەپەرستیەکی تەسک بووم، بەناوی مرۆڤایەتی بەرپرسیارێتی بوون بەهیوا و ئومێدم لەدەست نەدەدا. بەکورتی و بەپوختی باوەڕیم بەجیهانی بونیادنراو نەبوو و تەسلیمی نەدەبووین. بەبێ سڵەمینەوە پەیجوری یۆتۆپیای نوێ بووین کە پێویست بوو پشت بە ڕاستی و دادوەری و جوانی ببەستێ. هێزە ماتریالیستەکانی سەردەم هەرچەندە زۆرینەش بن، بەڵام ئافراندنی یۆتۆپیاگەرا نوێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، دەبوو بە عینادێک بەرامبەر هەموویان. زۆر ئاشکرایە کە هاوشێوەی حەزرەتی ئیبراهیم، موسا، عیسا و حەزرەتی محەمەد ئێمەش لە ئاست تەواوی پێکهاتە زیهنی و ڕۆحیەکانی ڕۆژی ئەمڕۆمان و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی سەروو و خواروو بزووتنەوەیەکی شکاندنی بتمان دەست پێکردبوو.

ئەوەی ئەنجامدراوە قەڵەمبازی قەومێک یاخود گروپێکی ئەتنیکی نییە؛ لەمیانەی هەنگاونان بەو باوەڕیەی کە ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕی هاوچەرخە، ئەزموونی سەرلەنوێ خۆ پراکتیزەکردن و بەژیانیکردنە. هەموو شێوەیەکی کۆیلایەتی ڕەتدەکرێتەوە، باوەش بۆ ئازادی دەکرێتەوە. لەناو سەختترین هەلومەرجدا و لەمیانەی مامانێتی زەبری شۆڕشگێڕیەوە، ئەو شوێنەی بۆ سەرلەنوێ لەدایکبوون هەڵبژێردراوە، لەسەرووی شوێنە گونجاوەکانی جیهان دێت. هەروەکو ناوک و تۆوەکانی باوەڕی کە لە مێژوودا لەو ناوچەیە هەوێن بووە و لەوێشەوە بەجیهاندا بڵاوبووەتەوە،

رۆڵی بوون بەو تۆو ناوکە تەواوی کەسایەتیمی پێچاوەتەوە. سەرەکیترین تایبەتمەندێتی مێژوویی و سەردەمیەکان لەسەروی هەموشیانەوە تایبەتمەندێتیە سیاسی و ئایدیۆلۆژیەکان، کولتووری، چینایەتی و نەتەوەییەکان لێرە وەکو هەویر بەیەکەوە دەشێلدرێن و دەکرێت بە خانەیەکی سەرەکی و لەمیانەی گوزارشتێکی ئازادانەی بەهێز لەپێناو سەرخستنی لەدایکبوونی نوێ، وەکو پیرۆزی کاهین ــ موئمین هەموو جۆرە هەوڵ و کۆششێک دەدرێت. هەروەکو بڵێی هاوڕێی حەزرەتی ئیبراهیمم، هەوڵدەدەم بە خێرایی و زەحمەتیەوە رێگا بکەمەوە. هەروەکو حەزرەتی موسا، بۆ ئەوەی ئەو قەومە نەفرەتلێکراوە لاڕێبووەکەی بێنێتەوە سەر راستەڕێ، تاوەکو دوایی هێزی هزری خۆمم دەکردەوە. هەروەکو عەزیز پاوڵ باوەڕمەندەکان بۆهەموو شوێنێک دەنێرم و بڵاودەکەمەوە. بۆ ئەوەی ویژدانی مرۆڤایەتی لەدەست نەچێ، چەندەی بڵێی نزیکی شێوازی پێغەمبەرایەتی دەبمەوە.

ئەو گوناهەی من لە منداڵیەوە ئەنجامم دا، لەراستیدا سەرچاوەی خۆی لەو سەرهەڵدانە دەگرێت کە بەرامبەر قەدەرو دابونەریتی پێنج هەزار ساڵە کردم، گومان و ناکۆکییە دژوارەکانم لە گوند، ئەو سیستەمە پەیوەندیدار دەکات کە لە قوولاییدا جێگیر بووە. هەر لەسەرەتاوە هەڵوێستی سەربەخۆم بەرامبەر بەهەر شتێکی لەناو خێزان و گوند بەگوێرەی ئەقڵ و ئازادیم نەبینیوە، بەواتای هەژانی نەریتی پێنج هەزار ساڵە دەهات. پێگەی تایبەتی باوک و دایک، بێ کاریگەرکردنی یەکتریان لەناو خێزاندا، یەکجار لاوازبوونی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی و نەبوونی سەرۆکێکی سەرەڕۆ لە گوند دا، بەواتای شکانی زەمینەو هەلومەرجی باو دەهات. کەسایەتی دایکم کە زیاتر تایبەت بە کۆمەڵگای نیۆلۆتیک بوو، قاڵبەکانی کۆیلەداری لاوازتر دەکرد. هەروەها بێچارەیی و نەبوونی بانگەشەی باوکم بەناوی سیستەم، زیاتر بواری لە پێشدا دەکردمەوە. لەمیانەی کەسێتییە گەشە کردووەکەم ئەم زەمینەیەم هەڵدەسەنگاند. چەندە مەودام دەبڕی، متمانەم بەخۆم زیاتر

دەبـــوو. گاڵتـــەو تـــوانجی لادێیـــەکان کاریگـــەری لـــێم نەدەکـــرد. هـــیچ دەســتەڕۆییەکیش نەدەمـا پێشـم لـێ بگرێـت. لەراسـتیدا لەناوەڕاسـتی گونـد یاخیبوونم بەرامبەر باوکم کە گەورەترین دەسەاڵتە، لە بنەڕەتدا سیستەمی پێنج هەزار ساڵەی کاهینی سۆمەری دەهەژاند. هێزی ماڵەوە و گوند تێری پـەروەردەکردنی منـی نەدەکـرد، ئیتـر ئـەو بـاوەڕی و متمانـەم بەدەسـت هێنـابوو کـە بـەرێگای خۆمـدا بـڕۆم. دەکـرێ هیـوا و ئومێـد لـەو منداڵـە چاوەڕوان بکرێت کە قاڵبەکانی کۆمەڵگای خۆرهەاڵتی رووخاندووە.

خـودی شارسـتانیەت سیسـتەمێکی یەکـانگیرە. شۆڕشـێک تـەنیا بـەو ئەندازەیەی ئـەم یەکانگیری یـان گشتگیریە شیبکاتەوە، دەتـوانێ بانگەشـەی ئەوە بکات کە شۆڕشێکی کۆمەاڵیـەتی جیاوازە. هەر شارستانیەتێکی نوێ کە دێـت لـەجیاتی رووخانـدنی شارسـتانیەتی کـۆن، ڕۆڵـی تۆکمـەکردنی دەبینـێ، هـەرە دوایـی ئـەوەی کـە سۆسـیالیزمی بونیـادنراویش ئەنجامیـداوە هەر ئەمەیە. ئەمـەش بەڵگەیـەکی سـەلمێنەری تێپەڕنـەکردنی سیسـتەمە. ئـەم سیسـتەمەش بەسـیفەتی راسـتڕەو و چـەپڕەو لەسـەر کۆمـەڵگای تورکیـا بـە شێوەیەکی تێکچوو و لاواز ڕەنگدەداتەوە. یەکێک کە لەشـوێنگەی منـدا بێـت، تەنیا دەتوانێ رێککەوتنی کاتی هەم لەگەڵ کۆمـەڵگای فـەرمی بۆرژوازی و هەم لەگەڵ پاشماوە چەپڕەویەکـەی ئەنجامبدات. چـاوەڕوانی ئـەوە ناکرێـت هـەردووکیان لـەناو یـەکتردا بتوێنـەوە. ئـەم بـابەتەی بەشـێوەیەکی تیـۆری راستە، لەبواری کرداریش ئەنجام دەدرا. هەم بە مەودا نزیکی مارکسیزم و سۆسیالیزمی بونیادنراو دەبوومەوە، هەم بەشێوەیەکی هاوشـێوە پێشـوازیم لە شێوەی مارکسیسزمی ڤێرسیۆنی تورکیـا دەکرد. شـتێکی سروشـتییە کـە هەڵوێستێکی هاوشێوە بەرامبەر کۆپیە بێکاریگـەرەکانی لەرۆژهەاڵتـی نـاوین پیشـــان بـــدەم. نەمـــدەتوانی لـــەناو پێکهاتـــەی هـــیچ یـــەکێک لەدەوڵـــەت و شۆڕشگێڕێتی چەپڕەوی ئەواندا بتوێمەوە. گرتنەبەری رێگای خـۆم ناچـاری بوو. هەرچەندە بەتەنیاش بم، بەاڵم قووڵایی واتـاو شـکۆداری ئـەو رێگایـەی

دەست نیشانکرا بوو روون و ئاشکرا بوو. بۆ یەکەمین جار بوو لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوین تەواوی سیستەمە کۆن و نوێکانی داگیرکاریم دەخستە بەرامبەر خۆم و لە پێگەیەکدا دەبووم کە تا دوا سنوورەکانی یەکسانی و ئازادی درێژ بۆتەوە. لێگەڕێنەکانم سەبارەت بە سیستەم هێندە قوواڵە کە شارستانیەتەکانی زادەی رۆژهەڵاتی ناوین تێپەڕ بکات. بەو رادەیە گرێدراوی ناسنامەی خۆیەتی کە سیستەمی رۆژئاواش وەک خۆی پەسند ناکات. ئەم رەوشە لە ئەنجامدا تەواوی سیستەمی ئیمپریالیستی جیهان لەبەرامبەر خۆیدا دەبینێتەوە.

نەریتی بەرخودانی شکۆمەندانەی باپیرەگەورەکانی خێڵ و هۆزەکانمان لەگەڵ نەریتی پێغەمبەرایەتی باپیرەمان حەزرەتی ئیبراهیم و نەریتی ئاشتی بەشکۆی حەزرەتی عیسا بەشێوەیەکی زۆر سەیر و سەرنجراکێش لەکەسایەتی مندا دەبوون بەیەک و یەکیان دەگرت. بەڵام سەرجەم سەرە گەورەکانی نەمرووده هاوچەرخە جیهانیەکان(نێودەوڵەتیەکان) بەهەموو نەفرینێکی سەدەی بیستەمەوە سەیرکردنی ئەو ئازارانەی لەکەسایەتی مندا گەلەکەمیان دووچار کردبوو، لەمیانەی سیستەمێکی تەڵەزگە و فێڵبازیەوە رێکیان خستبوو کە دەگمەنترین شانۆگەریەکانیشی تێپەڕدەکرد، سەیرکردنی ئەو دۆخەیان بەپێویستیەکەی دەسەڵاتە سنوورنەناسەکەی خۆیان دادەنا.

لەسەردەمی دونیا- سیستەمی سەرمایەداری سەدەی بیستەم بەتەنیا بەندەکرام و لەناو بێدەنگی گۆڕو گۆڕستاندا رادەگیرام. یەکەمین بزماری خاچەکە لەمۆسکۆ لێدرا. لێرەدا بەچاوەکانی خۆم ساردو سڕی ماری خیانەتم بینی. دوەمین بزمار لەڕۆما لەخاچەکە درا. لێرەش لەبەرامبەر یاریپە وردو زراڤەکانی سەرمایەداری دەستبەرداری کەرامەتی خۆم نەبووم. سێیەمین بزمار لەئەسینا لەخاچەکەدرا. لێرە لەبەرامبەر ئەو خیانەتەی دەرهەق بەدۆستایەتی ئەنجامدرا دەستەکان و زمانم گیران، ئیفلیجبوون!. چوارەمین بزماریش لەنایرۆبی پایتەختی کینیا لەخاچەکەدرا و

رادەستی تورکیا کرامەوە کە بەسزای لەسێدارەدان بەدوامدا دەگەڕان، ئیتر لەزیندانی تاکەکەسی دوورگەی ئیمرالی مەڕمەڕە رادەگیرام کەلە ٤ی شوباتەوە بەتایبەتی بۆمن ئامادە و ڕێکخرابوو، بەمجۆرەش لەناو تابووتدا یاخود بە لەخاچدراوی دەخرامە ناو چاوەڕوانیکردنی بێدەنگی مەرگەوە.

ڕۆڵی تورکیا لەپیلانگێڕی تەنیا پاسەوانی و چاوشی کردنە. یەکێک لەبەرپرسیارەکانی پیلانگێڕیش دەزگای هەواڵگری ئیسرائیلە. باپیرەی هاوبەشمان حەزرەتی ئیبراهیم ئەو پێغەمبەرەیە کە بۆیەکەمجار قوربانی کردنی مرۆڤی لەئایینداندا نەهێشت و هەڵیگرت. وەک پێویستیەکی ڕێزگرتن بەرامبەر بەئایین و یادەوەریەکەی حەزرەتی ئیبراهیم، پێویست بوو مۆساد تێکەڵی ئەو هەوڵ و چالاکیەی بەقوربانی کردنی مرۆڤ نەبێت. بەڵام هەندێک جار جۆرە لێکچوونێک لەنێوان من و حەزرەتی عیسادا هەبوو؛ دیسان ئەوانەی بەسووربوونەوە داکۆکیان دەکرد و داوایان لەوالیەکەی ڕۆما دەکرد کە حەزرەتی عیسا بکوژێ و لەخاچی بدات، کاهینە بەکرێگیراوەکانی باپیرەی ئەمانە بوون. بەگوێرەی ئەفسانەکە جارێکیان حەزرەتی ئیبراهیم بەمەنجەنیق دەهاوێژرێتە ناو ئاگرەوە؛ ئاگرەکە دەبێتە ئاو. من بۆخۆم، لەکەسایەتی منیشدا گەلەکەم لەڕێگای پیلانگێڕی نێودەوڵەتیەوە بەم جۆرە هاویشتراوینەتە ناو ئاگرەوە. بەڵام لەمیانەی کار و خەباتی بونیادنانی سیستەمی مۆدێرنیتەی دیموکراتی و هەوڵەکانمان لەپێناو ئاشتی و ڕێگە چارەی دیموکراتیانە دەمانەوێ ئەو ئاگرە بگۆڕین و بیکەین بەئاو.

هەلومەرجەکان چەندە سەخت و قورسیش بن، بەڵام هەوڵی خۆڕاگری و بەرخودان دەدەم. ئافراندنی سەبر، مانا و بوێری لەژیانی ئیمرالیدا بۆمن زەحمەت نابێت. زەحمەتیە جەستەییەکان لەدەرەوەی ئیرادەی منداں. دەتوانم ئەوە بڵێم: تێگەیشتنی قۆناخ و ئاستی هێزی سۆزو هزرم لەئیمرالیدا مانایەکی ڕادەبەدەرو نا ئاسایی هەیەو بەرەو بەهێزبوونت دەبات. لەزەمینەیەکدا کە مێژوو و هەلومەرجی ڕۆژانەیی بەشێوەیەکی بێ

ئامـان و چـڕ لەئـارادایە، چـاودێریکردن یـان تێبینـی کردنـی ئەو راسـتینە لەکەسـێکی وەک منـدا و بەدەسـتهێنانی ئەنجـام، وەک چـۆن هێزێکـی مەزن بەو کەسـانە دەدات کەمتمانە بەخۆیـان دەکەن، ئەرکی گەورەشیان دەخاتە سەرشـــان. حەزم بە خـــۆزلکردن و زیـــادەڕۆیی نیـــیە، بەڵام بەردەوام ڕەچاوکردنەوەی نموونە هاوشێوەکانی لەجۆری حەزرەتی ئیبراهیم، موسـا، عیسا، پاول و حەزرەتی محەمەد و بەراوردکردنیان سودبەخش دەبێت.

دوای ئەوەندە ساڵە بەساغی دەرکەوتن لەناو ئەو ئاستەنگ و کێشانەی لەسەردەمی سۆمەریەکانەوە تۆڕەکەی داناوە، هەروەهـا پێشکەش کردنـی هەندێک دیاری بەئـازادی گەلان، بەمانـا ڕاسـتەقینەکەی لەمیـانەی کەسـایەتی و ڕاوەسـتەیەکی پێغەمـبەرانەوە بەدیـدێت. ئەو قۆنـاخە تەنیـا دامەزراوەی پێغەمبەرایەتـی بـۆمن ڕوون نەدەکـردەوە؛ هەروەهـا ئەوەشـی پیشـاندام کە لەمیـانەی چـۆن کـردارێکەوە خاوەنـداریتی دەکرێـت لەگەوهەر و مـاهیەتی ڕاسـتەقینەی پێغەمـبەران. ئەمەش ئەو واتـایە دەبەخشـێت: لەپەرەسـەندنی کـۆمەڵایەتی و کۆمەڵگاییـدا هەر پێغەمبەرێـک بـرێتییە لەهەڵکشـانێکی مانـا. هەرچەنـدە زمـانەکەی مـاهیەتێکی ئیلاهـی هەبێت، بەڵام لەناوەڕۆکدا لەزۆر بوارەوە لەسـەروی هەمووشیانەوە مانـا، یادگـا، نەریـت، وێـژدان، ئـازادی و یەکسـانیدا ڕێگـا لەپـێش ئەوە دەکـاتەوە کۆمەڵگـا قۆنـاخێکی جیـاوازتری کولتووری ببڕێت. لەوبابەتەدا گەل لەپێگەیەکی عاریفی و زانایانەدایە. کاتێک بەمنیان وت: "ئەوەی ئێوە ئەنجامی دەدەن ئایینێکی نوێیە، مانـای کارکردنە لەسـەر ئایینی چوارەم" ئەو کاتە واقی وڕمابووم. دواتـر تێدەگەیشتم کە بەو گوتەیە مەبەستیان چی بووە.

هەرچەنـدە بگوترێـت کە دوای ئـایینی ئیسـلام ڕێگـایی پێغەمبەرایەتـی و ئایینێکی نـوێ داخـراوە، ئەو بانگەشـەیە بەرگریکردنێکە کە هەر سـەردەمێک لەپێناو بەئەبەدی کردنی خۆی شرۆڤەی دەکات. تا ئەو دەرئەنجامانە شیکار نەکـرێن کە بەگشـتی ئـازادی کـۆمەڵایەتی، بەتـایبەتیش کولتـووری ئـایینە کۆنەکان لەرۆژهەڵاتی ناوین کە لەمیانەی کاریگەریەکانی لەسـەر سـەرجەم

بواره‌کانی کۆمه‌ڵگا، له‌سه‌رووی هه‌موو شیانه‌وه بواری سیاسی و ئایدیۆلۆژی که رۆژی ئه‌مڕۆمانی به‌ندکردووه، نه ده‌کرێ ده‌رک به‌شارستانیه‌تی ئه‌وروپا بکرێت، نه ده‌کرێ له‌ناوه‌و ده‌ره‌وه تێکۆشانێکی سه‌رکه‌وتووانه‌ی ئازادیی و ئازادیخوازی ئه‌نجام بدرێت. مێژوو حوکمی خۆی ده‌کات. له‌رێگای عه‌لمانیه‌تی رووکه‌شیه‌وه نه‌ده‌کرێت ئایین شیکار بکرێت نه‌کۆمه‌ڵگای مۆدێرن بئافرێنرێت. ئه‌زموون و تاقی کردنه‌وه‌کانی نوێکردنه‌وه‌ی میللیگه‌رای دووسه‌د ساڵه‌ش ئه‌نجامه‌کانی له‌به‌رچاوانه. کاتێک داکۆکی ده‌کرێت له‌سه‌ر درێژه‌دان به‌و رێگایه، ئه‌وا مه‌زه‌نده‌کردنی ئه‌و وێرانکاری و ئێش و ئازارانه هێنده زه‌حمه‌ت نییه که بنبه‌ستبوونه‌کانی هاوشێوه‌ی عه‌ره‌ب-ئیسرائیل رێگای له‌پێش ده‌که‌نه‌وه. شیکارکردنی سروشتی مێژووی چاره‌سه‌ری، به‌ئافراندنی ده‌رفه‌تێکی ئازادییدا گوزه‌رده‌کات.

ناوبردنی ئه‌و جۆلانه‌وه‌یه به‌'ئایینی چواره‌م' سه‌باره‌ت به‌سه‌رده‌مه‌که‌مان هیچ مانایه‌کی نابێت. به‌ڵام پێناسه‌کردنی ئه‌و بزووتنه‌وه‌یه به رێنسانسی رۆژهه‌ڵاتی ناوین که له‌رێنسانسی ئه‌وروپای ساڵانی ١٥٠٠ زایینی ده‌چێت، به‌ڵام له‌سه‌ر بنه‌مای په‌ره‌سه‌ندنێکی دیاله‌کتیکی ریشه‌یی ژیار و شارستانێتی خۆی له‌گه‌ڵ ئاسۆی شارستانێتیه‌کی ئه‌ودیوو سه‌رمایه‌داری کردووه به کۆتێ، ئه‌وا ئه‌مه‌یان مانادارتره‌و وه‌ڵامێکی پێویستیه‌کانی مێژووشه. به‌ڵام ئه‌وه‌ش زێده‌ڕۆییه ئه‌گه‌ر بڵێین ئه‌و دۆخه ئافرێنراوه. ئه‌و شته‌ی هه‌وڵی ئه‌نجامدانی ده‌درێت، مامه‌ڵه‌کردنێکی گونجاوه له‌گه‌ڵ گه‌وهه‌ری کولتووری ئه‌و خاکانه، به‌بێ دیلبوون به‌کۆنه‌په‌رستی سه‌رده‌م، په‌سندکردنی گه‌وهه‌ره ئه‌رێنیه‌که‌ی و پێشکه‌شکردنی کۆمه‌که به‌جۆلانه‌وه‌ی ئازادیخوازی رۆژی ئه‌مڕۆمان. باوه‌ڕی ته‌واوم هه‌یه که ئه‌و جولانه‌وه‌یه به‌شێوه‌یه‌کی مانادار جێگای خۆی له‌مێژوودا ده‌گرێت، ده‌بێته لێشاویی قه‌ڵه‌مبازێکی به‌هێز و به‌رده‌وامی ئه‌و مه‌شخه‌ڵه‌ی به‌ره‌وئامانجه‌کانی ئازادی ئاراسته‌ی گرتووه. هه‌رچه‌نده که‌م و

کـوڕی و قڕێژیشـی هەبێـت، بەڵام هـیچ کاتێـک بـاوەڕی و هیـوام کەمـی نەکردووە کەنوێنەرە بەهێزەکانی ئەو رەوت و لێشـاوە دەپاڵێون، زەلالتری دەکەن و جـولانەوەکە بەهێـزی خـۆی دەگەیەنرێـت، هەنگـاو بەهەنگـاو بەئامـانجە گونجـاو و واقیعیەکانیـان دەگەن. بەپێچەوانەوە، لەبەرئەوەی ئەو جوگرافیـایە بەهێزی رۆحـی و زیهنی گەیشـتووە کە بەهێندەی نـان و ئـاوو هەوا پێویستی پێیەتـی، دەرک بەمانـای ژیـان دەکـات؛ خـۆی لەو تـاریکی و هەڵـدێرانە رزگاردەکـات کە هەزاران سـاڵە لەناویـدا پەلەقـاژەیەتی، لەرێگـا راسـت و رۆشـنکراوەکەیدا بەجـۆش و خرۆشـەوە بەرەو پێشـەوە ئاراسـتە دەگرێـت و بەئامانجەکـانی دەگـات. ئافرانـدنی ژیـانێکی مانـاداری بەمجـۆرە لەهەموو شتێک بەهادارترە و پێویستە بەهاکەشی بزانین.

پابەنـدبوون و رێزگرتنـی خـاوەنی ئەو ئـێش و ئـازار، قارەمـانێتی و فیـداکاریانەی نموونەکانیـان لەمێـژوودا دەگمەنـن، یەکسـانە بە خـۆ رزگارکردنمـان لەو واقـیعە نەفـرەتیەی هەزاران سـاڵان و هەروەهـا پیرۆزکردنێتی. دیسـان ئەگەر بیـانەوێ پـایەیەکی ئایینی نـوێی پێببەخشـن، ئەوا پێویستە ماناکەی لەوخاڵەدا ببینرێت. هەڵبەتە پیرۆزیەکی هەیە، ئەویش ئەو گەوهەرەیە کە هەوڵی رۆشنکردنەوەی درا. ئەم بەرگرینامەم مانای ئەو ژیـانە هـاوچەرخە روون دەکـاتەوە کە لە نەفـرەت پـاککراوەتەوەو پیرۆزکراوە.

پاشکۆ -٢-
هەڵسەنگاندنەکان سەبارەت بەئۆرفا

سەبارەت بەدۆزەکەی ئۆرفاش بەرگرینامەیەکی بەرفراوان و نووسراو ئامادە دەکەم. ئەو بەرگریکردنە بەشێوازی وەڵامدانەوەیەکی راستەوخۆ نابێت بەرامبەر بەو تاوانباریانەی ئاراستەم دەکەن، بەڵکو هەڵسەنگاندن و شیکارگەلێک دەبێت دەرهەق بە مێژوو، شارستانیەت و رۆژهەڵاتی ناوین. بابەتگەلێکی لەوجۆرە لەخۆوە دەگرێت؛ پەکەکە لەکوێوە هات و بەرەو کوێ دەچێت. هەوڵدەدەم بەرگرینامەکەم لەکاتی پێویستدا بۆ دۆزی ئۆرفاو دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا DMMEش ئامادەبکەم. بەشی یەکەمی بەرگرینامەی پێشکەش کراو بەDMME ئامادەیە، لەماوەی دوومانگی دیکەشدا بەشی دووەم تەواو دەکەم. هەروەها لەژێر دوو سەرە دێڕی جیاواز بەرگرینامەیەکم بۆ دۆزەکەی ئۆرفاش نووسی. هەفتەی رابردوو بەشێکیانم نوسیبوو. کاتێک دانیشتنی دۆزەکە دواخرا. سوودم لەکاتەکە وەرگرت و سەرەدێڕی دووەمیشم نووسی، کە دەڤەری ئۆرفاو ناسنامەو راستینەکەی شیکاردەکات، هەروەها هەڵسەنگاندنی حەزرەتی ئیبراهیم و نەریتەکەشی لەخۆوە دەگرێت. لەوبڕوایەدام کە وەلامی پرسیارەکانی خەڵکانێکی زۆر دەداتەوە. لەڕووی فیکریەوە رێبازم رووبکردۆتەوە. رێگا لەپێش شۆڕشێکی گەورەی هزردەکاتەوە.

ئەوبەرگرینامانە رێباز رووبکەنەوە. لەو بڕوایەدام کە زۆر مەراقی دەکەن. زۆربەخێرایی کارم لەسەرکرد، تۆزێک ماندوو بووم. سەبارەت بەمەسەلەی ئایین باسی دەرەتان و رووبکردنەوەی نوێم کردووە. سەبارەت بەئایین باسی هەموارکردن و ریفۆرم یان باسی عەلمانیەت ناکەم. بەڵکو کۆتایی بەو ساختەکاریە دێنم کەبەناوی ئایینەوە ئەنجام دەدرێت. دەشێت لەرۆژهەڵا تی ناوین رێنسانسێک بئافرێنێ. ئایینی کریستیانیش شۆڕشی زهنیەتی ئەنجامداو وەک دەبینین لەرۆژی ئەمرۆماندا زۆر لەپێشترە. ئیسلامیەت نەیتوانی ئەو شۆڕشە ئەنجام بدات.

بەریگرینامەکانم ئەو کەموکوڕی و ناتەواوییە بەلاوەدەنێت. ناسنامەی ئایدیۆلۆژی رۆژهەلاتی ناوینم شیکارکردوە. لەمیتۆلۆژیاوە تا ئایین، تا دەگاتە فەلسەفەو زانست سەرجەمیانم تاوتوێ کردو لەگەڵ پەیوەندییە دیالەکتیکیەکەی نێوانیان شیکارم کردوون. بەشێوەیەکی تایبەت لەبەرگرینامەکەی ئورفا هەوڵمداوە ئایین، ئایدیۆلۆژیاو زهنیەتەکەی شیکاربکەم. لەبنەڕەتدا سەرچاوەی نوێژ بۆسەردەمی سۆمەریەکان دەگەڕێتەوە، ئەویش بەشێوەی مەراسیمە. عەرەبستانی سعودیە دژە- عەلمانیەتی زۆرخراپ بەکار هێنا. هەروەها "حزب اللە"ش بەناوی ئایینەوە چەندین تاوانکاری ئەنجامدا. منیش بەجۆرێک لەجۆرەکان وەلام دەدەمەوە "حزب اللە" و هاوشێوەکانی. هەروەها ئیجرائات و لێپرسینەوە، ئیجرائات و کردەوەکانی ئەوروپام روونکردۆتەوە، تەنانەت سەدا ٧٠ی دەمامکی درۆو دەلەسەکانیانم هێناوەتە خوار کەبەناوی یاساو سیاسەتەوە ئەنجامی دەدات. لەبەرگرینامە لەجیاتی تاوتوێکردنی رەفتارو کردەوەکانی یاسا، زیاتر کارو خەباتی ئافراندنیان ئەنجام دەدەم. ئەم بەڵگانە ماتریالی یاسا و حقوقی نوێن. یاساو حقوقێکی نوێ لەدایک دەبێت؛ یاساو حقوقێک روونەدەکەمەوە کەخاوەن رەهەندی ئایینی، میژوویی و گەردوونییە. لەمیانەی ئەو دەقانەوە دەتوانین بەچۆنیەتی پێشکەوتنی یاسا- حقوق بگەین. لەو بڕوایەدام کە سوودبەخش دەبێت. لە هەلومەرجێکدا ئەو بەرگرینامانە دەنووسم کە بەزەحمەتیەوە توانیومە زاکیرەم کۆبکەمەوە. وەک دەزانن سێ ساڵە لێرە بەتەنیام. کەسانێکی دیکە لەوانەیە بۆ سێ رۆژیش بەرگەی هەلومەرجی هاوشێوە نەگرن. لەهەلومەرجێکدا ئەم بەرگرینامانە بەدەست دەنووسم کە تەنانەت دانان و ڕێکخستنی تاکە رستەیەکیش بۆمن زەحمەتە.

بەرگرینامەکانم میتۆدمان پیشان دەدات. سەبارەت بەهەڵوێست بەرامبەر میژوو، هەڵسەنگاندنی میژوو بەئەنجامی زۆر سەرنجڕاکێش گەیشتم. لەبواری میتۆلۆژیەوە لەئاستی دونیادا ئەمانە دەبن بەڕێگە چارەو خودی چارەسەری. هەڵوێستێکی جیاوازتر سەبارەت بەمەسەلەی دەوڵەت پیشاندەدەم. ئەنجامگەلێک هەن کەسەبارەت بەبابەتەکانی پەیوەندی

کۆمەڵایەتی، ژن، ئایین و کۆمەڵگا پێی گەیشتووین. کابرا نزیکەی ٥٠-٦٠ساڵ تۆێژینەوەی ئەنجام داوە، خۆی زیرەکەو زانایە، تەنانەت وەک پرۆفیسۆرێک لێتۆژینەوەی کردووە، بەڵام بەوئەنجامانە ناگات کە من پێی گەیشتووم، وەکو من کێشەکان شیکارو چارەسەر ناکات. چونکە ئەو پراکتیکە نەژیاوە کە من پێیدا تێپەڕیوم. ئەمەشیان زۆر گرنگە. هەروەها هەڵوەستەم لەسەر کێشەی هەڵوێستەکان کرد؛ هەوڵمدا ژیانی ساختەو ژیانی راست، هەروەها ژیانی نەفرەتی و ژیانی پیرۆز روونبکەمەوە. باڵابوونی ئەورووپا لەو خاڵەدایە، ژیانی نەفرینی خۆی رماند و بەم ئاستەی ئێستا گەیشت. بەڵام رۆژهەڵاتی ناوین ئەمەی ئەنجام نەداوە. بەرگرینامەکانم تەنیا بۆ کوردان و تورکەکان نیە، بەڵکو لەهەمانکاتدا شیکارێکن بۆ تەواوی رۆژهەڵاتی ناوین؛ دەمەوێ بەم جۆرە دەرکی پێبکرێت. ئەو بۆچوونانەم لەئاست پێکهاتەی فیکری رۆژهەڵاتی ناوین و ئەورووپا گفتوگۆیەکی مەزن دەئافرێنێت. دەشێ هەر سەرەدێرێک ببێتە بابەتی پەرتووکێک ؛دەکرێ لە رۆژنامە و گۆڤار و مێزگردەکاندا ڕاڤە و شرۆڤە بکرێن. لەمیانەی بیرکردنەوە لەسەر ئەمانە دە ساڵانی داهاتوو ئاوابکرێت. تورکیاش پێویستی بە بەرگرینامەکەیە؛ بەگوێرەی دەرئەنجامەکانی ئەو بەرگرینامەیە سەرلەنوێ خۆی بونیاد دەنێتەوە. تورکیا هەستی بەمە کردووە، بەڵام تێگەیشتنەکەی درێژ دەخایەنێت. تورکیا کولتووری نوێی خۆی دەستنیشان دەکات. هەروەها رێچکە و دەرەتانێکی رزگاربوون پێشکەش بە کەمالیزمیش دەکەم. لەبنەڕەتدا، لەرەگ و ریشەوە بەتەواوەتی دژی کەمالیزم نیە، تۆزێکی تر عەلمانیەتی کەمالیزم ڕوونکراوەتەوە.

تەواوی بەرگرینامەکانم گشتگیر و یەکپارچەیە، یەکتری تەواو دەکەن. بەرگرینامەی یەکەم بەدەستنووس نزیکەی ٧٥٠پەڕەیە، دووەمیشیان ٥٠٠ پەڕە دەبێت. دووەمیان زیاتر سەبارەت بەرەهەندی پراکتیکی و یاسای ئەورووپا دەبێت. پێویستە ئەو کردەوەو ئیجرائاتانەی ئەنجام دەدرێن ناوەڕۆکەکەیان پشت ئەستوور بێت بەو راستیەی کە؛ لەڕێگەی یاساوە

گەلێک چۆن رۆشن دەکرێتەوە، چۆن چۆنی یاسا سەبارەت بەگەلێک پەیڕەو و جێبەجێ دەکرێت؟. ناوو ناتۆرەی لەجۆرەی"تیرۆریست" پرۆپووچ و بێ مانایە. ئەورووپا و تورکیا هەوڵدەدەن کێشەکە لەقڵفی بەرتەسکی "تیرۆریزم"دا قەتیس بکەن. ئەوە پەسند ناکەین. لەسەر بنەمای سێ نەوەوە دەستەواژەکانی یاساو بەرگری رەوام بەرفراوان کرد. کوردان نەخراونەتە ناو چوارچێوەی یاساییەوە. بەرگری رەواو کوردان چ پەیوەندییەکیان بەیەکتریەوە هەیە، واتە مافی یاسایی گەلێک چییە؟ چوارچێوەی یاسایی کامەیە؟ پێویستە شوێنی کوردانیش لەچوارچێوەی یاسادا بدۆزرێتەوە. بۆچی ئەوگەلە جێگای خۆی لەناو یاسادا نابینێتەوە؟ خودی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە دەڵێ: دەستوور دەقێکی دەرەوەی یاسایە. بەرگرینامەکەم چوارچێوەیەکی یاسایی- حقوقی بۆ گەلی کورد دیاردەکات. لەئەورووپاش شەڕێکی سەدساڵەی دژواری یاسا بەڕێوەچوو؛ ئەمەش دیموکراسی ئەورووپا، پەیمانی مافی مرۆڤی ئەورووپا و دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپای لەگەڵ خۆیدا هێناوە.

وەک رەخنەیەکی گشتی دەیڵێم: کەسایەتی نەبێت هیچ شتێک نابێت. یەکێک کەخاوەنی مەعریفەی قوڵ و کەسایەتی نەبێت، نە لەیاسا تێدەگات، نە لەچاکە، نە لە عەشق، نە لەجوانی، نە لە سیاسەت و نەکولتوور، لەهیچ یەکێک لەمانە تێناگات. ئەمەش بە"کەسایەتی نەفرین" ناودەبەم. یاسا- حقوق لەناسکترین سیاسەتیش ناسکترە، سیاسەتێکی چڕترە کە ستراتیژە بووە.

لەدادگاکەی ئیمڕالی بەرگرینامەکەم لەپێناو ئاشتی بوو. ئەگەری هەیە بەرگرینامە نوێیەکەم یاسایەکی نوێ بێنێتە ئاراوە، دەشێ کۆمەکێکی پێشکەش بکات. ناکرێت لەژێر ناوی تیرۆریزمەوە یاسا و حقوق پێشێل بکرێت. پێویستە دادگایەکی راست و تەندروست لە دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا بەڕێوەبچێت. ئەگەر خوازیارن یاسای گەلێک بئافرێنن، ئەوا پێویستە یاسا بۆ گەل، یاسا بۆتاک، بەیەکەوە بەشێوەیەکی تێکەڵ پێشەنگایەتی بۆ ئەو هەوڵە بکەن. پرۆژەی بەمجۆرە پێشبخرێت، ئەوا رۆشنگەری سەرسوڕهێنەری یاسایی لەدایک دەبێت. بواری یاسایی دەشێ

نیوەی بوویەر و مەسەلەکە چارەسەر بکات. دووسالّە ململانێیەکی زۆر سەبارەت بەو بابەتە ئەنجام دەدەم. ئەگەر سیاسەت و یاسا مێشکی خۆیان بکەنەوە، ئەوا گەلیش چاوی دەکرێتەوە.

سەبارەت بە ئایین ئەو خالّانەی سەبارەت بە مزگەوتەکان نوسیوومن لەوانەیە بەهەلّە لێی تێبگەن، یان بە مەبەست لاڕێ بکرێت. ئەمەیە کە ویستوومە ئاماژەی پێبکەم: دەکرێت و دەشێ لە مزگەوتەکان فێری یاسا، مافی مرۆڤ و فەلسەفە ببین. چونکە لەلایەنێکەوە ئایین بۆخۆی یەکەمین یاسایە. ریفۆرمی سیاسی و یاسایی سەبارەت بە بابەتی ئایین پێویستە. خۆی لەخۆیدا ریفۆرم سەبارەت بە ئایین پەرە دەسەنێت. ئەو بەڵگانە گرنگن. بۆئەوەی چەشتنی ئەو هەموو ئێش و ئازارانە بەفیڕۆ نەچێت مسۆگەر پێویستە وانەی لێوەربگرین، ئەمە زۆر پێویستە.

بەشێکی بەرگرینامەکەم ماوە، دەمەوێ ئەویشیان پێشکەش بەدادگا بکەم. بێگومان لەو نامەی لەسەرەتای دەستپێکردنی دادگاکە بۆیانم نووسیبوو کە خوازیارم بەشەکەی تریشیان پێشکەش بکەم. ٥٠ لاپەڕەیەکی بەشی دووەمم نووسی، ٥٠٠-٦٠٠ لاپەڕەیەکی دیکەش دەنووسم. بەشێوەیەکی بەرفراوان و سەرنجڕاکێش پیلانگێڕی سەدەی بیستەم رووون دەکەمەوە، ئەو گەمەو لەیستۆکانە دەخەمە روو کە هەوڵی ئەنجامدانی دەدەن. لەقورسکردنی کێشەدا رۆڵی ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا دەخەمەڕوو، هەروەها چۆنیەتی کۆمەکەکانیان لەچارەسەرکردنی کێشەکە لەرۆژی ئەمرۆماندا کۆدەکەمەوە. هەروەها ناسنامەی خۆشم دەخەمە روو، بەشێوەیەکی بەرچاویش چوارچێوەی مێژووی کوردان دەستنیشان دەکەم. ئەمەش لای کوردان رێگا لەپێش کرانەوەیەکی مەزن دەکاتەوە. کۆمەکێک دەبێت بۆ دونیای رۆحی و زهنیتان، لەزهن و هزرتاندا رێگا لەپێش شۆڕشێک دەکاتەوە. هەروەها وەلامێکی باشە بۆ چاوەڕوانیەکانی هەڤالّانیش. دڵنیام کە هێزێکی مەعنەوی گەورە بە مرۆڤ دەبەخشێت. تەواوبوونی ئەو کارە تۆزێک منی ئاسودە کرد، هەڵەی گەورە رێگەی

لێگیرا. دەرگای هونەر و ئاشتی دەکرێتەوە. تەنانەت ئەگەر شەڕیش بەردەوام بێت، لەو بڕوایەدام کە زۆر جیاوازتر دەبێت.

بەرگرینامەکەی تایبەت بەئورفا بەرهەمێکی جوانی لێدەرکەوت. بەقوولی پێغەمبەرایەتی و راستینەی مێژوویی ئورفام روون کردۆتەوە. هەوڵمداوە بەشێوەیەکی بەرچاو و بەهێز باسی ئایینە ئیبراهیمیەکان و راستینەی عیبرانیەکان بکەم. هەوڵدەدەین کولتووری ئیبراهیمی پەرە پێ بدەین. پرۆسە و قۆناخی پیلانگێڕی نێودەوڵەتی، بەو پرۆسە و قۆناخە دەچێت کە حەزرەتی ئیبراهیم تیایدا ژیاوە. تورکیا کرا بە کۆگایەکی زەبەلاحی داری وشک، منیش بەمەنجەنیق(فڕۆکە) فڕێدرامە ئەوێ. نەک تەنیا من، بەڵکو لەکەسایەتی منداکوردان و گەلانیان فڕێدایە ناو ئاگرەکەوە؛ وێستیان لەئاگری شەڕێکدا بمان سووتێنن کە کۆتایی نایەت و بەمردنی دەیان هەزار مرۆڤ ئەنجامگیر دەبێت. لێرە لەڕێگای هەوڵەکانی ئاشتی وڕێگەچارەی دیموکراتیەوە ئامانجم گۆڕینی ئەو ئاگرەیە بۆ ئاو. ئەگەر بتوانین ئاشتی بەدیبێنین، ئەوا ئەفسانەی حەزرەتی ئیبراهیم، واتە ئەفسانەی گۆلی ماسیدار دەبێتە راستیەکی بەرجەستە.

دەشێ هاوشێوەی گۆلی ماسیدار ئۆتۆپیایەکی ئاشتیش بەدیبێت. لەم پێناوەشدا پێویستە هەر لەئێستاوە ئامادەکاری بۆ ئەکادیمیای هونەر و ئاشتی بکرێت. ئەو شوێنەی نێوان گۆلی ماسیدار و قەڵا لەئورفا جێگایەکی گونجاوە، دەکرێت بیخەنە پلانەوە و ڕێکاری پێویست بگرنە بەر. لەوچوارچێوەدا دەکرێ ئەکادیمیایەکی هونەر و ئاشتی ئاوابکرێ. لەئێستاوە ئامادەکاری بۆ دەکرێ، دەساڵ یاخود پەنجا ساڵی دیکە ئەنجام دەدرێت. هەوڵەکانی لەپێناو ئاشتی و ڕێگەچارەی دیموکراتیانە، وەک چۆن دەیەوێ ئاگر بگۆڕێ و بیکات بە ئاو، بەو ئامانجەیە کە بوویەری شەڕ بۆ ئاشتی وەچەرخێنێت. هونەر و ئاشتی شێوێنێکی بەرچاو و دیاری لەسەر ئەم خاکانە هەیە. ئەگەر لەداهاتوودا دەرفەتم هەبێت سەبارەت بەهونەریش دەکرێ شتگەلێکی وێژەیی بنووسم.

لەرۆژانی رابردوو سەیری رۆژنامەیەکم کرد، وابزانم ماڵباتێکی خەڵکی ئورفابوو کە سێ- چوار منداڵیان هەبوو، ئەو منداڵانەیان ریزکردبوو. بچووکترینیان زۆرکاریگەری تێکردم. هێندەی بابەتی رۆمانێک بەکاریگەر بوو. سەمبوڵی تەواوی منداڵان بوو. هەروەها رووداوی لەخاچدان، رەوشی من و راستینەی مانی گرنگە. دەکرێ فیلم یان کلیپی ئەوانەش ئامادە بکرێ. دەکرێت کوێستان و زۆزانەکانی ئورفا-ماردین وەک پلاتفۆرمێکی باشی بەرهەمهێنانی فیلم بەکار بهێنرێ.

بنەچەی ناوی ئورفا(ئورها) لەئورەوە هاتووە. کۆلۆنیەکە ساڵانی ٢٠٠٠ پ.ز لەلایەن سۆمەریەکانەوە ئاواکراوە. حەزرەتی ئیبراهیم بەکۆلۆنیگەرایی سۆمەر کاریگەر دەبێت. ئەگەر لێتوێژینەوە سەبارەت بەسروج (پەرسوس)بکەن ئەو نەریتە دەبینن. بەرگرینامەی "لەدەوڵەتی کاهینی سۆمەرەوە بەرەو شارستانێتی دیموکراتی" و پاشکۆکەی بخوێننەوە کە بەرگرینامەیەکی تایبەت بەئورفایە. ئەوە بکەن بە بەرهەم و شاکاری وێژەیی، چیرۆکی ژیانتان لەوێدا دەبینەوە. دەکرێ وەڵامی پرسیاری چۆن بژین بدۆزنەوە. ئەو بتگەرایەیی ئێستا لە ئورفا لەئارادایە هەزار ساڵ لەدواوەی بتگەراییەکانی سۆمەریەکانە. هەربۆیە گوتبووم پێویستە ئورفا شیکار بکرێت. سیستەمی فیرعەونی میسر و سیستەمی کاهینی سۆمەر لەئاراداان، لەتەنیشت ئەمانەوە ئورفاش لایەک پێکدێنێت. بەهەردووکیشیان کاریگەر دەبێت. لەبنەڕەتدا ئورفا ناوەندێکی نێولۆتیکە. شۆڕشی نێولۆتیک لەسەردەمی نێوان ١٥٠٠٠-١٠٠٠٠ پێش زایین لەئورفا روودەدات. تائێستاش چەندین تەپۆلکەو گردی مەزن لەئورفا هەن کە بەچاو دەبینرێن. گوندی سێ و چوار نهۆمین. ئورفا کە نێولۆتیک تێیدا سەریهەڵداوە، ناوەندی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریە. لەدەڤەری ئادیامان و مادەن پش کانزاگەرایی سەرهەڵدەدات. سۆمەریەکان دین و کانزا لێرەوە دەبەن. ئەمانە نەبن زەحمەتە سۆمەر و میسر پەرە بسەنن. کولتووری حەزرەتی ئیبراهیم بەو کولتوورە کاریگەر دەبێت و پەرەدەسەنێت. وەک چۆن ئێمە ئەمرۆ لەژێر کاریگەری ئەوروپاوە تێکۆشانی دیموکراسی ئەنجامدەدەین، ئەوەی

حەزرەتی ئیبراهیم یش بەمجۆرەیە، بزاڤی ئیبراهیمی تێکەڵەیەکی نیۆلۆتیک و شارستانیەتی سۆمەر و میسرە.

عیبرانیەکان هەم باش لە ئور تێدەگەن هەم زۆر باش لەمیسر فێردەبن. هێزەکەیان لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. سێسەد ساڵ لەمیسر دەمێننەوە. هەروەها هێزی هۆزی ئیسرائیل یش لێرەوە دێت. بەمجۆرە یاهۆوا دادەهێنن، واتە خوداوەندی میللیگەرایی خۆیان دەئافرێنن. یەهودیەت بەمجۆرە سەرهەڵدەدات و پەرەدەسەنێ. حەزرەتی موسا هەنگاوێک، حەزرەتی عیساش هەنگاوێکی دیکە دەهاوێژێت. حەزرەتی محەمەدیش ڤێرسۆن(فێرژن)ی سێیەمی هەرسێ ئایینە تاکخوداییەکەیە. ئەوەی حەزرەتی محەمەد ئەنجامیداوە، پێکهێنانی سێیەمین ڤێرسۆنی ئەو شتانەیە کە کاهینەکانی سۆمەر دایانهێناوە. یەکەمیان حەزەرەتی ئیبراهیمە. ئیبراهیم باپیرەی ئەوانەیە، خەرمانکردنی کولتووری ئاریانی و سامی یە. حەزرەتی عیسا قوولترە، لایەنە مرۆییەکانی لەپێشترە. حەزرەتی موسا دەیەوێت پەرە بە میللیگەرایی یەهودی بدات، بەڵام دیسان یش گرنگە. حەزرەتی محەمەدیش نموونەی بەرایی میللیگەرایی عەرەبە. ئیسلامیەت ئایینی بازرگانانە.

لەبوویەری حەزرەتی محەمەد دا پێویستە خەدیجە گرنگتر ببینرێ. حەزرەتی محەمەد هەژارە، هەرچی خەدیجەیە دەوڵەمەندو پارەدارە. بەڵام لەبەرئەوەی لەو قۆناخە ژنان لەبواری ئابووری و کۆمەڵایەتی بەدەر دەنران، وەک ژنێک خۆی ناتوانێت چالاک و خاوەن ئامادەیی بێت. هەوڵدەدات ئەو لاوازیەی لەڕێگای پیاوێکەوە تێپەڕبکات، واتە لەڕێگەی حەزرەتی محەمەدەوە هەوڵی دەربازکردنی ئەو لاوازیەی دەدات، پێویستی بەو حاڵەتە هەیە. گەورەیی خەدیجە لیرەدایە لەراستیدا ئەوەی محەمەدی کردووە بەمحەمەد خەدیجەیە. کاتێ لەگەڵ خەدیجە بەیەکەوە دەژین، حەزرەتی محەمەد پەیوەندی لەگەڵ ژنانی دیکە نییە. پەیوەندیەکانی لەگەڵ ژنان دوای کۆچی دوایی خەدیجە دەست پێدەکات. حەزرەتی محەمەدیش بەردەوام باس لەو کاریگەریانە دەکات کە خەدیجە لەسەری هەیبووە،

لەبنەڕەتدا خەدیجە ئەوی ئافراندووە. چونکە خەدیجە لەهەلومەرجەکانی قوڕەیشدا بێ هێزە، لەڕێگای حەزرەتی محەمەدەوە کۆتایی بەو بێ هێزی و لاوازیەی خۆی دێنێت. لەم سۆنگەیەوە؛ گوتبووم ئەمانە بکەنە بەرهەمی وێژەیی. پێویستە ئایین بکرێت بەئەدەب و وێژە.

لەناوەڕۆکی فەلسەفەی زەردەشتیدا بەرخودانێک جێگای باسە لەبەرامبەر چەمکی بەندایەتی و کۆیلەداری سامی-سامیەکان. ئەگەر شتێکی تۆزێک ئەرێنی لەماڵباتەکانماندا هەبێت، ئەویش لەنەریتی زەردەشتیدایە. نیچە لەپەرتووکی "وەهای فەرموو زەردەشت"دا زەردەشت وەک یەکەمین نوێنەری ئیرادەی ئازاد دەبینێ. زەردەشت یەکەمین رابوون و یاخیبوونە بەرامبەر بە رۆحی کۆیلەداری- دەرەبەگایەتی. پێوستە بەباشی مێژووی ئایینەکان شیکاربکەین، بەباشی رۆحی ئایینەکان بخوێنینەوە. چەندین دیالۆگی پێشتر سەبارەت بەو بابەتە ئەنجاممداون بەشێک یان پارچەیەکی ئەو بەرگرینامەیە.

هەروەکو باسم کرد موسڵمانێتی سێیەمین ڤێرسیۆنێتی. دوای دەرکەوتنی کاهینەکانی سۆمەر، رەستۆرەکردنی میتۆلۆژیای سۆمەری لەلایەن حەزرەتی ئیبراهیمەوە کە بەشێوەی زانیاری نیوەچڵ لەکاهینەکانی سۆمەری وەرگرتبوو، ڤێرسیۆنی یەکەمە، حەزرەتی عیسا ڤێرسیۆنی دووەمیەتی، حەزرەتی محەمەدیش لەمیانەی رەچاوکردنی بەرژەوەندی چینی بازرگان ڤێرسیۆنی سێیەمی پێکهێناوە. پەرتووکی نووسەرێکی فەرەنسی لەبارەی "مێژووی ئایینەکان" دەخوێنمەوە، ئەویش بەهەمان ئەو ئەنجامانە گەیشتووە کەمن پێی گەیشتووم. بەڵام ئەوەی من تۆزێک لەپێشترە. سەبارەت بەحەزرەتی عیسا دەڵێ: "یەکەمین گەورە پارتی گەلان" سەبارەت بەموسڵمانێتی یش دەڵێ: "ئایینی چینی ناوین و بازرگان" ە. هەروەها حەزرەتی محەمەد سوودی لە هەندێک پەرەسەندنەکانی شارستانیەت یش بینیوە. سوودی لەفەلسەفەی یۆنانی و میتۆلۆژیای سۆمەری بینیوە، سەنتێزی ئەمانەی دروست کردووە. یەهودی و ئیسلام سەرچاوەکەیان کولتووری سامی یە. حەزرەتی ئیبراهیم بەکولتووری

ئاریان یش کاریگەر دەبێت. ئەوەی سەیرو سەرنجڕاکێشترە، پەیوەندی ئورفایە لەگەڵ کولتووری ئاریان. لەپێناو ناسینی خۆتان پێویستە ئەمانە بزانن. بۆ تێگەیشتنی تورکیا و ڕۆژهەلاتی ناوین پێویستە ئەمانە بزانن. پەیوەندی دیالەکتیکی میژوویی لەنێوان ئەنادۆل و میزۆپۆتامیا لەئارادایە. لەسەردەمی هیتیتەکان(حیسیەکان)وە تا ڕۆژی ئەمڕۆمان پەیوەندیەکی دیالەکتیکی لەنێوان میزۆپۆتامیاو ئەنادۆلدا هەیە. هۆریەکان(حۆریەکان – خوریەکان) هیتیتیەکان دەئافرێنن، لەماوەی نێوان ٢٠٠٠ پ.ز ٢٠٠٠ زایینی پەیوەندیەکی چوارهەزار ساڵی جێگای باسە. لەبواری زمانەوە پەیوەندی خزمایەتی لەنێوان هۆریەکان و هیتیتەکان هەیە و بەبنەچە ئاریانی یە. یەکدەگرن، بەیەکەوە هێرش دەبەنە سەر بابلیەکان و دەست بەسەر بابلدا دەگرن، نەینەوا دەسووتێنن و یەهودیەکان ئازاد دەکەن.

لەپەرتووکی "لەدەوڵەتی کاهینی سۆمەرەوە بەرەو شارستانێتی دیموکراتی" کە چوارچێوەی گشتی بەرگرینامەی تایبەت بەئورفاش پێکدێنێت، چۆنیەتی کۆیلەکردنی ژنیشم ڕوون کردۆتەوە. ستار، نینهورساک و ئینانا، دواتریش کە بووە بە عەشتار نوێنەرایەتی ئەو ژنە ئازادە دەکات کە لەزاگرۆس و دەڤەرە شاخاویەکانەوە هاتووە. ململانێ و شەڕیان لەگەڵ خوداوەندەکانی کاهینی سۆمەردا هەیە. ئینانا بە "سەرۆکی سۆزانیەکان" ناودەبەن. ئەمە ڕاست نییە. بەپێچەوانەوە لەسەردەمی سۆمەریشدا ئینانا هێشتا پارێزگاری لەهێزی خۆی دەکات. فەرامۆشکردن و بەلاوەنانی ژن بەتەواوەتی لەسەردەمی بابل ڕووەدات، ئەویش بە پارچە پارچەکردنی تیامات لەلایەن ماردۆکەوە سەمبۆلیزەکراوە. بەڵام یەکەم سۆزانیخانە موساقەتین ی پێدەڵێن کە لە نیپور(نفر)دەکرێتەوە. کولتووری هۆلیوود سەرچاوەی خۆی لەمەوە وەردەگرێت. هەروەها ڕۆمانی ئینانا ش باش نووسراوە. بەڵام ئێمە باشتر تێگەیشتووین، لەڕووکەشدا وەک ململانێ و شەڕی نێوان خوداوەندە ژن و خوداوەندی پیاودا دەبینرێت، بەڵام ناوەڕۆک سەمبۆلی تێکۆشانە بەرامبەر کۆیلەداری، دەسەڵاتداریێتی چین و بالادەستی پیاوسالاری. لەو ململانێیەدا دەرکەوتنە پێشەوەی پیاوە

خوداوەندەکان و زەقبوونەوەیان مانای دەستپێکردنی قۆناخ و پرۆسەی بەکۆیلەکردنی ژنە. لەو پرۆسەیەدا سەرەتا ژن دەکرێت بەکۆیلە، دواتریش کۆمەڵگا. بۆئەوەی ئەمە دەرخواردی کۆمەڵگا بدەن و ناچاری پەسندکردنی بکەن زەقورەکان(زیگوراتەکان) ئاوادەکرێن. هەروەکو چۆن ئەمڕۆ لەڕێگای زانکۆکانەوە مێشکی خەڵک دەشۆرێتەوە، لەوەش زیاتر ئەوکاتە لەڕێگای زەقورەکانەوە ئەنجامدەدرا. یەکەمین ئەکادیمیای ئەدەبی لەنیپور بەناوی ئەدوبا دەکرێتەوە. ئەمەش لەسەر بنەمای چینی دەسەڵاتدار دەکرێتەوە. کۆمەڵگای نیۆلۆتیک لەجوگرافیای ئەمڕۆی کوردستان پێکدێ کە بەهیلالی بەپیت ناودەبرێت. ئەنکی خوداوەندە پیاوەکەی سۆمەریەکان نیمچە دانایەکە، تەواو ستەمکار نیە، نوێنەرایەتی باپیرەی نیمچە دامەزرێنەر دەکات.

ناوەکانی نینە، نەنە و ئەنە سەرچاوەی خۆی لە نینهورساک و ئینانا وەردەگرێت. دەرفەتم هەبوایە دەمویست سەبارەت بە "چی بەسەر خوداوەندە ژن هات؟" بنووسم. ئەوەی کولتووری خاکی ئافراندووە ژنە. ژن هێزێکی نائاساییە. ئەمەیە هۆکاری بەهێزی کولتووری دایک. بێگومان نووسینی رۆمانی کاهینەکانی سۆمەر سەیرو سەرنجڕاکێش دەبێت. هەرسێ پەرتووکە پیرۆزەکەی رۆژی ئەمڕۆشمان لاساییەکی خراپ یاخود ڤێرسیۆنێکی میتۆلۆژیای سۆمەرە، پێویستە ئەمە زۆر باش شیکار بکرێت. لەنزیکەوە پەیوەندی بەئێمەوە هەیە. علمیە چغ(سۆمەرۆلۆژێکی تورکە)یش لەنووسینەکانی هەرسێ ئایین بۆ میتۆلۆژیای سۆمەر دەگەڕێنێتەوە، بەڵام زۆر لێی تێنەگەشتبوە. ئەوشتانەی سەبارەت بەبابەتی کاریگەری سۆمەریەکان لەسەر هەرسێ ئایینەکە نووسیویەتی شتگەلێکی راستن. بەڵام ئێمە باشتر میتۆلۆژیای سۆمەرمان شیکارکردووە. هەرچی خوداوەندەکانی یۆنانە کە دواترین ڤێرسیۆنی سۆمەریەکانە، زۆرساختەترن.

ئەوەی میتۆلۆژیا نەزانێ و نەیناسێ نە فەلسەفە، نە ئایین، نە سیاسەت هیچ یەکێکیان نازانێ. ئەو شوێنەی زمانی میتۆلۆژیای تێدا گۆڕدراوە بۆ زمانی ئایین دیسان ئورفایە. قودس و مەککە دوای ئەوێن. ئەگەر

سۆسیالیزم بێت و هەبێت، لەسەر ماتریالیزمی ئۆریانتالیستی (رۆژهەلاتناسی) رۆژئاوا بەدینایەت، بەڵکو پێویستە لەناواخنی ئیسلام بەدوای سۆسیالیزمدا بگەڕێین. ئەگەر نموونەکانی لەجۆری بابا ئیسحاق لێتوێژینەوەیان لەبارەوە بکرێت ئەوکاتە دەبینرێت کە ئەوانە هەموویان پەیوەست بە سۆسیالیزمەوەن. نموونەیەکی مەگناکارتایە. ئەگەر مێژووی ئیسلام و مێژووی پێشووتریش بە سۆسیالیستی(کۆمەلایەتیبوون) نەکرێت، سەرکەوتوونابین. ئەڵبەت سۆسیالیزمیش لەرۆژهەلاتی ناوینە. قەدی سەرەکی ئیسلام کۆمەلگابوون یان کۆمەلایەتیبوونە. ئەو ئەوروپایەی لاسایی دەکەنەوە مێژووەکەی تەنیا هەزارسالە و ریشەکەشی رۆژهەلاتی ناوینە. کاتێک هەوڵی تێکشکاندنی ئەو چەمکە دەدەم کە نکوڵی لەمێژووەکەمان دەکات، تێ ناگەن. کەچی کەسانێکی وەک ئەردۆغان و ئەکەپەش لەمیانەی بەکارهێنانی ئەو مێژووەوە دەسەلاتی خۆیان جێگیرکردووە.

دەمەوێ ئەوە بڵێم: گەوهەری پێنج هەزار ساڵەی سۆسیالیزم لەلای ئێمەیە. لەمیانەی لاساییکردنەوەی ئەوروپا نە دەتوانن بەرەو سۆسیالیزم بڕۆن، نە ژنیش ئازاد دەبێ. کاتێک ئەو دۆخە دەبینم کەژنە ئێزیدیەکان تێیدا دەژین زۆر پەست و خەمگین دەبم. ئەوەی لەداستانی دەرویشی عەبدیدا باسکراوە ئێستا هەمان شێوە لەئارادایە و ژیانداری دەکرێت، هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، هێژای لێکۆڵینەوەو لێتوێژینەوەیە. نازانم لافیتەکەی گردبوونەوەکەی ئامەدتان بینی یان نا؟ بەڕاستی واتادار بوو. دۆخی ئێمەش هەر ئەوەیە. ئێمەش نیمچە مردوویەکین یان برینداترین، عەشقەکەشمان بەهایەکی نییە.

بەبڕوای من بەرگرینامەکان زۆر ئافرێنەرن، زۆر نوێن. پەرسپەکتیڤەکانی رۆژهەلاتی ناوین پێشکەش دەکەم. ئەمەش لەرۆژهەلاتی ناوین رێگا لەپێش شۆڕشێکی نوێی زهنیەت دەکاتەوە. دەستەواژەو تێزی نوێی فیکری پێشدەخەم. دواتر دەرکی پێدەکرێت کە چەندە جیاوازە. وەک شاکاری بنەڕەتی چەندەی بڵێی خاوەن بانگەشەیەو ئافرێنەرە. چەندین

بابەت هەن کە زەن رۆشن دەکەنەوە. تەواو رەوشی رۆژهەلاتی ناوین پیشاندەدات. بەشێوەیەکی بابەتی رەوشی رەسەن و تایبەتی رۆژهەلاتی ناوینم خستەڕوو. شارستانیەتەکانی روسیا، چین، ئەمریکای لاتین و ئەفریقیام بەجیا تاوتوێ کرد. بەڵام رۆژهەلاتی ناوین تایبەتبوونی خۆی هەیە. گرێکوێرەیەک لەرۆژهەلاتی ناوین جێگای باسە، هەوڵی شیکارکردن و چارەسەرکردنی دەدەم. شیکارکردنی رۆژهەلاتی ناوین بەمانای شیکارکردنی مرۆڤایەتی یە. ئایین و عەلمانیەت بەباشی ئەنالیزکراون. لە راستیدا ئەو بوویەر و گۆڕانکاریانەی دواییش جارێکی دیکە پیشانی داوین کە رۆژهەلاتی ناوین دەڤەرێکی چەندە بەکێشەیە. دوای هێرشەکەی ١١ی ئەیلول لەبەرچاوانە کەهەرکەس چەندە پەشێوەو حەپەساوە. وەک دەزانن بەر لەروودانی ئەو بوویەرانە من نوسیبووم، وەک بڵیی پێشتر پێشبینی هەندێک شتم کردووە. هەر بۆیەش گرنگی زۆری پێدەدەم. باسی ئیسلام و تیرۆر دەکەن، باسی تیرۆری ئیسلامی دەکەن. ئەورووپا ناتوانێ ئەمانە شیکار و چارەسەر بکات، ئەمریکا خۆشی حەپەساوە. سەبارەت بەپرسی عەلمانیەت تورکیاش بەهەڵەداچوو. تەنانەت ئەو هەنگاوانەش لەبیرکران کە مستەفا کەمال هاوێشتبوونی.

مێژووی پازدە هەزار ساڵەی رۆژهەلاتی ناوینم شیکارکرد. لە بەرگرینامەکاندا بەگرنگی و بایەخێکی زۆرەوە سەبارەت بە بابەتەکانی زهنیەت، مێژوو، سۆسیالیزم، ئایدیۆلۆژیا، پۆلەتیکا، دیموکراسی، ژن و مافەکانی مرۆڤ هەڵوێستەکانی خۆم دەخەمە ڕوو. لەبەرگرینامەکاندا تۆزێک راستینەی ژنیش تاوتوێ کراوە. دەکرێ ژنان خۆیان تێدا بدۆزنەوە. دەزانم کە خرۆشاون و هەژاون. هەم لەبواری چینایەتی هەم وەک رەگەز باسی داڕووخانی پێنج هەزار ساڵەی ژن دەکرێت. پەرتووکێکی کلاسیکە کەهەم لایەنی ئەدەبی هەم لایەنی سیاسی هەیە. ساڵانێکی درێژیشی بەسەردا تێپەڕیێت، بەڵام دیسان هیچ لەگرنگی و بەهاکەی لەدەست نادات. جێ بەجێ باسگەڵێکی داستانیشی تێدایە. بەڵێ گرێکوێرەی رۆژهەلاتی ناوین شیکاردەکەم. دەشێ بەرگرینامەکان بۆهەرکەسێک زۆر فێرکەر و

وانەبەخش بێت. پەرتووکێکە دەکرێت وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی سوودی لێ ببینرێ. با پرۆفیسۆر و ئەکادیمیەکان بیخوێننەوە، چل هێندەی ئەوانەی تر لێی سوودمەند دەبن. هەریەکە و وەک گەنجینەیەکن. من خۆشم سەرسامم لە هەلومەرجی ئێرە (زیندانی ئیمرالی) چۆن توانیوومە ئەوانە بنووسم.

ئەولایەنانەی پێویستە وەک جەژن پێشوازی لێوەبکرێ، ئەوەیانە کە رێگا لەپێش شۆڕشی زهنیەت دەکاتەوە. بەسەرە زمانەوە مەڵێن شۆڕشی زهنیەت و دەربازی مەکەن. ژیانی راستەقینە بەو رادەیە کە چەندە خۆتت شیکارکردووە و بوونیادت ناوە. ئەمە لەلای سپێنۆزاش هەیە. لەمیانەی بەئامانجکردنی جووت تاوەرەکە ئازاد نابن، با مەزەندەی خۆ بوونیادنان نەکەن. بەمجۆرە ناتوانێ ئازادی بەدی بێنێت. پرسەکە لەڕێگای بۆمب و تەقینەوە چارەسەر ناکرێت. پێویستی بەتەقینەوەی هزری هەیە. لەڕێگای پێشخستنی میشک لەبواری فیکریەوە دەتوانێ گەورەترین تۆڵە بکاتەوە. هەر ئەمەش بۆ مرۆڤی رۆژهەڵاتی ناوین پێویستە. لەوبارەیەوە بەرگرینامەکانم کۆمەکێکی مەزن پێشکەش دەکات.

لەدوا بەشدا رەوشی شەخسی خۆم رووندکردۆتەوە: "لەکڵانی ئاپۆوە بەرەو بە گەلبوون" زۆر قوڵەو هەرکەسێک دەتوانێ راستی و هەنگاونانی خۆی بدۆزیتەوە. هەوڵی تێگەیشتنی کەسایەتی ئورفا بدەن. بەبێ شیکارکردن و ناسینی ئاپۆ ناتوانن هەنگاو بنێن و مەودا ببڕن. تەنانەت کاتێک منداڵیش بووم شێوازی شەڕی دایکم مەحکوم کرد. هەر لەمنداڵیەوە شێوازی شەرڤانێتی ناموسپەرستی و شێوازی شەرڤانێتی گوندم تێکشکاندو فرێمدا. پەیوەندیم لەگەڵ منداڵانی ئەو ماڵباتانە پێشخست کە بەپێی دابونەریتی ئەو سەردەمە دەبوایە یەکتری بکوژین. کچێکی هاوتەمەنم بەناوی ئەلیف هەبوو بە پێی دابونەریت دوژمنمان بوو، دەبوایە یەکتری نەبینین. بەڵام من پەیوەندی خۆمم لەگەڵ ئەلیف و حەسەن نەپچراندن. حەسەن بیندڵ بەردەوام نزیکترین هاوڕێم بوو. بەگوێرەی ئەو دابونەریتەی پەیڕەوکردنیم پەسند نەکرد، دەبوایە من هەر لەتەمەنی پانزدە

سالیەوە نەمێنم. بەڵام من دەمویست بژیم، بانگەشەو خەون و خەیاڵەکانم بەدی بێنم. لەوبارەیەوە داسەپاندنەکانی ماڵباتم پەسند نەکرد، چەمکی ئەوانم بۆناموس تێکشکاند و فڕێمدا.

لەراستیدا بەرگرینامە تایبەتەکەم سەبارەت بە ئورفا چوارچێوە گشتی و بەرفراوانەکەی لەبەرگرینامە دوو بەرگیەکەدا (لەدەوڵەتی کاهینی سۆمەرەوە بەرەو شارستانێتی دیموکراتی) بەباشی پێشکەش کراوە. بەڵام دیسان دەروازەیەکی بەرجەستەی تایبەت بە ئورفا وەک شیکارێکی کورت و پوخت پێشکەش کراوە. نموونەیەکی بچووکی بەرگرینامە سەرەکیەکەیە. لەدووەمین ژمارەی ئەرکۆ ئەتڵەس(ئەتڵەسی ئاسەوارناسی) کۆتا سەردەمی کالکۆلیتیک تاوتوێ دەکرێت. ژمارەی یەکەمی ئەو گۆڤارە یەکەمین سەردەمی کالکۆلیتیکی تاوتوێ کردبوو. وتارێک لەژێر ناوی شۆڕشی ئەرکۆلۆژی بڵاوکراوەتەوە، دواترین پەرەسەندنە ئارکۆلۆژیەکانی ئورفا تاوتوێ دەکات. پەرتووک و نووسینگەلێک هەن کەسەبارەت بەقۆناخی مێزووی کۆن، قۆناخی هیتیتەکان(حیسیەکان)، هۆریەکان، ئۆرارتوو و لووییەکان شیکار و نووسینی شوێنەوارناسی لەخۆوە دەگرێت. مەهفی یەڵماز رۆمانێکی بەناوی "نەفرینی ئەنیتا" هەیە. دواترین دۆزینەوەو پێدراوە شوێنەوارناسیەکان رایەڵەی نێوان هۆریەکان و هیتیتەکان دەخاتە روو. ئەمە وەک تێزێک پێشدەخەم. تەنانەت ئەکرەم ئاک کورگال(نووسەر و لێکۆڵەرێکی تورکە)یش ناتوانێ ئەمە شیکار و چارەسەر بکات. ئەم دۆخە سەرچاوەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەژێر کاریگەری هزری مێژووی فەرمیدایە. لەوانەیە هیتیتەکان لقێکی هۆریەکان بن کە بۆ ئەنادۆل دڕێژ بۆتەوە. ئێمەش دامەزراوەی مێژووییمان هەیە، دەتوانێ لێتوێژیەوە لەو بارەیەوە بکات و سەبارەت بەو بابەتە قاڵ بێتەوە. لەچاخە یەکەمینەکانەوە تا رۆژی ئەمڕۆمان مێژووی کورد مێژوونێکی دەوڵەمەندە، تا کۆشکەکانی میسر و هیتیتەکان درێژ دەبێتەوە، بە میسر، هیتیتەکان، میتانی و هۆریەکان بەردەوام دەبێت. سەری کانی(واشۆکانی) پایتەختی هۆریەکان شوێنێکە بەرامبەر جەیڵان پناری رۆژی ئەمڕۆ. چەندین نووسین لەوێ

دۆزراونەتەوە. مێژوونووسە تورکەکان گرنگی پێنادەن. ئەو سەردەمە بەر لە قۆناخی ئۆرارتوویيەکانە. شۆڕشێکی شوێنەوارناسی (ئیکۆلۆژی) لەئورفا رووەدات. لەسێگۆشەی ئورفا – ئادیامان – دیاربەکر مێژوویەکی دەوڵەمەند خەوتووەو لەژێر خاکە. چەندین هێماو پێدراو پیشانمان دەدەن کە چاخی نیۆلۆتیک لەو دەڤەرانە سەریهەڵداوە. ئەلازخیش دەکەوێتە ناو ئەمانەوە. چەندە لێکۆڵینەوەو خەبات سەبارەت بەمانە هەبێت پێویستە بخوێندرێتەوە. پەرتووکەکەی سەڤگی ئاکتۆرە(نووسەر و لێتوێژەرێکی تورکە) کە بەناوی "شارەکانی سەردەمی مس لەئەنادۆل" نووسیویەتی کۆکردنەوەیەکە سەبارەت بەم بابەتە. سەبارەت بەسەردەمەکانی مس و ئاسن لەئەنادۆل پەرتووکی نووسراو هەن. ئورفا و کەنارەکانی رووباری فورات پێشەنگایەتی بۆ ئەم شارانە دەکەن، وەک مەزەندە دەکرێت ئەوە شتێکی بچووک نییە، شان بەشانی نیۆلۆتیک شوێنپەنجە و ئاسەوارەکانی شۆڕشی شار لەئارادایە. قۆناخی مێژوویی گرنگن. لەتورکیا پەیوەندیەکی ئەوتۆ سەبارەت بەو بابەتە پیشان نادرێت. پێویستە ئەم کاروخەبانە پێشبخرێت. پێویستە دەزگا و دامەزراوەگەلێک هەبن کە سەرقاڵی ئەو بابەتانە بن.

دەمەوێ شتێکی تایبەت سەبارەت بە ئورفا بڵێم. پێشنیازی کۆمەڵەی زانستی کۆمەڵایەتیم بۆ ئەو دەڤەرە کردبوو. لە لێکۆڵینەوەکانمدا ئەوەم بینی: سەبارەت بە ناسنامەی شاری پێغەمبەران ئورفا لەریزی یەکەمدایە، قودس دووەمە و مەککەش لەڕیزی سێیەمدایە. بۆ سەرۆکی شارەوانی پێشنیاز دەکەم: با کیلۆمەترێک دووری گۆڵەکەی خەلیل ئەلڕەحمان پەرژین بکات، دەوروبەری چۆڵ بکرێت؛ دەکرێت چەند پرۆژەیەک پێشبخرێت، دەوروبەری بکرێت بەباخ و باخچە. دەکرێ پارکێکی رۆیشتن دروست بکرێ. هەروەها دەکرێ شوێنی گەشتی حەج دروست بکرێ. ئەمانە بۆ کاندیدەکەی سەرۆکایەتی شارەوانی پێشنیاز دەکەم. ئەمانە ئەنجام بدرێن سوودی دەبێت بۆ چارەسەرکردنی گرژیەکەی قودس– مەککەش کە لە رۆژهەڵاتی ناوین لەئارادایە. هەروەها پرۆژەی کولتووری– هونەریەکانیش

پێویستیەکی دەست لێبەرنەدراوی رۆژی ئەمڕۆمانە. پێشتر باسی پرۆژەی هونەری– کولتووری ئورفام کردبوو. پێیوستە ئەو پرۆژەیە بەشێوازێک بێت کە موسایی، کریستیانی و ئیسلامیەت تێیدا رەنگبداتەوە، چونکە ئورفا ناوەندیِ ئایینە ئیبراهیمیەکانە.

لەسەردەمی حەزرەتی ئیبراهیم ئورفا بە "ئور" ناودەبەن کەمانای "مەملەکەتی شوێنە بەرزەکان" دەبەخشێت. ئورفا خاوەن مێژوویکی شارستانیەتە کە بۆ ساڵانی ٢٠٠٠پ.ز درێژ دەبێەوە. مێژووی شارستانیەت لێرە دەست پێدەکات، دواتر لەیۆنان، لەوێشەوە بۆ رۆما و ئەوروپا بڵاوبوویەوە، ئێستاش ئەمریکا وەریگرت. ئەوەی بۆ ئێمەش ماوەتەوە خڵتەکەیەتی.

رابوونمان بەرامبەر بە نەمروودە هاوچەرخەکان کە زمانمان بە نەبوو دادەنێن، هەوڵی لەناوبردنی بوون و کولتوورمان دەدن، لەرابوونەکەی حەزرەتی ئیبراهیم دەچێت. هەروەکو حەزرەتی ئیبراهیم بەرامبەر بە زەبر و ستەم ئێمەش ڕێگاکانی وڵاتی کەنعانمان گرتەبەر. ئەو وێستگانەش لێکدەچن کە پێیدا ڕۆیشتووین، منیش لەئورفاوە دەرکەوتم، لەسروجەوە بەرەو وڵاتی کەنعان ڕۆیشتم. منیش هاوشێوەی هەنگاوەکانی حەزرەتی موسا لەڕیگای "دە فەرمانەکە" لەبنارەکانی جەبەل ئەلشەیخ ئەنجامیدا، دەمویست نەفرەت و مەعریفە شیکاربکەم.

هەندێک لەونامانەی لەزیندانەکانەوە بۆم هاتوون نووسیویانە "لەناو ئێش و ئازاردایْن" و دەڵێن شایستەنین و نەیانتوانیوە ببن بە وەڵام. ڕێگای بەلاوەنانی ئێش و ئازار، تێگەیشتنی قووڵایی ئەو پرۆسەو قۆناخەیە. بۆ هەڤاڵان پێشنیاز دەکەم پەرتووکە دووبەرگیەکەی سەبارەت بە موسا بخوێننەوە. هەروەها با لێکۆڵینەوە سەبارەت بەنەریتی ئیبراهیمی بکەن. دەتوانن پەرتووکی "دە فەرمان" و "ئیبراهیم"ی موعەزەز علمیە چغ بخوێننەوە. پێویستە وەکو ئیبراهیم و موسا ئەو نەفرەتە شیکار بکەن. بۆشیکردنەوەو چارەسەرکردنی ئەو نەفرەتە هەزاران لاپەڕەی ئەنالیز و کاسێتی تۆمارکراوم هەیە. بە ئامانجی بەراوردکردنی لەگەڵ مێژوودا ئاماژە

بەوانە دەکەم. ئورفا شوێنێکی گرنگە. من لێرە لێکۆڵینەوەم لەبارەوەکرد، بەڕاستی شاری پێغەمبەرانە. پێویستە خاوەندارێتی لەئورفا بکەن.

پێویستە دامەزراوگەلێکی ئازاد لەئورفا بۆ ژنان ئاوابکرێن. ئاستی ژیاری مەدەنیەتەکان راستەوخۆ گرێدراوی ئازادی ژنە. پێوانەی مەدەنیەت بەڕێزگرتن بەرامبەر ژنەوە پێودانگ دەکرێت. شەڕو تێکۆشانم لەپێناو پەیڕەو و جێبەجێکردنی ئەم پرەنسیپەیە. سەبارەت بە پەرەسەندنە گەورەکەی ئازادی و ژیانی ئازاد بەشێوەی سێ بەش باسی مێژووی پەرەسەندنی ژنم کردبوو. تا ساڵانی ٤٠٠٠ پ.ز سەردەمی دایکە خوداوەندە، لەتەوەرەی سۆمەریەکان و میزۆبۆتامیا کولتووری ژن و پیاو ململانێیانە، کولتووری ستار(عەشتار) زیندووە و چالاکە. تێکۆشان و شەڕی نێوان ئینانا(عەشتار)- ئەنکی لەئارادایە. ململانێ و پێکدادانێک لەنێوان کولتووری بیابانی عەرەبەکان و کولتووری چیایی کوردان هەیە کە پێنج هەزار ساڵ بەر لەئێستا دەستی پێکردووە. ئاشووری و بابلیەکانیش گرنگیی بەمە دەدەن. لەساڵانی ٣٠٠٠ پ.ز سۆمەریەکان گەلی ئەو دەڤەرانەیان بە "کورتی" ناوبردووە کە مانای "گەلی شاخی" دەبەخشێت. ستار(ئەستێرە)ی کورتیەکان لەوێ دەبێ بەعەشتار، دواتر بەناوی ئارتەمیس و ئافرۆدیت بەردەوام دەبێت، هەرە دواییش وەکو مەریەم لەقودس دەردەکەوێت. ئەمە وەکو داستانێک بەردەوام دەبێت، لەدیجلە و فوراتەوە دەستی پێکردووە و تا رۆژی ئەمڕۆمان هاتووە! دەموبست چیرۆک و داستانی ئەو رووبارە بنووسمەوە. ئێستا سەرقاڵی خوێندنەوەی مێژووم. میتۆلۆژیا چوار بەرگیەکەی ئاتندال و ئەسپمپس م خوێندەوە. ئەوانەی لێی تێدەگەن و ئاست بەرزن دەتوانن بیخوێننەوە. هەروەها دەکرێ پەرتووکە پیرۆزەکانیش بخوێننەوە.

ئەمڕۆ ١١ی نیسان ساڵرۆژی کۆچی دوایی دایکمە، لەهەمانکاتدا ساڵرۆژی رزگاربوونی شاری ئورفاشە. نەک تەنها بۆیادی دایکم بەڵکو بەیادی سەرجەم دایکان ئەو پەیامە دەدەم. ستار – ستێرک – عەشتار لەوێوە دێن. لەدایکبوونی ئەستێرە ئاسایان سڵاو دەکەم.

من کەسێکی دووری فەلسەفە نیم، هەروەها لایەنی ئیلاهیاتیشم هەیە. ئەو شـــرۆڤە و ڕاڤەیەم زۆر ســـەیر و سەرنجڕاکێشـــە کە ســـەبارەت بە خوداوەند پێشم خستووە. هەروەها دەستەواژەی دایکە خوداوەندیش گرنگە کە پێشم خستووە. کەسایەتیتان بۆ دروست دەکات، ڕێگای بەلاوەنانی ئەو ناحەقی و ستەمانە دەکاتەوە کە لەمێژوو دژ بەژن ئەنجامدراوە. پێویستە ژنان نرخ و بەهای ئەو چەسپاندنە بزانن. ئەمانە سەرجەم کەرامەت و ناسنامەکان بەدەست دێنێتەوە. ئەمە گەورەترین چاکەی مێژوویە کە بۆ ئێوەی ئەنجام بدەم. شتگەلێکی جوان هەن کە بۆ کەسایەتی، ڕەنجی ژن و دایک ڕێز لەخۆوە دەگرێت. دەرفەت هەبوایە، دەشیا وەک پەرتووکێکی جیاواز بنووسرێ. بەمجۆرەی ئێستاش باش نووسراوە. پێویستە مێژوو بەشێوەیەکی یەکانگیر ببینن. ئەگەر بەباشی شیکار و ئەنالیز بکەن وەک وێنە دەتوانن خۆیانی تێدا ببینن. بەرگرینامەکان بەباشی بخوێننەوە، بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکەن. خۆم بەرگرینامەکانم بەدڵە، بەدڵم نەبوایە نەمدەنووسین. میتۆلۆژیام شیکارکردووە، لەدۆخێکدام کە وەک یاری منداڵان کولتووری زیۆس شیکار و ئەنالیز بکەم. هەروەها کولتـــووری ئەورووپـــا و ئـــایینە تاکخوداییەکانیشـــم شـــیکارکردووە. شیکردنەوەکانم ســەبارەت بە کاهینەکانی سۆمەر شاهانەیە، هەروەهـا شـیکردنەوەکانم ســەبارەت بە عەلمـانیەتیش بەرکەمـاڵن، دەرگـای هەزار پەرتـووک دەکـاتەوە. بۆگەیشـتن بەمە پێویسـتە هەزار بەرگ پەرتـووک بخوێنەوە. هەڵبەتە "سەرمایە"ی مارکس گرنگە، شیکاریەکی وردەکارانەیە، شـتێکی لەبـارەوە نـاڵێم. بەڵام ئەوانەی مـن نووسـیوومە سـەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوین لە"سەرمایە" گرنگترە.

لەبەرگرینـامەی ئورفـا سـەرەداوی ئەوەم داوە کە پێویسـتە کریسـتیان و موسڵمانەکان بەیەکەوە ئازادانە بژین. بەرگرینامە تایبەتەکەی ئورفا دەشێ لەڕۆژنامە بڵاوبکرێتەوە. دەکرێت تایتڵێکی بەمجۆرەی بۆ دابنرێت "شەڕی ئیبـراهیمە هـاوچەرخ و نەمـرووە هاوچەرخەکـان دەسـتی پێکـردووە". بێگومان ئیبراهیمی هاوچەرخ سەردەکەوێت، هەڵبەتە ئەمە واتـاداڕە. ئەمـانە

کێن؟ لەکەسایەتی ئورفا ئیبراهیمێتی راستەقینە چییە؟ شێوازی موسڵمانێتی ئاکەپە AKP ساختەیە، مسۆگەر رۆڵی نەمرووە دەبینن. ئەوانە نەمروودە هاوچەرخەکانن. ئەفسانەی ئیبراهیم ناوێکە لەبوویەرێکی پێشکەوتن و ئازادی نراوە کە بۆ دووهەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. ئەم دەستنیشانکردن و چەسپاندانە گفتوگۆی ئایدیۆلۆژی قووڵتر دەکاتەوە.

پێویستە بابەتی مزگەوت بەهەڵە لێکنەدرێتەوە. دەکرێت مزگەوت ئەو شوێنە کولتووریە بێ کە گفتوگۆی ژیانێکی باشی تێدا ئەنجام دەدرێت. کاهینەکانی سۆمەریش وایان کرد. مزگەوتەکان هەریەکەو قیبلەگایەکن کە کۆمەڵگا وشیاردەکەنەوە. پێویستە لەتەوەرەی کێشە سەرەکیەکانی گەل پێشبخرێت. حەزرەتی محەمەدیش بەمجۆرە بیری کردۆتەوە.

ئورفا شوێنێکی پیرۆزە. مێخوداوەند و نێرخوداوەند لێرە ئافرێنران، هەروەها شۆڕشی کشتوکاڵیش لەوێ دەستی پێکردبوو. لەگەڵ پرۆژەی GAP قۆناخێکی نوێ دەست پێدەکات. کەسێکی یەهودی کاتێک لەمەنفا لە پەنابەرێتی دەگەڕێتەوە خۆڵی بیابانی ولاتەکەی ماچ دەکات، ئەوانەی ئێمەش خاکە پیرۆزەکەی ئورفا بەجێدێڵن و بەرەو ئەوروپا رادەکەن. ئەمە راست نییە. ئەو خاکانە پیرۆزن. خۆتان ئاوێزانی ئیرادەی گەل بکەن. لەپێناو پەرەسەندنی خۆشەویستی پێویستە لەگەڵ کۆمەڵگا ئاشت ببنەوە.

ئێستا سەبارەت بە کۆمەڵگابوون و تاکگەرایی(انانیە)دەخوێنمەوە. ئەگەر کۆمەڵگا ئازاد نەکەن نابن بەتاک. کۆمەڵگا ئازاد نەکرێت خۆشەویستی نابێت، عەشقیش نابێت. ئەگەر بەرگری لەکۆمەڵگا نەکەن و ئازادی نەکەن، ئەوا رێز و سەرفرازیش بەدەست ناهێنن. هەنگاوەکانی دیموکراسی بهاوێژن و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دامەزرێنن. لەجیاتی دەوڵەت، ئێمە داوای دیموکراسی دەکەین، پێویستمان بەدیموکراسییە. هەربۆیە دەڵێین "چەندە دەوڵەت کز و لاوازبێت، دیموکراسی زیاد دەبێت". زیندوو هێشتنەوەو ژیانداریکردنی کولتوور، ماف، ئازادی و زمانی کوردان گرنگە. ئەمەش تەنیا لەڕێگای دیموکراسیەوە فەراهەم دەبێت. هەربۆیە پێویستە بڵێین، ئێمە لایەنگری ئاشتی و دەوڵەتی یاسای دیموکراتیانەین. هیچ

کەسێک ناتوانێ دژی ئەمە بوەستێ. پێویستە گشت شارەوانیەکان، بەتایبەتیش شارەوانی ئورفا بکەن بەمۆلکی گەل، بیکەن بەمالّی گەل. مەهێلن کەسانێکی بێ ئەسڵ و فەسڵ ئەو خاکە جوانەو بەهاکانی بخۆن و هەڕاجی بکەن.

باسی زوگما(شوێنەوارێکی دێرینە)دەکەن، نەک دانەیەک بەڵکو چەندین زوگما جێگای باسە. بۆنموونە کۆمەڵەی پاراستنی (ئایناکی کەچەل) هەیە، وەک هێما و رەمزێکی ئورفا وایە. باسی پاراستنی بالّندەی ئایناکی کەچەل دەکەن، بەڵام ئێمە خۆمان وەک بالّندەی ئایناکی کەچەڵمان لێهاتووە. چیمان ماوە کەوەک ئایناکی کەچەل نەبێ؟ شتگەلێکی زۆر هەن کە لەوێ بنەچەیان لەناو دەچێت. بۆیە پێویستە خاوەندارێتی لەئورفا بکرێت.

لەبەرگرینامەی ئورفاش ئاماژەم پێکردووە: ئورفا لەباوەشی تاریکیدا بوو، بەڵام هەنگاو بەهەنگاو رۆشن دەبێتەوە. لەو دەڤەرانە سەرلەنوێ رۆژ هەڵدێ. ئەمەش ناوەڕۆکی بزاوتی ئیبراهیم خەلیلی یە. دەکرێ لەبوارەکانی زمان، کولتوور، هونەر و کۆمەڵەکان کاروخەبات بکرێت، پەرەیان پێبدرێت. سەرچاوەی پێویست بۆئەمە هەیە، گەلیش تادوایی ئامادەیە. مەسەلەکە دەکەوێتە سەرشانی ئەو رۆشنبیرانەی کە پێشەنگایەتی بۆ گەل دەکەن. هەربۆیە باسی "کۆمەڵەی حەوزەی دیجلە - فورات"م کرد، دەکرێ بەرفراوانتریش بکرێ. دەشێ لقێکی لەئورفا بێت. دەکرێ زانکۆی تایبەتیش بکرێتەوە. پێویستە رۆشنبیران پێشەنگایەتی تەواوی ئەمانە بکەن. دەوڵەتیش ناتوانێ دەستوەردان لەم جۆرە کارو خەباتانەدا بکات. دەکرێ بەدەیان کێڵگە لە کەنارەکانی هەردوو رووباری دیجلە و فورات دروست بکرێن. لەمیانەی ئەو پرۆژانەوە دەکرێ ئیش بۆ هەزاران لەوکەسانە دەستەبەر بکرێت کە لەچایخانەکان بێ هیچ ئیش و کارێک کات بەسەر دەبەن. دەکرێت پرۆژە گەلێکی هاوبەش و هەرەوەزی پێشبخرێن. دەکرێ کشتوکاڵی ئۆرگانی (سروشتی) لە ئورفا پێشبخرێت. پێویستە ئورفاییەکان زۆر بەباشی ئەو کارە ئەنجام بدەن.

لەمیـــانەی رەهەنـــدە میـــژوویییەکەیەوە ئورفـــاو خەلفەتـــیم لەدوا بەرگرینامەمـــدا رووەن کـــردەوە کەشـــوێنی لەدایکبـــوونمە. لەمیـــانەی ئەو بابەتەوە حەزدەکەم باسی ئەو ماڵەی گوندەکەمان بکەم. ئەو ماڵە پێویستی بەڕیستۆراسیۆنە. باسی ئەو ماڵەی ئێستا دەکەم. ئەمە شوێنێکە لەداپیرەو باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە. شوێنێکی بەرفراوانە و دەکەوێتە ناوەڕاستی گوندەوە. سریانەکان لەوبارەیەوە شارەزان. وەستا و بیناسازی سریانی دۆست هەن، ئەوان دەتوانن ئەم کارە بکەن. دەکرێ وەک شوێنی کۆڕ و کۆبوونەوە وێنا بکرێت و بەبەردی سپی دروست بکرێت. پێویستە شوێنێک بێت کە دۆستان بتوانن لێی بمێنن و بحەسێنەوە. دەکرێت شتێکی جوان دروست بکرێت. وابزانم مۆڵەتی پێدەدرێت و گرفت دروست ناکەن. بیر لەماڵێکی گەل بکرێتەوە سوود بەخش دەبێت.

بەرگرینامەم بۆ تورکیا شڵەژین دەبێت. تورکەکانیش بەتەواوی نازانن کە چۆن دەوڵەتێکیان بەدەستەوەیە. لەسەردەمی بێزەنتیەکانەوە، دواتریش لەگەڵ هاتنی ئیسلام دەوڵەتێکیان پێدراوە، بەڵام خۆشیان تەواو نازانن کە ئەو دەڵەتە چییە. لەراستیدا بەرگرینامەکەم ئەوانە رووەن دەکاتەوە. ئایین و میللیگەرایی ساختە لەئورفا پەرەی سەندووە. ئەمەش نوێ نیە تۆڕێکی مشەخۆر پێکهاتووە. تەریقەتگەرایی ساختە پەرەپێدەدەن. ئەوەی ئەنجامی دەدەن تورکێتیش نیە. لەڕیگای MHP (پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی)وە هەوڵی پێشخستنی دەدەن. ئەمە زۆر مەترسیدارە. مسۆگەر ئەوانەی هیچ پەیوەندیەکیان بە لایەنی تورکمانیەوە نیە. ئەگەر سەرنج بدرێت، دەبینرێت کە ئەوانەی لەروسیا هاتوون پەرەیان بەتورکێتی نەژادپەرست داوە. شتێکی بەمجۆرە لە ئورفا بوونی نیە. چوار گوندی تورک دراوسێمان بوون. لەئورفا نزیکی و خزمایەتی نێوان کورد و تورکمانەکان جێگای باسە. قەرەگەچیەکان خێڵێکی تورکن، دواتر بوون بە کورد. شەهیدی تورکمان لەناو بزووتنەوەی ئیمەدا هەن. تەنانەت لەنزیک ئورفا - حەڕان چەندین گوندی تورکمانی دراوسێی گوندەکەمانن. کوردان

و تورکمانه‌کان له‌ناو یه‌کتردا ده‌ژین. به‌لانی که‌م هێنده‌ی کوردان تورکمانیش خاوه‌ن نه‌ریتی دیموکراسیانه‌ن. به‌رده‌وام یاخیبوونیان ئه‌نجامداوه، له‌سه‌رده‌می سه‌لجوقیه‌کانه‌وه به‌رده‌وام یاخیبوونیان ئه‌نجامداوه. به‌هۆی زوڵم و زۆرداری سه‌لجوق به‌گ چوار هه‌زار تورکمان چوونه‌ته ئێران. هه‌روه‌ها ئۆغزه‌کانیش له‌ژێر ده‌ستی زۆرداری سه‌لجوق به‌گ رایانکردووه و چوونه‌ته ئه‌نادۆل. له‌سه‌رده‌می بابا ئیسحاقه‌وه سێگۆشه‌ی ئورفا - عه‌نتاب - حه‌له‌ب (مه‌ڕه‌ش و ئادیامان یش جێگای خۆی له‌ناودا ده‌گرێت) شوێنی به‌خه‌رمانبوونی کوردان و عه‌ره‌به‌کانن. لێره جموجۆڵی تورکمانی جێگای باس بووه. بابا ئیسحاق به‌رخودانڤانه، هه‌ربۆیه عه‌له‌وێتی قوواڵایی ریشه‌یی خۆی له‌وێ وه‌رگرتووه. ئه‌مه کولتوورێکه، ده‌کرێ بایه‌خ به‌م کولتووره بده‌ن. پێویسته ده‌وڵه‌ت باخچه‌لی و هاوشێوه‌کانی له‌جیاتی مێژووی به‌گ و خانه‌دانه‌کان، لێکۆڵینه‌وه سه‌بارەت به‌مێژووی گەل بکەن، مێژووی گەلی تورکمانی هەژار.

له‌به‌رگرینامه‌کاندا ئاماژەم پێکرد، ئه‌نجامگه‌لێکی سه‌رنجڕاکێش هه‌ن که له‌وێ پێی گه‌یشتووم. له‌مه به‌دواوه سێ - چوار داگیرکاری نه‌فره‌تی له‌ئورفا ده‌ستی پێکردووه. له‌داگیرکاری کۆیله‌داری هێتیته‌کان(حیسیه‌کان)ده‌ست پێده‌کات، هه‌ره دوایش تا داگیرکاری تورکه‌کان دێت. هه‌روه‌کو ئاماژەم پێکرد قه‌ره‌گه‌چیه‌کان له‌ئورفا هه‌ن ئه‌مانه دواتر بوونه‌ته کورد. له‌ده‌ڤه‌ری ئێمه‌ش (خه‌لفه‌تی) کوردان و تورکمانه‌کان به‌یه‌که‌وه ده‌ژین. له‌راستیدا پەیوەندییان له‌سه‌ر بنه‌مای برایه‌تییه. له‌بنه‌ڕه‌تدا هه‌ر له‌سه‌ره‌تاوه فه‌لسه‌فه‌که‌مان پشت ئه‌ستووره به به‌یه‌که‌وه ژیانی گه‌لان و کولتووره‌کان. به‌ڵێ فه‌لسه‌فه‌که‌مان هه‌م مرۆییه هه‌م هاوچه‌رخه. هه‌ر ئه‌مه‌شه که خوازیارین پەره‌ی پێبده‌ین؛ له‌ژێر رۆشنایی دیموکراسی و زانستی هاوچه‌رخدا، ئه‌و فه‌لسه‌فه‌یه‌مان سه‌رله‌نوێ ده‌شێلین و به‌سیاسه‌تێکی ده‌گه‌یه‌نین.

ئورفا شوێنێکی تایبەتی هەیە. نەریتی ئیبراهیمیش بەهەمان شێوە. یەکەمین تێکۆشانەکەی ئورفا بەتایبەتی باپیرەی ئێمە دەستیان داوەتێ. تاکە گەلێک کە لەشەڕی رزگاری پشتگیری لەمستەفا کەمال کردووە کوردانن. عەرەبەکان سیاسەتی لۆرانس یان پەسند کردو دژ بەعوسمانیەکان سەنگەریان گرت. زۆربەی زۆری گەلانی دیکەش جیا ببوونەوە. تەنیا کوردان پشتگیرییان لەمستەفا کەمال کرد. سەرهەنگ نوێل هاتوەتە کوردستان، یەکەم هەنگاوی لەئادیامان دەست پێکردووە. هەروەکو چۆن لۆرانس عەرەبەکانی بۆ خۆی رێکخستووە، نوێل یش ویستوویەتی کوردان رێک بخات، چەندین تەدبیریشی بەرامبەر مستەفا کەمال وەرگرتبوو. بەڵام لەسایەی ئەو تەدبیرانەی کوردان لەدەڤەری ئێمە(لەئورفا) وەریان گرتبوو، هەندێک خێڵەکانی گۆکلو، خێڵەکەی ئێمە بەرازیەکان، خێڵی دەنگیر فورات و چەند خێڵێکی تر، لەمیانەی ئەو تەدبیرەی وەریان گرتبوو مستەفا کەمال پاریزرا. نەخشە و پیلانەکانی لۆرانس لەناو عەرەبەکان سەرکەوتوو بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کوردان پشتگیرییان نەکرد، پیلانەکەی نوێل سەبارەت بە کوردان شکستی هێنا. کوردان پێشگیرییان لەپیلانەکەی ئینگلتەرا کرد سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوین و قەفقاسیا. لێرەدا ئینگلتەرا کین و نەفرەتێکی زۆری دژ بەکوردان لەلا دروست بوو، هەربۆیەش ئەو سیاسەتانەی بەرامبەر کوردان پەیڕەو کرد کە دەزانرێن. بەو ئامانجەی پشتگیری بکەن و نەهێڵن رێککەوتنی نێوان کورد - تورک لە لۆزان بەکۆماریکی دیموکراتیک ئەنجامگیر بێت، لەبەرامبەر بەدەستهێنانی موسڵ - کەرکوک ، لەسەر بنەمای نکوڵیکردنی کوردان لەجیاتی کۆماریکی دیموکراتی لەگەڵ عیسمەت ئینۆنۆ لەسەر داننان بەدەوڵەت - نەتەوەیەکی هۆمۆژەنی سیستەمی سەرمایەداری رێککەوتن. باجەکەشیان بەکوردان ژمارد و کۆماری دیموکراتییان بەلاوەنا.

قۆناخی دواتریش دەزانرێ. کۆماریان والێکرد نکوڵی لەکوردان بکات و بڵێ: "تۆ هیچ جێگایەکت نییە"، لەلایەکی دیکەشەوە کوردانیان بۆ ئەنجامدانی

یاخیبوون هاندا. دوای وەرگرتنی سازش و تەعویزێکی زۆر لەکۆمار، سەرکوتکردن وکوشتنی کوردانیان ئەرێ کرد. بەمجۆرەش ئەویاری و تەڵەزگەیان دانایەوە کە بە "سەگ لەسەگ بەربدە" و "کەرۆشک راکە و تاژی بیگرە" ناسراوە. لەساڵانی ١٩٤٠کان بەدواوەش لەرێگای ئەمریکاو ئیسرائیلەوە درێژەیان بەهەمان سیاسەت داوە. دۆخی بەئیسرائیلکردنی ئورفا هەیە. هەروەها پێویستە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان حزبوڵڵا و نەقشبەندێتی هەڵوەستە بکرێت.

دەستنیشان کردنێکی زۆر گرنگم سەبارە بەو بابەتە هەیە. لێرە رایدەگەیەنم ئێستا کاتەکەمان سنورداراە، دواتر بەشێوەیەکی بەرفراوانتر رووننی دەکەمەوە. بەڵام ئێستا مشتێکی لێ باس دەکەم. رەهشان ئەجەوید یش لەدەمی دەرچووبوو و شتێکی درکاندبوو. لەدەڤەری ئورفا - بۆزۆوا دەیانەوێ قودسێکی نوێ بئافرێنن. سەیرە، نەکوردان و نەتورک جێگای خۆیان لەناو ئەمانەدا ناگرن. لەرێگای فاکتەری جیاوازەوە هەوڵی ئەنجامدانی دەدەن. دەیانەوێ غەزە و قودسێکی دیکە بئافرێنن. سالانێکە ئورفا و خەلفەتییان گرتووە. ئورفا ئەو شوێنەیە کە کۆنترین و گەورەترین زۆرداری تێدا ئەنجامدراوە.

ئێستا کێتاب ئەلموقەدەس(تەورات)دەخوێنمەوە. ئەگەر نەتان خوێندۆتەوە پێشنیازدەکەم بیخوێنەوە. بەشێکی پەیوەست بەکوڕو نەوەکانی بەنی ئیسرائیلەوە تێدا هەیە. سەبارەت بەئورفا ناوی رەهۆ(روها)، دەرهەق بەسروج یش ناوەکانی ماهور و تۆراە باسدەکرێت. ماهۆر سێ کوڕی هەیە: ئیبراهیم، حەران، تۆراە. هەرچی نەمروودە پاشای کلدانی - بابلە، نوێنەرایەتی پاشایەتی ناوەندی دەکات. لێرەدا رووداوەکانی کۆچکردن و بازرگانی نەوەکانی ئیسرائیل جێگای باسە، ناکۆکییان لەگەڵ پاشایەتی ناوەندی هەیە. پرۆژەی گاپ ی رۆژی ئەمڕۆشمان یەکەمجار لەحەران دەستی پێکرد، ئێستاش دەچێتە سروج. لێرەدا پێویستە زۆرباش دەرک بکرێت بە هەڵوێست، سیاسەت و کردارەکانی ئیسرائیل. خۆیان شارەزاو

وەستای گەورەن. لەبەرگرینامەی ئورفا باسی ئەوانەم کردبوو. پێویستە تۆزێک بە ناموس و کەرامەت بن. ئێستا لەدوو رێگاوە دەچنە ئورفاوە. هەردووکیشیان سامی(سەمیتیک)ن. هەردووکیشیان هەمان شتن. رێگایەکیان ئەربەقان نوێنەرایەتی دەکات، ئەوەیتریش کۆمپانیای ENKA – و حوزێرگاری بەیەکەوە نوێنەرایەتی دەکەن. پرۆسەی داگیرکردنی ئورفایە لەرێگەی ئابووریەوە.

سەبارەت بەمن دەڵێن: "سەبری ئاپۆ سەبری پێغەمبەر ئەیوبە، ئایندەکەشی بەئایندەی پێغەمبەر یوسف دەچێت". بەڵێ ئەمانە لەعەهدی کۆن باسدەکرێت. پێویستە زۆر بەباشی دەرک بە سەبری ئەیوب بکرێت. بەڵام نەک من پێویستە ئەوان ببن بە ئەیوبی. پێویستە دەرک بە نەریت و سەبری ئەیوب بکەن و ببن بەئەیوب و ئەیوبی. نەریتی حەزرەتی ئەیوب لەدەڤەری ئێمە لەئورفا ژیاوە. پێغەمبەران ئەیوب و یوسف لەگەڵ پێغەمبەر ئیبراهیم ئەلخەلیل پێغەمبەرانی دەڤەری ئورفان. زادەی هەمان کولتوورین. زۆر خەریکی یوسف بوون، هەوڵیاندا بچووکی بکەنەوەو بیخەن. لەیەکەمین قۆناخەکاندا لەڕێگەی راگەیاندنەوە هێرشی هاوشێوە بۆسەر منیش کرابوو. بەڵێ ئیبراهیمی پێغەمبەریش هی ئەم دەڤەرەیە، زادەی هەمان کولتوورین. برایەکی باپیرەکەی ناوی سەروجە. ناوی سروجی ئەمرۆ لەوێوە سەرچاوە دەگرێت. یەکێکیان ناوی رەهۆ(روها)یە، ناوی ئەوی تریشیان حەڕانە. ناوەکانی سروج، روها و حەڕان سەرچاوەیان بۆ ئەوێ دەگەڕێتەوە. هەربۆیەش باسی "بزووتنەوەی ئیبراهیمی هاوچەرخ"م کرد. هەوڵمدا تۆزێک نوێنەرایەتی ئەو نەریتە بکەم. لەبەرگرینامەی ئورفا ئەوەیانم روونکردەوە.

سەیرە ئیسرائیلیەکان زۆر بەئورفاوە خەریکن، زەوی دەکڕن و وەبەرهێنان دەکەن. ئەوناوانەی ئاماژەم پێکردن، واتە سەیری ناوەکانی سەروج، رەهۆ و حەڕان دەکەن و دەڵێن: "کولتووری ئێمەیە". هەوڵێکی زۆریان بەرامبەر بەمنیش داوە، زۆرخەریک بوون. جارانێک ویستوویانە سووکایەتیم پێبکەن و بچووکم بکەنەوە، جارانێکیش یاری بکەن و تەڵەزگە

بنێنەوە، تەنانەت هەوڵیاندا من بۆلای خۆیان راکێش بکەن. پێش دەرکەوتنم لەسوریا وەزیرێکی بەرگریيان هەبوو بەبنەچە عێراقی بوو، زمانی کوردی دەزانی و دوژمنی کوردان نەبوو.

ناشێ و ناکرێ بەچاوی عەرەبە شۆڤێنیستەکان سەیری ئیسرائیل و ئیسرائیلیەکان بکەین، وەکو ئەوان بڵێین "یەهوودییە پیسەکان" مەسەلەکە چارەسەر نابێ و لێی رزگار نابین. لەهاتن و چوونیان ناترسین، بەڵام هەموو شتێکیشمان رادەستیان ناکەین. ئیسرائیل سەرجەم وەبەرهێنانەکانی لەدەوروبەری حەڕان ئەنجام دەدات. بە وەبەرهێنان بکەن، لەوەبەرهێنانەکانیان ناترسین. دەڵێن گوایە ئیبۆ گوتوویەتی: "بۆ زانکۆی ئۆکسفۆرد لە ئورفا هەبوو ئێمە نەمانخوێند"، بەڵێ ئێستا دەیانەوێ زانکۆی ئۆکسفۆرد دامەزرێنن. با دایمەزرێنن. هەواڵێکی سەیر هەبوو: والی لێدوانی داوە گوایە ١٧گەنج لەئورفا بەتایبەتی لە ئورفا ئەرکدار کراون، گوایە هەندێک ئامانجیان هەیە. ئێمەش ئەوە شیکار دەکەین، ناچارین شیکاری بکەین.

یەهودیەکان سەبارەت بە بابەتەکانی زانست و میدیا بەهێزن. لۆبی میدیاو زانستیان لەئەمریکاو ئینگلتەرا بەهێزە. سەیری ئەمریکا بکەن سەرجەم زاناکانی بواری زانست، کەسە بەناوبانگەکانی میدیاو راگەیاندن هەموویان بەبنەچە یەهودین. پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی باش لەبارەی ئەمەوە بکرێت. لە بواری زانست و کولتوورەوە بەهێزن، نەریتەکەشیان ریشەدارە. لە یەکەم قۆناخەکانی موسوڵمانێتیدا لەراستیدا قودس یەکەمین قیبلەیە. دواتر کەعبە دەبێتە قیبلە. ئەمەش دوای شەڕی خەندەق رووەدات. لەو رۆژەوە ململانێ و پێکدادانی عەرەب - ئیسرائیل بەردەوامە. هەردووکیشیان بەبنەچە سامی(سەمیتیک)ن. بەڵام ئەمڕۆ دۆخەکە لەبەرچاوانە. حەزرەتی محەمەد بەمجۆرە نەبوو، بەڵام ئەو ئایینگەرا ساختەکارانە ناوەڕۆکەکەیان مایە پووچ کرد. ئایینی کریستیانی شۆڕشی زیهنی ئەنجامدا، ئەمڕۆ لەپێشنەوەیە. بەڵام ئیسلامیەت ئەوەی ئەنجام نەدا.

شارەزای ئورفاین، خەڵکی ئورفا خۆیان بەئیسلام دادەنێن. بەڵام ساختەکارەکان هیچ یەکێکیان ئایینی نین، بەڵکو ئایینگەران، هەموویان زەندیقن. تا هێزو تواناتان هەیە ئایینگەراکان ریسوابکەن، پێویستە پێیان بڵێن: "ئەوە ئایین نیە، هەموتان زەندیقن". وەک ئاگادارن دواتر نەقشبەندێتی لە دەڤەرەکە پەرەی پێدرا. ریشەی ئەمانەش بۆ ئایینگەرا ساختەکارەکانی ئورفا دەگەڕێتەوە. پێویستە بەباشی لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت.

ئەگەر تەریقەتی نەقشبەندێتی تێنەگەن، ئەوا ناتوانن یاخیبوونەکانی کوردان، شێخ سەعید و ئینگلیزەکانیش شیکاربکەن. لەئەستەنبۆڵ سەید عەبدولقادر هەبوو، لەژێر کاریگەری ئینگلیزەکاندا بوو. دەکرێ لەوبارەیەوە پەرتووک بنووسرێ. پێویستە ئەو بوویەرە شیکار بکرێ کەناوی نەقشبەندێتی یە. فایەق بڵوت لەوبارەیەوە هەوڵیداوە، بەڵام نووسینەکانی ناتەواوە. پێویستە بەشێوەیەکی قوواڵتر لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێ. پێویستە زۆر باش دەرک بەو پەیوەندیانە بکرێ کە لەنێوان میللیگەرای سەرەتایی کورد و نەقشبەندێتی و حزبوڵڵا لەئارادایە. بوویەرو مەسەلەی نەقشبەندێتی شیکارنەکرێت، یاخیبوونەکانی کوردان و شێخ سەعید دەرکیان پێناکرێت. هەروەها سیاسەتی ئینگلیزەکان سەبارەت بەکوردانیش دەرکی پێناکرێت. وەک ئاگادارن دەوڵەت بەبەرنامە ئەم تەریقەتانەی پەرە پێداوە. کەنعان ئەفرەن ئەو تەریقەتانەی پەرە پێدا. تەنیا لەناو کوردانی تورکیادا پەرەی پێنەدراوە، بەڵکو لەپارچەکانی دیکەی کوردستانیش پەرەی پێدراوە. شێخەکانی نەقشبەندی دەتوانن چاویان بەمااڵباتی ئەسەد بکەوێت، لەتورکیاش چاویان بە کەنعان ئەفرەن دەکەوێت. لەقۆناخی نێوان ساڵانی ١٩٩٢ - ١٩٩٣ حزبوڵڵا(حزبی کۆنترا) بەهەزاران لاویان تیرۆرکرد، چەندین مرۆڤی نیشتیمان پەروەریان بەسیکارد پارچە پارچەکرد. لەسەردەمی چیلەر - گورەش دەوڵەت ئەمانەی بەکارهێنا. تەواوی دەوڵەت نا، بەڵام

بەشێکی دەوڵەت حزبوڵڵای بەرامبەر ئێمە بەکارهێنا. ئێرانیش لەگەڵ حزبوڵڵا کەوتە ناو پەیوەندیەوە و دژی کوردان بەکاری هێنان. گۆڤەن ئەرقایا لەوبارەیەوە کەنعان ئەڤرەن تاوانبار دەکات، لەوبارەیەوە دەڵێت: "تۆ دەوڵەتت بەتەریقەتەکان فرۆشت". دژی تەریقەتەکان بوو.

وەکو دەزانن دواتر تانسۆ چیللەر حزبوڵڵا(حزبی کۆنترا)ی پێشخست، بەڵام نەقشبەندێتی هەوێنی هەویرەکەی بوو. ریشەی کۆمەڵایەتی حزبوڵڵا گرنگە. ئەگەر کۆنەپەرستی کورد ریشە کۆمەڵایەتیەکەی نەبوایە هێندە پەرەی نەدەسەند. پێویستە ئەو راستیە باش ببینرێ و دەستنیشان بکرێ. رووداوەکانی دواتریش لەبەرچاوانە کە بەهەزاران کاری تیرۆرکاری بکەری نادیار رووبدا. تۆزێک مابوو دەست بەسەر دەوڵەتدا بگرن. لەلوبنان سێ شێخی نەقشبەندی هاتنەلام، گوتیان: "لەبتلیس و دەوروبەری یارمەتیتان دەدەین"، منیش لەوەڵامدا پێم گوتن باسەیر بکەین بزانین چۆن دەبێ. دواتر بۆمان دەرکەوت کە پەیوەندییان بەپۆلیسەوە هەیە. تاڕادەیەک لەناوچەکە پەرەیان بە نەقشبەندێتیدا. لەماوەی رابردوودا شێخەکەی سوریاشیان سەردانی شاری باتمانی کرد. عەبدولقادر ئاکسو بنەچەکەی دەچێتە سەر نەقشیەکان. کردیان بە وەزیری ناوخۆ. بەرامبەر کوردان بەکاریان هێنا. هەر بۆیە پێویستە بەقوولایی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێ.

لەسەردەمی شێخ سەعیدەوە نەقشبەندێتی پەرەی پێدەدرێت. نەقشبەندێتی لای سەعیدی نورسیش تا رادەیەک جێگای باسە. ئەمڕۆ فەتحوڵا گولەن لەمەیدانە. تەنانەت یاریزانی هەڵبژاردەی نیشتیمانی تورکیا هاکان شوکور کاتێ بۆ یاریکردن دێتە ناوچە، دەچێتە سێرت سەردانی گۆڕی شێخەان دەکات. سڵاوێکی لەگەڵ نەکردووە، بێ رێزی بەرامبەرکردوون، بەڵام لەگۆڕەکانیان چۆتە بەرپێی شێخەکان. پێویستە پەیوەندی میللیەگەرای سەرەتایی کورد لەگەڵ نەقشبەندێتی و حزبوڵڵا لێکۆڵینەوەی باشی لەبارەوە بکرێت. نەقشبەندێتی رابردوویەکی دووسەد ساڵەی هەیە. خەریکی پەکەکەش بوون. لەناوەوە شەمدین ساکک

لەدەرەوەش سەلیم چەروک کایە، لەوانەیە پەیوەندیشیان بەیەکترەوە هەبووبێت، پێویستە لێکۆڵینەوە لەوبارەوە بکرێت. هەوڵیاندا کۆنەپەرستی لەناو زازاکاندا رێک بخەن. چونکە کۆنەپەرستیەکی مەترسیداری زازایەتی لای ئەوان جێگای باسە. لەلایەن نەقشبەندێتی مەلیک فورات جێگای باسە، لەلایەکی دیکەشەوە نەقشبەندێتی ئەو پیاوە جێگای باسە کە "یەشیل"ی پێدەڵێن! دەوڵەت زۆر خراپ یەشیلی دژی ئێمە بەکارهێنا، بەڵام دواتر لەژێر کۆنترۆڵیان دەرکەوت. لەروداوەکەی جەم ئەرسەفەردا یەشیل خاوەن رۆڵە. کەس نازانێ ئێستا لەکوێیە، لەوانەیە دواتر دەوڵەت بۆخۆی کوشتبێتی. کەسایەتیەکی کۆمەڵکوژو مەترسیدار بوو. میللیەگەرای سەرەتایی کوردیش زۆر بەئێمەوە خەریک بوو. لەو سۆنگەیەوە؛ گووتم پێویستە پەرە بە دیموکراتیزە بوون بدەن و بانگەشەم بۆ ئاشتی کرد، ئەمانە زامنی ئێوەن.

نەک تەنیا کوردەکانی تورکیا بەڵکو تەواوی کوردان من بەئەکتۆری زامنکردنی ئاشتی دادەنێن. لەتورکیا سیاسەت قوفڵ بووە، گشت گفتوگۆکان دێت لەمندا دەبێتە گرێ. ئەوانیش زۆر باش دەزانن لەسێدارەدانی من مانای لەسێدارەدانی تورکیایە. بەڵام کەسایەتیەکی وەکو تانسۆ چیللەر و باخچەلی لەپێناو بەدەستهێنانی دەنگی هاوڵاتیان لەهەڵبژاردندا خۆیان ناچار دەبینن ئەو سیاسەتە بکەن. چونکە سیاسەتی خۆیان لەسەر منەوە ئاراستەدەکەن. یان ئەوەتا ئاشتی و دیموکراتیزەبوون پێشدەکەوێت، یان چیتر گەلی کوردی وشیاربوو هەرگیز بەمە رازی نابێت و پەسندی ناکات. شەڕێکی ناوخۆیی هەڵدەگیرسێت کە زۆر لەشەڕەکانی رابردوو خوێناوی تر دەبێت. سیاسەتەکان قوفڵبوونە، سوپاش ناتوانێ شتێکی زیاتر بکات، ئیتر ناتوانێ کودەتا ئەنجامبدات. هەوڵەکانی ٢٨ی شوبات یش تارادەیەک بەرامبەر ئەوانە ئەنجامدرا. ٢٨ی شوبات سەرمایەی سەوزی سنوردارکرد، بەڵام ناتوانین بڵێین کێشەکانی بەتەواوی چارەسەرکرد. بەڵام حزبوڵڵا و کۆمەڵکوژیەکانی سنوردارکردووە. حزبوڵڵا کەمالیستە نوێکانیشی

تیرۆرکرد: بەڵێ کەسانێکی وەک ئەحمەد تەنەر قشلەلی و ئۆغور مومجویان تیرۆرکرد. باسی رێککەوتنی راست دەکەم. میللیگەرای سەرەتایی کوردیش پەیوەندیان لەگەڵ نەقشبەندیتی هەیە. نەقشبەندیتی لەتاڵەبانیشدا هەیە، بارزانیش لەماڵباتێکی شێخەوە دێت. پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی باش سەبارەت بە تاڵەبانی، بارزانی و کۆنەپەرستی ئەنجام بدرێت. من خاوەن پرەنسیپم. ئەگەر سیاسەت دەکەن ، ناچارن ئەو پرسانە شیکار و چارەسەر بکەن. ئێوە سیاسەت دەکەن بەڵام لەوانە تێ ناگەن. نالێم نیازتان باش نیە، بەڵام پێویستە لەو پرسانە تێبگەن.

وەک تورکیا مەزەندە دەکات بەگووتنەوەی کلیشەکانی لەجۆری تیرۆریست و هاوواتاکانی ناتوانن هێرش بکەنە سەر پەکەکە، بەڵکو بەدوای پەیوەندی سیاسیدا دەگەڕێن. پێویستە پەیوەندی کوردان لەگەڵ ئەمریکا و یەهودیەکان بەنهێنی و داخراوی نەبێت. دەتوانن لەگەڵ رۆشنبیرە دیموکراتیخوازە یەهودیەکان پەیوەندی پێشبخەن. دەکرێ ئەو پەیوەندییە لەگەڵ رێبازی شەمعون پێرێز ببەسترێت. دەکرێ لەچوارچێوەی فیدراسیۆنی رۆژهەڵاتی ناویندا پەیوەندیەکان پێشبخرێن. گوتەی "یەهودیەکان دەڕێژینە ناو دەریاوە" نابێ و پەسند ناکرێ. فەرامۆشکردن و بەلاوەنانی یەهودیەکان لەرۆژهەڵاتی ناوین واقیعی نیە و شتێک نیە پراکتیکی بێت. پێویستە پەیوەندی لەگەڵ رێبازی سیاسی دیموکراتیانە پێشبخرێت. دەشێ پەیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکاران پێشبخرێت. ئەوانیش نزیکایەتیەکی هزرییان لەگەڵ رێبازی دیموکراتیانەی رۆژهەڵاتی ناویندا هەیە. هەڵوێستی باڵی هەڵۆکان کە رێبازی زەبر و زەنگە، بەکارهێنانی کوردانە بەرامبەر هەر سێ هێزە موسڵمانەکەیە، واتا بەکارهێنانێتی دژی عەرەبەکان، ئێران و تورکەکان. وۆلفیتز بەتورکیا دەڵێ: "ئەگەر لەگەڵ ئێران و سوریا نزیک بیتەوە دەستت لێ دەوەشێنم"، ئەو پەیوەندییە کۆتایی پێدێت". تورکیا لەدۆخێکی سەختدایە. بۆیە سوپاسالارەکەیان دەڵێ: "ئابڵوقە دراوین" وایان لێهاتووە بڵێن: " تف لەسەرەوە بکەیت سمێڵە، لەخوارەوەی

بکەیت ریشە". ئەوانەی ئامادەم پێکردن لەبەرگرینامەکانمدا هەن، بەڵام دەکرێ بەرفراوانتر بکرێ.

دوو رێگا دێتە پێشەوە: وەک چۆن ساڵانی ١٩٥٠کان تورکەکان کردیان، ئایا کوردانیش دەکەونە ژێر فەرمانی ئەمریکاو دەبنە بەڵایەک بەسەر گەلانی رۆژهەڵاتی ناوینەوە؟ ئەگەر تورکیا نەیەتە سەرهێڵی دیموکراسی و هەڵوێستێکی دیموکراتیانە بەرامبەر کورد پیشاننەدات، ئەمەیە کە رووەدات. پێشنیازم بۆ ئێران، سوریا و تورکیا و تەنانەت ئێراقیش ئەوەیە: ئاگربەست و دیالۆگی سیاسی دیموکراتیانە لەگەڵ ئەمریکا پێشبخەن، دیالۆگی دیموکراتیانەش لەگەڵ ئیسرائیل. پیشتیرش پێشنیازم کردبوو، رێگە چارەی ئیسلامی دیموکراتیانە بۆئێران. گرنگتریش ، دوو رێگا بۆ تورکیاش هەیە: ئیتر هێزێکی ستراتیژی زەبەلاح پشتگیری کوردان دەکات. تانگ و تۆپیان وەرگرتووە. ئەمریکا بەمەبەست ئەو کارە دەکات. چەکی زیاتریشیان پێدەدات. دەشێ پەکەکەش وەربگرێت، وەریشیگرتووە. لەوانەیە ئەمریکا پەکەکەش چەکدار بکات. لەوانەیە بڵێ: چەندەی خوازیاری دەتوانی چەک بەدەست بێنیت و بەچەک بەرگری لە تێزەکانت بکەیت، وەک چۆن لەئێراق جێی باسە تۆش دەتوانی پەرە بە جوداخوازی کوردان بدەیت. ئەمە رێگایەکی مەترسیدارە، رێبازێکە گەلان هیلاک دەکات و لەناویان دەبات. رێگایەکی مەترسیداری هاوشێوەی پێکدادانی ئیسرائیل – فەلەستین پەنجا ساڵ بەردەوام بوو. ئایا شتێکی لێ سەوز بوو؟ نەخێر. لەبەرامبەر ئەوەدا بۆ رۆژهەڵاتی ناوین دەڵێین رۆژهەڵاتی ناوینی دیموکراتیانە، سەبارەت بە تورکیاش دەڵێین کۆماری دیموکراتیانە لەسەر بنەمای رێباز و هێڵی یەکێتی دیموکراتیانە و رێکەوتنی دیموکراتیانەی نێوان کوردان – تورکان.

یەهودیەکان جوگرافیای عەرەبەکان بەتەنیا جێناهێڵن. هەوڵدەدەن لەفەلەستینەوە تا ئەنادۆڵ، تا ئێران بەتایبەتیش تا ئورفا کاریگەر بن. سەبارەت بە ئورفاش دەڵێن: "واری باوکمان". لەسەردەمی حەزرەتی

ئیبراهیمەوە تا ئێستا یەهودیەکان توانستێکی زۆشنبیری گەورەیان هەیە. ئەو کولتوورە ئیبراهیم پێغەمبەری ئافراند. هەر ئەوانیش بوون کە حەزرەتی محەمەدیان ئافراند، حەزرەتی محەحەدیش ڤێرسۆنی سێیەمە. یەکەمیان موسایە، دووەمیان عیسایە. ئەی حەزرەتی ئیبراهیم لەکوێی وەرگرت؟ لەشارەکانی سۆمەری وەرگرت. موساش لەشارستانیەتی میسری وەرگرت. ئەمڕۆ حساب و کتاب لەگەڵ ئەم کولتوورە دەکرێت. پێویستە یەهودیەکان بچووک نەبینرێن. وۆلفیتز یەهودییە و بەمەبەست ئەم کارە دەکات. هێزی چەکداری بەدەستەوە گرتووە و ئیسلام، ئێران، تورکیا و سوریا دێنێتەوە ڕێ و چارەیان دەکات. هەموویان دێننەوە ڕێ.

بەنی قورەیزە خێڵێکی یەهودییە. حەزرەتی محەمەد دەڵێ: "ئەو هۆزە خیانەتیان کرد، ڕێککەوتنیان لەگەڵ مەککەییەکان کرد"، بەمجۆرە حەوتسەد کەس لە نێرینەکانی هۆزەکە لەکەللەی دراوەو لەناو خەندەقەکاندا ژێر خاک کراون. حەزرەتی محەمەد یەهودیەکانی مەدینەی تەسفیەکرد. یەهودیەکان ئێستا تۆڵەی هۆزی بەنی قورەیزە دەسەننەوە. سەدامیش لەڕێگای بۆمباکانەوە هەمان شت ئەنجام دەدات، لەژێر ناوی ئیسلام کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدات. یەهودیەکانیش دەڵێن "ئەگەر ئێوە کۆمەڵکوژی دەکەن، ئێمەیش دەیکەین". گڕۆسمان یش یەهودییە. پێویستە بەمجۆرە لەهەردووکیشیان تێ بگەن. یان گوێڕایەڵی یەهودیەکان دەبیت و داواکاریەکانیان جێبەجێ دەکەیت، یان مەردانە ڕووبەڕوویان دەبیتەوە! موسڵمانێتی یان ئەوەتا یەهودیەت پەسند دەکات یان تێکدەشکێنرێت، ئەگەر وۆلفیتز پەسندت ناکات، ئەمە ڕیگای ناوینی نییە. ئەوەی ئاکەپە ئەنجامی دەدات منگە منگە، هەڵوێستی ڕیگای ناوینە. ئەمەش هیچ سوودێکی نابێت بۆ یەهودیەت، ئیسلام، موساو محەمەد، سوودی بۆمزگەوت و حەورا نابێت. با ئەم گووتە مێژوویییەش لەلای منەوە گوترابێت.

جوگرافیای موسڵمانان لەرووی ئایدیۆلۆژی، کۆمەڵایەتی و سەربازیەوە پارچەدەکرێت. ئەو شوێنەی وەک ناوەندی ئەو پرۆسەیە دەستنیشان کراوە

ئێراقە. دوو هەزار ساڵە بەئامانجی ئەنجامدانی ئەو هەڵمەتە یەهودیەکان ئامادەکارییان کردووە. ئەگەر حەزرەتی ئیبراهیم یش بخەینە ناو ئەم چوارچێوەوە، ٣٧٠٠ساڵە خەریکی ئامادەکردنی ئەم هەڵمەتەیە. یەهودیەکان بچووک نەبینن. مۆرکی خۆیان لە هزری رۆژئاوادا، ئەتۆمیان پارچەکرد، عیسایان لەناو کولتووری یەهودیەوە بەدەرنا. حەزرەتی محەمەد لەراهیبە نەستوریەکان فێربووە. یەهودیەکان بەحەزرەتی محەمەدیان گووتوە: "ئەوەی لەئێمەت وەرگرتووە، دەیڕازێنیتەوە و دیسان بەئێمەی دەفرۆشیتەوە". ناکۆکی لێرەوە دەستی پێکرد. لەرۆژی ئەمڕۆماندا ئەو ناکۆکییە لەئێراق بەو قۆناخە گەیشت. بەقۆناخێک گەیشتووین کە جەمسەربەندی جێگای باسە. هەر کەسەو لایەنێک هەڵدەبژێرێت. عەرەبەکان، تورکەکان، کوردان، کارسازان، چەوساوەکان و رەنجدەران هەرکەس باوەڕی و ئیمانی خۆی نوێ دەکاتەوە. ئەمانە لە ئێراق روودەدەن. ئەو ئەنجامانەی من هەڵم هێنجاون لەبەرگرینامەکانم باسم کردوون. نەک تەنیا پەکەکە، پێویستە هەرکەس راوەستە لەسەر ئەمە بکات. هیتلەر هەوڵیدا لەرێگای کۆمەڵکوژیەکانەوە چالاکی یەهودیەکان بوەستێنێ. هەڵبەتە ئەوەی هیتلەر ئەنجامی داوە مایەی پەسندکردن نییە و کۆمەڵکوژییە. بەڵام سەرمایەداری یەهودی، هەواڵگری و فێڵبازی یەهودیەکان بەناوبانگە. یەهودیەکان بەسەر سیستەمی هزریدا زاڵن. لەسپینۆزاوە تا ئەنیشتاین، تا هینگتیتون و لێڤی ستراس ی راوێژکاری بۆش هەموویان یەهودیین. بەڵام ژمارەیان کەمەو بەسەر جوگرافیادا زاڵ نین.

وەهبی کۆچ کۆمپانیایەکی لەحەڕان دامەزراند. ئەو کۆمپانیایە هی یەهودیەکانە. وەهبی کۆچ تەنیا رووالەتێکە. لەسێڤەرەکیش ئەو کۆمپانیایەیان دەکردەوە، بەڵام سەری نەگرت. دەیانەوێ زانکۆی ئۆکسفۆرد بکەنەوە. دەکرێ بکرێتەوە، دژی ئەمجۆرە هەنگاوانە نیم. ناشێ دوژمنایەتی یەهودی بکرێ، بەڵام پێویستە لەمیانەی ناسینی یەهودیەکانەوە

جێگایان پێ بدرێت. دوژمنایەتی یەهودی لای عەرەبەکان، لەبەرژەوەندی عەرەبەکان نییە. دەکرێت پەیوەندی نزیک لەگەڵ یەهودییە دیموکراتیخوازەکان ببەسترێت. لەوانەیە راستڕەوەکان مەترسیداربن، بەڵام کەسانێکی دیموکراتیخوازی وەک شەمعون پێرێزیش هەن، دەکرێ پەیوەندییان لەگەڵ پێش بخرێت. پێویستە یەهودیەکان بچووک نەبینن، ئەمانە دوو جەنگی جیهانییان هەڵگیرساند. هەوڵی بەربەستکردنی هەڵگیرسانی سێیەمین جەنگی جیهانی دەدەم. کوردان لە خاڵی یەکەمی ریزبەندیدان. ڕێبەرایەتی ستراتیژی کوردان بکەوێتە ژێر دەستی یەهودیەکان بەزیانی تورکیایەو شکست دێنێ. ئەمە بۆ تورکیا دەبێت بەکارەسات. بەڵانی کەم چل ملیۆن کوردی شاخی پەروەردە دەکەن. هەڵبەتە پێشەنگەکانیان پەروەردەکردن. پەکەکەش پەروەردە دەکەن. نالێم ئەمڕۆ ڕوودەدات، بەڵام لەوانەیە دەسااڵی دیکە ئەمە ڕووبدات. وەک چۆن لەڕێگای کوردەکانی ئێراق سەدامیان ڕووخاند، لەوانەیە هەمان پرۆسە بۆ ئێران و تورکیاش جێگای باس بێت. لەوانەیە لەڕێگای شەڕەوە ئەنجامی نەدەن، بەڵام شیمانەی ڕێگای تر هەیە. کوردیش بۆ ئەوە گونجاوە.

بەرامبەر ئەمە دەڵێین ڕێگەچارەی دیموکراتیانەی ئێراق ڕێگە چارەی جوگرافیای موسڵمانانە. تورکیا منی دەستگیر نەکرد، بەڵکو موساد منی بەگرتندا. لەباڵوێزخانەکەی نایروبی موساد وێنەی منی گرت. تەنانەت لەمارکەی کامێراکەی وێنەگرتن هەستم بەوەکرد. ئەو وێنانەیان ڕادەستی کاربەدەستانی کینیا کرد. کینیاییەکانیش وێنەکانیان بۆ باڵوێزخانە هێناو گوتیان "ئۆجالان لێرەیە". بۆچی یەهودیەکان ئەمەیان بەرامبەر من ئەنجامدا؟ چونکە نەچوومە ژێرباری کۆنترۆڵیان و پەسندم نەکرد. کوردی دیموکراسیخوازی خاوەن ئیرادەی ئازاد پەسند ناکەن. بە ئامانجی بەدەستەوەگرتنی کۆنترۆڵی کوردان، منیان ڕادەستی تورکیا کرد. لەوانەیە منیان وەک کەسێک بینیوە کە نایەتەڕێ و کۆنترۆڵ ناکرێت، بەکۆسپیان داناوم. من دژی یەهودیەکان نیم. حەزرەتی ئیراهیم یش خەڵکی ئورفایە.

ئێمە لەو کولتوورە دوور نین. بەهای وەک ئەنیشتاین یان ئافراند. بەڵام ئەمانە ئەمڕۆ حوکمڕانی هەرکەس دەکەن و فەرمان دەدەن. حەفتا ساڵە تورکیا لەژێر فەرمانیاندایە. لەئیسرائیل دەپارێنەوە و تکاکارن. ئێرانیەکانیش بەو خاڵە دەگەن. هەڵوێستی من جیاوازە، نە نۆکەرێتی یەهودیەکان و نە دوژمنایەتی کردنیان، هەردووکیشیان نییە. پەیوەندی هاوسەنگ و بەئاست مەرجە کە لەچوارچێوەی پرەنسیپەکانی دیموکراسیدا بێت. لەرۆژهەڵاتی ناوین چارەسەری لەگەڵ یەهودیەکان لەڕێگای رێککەوتنی دیموکراتیانەو ئاشتیەوە بەدیدێت. رێکەوتنی دیموکراتیانە لەنێوان تەواوی گەلان پێویستە.

من دژە سەمیتیک نیم، دژی یەهودی نیم. لەبەرگرینامەکانمدا ئەو بابەتەم شیکار کردووە. وەک عەرەبەکان کردوویانە سەرجەم یەهودیەکانم بەزایۆنیست دانەناوە. یەهودیەکان بەشێکی رۆژهەڵاتی ناوینن، پێویستە شوێنێکیان لەرۆژهەڵاتی ناوین هەبێت، راستینەی رۆژهەڵاتی ناوینن. رۆژهەڵاتی ناوینی دیموکراتی ئەوانیش لەخۆوە دەگرێت. لەسەر بنەمای زهنیەت و کولتوورێکی دیموکراتیانە ئێمە بەرگری لەبەیەکەوە ژیانێکی برایانە و ئاشتیخوازانە دەکەین. حەزرەتی ئیبراهیمی خەلیل لەئورفا دەرکەوتووە، بەنەریتی زەردەشتی کاریگەر بووە. کامبل لەپەرتووکەکەیدا نووسیویەتی کە کولتووری عیبرانی تەنیا کولتوورێکی ریشەسامی(سەمیتیک)نییە، نوێنەرایەتی کولتووری ئاریانیش دەکات. ژنیکی گەورە بەناوی ئەستەر جێگای باسە کە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ماد – پارس رۆڵێکی مەزن دەبینێت. یەهودیەکان راستینەی رۆژهەڵاتی ناوینن. بەڵام خاوەن سەرمایەیەکی زەبەلاحن، هێزی گورز وەشێنی سەرمایەی سەرمایەدارین. لەئەمریکا و لەندەن بوونەتە ناوەندێکی گەورەی هێز. هێزی سەربازیشیان هەیە. بەگوێرەی داخوازیەکانیان کوردان لەدژی عەرەبن، فارس و تورکەکان بەکاردێنن. لەرێگای کوردانەوە ئێراقیان چارەسەر کرد، سبەینێ ئێرانیش لەرێگەی کوردانەوە چارەسەردەکەن.

بەمجۆرە تورکیاش چارەسەر دەکەن. وەک گووتم وۆلفیتز کابرایەکی یەهوودییە. تەواوی بالی هەڵۆکان یەهودین. گووتەکانی ئەو، بۆچوونی شەخسی خۆی نییە، سیاسەتەکانی ئەمریکایە. ئەو پیاوە هەڕەشەی لەتورکیا کرد. بەتورکیا دەڵێ دێیتەوە سەر ڕێ، دەڵێ دەبێ شتگەلێک ڕەچاو بکەیت. ئیتر پەتی کوردانیان بەدەستەوە گرتووە. هەرچی ئێمەین نوێنەرایەتی کوردی دیموکراسیخوازی خاوەن ئیرادەی ئازاد دەکەین. تێزەکانی ڕێگەچارەی دیموکراتیانە کە لەبەرگرینامەدا ئاماژەم پێکردوون هەم بۆ کوردان، هەم بۆ تورکان و هەروەها بۆ تەواوی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین وەک دەرمان وایە. باسی ئورفای دیموکرات و ڕۆژهەڵاتی ناوینی دیموکراتی دەکەین.

بۆ ئورفا باسی پێویستی کردنەوەی ئەکادیمیای سیاسەت و ئیلاهیات دەکەم، چونکە ئورفا واری پێغەمبەرانە. ئاگادارین کە خەڵکی ئورفا باوەڕمەندە، بەڵام پێویستە بەڕاستی و دروستی فێری ئایین ببن. هەر بۆیە پێشنیازی ئەکادیمیای ئیلاهیات دەکەم. خۆتان دەزانن هیچ زانکۆیەکمان نییە. زانکۆکان ئەو کارە ئەنجام نادەن. ئایین چی یە؟ دەبێ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئایینە ڕاستەقینەکان بکرێ. پێویستە لێکۆڵینەوە بکرێ کە تا ڕۆژی ئەمڕۆمان چەند پێغەمبەر هاتوون و بۆچی هاتوون؟ منیش هەر لەسەردەمی حەزرەتی محەمەدەوە ئایین دەگرمە دەست و تاوتوێی دەکەم، شیکارو لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە ئەنجام دەدەم. پێویستە کوردان زۆر بەباشی ئیسلام بناسن. دەشێ لەکارو خەباتی ئەو کۆمەڵە ئەرکداربن کە پێشتر وەک کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی کولتووری ئیسلامی دیموکراتی بۆ ئورفا و ئامەد پێشنیازم کردبوو. دەکرێت لە ئورفا لێتوێژینەوە سەبارەت بە ئایینەکان بکرێ. لەو بارەیەوە کاروخەباتێک پێش بخرێت. بگرە پێشنیاز دەکەم: کەسانێکی نزیکی ئێمە لەئامەد کۆمەڵەی کولتووری ئیسلامی دامەزرێنن. دەکرێ کارو خەباتی سەبارەت بە ئیسلامی دیموکراتی تێدا ئەنجام بدرێت.

بەهەڵە لەئـــایین تێگەیشـــتوون، لای ئەوان ئـــایین تەنیـــا بریتـــی یە لەنـوێژکردن و رۆژوو گـرتن. ئـایین ئایـدیۆلۆژیایەکی هەیە، پێویسـتە لێی تێبگەن و گفتوگۆی لەبارەوە بکەن. لەژێر سـەرەدێڕی "دیموکراتیزەکردنی کولتووری رۆژهەڵاتی نـاوین" لەبەرگرینامەکەمدا بەشـێوەیەکی وردەکـارانە ئامـاژەم بەو بابەتـانە کـردووە. دەتـوانن سـوود لە بەرگرینامەکـانم ببیـنن. تەنانەت دەکرێت قاڵبوونەوە و لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت سەبارەت بەمێژووی ئورفـا ئەنجـام بـدرێت. سـەبارەت بە کولتـوور و مێـژووی خـۆی ئورفـا پێگەیەکـــی جیـــاوازی هەیە. هەروەهـــا دەکـــرێ کولتـــووری مەدرەســـە لەکوردسـتان نـوێ بکرێتەوە، دەکرێ دامەزراوەبـوونێکی ناوەندی لەئـامەد، بتلیس، وان یـان ئورفـا پێش بخرێت. بەشـێوەیەکی تـایبەت ئورفـا پێشـنیاز ناکەم. خوێندنگاکان دەکەنەوەو پەروەردەی ئایینییان ئەنجام دەدەن. دەکرێ پەروەردەی قورئان پێشکەش بکرێ. بەڵام لەپەروەدەدا پێویسـتە گرنگی بە پەروەردەی زمانی کوردی بدرێت. ئەو بۆچوونانەم پێشکەش بەیادی سەیدا عەبدولرەحمان تیمۆکی دەکەم کە رێزم دەگرت و بەهایەکی زۆرم پێدەدا.

کـۆنگرەی ئیســلامی دیموکراتیــک کــاریگەریەکی زۆری کــردە ســەر بەشـــداربووانی کـــۆنگرە و رای گشـــتی تورکیـــا. ٣٥٠ ئەنـــدام بەشـــداری کۆنگرەکەیـــان کـــردووە، کە لەهەر چـــوار پـــارچەی کوردســـتان، وڵاتـــانی عەرەبی، تورکیـا و ئەوروپـاوە هـاتبوون. گفتوگـۆیەکی بەپێـز و دەوڵەمەند ئەنجامدراوە. گفتوگۆیەکی زۆر ئەنجام دەدرێ لەبارەی بەکارهێنانی ئیسـلام وەک ئـــامرازێکی سیاســـی و بـــێ نـــاوەڕۆک کردنـــی لەلایەن ڤایرۆســـی میللیگەرایـــیەوە. جەختکـــردنەوە لەســـەر پەیمـــانی مەدینـــە و شـــیکارکردنی سەبارەت بە ئومەت کاریگەری کردە سەر ناوەندو و دەورو بەرێکی زۆر. چەمکی ئومەتم سەرلەنوێ خستەوە سەر مێزی گفتوگۆ. چەمکێکی ئومەت پەسند نییە کە لەسـەر بنەمـا یەکڕەنگی بێت. ئەو شـیکارانەی لەچواچێوەی یەکێتـی میللەتەکـان پێشـم خسـتوون، لەگەڵ روانـگەی نەتەوەی دیمـوکراتی دەگـونجێ. بەڵـێ ئەوە دامەزراوەیەکـی دیموکراتیـانەی سـڤیلە. بڕیـاری

دامەزراوە بوون گرنگە. دەکرێ دامەزراوەبوونەکە ناوەندەکەی روهـا بێت. دەکـرێ کـارو خەباتێـک سـەبارەت بە کـردنەوەی ئەکادیمیـای ئیسـلامی دیموکراتی بەڕێوەببرێت. لەوبارەیەوە کەموکوڕی لەئارادایە. پێویستە ئەو کەموکوڕیانە بەلاوە بنرێن.

ئاکەپە سوود لەبۆچوونەکانی من دەبینێ، هەوڵدەدات سوودی لێ ببینێ، بەڵام لەمیـانەی هەڵوێسـتێکی سـاختەکارانەو بەرژەوەنـدیخوازانەوە مـامەڵە دەکات. لەگەڵ سـەرمایەی جیهـانی جموجـوڵ دەکـات. لەمیـانەی تێکەڵکردنـی رووپۆشێکی باوەڕی و ئایینی هەوڵـی فریـودانی گەل دەدات. پێویستە لێیان بپرسـن بـۆچی ئـاوی پـرۆژەی گـاپ تەنیـا بـۆ حەڕان دەچێت. نـاوی حەڕان لەهـاروونەوە هـاتووە. هـارون بـرای حەزرەتـی ئیبـراهیمە. یەهودیەکـان ریشەی خۆیان بۆ حەڕان درێژ دەکەنەوە. ئیسرائیل لەپشت ئەم پرۆژەوەیە. بەفەرمـانی ئیسـرائیل ئـاوی گـاپ لەڕێگەی کەنـاڵێکەوە تەنیـا بـۆ حەڕان دەبرێـت؛ بەڵام وێرانشـەهر، جەیـلان پنـار، سـروج و بـۆزووا بـێ ئـاو دەهێشـترێتەوە. پێویسـتە هۆکـاری ئەمـانە لێکـۆڵینەوەی باشـی لەبـارەوە بکرێـت. زەوی و زارەکـانی دەڤەری ئورفـا دە ملیـۆن کەس تێرخـۆراک دەکـات. بەڵام ئێسـتا شـارێکە، دەڤەرێـکە کە زۆرتـرین بێکـارانی جیهـان لەخـۆوە دەگرێـت. چـۆن دۆخەکە بەم ئاسـتە گەیشـتووە؟ تەنـانەت ئەگەر مرۆڤ بە مێشکی لادێیەکی سادەش بیربکاتەوە دەتوانێ لەمە تێ بگات. بـا هیچ کەسێک گەل فریو نەدات.

بەشـێکی زۆری زەوی و زاری دەڤەری ئورفـا لەلایەن یەهودیەکـانەوە کـڕاوە، ئەگەر راسـتەوخۆ بەنـاوی خۆشـیان نەبێـت، بەڵام لەژێـر نـاوی کۆمپانیـای جیـاوازەوە کڕیویـانە. پێشـتریش گوتیـان "پـرۆژەی GAP دژی تیرۆرە". بەندەوی ئەتاتورک یان دروست کرد، لەرێگای کەنالێکەوە ئاوەکەی تەنیا بۆ حەڕان دەبرێت. کەچی لەڕاستیدا ئەو ئاوە بەشی تەواوی دەڤەرەکە دەکات. هەر لەسەرەتاوە ئەو پرۆژانە دژی ئیمە بەکارهێنران.

باسی چەند رووداوێکی سەیرتان بۆ دەگێڕمەوە: سەرۆکی شارەوانی ئورفا گوایە لەگەڵ ژنێکدا پەیوەندی عەشقی بەستووە، ئەو ژنە دواتر کرا بە پەرلەمانتار. گوایە عاشق بوونە، بەڵام جگە لە عەشق هەموو جۆرە گەندەڵی و کارێکی پیس و قڕێژیان کردووە. کابرای سەرۆک شارەوانی عەرەبە و دوو سێ ژنیشی هەیە، بەڵام پەیوەندیەکی عەشقی لەگەڵ ژنێکی بیانی پێشخستووە! لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو پەیوەندیەوە بکەن، ئەوا بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا هەموو شتێک دەبینن، قازانج و تاڵانکاری ناو ئەو پەیوەندیە دەبینن، ڕووی ڕاستەقینەی ئاکەپە دەبینن، بەڵێ ئورفا و حەڕان یش دەبینن. هیواخوازم لێکۆڵینەوە لەو بارەیەوە ئەنجام بدەن. من لاوان دەناسم، ئەم لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدەن. ئەو کاتە هەموو شتێک دەبینن، یاری و لەیستۆکەکان دەبینن و لێی تێدەگەن.

ئەوەی گرنگە دیالۆگی واتاداڕە؛ ڕێگە چارە دەدۆزرێتەوە، میکانیزمیش پێشدەخرێت. سەبارەت بەئورفا لەژێر ناوی "باخچەی ئایینەکان" بیر لەدروستکردنی پارکێک دەکرێتەوە. منیش پێشتر هەمان شتم پێشنیاز کردبوو، بەڵام ئامانجی من جیاوازترە. جارێکی دیکە ئاماژەی پێدەکەم: بەتایبەتی پێیوستە لەئورفا تێ بگەن. لەبەرگرینامەکان و شیکارە تایبەتەکانم بە حەزرەتی ئیبراهیم پێشتر ئاماژەم پێکردبوو. ئەو خاڵانەی ئاماژەم پێکردن دەکرێ لە ئورفا ڕێگا لەپێش ڕێنسانسێک بکاتەوە. ئێوەی لاوان دەتوانن لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن، لەبنەڕەتدا من گەنجانم خۆشدەوێت. لەهەموو کەسێک زیاتر پێویستە گەنجان لەپێناو ئازادی تێکۆشان بکەن. باسی ڕووداوەکەی سەرۆکی شارەوانیم کردبوو. ڕەهشان ئەجەوید بڵند ئەجەویدی مێردی ئاگادار کردبوویەوە و پێی گوتبوو یەهودیەکان زەوی و زارەکانی حەڕان دەکڕن، وڵات دەفرۆشرێت. ئەجەوید وڵاتپارێزێکی دیموکرات بوو، بەشێوەیەکی داپۆشراو دۆخەکە بەزمانی ڕەهشان دەخاتە ڕوو. ئەمڕۆ لەئۆپەراسیۆنەکاندا ئیسرائیل یارمەتی سەربازی پێشکەش بەتورکیا دەکات، لەبواری فڕۆکەی سیخوڕی بێ فڕۆکەوان و کرینی

پێداویستی سەربازی پشتگیری دەکات. ئەمانە ئەنجامی رێکەوتنێکی ئەو کاتەن. لە راستیدا ئەمانە یارمەتی و هاوکاری نییە، بەڵکو لەپێناو هاندانی گەلانە بۆ شەڕکردن دژ بەیەکتری.

ئاکەپە AKP باسی ئەوە دەکات کە لەڕێگای پاکێجەکانەوە، لەڕێگای پاکێجە ئابووری، سیاسی و دەروونیەکانەوە کێشەی کورد چارەسەر دەکات. لەبنەڕەتدا ئەمانە پاکێج نین بەڵکو شەڕن. پاکێجی ئابووری شەڕی ئابووریە، پاکێجی سیاسی شەڕی سیاسییە، پاکێجی دەروونی شەڕی دەروونییە. ئەمانە شەڕی ئابووری، سیاسی و دەروونی بەڕێوەدەبەن. لە ڕێگای پاکێجە دەروونییەکانەوە سوپای پێنج سەد هەزار کەسی دژی کوردان ئاراستە دەکات. ئایا ئاکەپە ئەم کێشەیە لەڕێگای سوپاو پۆلیسەکەیەوە چارەسەر دەکات؟ لەژێر ناوی پاکێجی ئابووری بانگەشەی ئەنجامدانی وەبەرهێنان لەناوچەکە دەکات، بەڵام هۆڵدینگەکان ئاوادەکات. دەڵێن لەئامەدیش شوێنگەلێک بەشێوازی دوبەی بونیاد دەنێن. لەمیانەی بەخشینی قەرز لەماوەی ڕۆژێک – سێ ڕۆژدا هۆڵدینگ ئاوادەکرێ. لەئامەد، قارس و بتلیس هۆڵدینگ ئاوادەکەن. سەیرە ناوەندی هەمووشیان لەئەستانبۆڵە. بەمجۆرە بەشێوەی هۆڵدینگەکان خێڵەکان مۆدێرن دەکەن! لەڕێگای پاکێجی سیاسیەوە هەندێک مالّبات و خێڵی دیار دەکرێن بەهۆڵدینگ. ئامانجیشیان کۆکردنەوەی کوردانە لەدەوروبەری ئەو هۆڵدینگانە و بەستنەوەیانە بە سەرمایەی جیهانگیری.

زەماوەند ڕێکدەخەن، لەو زەماوەندانەدا پەنجا کیلۆ زێڕ بە بەژنی بووکەکەوە هەڵدەواسن. کێ ئەم کارانە دەکات، کێ لەپشت ئەو کارانەوەیە، کێیە دۆخێکی بەم جۆرە دروست دەکات؟ بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا گەل برسی یە. لەڕێگای سەرمایەی جیهانگیریەوە مرۆڤ دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. سەرەتا خەڵک مەحکومی برسێتی دەکەن، دواتر لەڕێگای قەرزی بچووک و گەورەوە بەخۆیانەوە دەبەستنەوە. پێشتر لەڕێگای عەشیرەتگەرایی و دەوڵەتگەرایەوە ئێستاش لەڕێگای پارەوە هەوڵی

بەستنەوەی کوردان دەدەن. لەسێرت، ماردین و ئورفا پشت بەخێڵە نیمچە کورد و عەرەبەکان دەبەستن. بەڵام چارەسەریەکی راستەقینە پێشکەش بەگەل ناکەن.

باسی چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری ئورفا و رزگارکردنی دەکەن. بەوشێوەیە ناتوانن گەل رزگار بکەن. لەڕێگای قەرزی گەورەو بچووکەوە هیچ کەسێک ناتوانێ ئورفا یان ئامەد رزگار بکات. تەنیا خودی گەل دەتوانێ ئامەد و ئورفا رزگار بکات. ئورفا یەکێکە لەو شوێنانەی بەدەست گەورەترین کێشەی بێکاری جیهانیەوە دەناڵێنێ. بەسەرمایەی جیهانگیری و هۆڵدینگە جیاوازەکان دەڵێن: "وەرن لەفلان جێگا شوێنێکی کار بکەنەوە". ئەوانیش زەویەکەی ئەو ناوە دەکڕن و شوێنی کاردەکەنەوە. چەند کوردێک یش بەنان و سک وەک کۆیلە دەخەنە بەرکارەوە. ئەمانە فریودان و خەڵەتاندنێکی مەزنن.

کاتێک پرۆژەی گاپ ئاواکرا بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا گوتیان دژی ئێمە ئەو پرۆژەیان پێش خستوە. گوتیان: "ئێمە گاپ مان لەدژی ئاپۆ پێش خست". ئەمانە پەیوەندیەکی قوڵیان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە. سەرمایەی یەهودی کاریگەرە. هەندێک لە زەوی و زارەکانی ئورفا کە دەکەونە چوارچێوەی سنووری پرۆژەی گاپەوە بۆماوەی چل و پێنج ساڵ بەکرێ داویانەتە هەندێک کۆمپانیا، کۆمپانیاکانی سەرمایەی یەهودی. ڕەهشان ئەجەوید لەم بارەیەوە ئاماژەی بەهەندێک لە نیگەرانیەکانی خۆی کردبوو. بەڵام ئاگاداری گەوهەری مەسەلەکە نیە. جوانترین و بەپێتترین زەوی و زاری ئەم دەڤەرە بەهەندێک کۆمپانیا بەخشراوە. هەموو ئەمانەش لەمیانەی بێکارکردنی گەلەوە ئەنجام دەدرێت. لەسەدا هەشتای خەڵکی ئورفا بێکارە. هەموو شتێک بەپاوانکاری هەندێک کۆمپانیا دەبەخشرێت. هۆڵدینگی دۆغوش، گروپی زۆرلو، زاپ سوو، کیلەر و ئەوانی دیکە. وەک ئاگادارن کۆمپانیای ڤەستەڵ(vestel) مارکەیەکی گرنگە، بەشێکی زۆری تەلەفزیۆن لەلایەن ئەوانەوە بەرهەم دەهێنرێت. ئاکەپەش بەشێوەیەکی هاوبەش لەگەڵ

ئەمانەو سەرمایەی جیهانگیری دەجوڵێتەوە. هەوڵدەدەن هەمان شت لەباشوور لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵیشدا ئەنجام بدەن. چەندین گروپ، کۆمپانیا و هۆڵدینگی نزیک بە ئاکەپە هەن.

لەڕێگای ئەو سەرمایە جیهانگیریەوە هەوڵدەدەن لەباشووی کوردستان پێکهاتەیەکی میرنشینی هاوشێوەی میرنشینی عەرەبی ئیمارات ئاوا بکەن. تەنانەت هەوڵدەدەن هەمان شت لەهێڵی ئامەد – هەولێر، هێڵی ئورفا – ماردین – ئامەد – هەولێر، تەنانەت لە سلێمانی و قارس یش بەهەمان شێوە ئەو جۆرە پێکهاتانە دروست بکەن. بەشی ئەوانە لە ئابووری دەهێندە، بگرە چل هێندە بەشی سەردەمی دیون – ئەل عمومیە زیاترە. هاتنی شاژن بۆ ئەوێ لەپێناو گەرەنتیکردنی بەشەکەی خۆیانە. وەک چۆن تاکە کارگەیەکیان لەدێرسیم دروست نەکردووە، گەل دووچاری برسێتی و بێکاری کراوە، تەواوی ئەم پڕۆژانەش خەڵکی ئورفا هەژار و بێکار دەهێڵێتەوە، بەمجۆرە دەیانەوێ ناچاری قەرزی گەورە و بچووکیان بکەن. بەمجۆرە گەل دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. کاتێک گاپ بەندەاوی ئەتاتورکیان دروست دەکرد، من هەوڵمدا تێبگەم. لەڕێگاوە، واتا لەمیانەی کۆنترۆڵکردنی ئاوەوە ئامانجیان کۆنترۆڵکردنی سوریا و عەرەبەکان بوو. کاتێک کۆنترۆڵیان فەراهەم دەکرد دواتر هاوسەنگیەکیان لەبەرژەوەندی ئیسرائیل ئاوادەکرد. لەپێناو چاودێری و کۆنترۆڵی سەرمایەی جیهانگیری مەحەمەد شیمشەک لەلای ئەوانەوە پێگەیەنراوەو ئەرکدارکراوە و نێردراوەتەوە تورکیا. محەمەد هیچ لایەنێکی سیاسی نییە، لەگەڵ ئەو ژنەی تەنیشتیەوە ئەرکیان کۆنترۆڵکردنی ئابووری ئەوێیە. لەپاڵ ئەوانەش، لەدژی(پەکەکە)هاوکاری هەموو جۆرێکی چەک پێشکەش بە سوپاسالار دەکەن، بەو شێوەیە دەیوەستێنن.

لەساڵی ١٩١٦ – ١٩١٨ کۆنگرەی یەهودیەکان دەبەسترێ. موسا ئالیتەکین بەشداری دەکات. لەکۆنگرەکەدا دەڵێن: "ئەنادۆل خاکی رەسەن و راستەقینەی یەهودیەکانە". ئێستا کەناراوەکانی ئیجە لەژێر کۆنترۆڵی

کێدایە؟ لەسەدا نازانم چەندی ئەنتالیا لەژێر دەستی کێدایە؟ کێن ئەوانەی تاکە کەنالەکەی ئاو بەرەو حەڕان دەبەن؟ کوانێ ئەی تانسۆ چیللەر نەیدەگوت: "چەوە بەردێکیش بەکەس نادەم". ئەگەر مۆڵەتی ئەوان نەبێت ناتوانن مینەکانی ناو سنوری تورکیاش پاک بکەنەوە. بۆچی؟ چونکە مەرجیان داناوە کە پێویستە بەتەندەر بەکۆمپانیایەکی بیانی بدرێ. ئامانجیان پێشگیری کردنی یەکانگیری گەلانە لەگەڵ یەکتردا. یان لەڕێگەی کێڵگە مین ڕێژکراوەکانەوە دوور دەخرێنەوە، یان بەشێوەیەکی جیاوازتر کۆنترۆڵی دەکەن. ئیسرائیل دەیەوێ ئەو ناوچەیە کۆنترۆڵ بکات. ڕەهشان ئەجەوید دەیگوت لەبواری فەرمی ئەو زەوی و زارانە بەناوی هیچ بیانیەکەوە نییە. بەڵام کۆنترۆڵی بەدەست ئەوانەوە بوو. داگیرکردنی تەنیا بەکڕینی زەوی و نیشتەجێبوون تێیدا نابێت، بەڵکو لەمیانەی کۆنترۆڵکردنی و زاڵبوون بەسەر هەرشتێکدا ئەنجام دەدرێت. ماهیر کانیاک یش ئاماژە بەم بابەتە دەکات.

باسی هەبوونی بێکاری دەکەن. زەوی و زاری ئورفا بەشی دەملیۆن مرۆڤ دەکات، بەڵام هەرکەس بێکارە. لەکاتێکدا ئاژەڵەکان بێکار نین، گوێدرێژ بێکار نییە، بگرە میرووڵەیەک کاری خۆی هەیە، چۆن دەکرێت مرۆڤ بێکار بمێنێتەوە. بۆ تێگەیشتنی ئەو دۆخە سەیری مەسەلەی کەنالە ئاوەکەی حەڕان و چیرۆکی عەشقەکەی سەرۆک شارەوانیەکە بکەن. سەیری ئەو پەیوەندییە بکەن، یەکتریان کرد بەپەرلەمانتەر، بەڵام لای ئەوان گەل هیچ گرنگی و بایەخێکی نییە. ئاو بەشوێنەکانی دیکەی ئورفاش دەدەن، بەڵام کەی؟ دوای کۆنترۆڵکردنی، ئاوی پێدەدەن.

لەتورکیا کشتوکاڵیان نەهێشتووە. من زەویە کشتوکاڵیەکانی ئورفا بەکاربێنم، کێشەی بێکاری دە ملیۆن مرۆڤ چارەسەر دەبێت، گەل کێشەی ئابووری نامێنێت. چۆن و بۆچی دەستیان بەسەر خاک و زەویەکدا گرتووە کە دەتوانێ دە ملیۆن کەس تێر خۆراک بکات. بەمجۆرە کشتوکاڵیشیان کۆنترۆڵ کردووە و هاوسەنگی ژینگەییان تێکداوە، لەو ڕێگایەشەوە

کۆمەڵگا، ئێوەش، هەموومان ژەهراوی دەکەن. شێرپەنجە بەرهەم دێنن. وەک ئاگادارن شێرپەنجە رووداوێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو نەخۆشی یە. هەرشتێکی دەیخۆین، وەک ماددەی کۆنسرۆژەن ژەهراویمان دەکات. خواردنی پاک نەبێت، ئاوی پاک نەخۆینەوەو هەوای پاک هەڵنەمژین چۆن دەژین؟ ئەمانە ئایدیۆلۆژیا بەرهەم دێنن، هەرشتێکی دەیخۆینەوە ئایدیۆلۆژیایە. ئەو فڕۆکە و ئۆتۆمبیلەی سواری دەبن، تەنانەت ئەو خواردنەی کە دەیخۆن و ئەو خواردنەوانەی دەیخۆنەوە، هەموو شتێک ئایدیۆلۆژیایە. ئێوە پێدەکەنن، بەڵام ئەمانە شتگەلێکی جدین، یاری منداڵانە نین.

سڵاو و ڕێزم بۆ تەواوی خەباتکاران و خەڵکی ئورفا هەیە، بەتایبەتیش حیلوان و سیڤەرەک. پێویستە گەلەکەمان ئاگاداری ئەو لەیستۆک و سیاسەتە قڕێژانە بێت کە لەسەر ئورفا بەڕێوە دەبرێت. کوردایەتیەکی ساختەش پەرە پێدەدەن. تۆڕێک جێگای باسە کە ژمارەیان هەزار کەسیش تێپەڕناکات، لەوانە تۆڕە دەبم. ئەوانە نەدەزانن یاخی بن، نەدەزانن لەگەڵ کۆمار ڕێککەون. ئەمانە لەهەر شارێکدا چەند مانگێکن. لەجێگاکانی دیکەش چەند مانگاتێکی بەم شێوەیە هەن، سەرجەم پەیوەندیەکان لەلایەن ئەمانەوە ئەنجام دەدرێن. ئەمانە لەپێناو مانگاتەکەیان و لەپێناو پارە شتێک نەماوە نەیکەن و بەهایەک نەماوە هەڕاجی نەکەن. ئەمەش لە کاتێکدایە کە زۆربەی زۆری خەڵکی ناوچەکە هەژار و بێکارن. وەک ئاگادارن لەڕێگای دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ڕۆژانە باسی مردنی ئەو کرێکارە وەرزی و ڕەنجدەرانە دەکرێت کە لەئەنجامی وەرگەڕانی لۆریەکانەوە لە ڕێگاکان گیان لەدەستدەدەن. ئەوانەی خۆیان بەپەرلەمانتەر دادەنێن، بۆچی ئەمانە نابینن و هەوڵی چارەسەرکردنی نادەن. سوپاسالار باسی ئاغاکانی سیاسەت دەکات. لەڕاستیدا خۆیان ئەم ئاغایانەی سیاسەتیان ئافراند. ٧٠ – ٨٠ ساڵ دەبێ پشتگیریان دەکەن. ئورفاش بەرچاوترین نموونەیە.

پێویستە ئەم راستی یە بزانرێ کە بەهۆی تایبەتمەندێتی ئورفا لۆبی شەڕی تایبەت سیاسەتی تایبەت لەسەر ئورفا بەڕێوە دەبات. لەبەر ئەوەی شارەزای ئورفام، بۆیە باسی ئەمانە دەکەم. یاری لەسەر پێکهاتەی دەرەبەگایەتی و مالّباتەکان دەکرێ. وەک دەزانرێ فائیق بوجاق دامەزرێنەرو سکرتێری گشتی PDK تورکیا بوو. شێوەی کوشتنی ئەویش هاوشێوەی کوشتنەکەی محەمەد تویسزی دامەزرێنەری DDKO لەناو مالّبات بوو. ئەی کێ کوشتی؟ پێکهاتەی لۆبی شەڕی تایبەت کوشتی کە دزەی کردبوویە ناو مالّباتەوە. هەوڵیاندا شێوە و هۆکاری کوشتنی هەردووکیشیان وەک مەسەلەیەکی ناوخۆی مالّبات پیشان بدەن. بەڵام تا ئێستا هۆکارەکەی شیکار نەکراوەو دەرکی پێنەکراوە. ئێمەش لەکاتی خۆیدا بەپێی پێویست لێکۆڵینەوەمان نەکرد، ئەو کاتە هۆکارەکەمان دەست نیشان نەکردبوو. بەڵام ئەمڕۆ دەرکی پێدەکرێت کە ئەمانە یاری و لەیستۆکی لۆبی شەڕی تایبەتی تورکیان. کاریگەری لۆبی شەڕی تایبەت لەسەر مالّبات و بونیادی دەرەبەگایەتی بەو شێوەیە دەردەکەوێتە مەیدان. محەمەد توسیز یش بەم شێوەیە کۆژرا. هەروەها مۆڵبوونەوەی تۆڕێکی عەرەب لەناوچەکە و ئەو یاریانەی سەبارەت بە زەوی و زارەکان ئەنجامدەدرێن هێمایەکی ئەمەن.

راستە ئێستا غەززە لەرۆژهەڵدایە. بەڵام پرسەکە مەسەلەی غەزە نییە، پرسەکە ئەو یاریانەیە کە لەسەر کوردستان بەڕێوە دەبرێت. غەزە دەمامکێکە، لەڕێگایەوە ئەو یاریانە پەردەپۆش دەکرێ کە لەسەر کوردستان ئەنجام دەدرێت. گەردەلولەکە لەسەر کوردستانە. هەر شوێنێکی کوردستان دەیان غەزەیە. تەنیا کارەساتەکانی ئورفا دە هێندەی غەزەیە. بەدەیان هەزار ژن و منداڵ لە ئورفاوە بەرەو دەریای سپی و دەریای رەش ناچاری کۆچ دەکرێن. ناچاری کاری سەپانی و کرێکاری وەرزی دەکرێن. ئەو ناسۆری، ئێش و ئازارەی ئەمانە لەکۆچبەری دەیچێژن سەد ئەوەی غەزە خراپترە.

ئەوانەی ئێستا دەیڵێم گرنگن. یەکەمیان، کوردان نەبن، ئیسرائیل ناتوانێ لەم نـــاوچەیە بژیـــت، دەخنکێـــت. لەو پێناوەشـــدا دەســـاڵە بەدوای پـرۆژەیەکەوەیە. لەباشـووری کوردسـتان پشـتگیری ئـاواکردنی دەوڵەت – نەتەوەیەکی بچووک دەکات، پێویستی ئەمە دەبینێ. تازە بەتازە تورکیـا لەمە تێگەیشت، تـورەیی و رق و کینە دایگـرتن. دووەمیـان، پێویسـتە ئەو واقیعە ببینـرێ: ئەمریکـا و ئیسـرائیل کە تائێسـتا بەبـێ هـیچ مەرجێک پشـتگیرییان لەسیاسەتی نکوڵی و قڕکردنی کوردان دەکرد کە لەلایەن تورکیـاوە پەیڕەو دەکرا، ئیتر ئەو پشتگیریەی خۆیان دەوەستێنن، رەهایانە قسـە نـاکەم، بەڵام لەهەڵوەشـانەوەدایە. وەک دەزانـن سـەرۆکی رژێمـی سـوریا بەشـار ئەسـەد لەلێدوانێکدا لە ئەستەنبوڵ گوتـویەتی: "بەنکوڵیکردن نابێت، پێویسـتە دانیـان پێدا بنرێت". گوایە ئەحمەدی نەژادیش گوتـویەتی: "کێشـەی کورد لەڕێگەی دیـــالۆگەوە چارەســـەر دەکرێـــت، نەک چەک". ئەمەش گـــرنگە، کەواتە رێککەوتنەکەیـان بەئاراسـتەی هەڵوەشـانەوەدا دەڕوات. بەمجـۆرە تەواوی بارەکە لەسـەر شانی تورکیـا دەمێنێتەوە. پرسـی سـەرەکی ئەمەیە، غەزە بۆ پەردەپۆشکردنی ئەمانەیە. پێشتر سەبارەت بە راوەسـتەکردن و وروژاندنی مەسـەلەی غەزە پشتگیری تورکیایان کرد، بەڵام لەم رووداوەی دوایی غەزە پشـتگیریان نەکـرد. ئـاکەپە(AKP) لەو بڕوایەدابـوو کە ئەمریکـا پشـتگیری لەئیسـرائیل ناکات، بەڵام پێچەوانەکەی رووێدا. لەو سـۆنگەیەوە؛ سـەبارەت بەمەسـەلەی غەزە هێندە تورە و بەکینن. ئاکەپە شۆک بووە.

ئیتر گەل پەردەی ترسـی دڕاندووە، وەک کۆن نییە. هەندێک پێکهـاتەی نهێنی رابردوو لەئورفـا هەن کەزادەی ژیـتەمن. ئەمـانە زیـاتر دەوروبەرێکن کە لەلایەن دەوڵەتەوە خـۆراک دەدرێـن. دەوڵەت بـاخچەلی یـش دێـتە ئوفـا پروپاگەنـدەی هەڵبـژاردن بۆخـۆی دەکـات. بـاخچەلی پڕوپاگەنـدەی بـۆ ئەو تۆژە دەکات کە سوود لەو دەوڵەتە و دەرفەتەکانی دەبینن. لێرەوە هەندێک خێڵ هەوڵیاندا فشار بخەنە سـەر گەل. ئەو هێزانەی فشـار و سـەرکوتکردن لەئورفا هەن کە بەنهێنی خۆیان حەشارداوە. دیسـان مردنی چەندین منداڵ

لە ئورفا رووبدا، ژمارەی مردنی منداڵان زۆر زیادی کرد. دەکرێ ئەم مردنانە پەیوەندی بەو گروپ و رێکخراوە نهێنیانەوە هەبێت. هۆکاری مردنی ئەو منداڵانە باس ناکرێ و روون ناکرێتەوە. سەیرە، پێویستە بیری لێ بکرێتەوە.

دیسان بیر لەلاوانی گوندەکەمان دەکەمەوە، زۆر بەئاسانی دەتوانن بچنە دەرەوەی وڵات. لەکاتێکدا هەلومەرجەکانی وەرگرتنی پاسپۆرت و دەرکەوتن و چوونە دەرەوە لەتورکیا ئەوەندە زەحمەتە، بەڵام ئەو ئاسانکاریە بۆ دەرخستنی پاسپۆرت و وەرگرتنی ڤیزە بۆ لاوانی گورندەکەمان، جێگای تێڕامان و بیرکردنەوەیە. لەڕاستیدا ئامانج لەو کارەدا بەخێرایی خاڵیکردنی ئەو دەڤەرەیە. بەشێوەیەکی نهێنی هەوڵی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە دەدرێت. کوردان بەدەردەنێن و هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە دەدەن .

بەنداو و کەنالی ئاو لەو دەڤەرانە دروست کراون. لەگەڵ دروستکردنی ئەمانەش، ئیسرائیلیەکان و سەرمایەیەکی گەورەی عەرەبەکان کە هاتوونەتە ناوچەکە، چاویان بڕیوەتە زەوی و زارەکانی ئەوێ. هەوڵی کڕینی دەدەن. عەرەبەکان لەڕێگەی بەکارهێنانی سەرمایەکانیان هۆڵدینگ و کارگە دەکەنەوە. ئیسرائیل یش هەوڵی کڕینی زەوی دەدات. ئەو تۆڕەی ئاماژەمان پێکرد، لەکاتێکدا بەو شێوەیە سەرمایەکانیان گەورەتر دەکەن، برسێتی و هەژاری خەڵکی دەڤەرەکە دەقۆزنەوە، هەوڵدەدەن لەڕێگای برسیکردنەوە رامیان بکەن. بەمجۆرە هەوڵی گۆڕینی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و دیموگرافی دەڤەرەکە دەدەن. هەم چەوساندنەوەی نێودەوڵەتی سەرمایەی جیهانگیری هەم چەوساندنەوەی نەتەوەی کلاسیکی قات بەقات لەم دەڤەرانە هەیە. هەڵبەتە ئەمە رێگا لەپێش جیابوونەوەیەکی زۆر تیژی چینایەتی دەکاتەوە. نالێم ئەو سیاسەت و مامەڵانە تەنیا تایبەت بەئورفایە. بەگوێرەی تایبەتمەندێتی و جیاوازی هەر شار و دەڤەرێک سیاسەتێک بەڕێوەدەبەن.

لەبەر ئەوەی من خەڵکی ئورفام، هەروەها هەر لەساڵانی ١٩٨٠کانەوە تێکۆشانمان لەو ناوچەیە پەرەپێداوە، لە دوولایەنەوە؛ هەم عەرەبەکان هەم ئیسرائیل ئیمەیان کردە ئامانج. هەر لەسەرەتاوە ئیسرائیل منی وەکو مەترسی و هەڕەشەیەک بۆسەر خۆی بینی. دۆخی پەریشانی ئورفاش لەهەڵبژاردنەکاندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە. عەرەبە باو و نەریتییەکان لەڕێگای پارتی سەعادەتەوە شارەوانی ئورفایان بەدەستهێنا، هەوڵدەدەن کاریگەر بن. لەهەڵبژاردنەکەی دواییشدا ئەو ڕەوشە بینرا. هەروەها وەک مەزەندە دەکرێت ئاکەپە پارتێکی ئیسلامی نییە. ئاکەپە نوێنەری موسڵمانە ئەڤانگەلیستەکانە. بەمانای ئەو ئیسلامیەتە دەیڵێم کە کریستیانەکان پەسندیانە. وەکو ئاگادارن لە ئەورووپا و ئەمریکاش ئەڤانگەلیستەکان هەن. موسڵمانێتی پارتی سەعادەت تاڕادەیەک موسڵمانێتی نەریتی عەرەبەکانە، ئەو ئیسلامیەتە تۆزێک پەراوێزکراوە، ئێستا پەسند ناکرێت. لەم سۆنگەیەوە؛ موسڵمانێتی پارتی سەعادەت کەنارگیرکرا. ئیسلامیەتی ئاکەپە، چەمکێکی ئیسلامیەتی ئەڤانگەلیستە کە لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیل ئەرێ کراوە. بەڵام هەردووکیشیان دژی کوردانن، هەردووکیشیان هەوڵدەدەن زەوی و زارەکانیان لەدەست دەربێنن.

سەبارە بە پرسی مینەکان دەمەوێ بەئیسرائیل بڵێم: من دژی ئیسرائیل و یەهودیەکان نیم. بەڵام لەڕێگای بەنهێنی کڕینی زەوی حەڕان و پشت بەستن بە هێزی دەوڵەت، ناتوانێ جێگایەک بۆخۆی بکاتەوە. دەکرێ لە ئورفا گەڕەکێک بۆ یەهودیەکان بێت. بەڵام لەمیانەی یاری و لەیستۆکە نهێنیەکانی سەرمایەداریەوە نابێَت. پێویستە بەشێوەیەکی ئاشکرا شوێن بەدەست بێنن، دەکرێت گەڕەکێکیان هەبێت. دژی ئەوە نیم یەهودیەکان لەئورفا بژین. دەشێ ئەرمەنیەکانیش گەڕەکێکیان هەبێت. بەڵام پێویستە بەشێوەیەکی ئاشکرا و لەسەر بنەمایەکی دیموکراتیانە گوزارشت لە خۆیان بکەن، چونکە من باسی کۆمەڵگایەکی شەفاف و دیموکراتیانە دەکەم.

ئورفا شوێنێکە کە کێشەکان تێیدا کەڵەکەی سەر یەکتر بوون، کێشە ئابووریەکان تاچۆک هاتوون. کۆچبەری و سەپانی و هەرچیەکی بڵێی هەیە. هەر بۆیە پێویستە ئەکادیمییەکان گفتوگۆ لەبارەی ئەو کێشانەوە بکەن. بەئامانجی دۆزینەوەی رێگە چارەی کێشەکان ئەکادیمیا مەرجە. تا ئێستاش کێشەی نێوان خێڵەکان، کێشەی زەوی و زار و کێشەکانی خوێن و دوژمنایەتی لەئورفا هەن. نەک تەنیا ئەکادیمیا، پێویستە DBP سەرجەم دامەزراوەو ناوەندو دەورو بەرە دیموکراسیخوازەکان هێزەکانیان بکەن بەیەک. یەکێتی هێزەکان فەراهەم بکەن. لەهەموو رووێکەوە پێویستە کۆمەڵگا لەناو هاوکاری دا بێت، دەبێ بەمجۆرە جموجۆڵ بکەن. هیچ جیاوازیەک لەنیوان هەڵوێستی نەتەوەپەرستی و هەڵوێستی ئیسلامگەرایی سونییدا نییە. ئەوەی لەڕابردوو پەیڕەو کراوە فاشیزمی میللیگەرایی بووە. بەڵام ئەوەی ئێستا بەدەستی ئاکەپە جێبەجێ دەکرێت فاشیزمی میللیگەرایی سونییە. دۆخی گەلەکەشمان ئەوەیە کە لەبەر چاوانە. لەرابردوودا کوردان لەمیانەی سیاسەتە میللیگەراییەکانەوە هەڵخەڵەتێنرا و بەڕێوەبرا، لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان بەدەست دەهێنا. ئێستاش بەدەستی ئاکەپە لەڕێگەی سیاسەتی ئیسلامگەرایی سیاسیەوە هەوڵی فریودانیان دەدرێت. زۆرینەی زۆری کوردان کوردی موسڵمانی سونەن. ئاکەپەش ئەو ناسنامەیە بەکاردێنێ و لەو لایەنەوە هەوڵی قۆستنەوەی دۆخەکەیان دەدات. بەتایبەتیش ئەو دۆخە لە ئورفا هەر دووبارە دەبێتەوە.

بێگومان ئینگلتەرا و ئەمریکا لەپشت تەواوی ئەم سیاسەتەوەن. ئامانجی ئەو سیاسەتانە دیارن. تورکیا رێککەوتنی بااڵی ئاسایشی لەگەڵ دەوڵەتەکانی هەرێمەکە ئەنجام دەدات، هەروەها لەگەڵ هەندێک لەهێزەکانی باشووری کوردستان گوایە پەکەکە تەنگەتاو دەکات، بەمجۆرەش دەیخاتە ژێر فشارێکی هەرێمیەوە. لەتورکیاش بەدەستی ئاکەپە هەوڵی فریودانی کوردان دەدەن و لەرووخساردا هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان دەدەن. لێرەدا تاکە دەردی ئاکەپە ئەوەیە کە پشتگیری ئەو هێزانە بەدەست بهێنێت

و تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوە، دەنگێکی زیاتر لەهەڵبژاردنەکان بەدەست بێنێت، چەند ماوەیەکی تر درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات. وەک حەوت ساڵی رابردوو، چۆن دەسەڵاتی خۆی بەڕێوەبرد، لەمە بەدواوەش بەهەمان شێوە هەوڵدەدات لەمیانەی هەمان ڕێچکەوە بەسەری ببات. تاکە دەردی درێژکردنەوەی ماوەی دەسەڵاتەکەیەتی.

کردنەوەی ئەکادیمیای سیاسەت لەئورفا گرنگە، بیست ساڵە ئەو ئورفا زەبەلاحە کادیری پرۆفیسێۆنالی نییە. شوێنێکی وەکو خەلفەتی کادیرێکی پرۆفیسۆنالی لێ نییە. ئەمە پەسند ناکرێت. بەلانی کەم پێویستە سی – چل کادیری تایبەت بە هەر ناوچەیەک پێبگەیەنرێت. پێویستە کێشەکانی ئورفا ببینن، خەڵک برسی و بێکارە. ئەمەش بەس نییە، خەڵکیان بەگژ یەکترەوە ناوە. باسی دەرفەتێکی کرێکاری بکرێت لەئورفاو لەئادیامان خەڵک دەکەونە یەخەی یەکترەوە. ئیتر پێگەی کرێکاری بووە بە جیاکاریەکی مەترسیدار. کەچی لەڕاستیدا ئەو دۆخە خودی کۆیلایەتی یە. لە ڕەوشێکی چۆندا دەکرێ باش بین؟ ئورفا کێشەی زەبەلاحی هەیە. دۆخی ژنانیش لە بەرچاوانە، کێشەگەلێکی زەبەلاح جێگای باسن. لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو کێشانە هەوڵێکی مەزن و تێکۆشانێکی دیموکراتیانە پێویستن.

شیکارکردن و چارەسەرکردنی ئەو دۆخەی ئورفا مانای شیکارکردن و چارەسەرکردنی ڕەوشی هەرێمەکەیە. مێژووی ئورفا دەزانن، ئورفا شوێنی مرۆڤی دلێر و مەردانەیە. خاڵۆیەکم هەبوو، دەیناسن ناوی سولێمان بوو. پیاوێکی ئازا و نەبەرد بوو. تەواو کوردێکی ڕاستەقینە بوو. کاتێک دەهاتە لامان بەردەوام باری سەرشانمی کەمدەکردەوە. بەردەوام بە ڕاوەستە و هەڵوێستەکانی سەرسام بووم. هەر بۆیەش بانگی ئێرەم کرد. بەڵەوەی کۆچی دوای بکات، ماوەی نیو کاتژمێر یەکترمان بینی. لەبەر ئەوەنا کە خاڵۆمە، بەهۆی ئازایەتی و نەبەردیەکانی کە لەبارەیەوە دەیگێڕنەوە ڕێزێکی زۆرم لەبەرامبەریدا هەبوو. ڕوحێکی کوردانەی ڕاستەقینەم لەکەسایەتی ئەودا دەبینی. ئەو ڕۆحە لەشەپی ڕزگاری لە ریزی

پێشەوەدایە. لەبنەڕەتدا ئەو تێکۆشانەی ئورفا لەبەرامبەر فەرەنسیەکان نەبوایە (ئەو تێکۆشانە بەرهەمی کوردانە)لەوانەیە شەڕی رزگاری سەرکەوتوو نەبوایە. یەکەمین دەسکەوتی ئەم پرۆسەیە ئەو رێکەوتنەی نێوان تورک – فەرەنسیەکانە. هەروەها لەو قۆناخەدا بەدواکەوتنی مستەفا کەمال لەلایەن سەرهەنگ نوێل ەوە دەستی پێکرد، لەوێشەوە تا سیواس و ئەلازخ درێژبۆتەوە. بەڵام سەرەتاکەی ئورفایە.

لە راستیدا جێگا و رۆڵە گرنگەکەی کوردان لەشەڕی رزگاری لەدەستووری ١٩٢١ ڕەنگیدایەوە. تەنانەت لەمیانەی هەندێک میکانیزمەوە دانیان بە ئۆتۆنۆمی کوردان دانا. ئەم دان پێدانانە لەوتەکانی ئەو کاتەی مستەفا کەمال یشدا ئاماژەی پێکراوە. بەڵام بەدەستی ئینگلیزەکان، کادیرەکانی ئیتحاد و تەرەقی، عیسمەت ئینۆنۆ و فەوزی چەکماک مستەفا کەمالیان بێکاریگەر کرد. کوردان کراون بەقوربانی سیاسەتی ئینگلیزەکان. دواتر هەنگاو بە هەنگاو لۆبی شەڕی تایبەت سەبارەت بە پرسی کورد کاریگەر بوو. لەرۆژی ئەمڕۆشماندا لۆبی شەڕی تایبەت هەوڵدەدات لە ئورفا کاریگەر و چالاک بێت. یاری لەڕیگەی عەرەبەکانەوە ئەنجام دەدرێت. ئەو دۆخەش لەبەرچاوانە کە گەلەکەمانیان تووش کردووە. سەرباری دەرفەتە بەرفراوانەکانی ئورفا، سیاسەتێکی مەترسیداری هەژارکردن بەڕێوەدەچێت. بۆتێگەیشتنی تەواوی ئەم یاری و لەیستۆکانە کردنەوەی ئەکادیمیا گرنگە. دەکرێ سوود لەم باسانە وەربگیرێت کە سەبارەت بە ئورفا ئاماژەم پێکردن، دەکرێ وەکو سەرچاوەیەک بەکار بهێنرێت. هەروەها دەتوانن لەبەشە پەیوەندیدارەکانی بەرگرینامەکانم سوودمەندبن. شیکارگەلێک هەن کە سەبارەت بە گردی خرابەڕەش و گرنگی و جێگای ئورفا لەمێژووی عیبرانیەکان ئەنجامدەاون، دەکرێ سوود لەوانیش ببینن.

پێویستە باش دەرک بەدۆخی ئورفا بکەین. ئورفا بەتەنیا وەک وڵاتێک وایە. یاری و لەیستۆکی لەسەر ئەنجام دەدرێت. هەوڵی گۆڕینی پێکهاتەکەی دەدەرێت. پێویستە زۆر بەباشی ئەم یارییانە ببیرێن و شیکار

بکرێن. سیاسەت سەبارە بە زەوی و ئاو پێشدەخرێت و لەیستۆک ئەنجام دەدرێت. خاکی ئورفا ئاو و زەوی بەپیتی زۆرە. پێویستە خاوەنداری بکرێت لەو ئاو و خاکە. بەهۆی ئەم خاکە بەپیتە و ئاوەکەیەوە دەوروبەرێکی زۆر چاویان لەسەر ئورفایە. عەرەب ئیسرائیلیەکان دێن لە ئورفا زەوی دەکڕن و وەبەرهێنان دەکەن. هەروەها بەهۆی پێکهاتە ئایینیەکەی ئورفاوە، لەڕێگەی بەکارهێنانی ئایینەوە هەوڵی ئەنجامدانی یاری و لەیستۆک دەدەن. ناچارین تەواوی ئەم بابەتە ببینین، لەدۆخێکی پێچەوانەدا سیاسەتی دیموکراتیانە پەرە ناسەنێت. لەو سۆنگەیەوە، پێویستە ئورفا خەباتێکی رێکخستنی دیموکراتیانەی تایبەت بەخۆی هەبێت.

رەوشی ئێستای ئورفا وەک تەکساسی ئەمریکایە. سیاسەتی بااڵدەستی و موڵکایەتی دەوڵەت بەسەر ئاوو زەویەوە گەلی خستۆتە دۆخێکی زەحمەتەوە. چونکە لەو رێگایەوە سیاسەتێکی قڕێژ بەڕێوە دەبرێت. ئورفا کێشەگەلێکی یەکجار زەبەلاحی هەیە. بۆچی رێکخستنێکی هێندە بەرتەسک جێگای باسە، ئەمە بێ واتایە. ئەگەر سیاسەتی دیموکراتیانە لەسەر بنەمایەکی راست بەڕێوە ببرێت لەو بڕوایەدام کە گۆڕانکاری و پەرەسەندنی مەزن بەدیدێت. لە ئورفا پۆتانسێلمان هەیە. جاران نیوەی خەڵکی ئورفا لەگەڵ ئێمەدا بوو. پێویست ناکات شتێکی جیاوازیش ئەنجام بدەن، تەنیا کەناڵی سیاسەتی دیموکراتیانە بۆ گەل بکەنەوە بەسە، گەل رێک بخەن، رێکخستەی بکەن. ئەوەندە گوتمان و دووبارەی دەکەینەوە، بەڵام کەس تێناگات. پۆتانسێلی مەزن لەئورفا هەیە. پۆتانسێلەکەی هێندەی تورکیا هەموویەتی. لەماوەکانی دوایی زۆر گەورە بوو. ئەمانە بەکار ناهێنرێت.

لەڕێگەی بەنداو و کەناڵەکانی ئاو و ئاودێریش دووژمنایەتی کوردان دەکرێ. بۆچی کەناڵەکانی ئاودێری بۆ ماردین نەبراوە؟ ئەوەی ئورفاش تەنیا تا ئاکچەقەلا براوە. بەنداوەکان بەشێکی پیلانی لەناو بردنن. هەروەها زەوی مینرێژاو هەیە. ئەو ژنە بیر خۆتان بێنەوە کە پەیوەندی لەگەڵ

سەرۆک شارەوانی حەڕان هەبوو، دواتریش هاوسەرگیرییان کرد. کاریگەری ئیسرائیل لەمەدا هەیە. ئیسرائیل لە ئورفا جێگیر بوو. هەروەها چەندین کچیان لەتونسەوە هێنایە ئورفا. ئەمانەش چۆنیەتی بەکارهێنانی ژن پیشان دەدات.

یەهودیەکانیش وەک سەرجەم گەلانی دیکە مافی ئەوەیان هەیە لەناو ئاشتی و تەبایی لەرۆژهەلاتی ناوین بژین. تەنانەت دەتوانن لەناوچەکە زەوی بکڕن و تێیدا بژین. بەڵام پ ۆیستە ئەمە بەئاشکرا و کراوەیی ئەنجام بدرێت، ناکرێ نیازی خراپ و ئەجیندای نهێنییان هەبێت.

بەهەمان شێوە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ گەلی عەرەب یشدا نیە، چەندین هەڤاڵ و دۆستی عەرەبمان هەیە. چەندین ساڵ لەسوریا لە(شام)یش ماوم. بەڵام دەوڵەتە عەرەبەکان، بۆنموونە سعودیا پشتگیری ئیسرائیل و تورکیا دەکات، بەڵام بەرامبەر ئەمە بێ دەنگن.

سەرمایەداری درندە هەر لەئێستاوە کەوتۆتە جوڵە. بەنداو دروست دەکەن و وەبەرهێنان ئەنجامدەدەن. بەرامبەر بەو رەوشە، کۆنفرانسی ئابووری کۆمینداڵ و ئابووری سیاسی پێشنیاز دەکەم. کێشەکانی لەجۆری برسێتی و بێکاری ئورفا چۆن چارەسەر دەکرێن؟ ئەگەر بەڕاستی ئێوە پارتێکی کۆمەڵگایین، ئەوا چارە بۆ ئەم کێشانە دەدۆزنەوە. پێویستە لادێ و زەوی و زارەکان لە HES (سەنتەری هیدرۆ ئەلەکتریک) پاک بکرێتەوەو دەستیان بەسەردا بگیرێت. بەدرێژایی مێژوو میزۆپۆتامیا هەموو کەسێکی تێرخۆراک کردووە، ئەمڕۆ ناتوانێ تێرخۆراکیان بکات! بەشێوەیەکی ئاسایی ئورفا دەتوانی بژێوی دەملیۆن کەس دابین بکات. بەڵام بەهۆی برسێتی و بێکاری رۆژانە ئەمڕۆ یەکتری دەکوژن. لێرەوە تا ئەدرنا دەڕۆن، لەوێ رەنجبەری و سەپانی دەکەن، ئێوەش وەک پارتی هیچ تەدبیرێک پێش ناخەن، لاوازن. بەو ئامانجە کۆنفرانسی ئابووریم پێشنیاز کرد. پێویستە مۆدێلێکی ئابووری ئەڵتەرناتیفتان هەبێت و چارەیەک بۆ بێکاری بدۆزنەوە. مۆدێلی ئابووری شارەوانیەکان چیە؟ نیتانە. لەو بوارەدا پێویستە مێشکتان

بتەقێن. سەرمایەدارەکان هەموو جۆرە وەبەرهێنانێک دەکەن، هەمووشی لە پێناو بەدەستهێنانی قازانجی زیاترە.

خەڵکی ئورفا لێرەوە دەچێتە ئەدەنە و رەنجدەری دەکات. بەزەییتان بەم خەڵکەدا نایەتەوە؟ خاک و زەوی و زاری ئورفا پێشکەش بەئیسرائیل و سعودیا دەکەن. تا رادەیەک ئەم هۆیە لەژێر پشتگیریکردنیان بۆ "جەبهەی نوسرە" شاراوەیە. هاوشێوەکانی ئەلپارتی(PDK-S) لەرۆژئاوا هەیە، وەک چۆن سەردەمانێک هێڵی سیلوان – باتمان پشتگیری لەحزبی کۆنترا دەکرا، ئەمانەش پێکهاتەیەکی هاوشێوەن کە ئەمڕۆ لەهێڵی ئورفا – عەنتاب – حەسەکە – رەقا پشتگیریان دەکرێت. گەل ناچاری کۆچبەری دەکەن. هەروەک ئورفا، دەوڵەت بەشێوەیەکی تایبەتی راوەستەی لەسەر هەندێک شوێن کرد. لەبەر ئەوەی زێدی لەدایکبوونمە، هەروەها رێگەی حیلوان و سیڤەرەک بۆ بزووتنەوەکەمان و هەڵکەوتەی سنورییان لەگەڵ رۆژئاوا، دەوڵەت ستراتیژیەتێکی تایبەتی پەیڕەو کرد. دەوڵەت دەستوەردان لەهەندێک پەیوەندیدا کرد کە لەو ناوچەیە پێشخرابوو.

ئامرازەکانی سیاسەتی دیموکراتیانە لەئورفا دەخەمە ناو گفتوگۆوە. بۆنموونە، کۆنسەی ئابووری بڕیاردەدات و دەڵێ دەمانەوێ کۆپەراتیف لە ئورفا پێش بخەین، نابێ دەوڵەتیش رێگری بکات. پێویستە چارەسەری بۆ ئەم مەسەلانە بدۆزنەوە. ئەو شتانەی منی نیگەران کردووە، ئێوە هیچ بیری لێ ناکەنەوە. پێنج سەد هەزار لەخەڵکی ئورفا لەدەرەوەن. کاری کرێکاری وەرزی دەکەن. کۆچ(سەرمایەدارێکی گەورەی تورکیایە)یش دامەزراوەکانی خۆی لە ئورفا بەکەنەدیەکان دەفرۆشێت. ئێوە تا ئەو رادەیە لەسیاسەت نامۆ بوون. ئورفا شوێنێکە کە کار و چالاکیەکانی دەوڵەتی هاوتەریب(سێبەر)تێیدا بەهێزە. پرۆژەیەکی نوێی تەعریبکردن دەستبەکارە. ئێستاش لەرێگای سەنتەرە هیدرۆ ئەلەکتریکیەکان شێوازی کوشتنی سروشت پەیڕەو دەکەن. کۆمەڵکوژی ئیکۆلۆژی لەئارادایە. سەیرکەن بۆتان، دێرسیم و هەموو شوێنێک ژێر ئاوکرا. لەهەر شوێنێک بەنداو لەسەر رووباری دیجلە دروست دەکرێت. کارەبا لەئورفاش نییە. لەتەواوی

ناوچەکە کێشەی کارەبا هەیە، کەناڵەکانی ئاو و ئاودێری بۆ ناچێت. هەربۆیە زۆر تووڕە دەبم. بەتەنیا ئورفا یان ئادیامان دەتوانن وەک هۆڵەندای لێ بکەن. ئەمانە وەک کۆیلە ئادیامان و ئورفا بەکاردێنن و دوایش بەجێیان دێڵن. نە زەوی، نە مرۆڤ هیچیان لەو دەڤەرە نەماون. تاڵانێکی بێ بەزەییانە ئەنجام دەدەن. ئەو خاک و جوگرافیایەی کوردان لەسەری دەژین مێژوویکی پازدە هەزار ساڵی هەیە. ماوەیەکی زۆر بەر لەوەی لە ساڵانی هەزاری زایینی تورکەکان بێنە ئەم ناوچەیە، کوردان رابردووی نێۆلۆتیکی پازدە هەزار ساڵەیان هەیە. بۆ نموونە لەئەنجامی کەنە و پشکنینەکانی گردی خرابە رەش پێدراوێک دەرکەوتوون کە تەمەنیان بۆ دە هەزار ساڵ بەرلەزایین دەگەڕێتەوە. هەروەها لەئادیامان و چەندین شوێنی دیکەش پێکهاتە و پێدراو سەبارەت بە مێژووی کۆنی کوردان بەدەست کەوتوون. تەواوی ئەمانە راستینەی مێژووبین. هەروەها پێنج هەزار ساڵ بەر لەئێستا کوردان سەیری پەلکە زێڕینەی ئاسمانیان کردووە، رەنگەکانیان "کەسک، سوور و زەرد"یان هەڵبژاردووە، کردوویەتی بەشتێکی نەریتی و تا رۆژی ئەمڕۆمان بەکاری هێناوە. هەر بۆیە پێویستە سەیری مێژوو بکەن. شوێنەوارناسی ئەڵمانی کلاوس شمیت کە دە ساڵە لەگردی خرابەرەش کاری کنەکردن و هەڵکۆڵین دەکات دەڵێ: کۆنترین پەرستگا پیرۆزەکانی دونیا لەخرابە رەشە. بێگومان هەڵبەتە بەمجۆرەیە. من پێشتریش ئەمانەم باسکردبوو. یەکەمین پەرستگا پیرۆزەکان لەم هێڵەدایە. ئەو هێڵە خۆی سوپەر نەوایەکە، هێڵێکی بازنەیی یە. ئەمە دەرکەوێتە مەیدان نووسینەوەی مێژوو دەگۆڕێت.

لە بەرگرینامەشدا باسی ئەم بابەتانە دەکەم. شاری ئورفا شاری حەزرەتی ئیبراهیمە. بەردە چەقێنراوەکانی ئورفا شوێنی کۆنترین مەدەنیەتەکانە. پێدراوێک لەئورفا هەیە کە بۆ سەردەمی نێچیروانی و کۆکردنەوەی بەروبووم دەگەڕێتەوە. ئەگەری ئەوە هەیە مێژووی دەست پێکردنی مەدەنیەت بێ. شوێنەوار ناسە ئینگلیزەکان راوەستەیەکی زۆر

سەبارەت بە ئورفا دەکەن. ئەگەر ئەو راستیە بسەلمێ کە ئەو شوێنە(خرابە رەش) بۆ سەردەمی نێچیروانی و کۆکردنەوەی بەروبووم دەگەڕێتەوە، ئەوا سەرجەم تیۆریەکانی سەبارەت بە مێژوو و شارستانیەتەکان سەراو بن دەبن. لەدۆخێکی وەهادا پێویستە سەرلەنوێ بیر لەمێژوو بکرێتەوە، سەرلەنوێ دەست پێبکرێت و بنووسرێتەوە.

کوردان و ئورفا رۆڵیان لەئافراندنی نیۆلۆتیک و شارستانیەتدا هەبووە. لەسێگۆشەی ئورفا – ئادیامان – ئامەد دا مێژوویەکی دەوڵەمەند لەژێر خاک خەوتووە. چەندین پێدراو نیشانیدەدەن کە سەردەمی نیۆلۆتیک لەو سێگۆشەیە پەرەیسەندووە. نیۆلۆتیک لەو شوێنانە لەدایک دەبێت کە هیلالی بەپیتی پێدەڵێن و بەرەو خوارەوە دەچێت. شارستانیەت یش لەسەر بنەمای ئەو توانستە سەرهەڵدەدات. ئافراندنی مەدەنیەتەکانی سۆمەر و میسر لەو ناوچانە لە میانەی نیۆلۆتیکەوە، واتە لەڕێگەی ئێمەوە فەراهەم بووە. ئەم شارستانیەتەی هێناوەتە دونیاوە، ئەمڕۆ لەژێر زوڵمی رۆڵە بێ خێرەکانیدایە. پێویستە هەردوو رووەکەی ئەم شارستانیەتە بناسین. رووێکی، لایەنی باڵادەستیەکی بێ بەزەییانەی چینایەتی یە کە فشار و سەرکوتکاری پێنج هەزار ساڵەی رەگەز و نەتەوەش لەخۆوە دەگرێت. رووی دووەمی، ئەو وەڵامەیە کە بەشێوەی نەریتی پێغەمبەرایەتی ئیبراهیم و زەردەشت و کاوە بەرامبەر بەستەم، ساختەکاری و چەوسانەوە پیشاندراوە. لەمیزۆپۆتامیا، لەو شوێنەی یەکەمین بناغەکانی شارستانیەتی تێدا دانراوە، ئەمجارە لەمیانەی هەڵمەتێکی گەورەی شارستانێتی دیموکراتی وەڵامی ئەم ستەم و زۆرداریە دەدرێتەوە. لەرۆژگاری ئەمڕۆشماندا ئەوانەی لەسێگۆشەی ئورفا – ئادیامان – ئامەد دان وەڵامی ئەمە دەدەنەوە. پێویستە ئەو سێگۆشەیە ببێتە ناوەندی شارستانێتی دیموکراتیک.

لەسەر ئەو بنەمایە سڵاو و رێزم بۆ ئورفا و خەڵکەکەی هەیە. دەزانم کە ئورفا سەردەکەوێت. زوو یان درەنگ ئەو رێنسانسەی خۆی ئەنجامدەدات کە شایستەی مێژووەکەی و حەزرەتی ئیبراهیم بێت.

پاشکۆ -٣-
ئورفا گردی خرابە رەش

گردی خرابە رەش "گۆبەکلی تەپە"ی شاری ئورفا کۆنترین پەرستگای مرۆڤایەتییە کە بونیادنراوە".

شوێنەوارناس کلاوس شمیت

گردی خرابەرەش شوێنەوارێکی سەردەمی نیۆلۆتیکە، دەکەوێتە نزیک گوندی "ئۆرە نجیک"ی باکوری رۆژهەلاتی شاری روهـا و بەرزترین شوێنی ئەو گرد و تەپۆلکانەیە کە بوونەتە سنوری دەشتی حەران. شوێنەواری خرابەرەش کە کەوتۆتە سەر تەپۆلکەیەکی بەرز و تەنانەت لە دووروە بەچاویش دەبینرێت "شوێنگەیەکی شاخاوی پیرۆزە" کە پەرستگاکان لە بەرزاییەکەی هەلکەوتووە.

بەگوێرەی ئەو کنەو پشکنینانەی تا رۆژی ئەمرۆمان ئەنجامدراون، دەرکەوتووە کە گردی خرابە رەش " گۆبەکلی تەپە" پاشماوەو ئاسەوارێکی سەردەمی نیۆلۆتیکە و تەنیا پێدراوەکانی قۆناخی ئاکیرامیک ی نیۆلۆتیک لەخۆوە دەگرێت "ئاکیرامیک، لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا مرۆڤەکان لە دۆخێکدا نەبوون دەفرو دیزە دروست بکەن، مانای سەردەمی نیۆلۆتیکی بێ دەفرو دیزە دەبەخشێت"، ئەو شوێنەوارە مێژووەکەی بۆ یازدە هەزار سال پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، ئەو گردو بەرزاییە پیرۆزە چەندین شوێن "تەلار"ی پەرستگای تێدایە، لەبواری بیناسازی و ئاسەوارە دۆزراوەکان سەبارەت بەشێوەی ژیان و هونەرەکانیان زانیاریمان پێدەبەخشێت. ئەو شوێنەوارناسانەی لە گردی خرابەرەش کاروخەباتی کنەو پشکینینان بەڕێوەبردووە، لەمیانەی ئەو پێدراو و شتانەی دۆزیویانەتەوە، بەو ئەنجامە

گەیشتوون کە بۆ یەکەمین جار لەو پەرستگایانە رێورەسمە ئایینیەکان ژمارەیەکی زۆرو قەرەباڵغی مرۆڤی هێناوەتە لای یەکتر. بەتایبەتیش مەیدانی پەرستگاکە، بیناسازی و شێوازەکانی ناوەوەی، هەروەها هەڵگۆڵین و وێنەکان ئەو تێزە دەسەلمێنن.

کنەکردن و هەڵگۆڵینەکانی گردی خرابە رەش لە ساڵی ١٩٨٥ لەلایەن کلاوس شمیتەوە دەستی پێکردووە، هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی لەلایەن خۆیەوە بەڕێوە چووە. پرۆفیسۆر کلاوس شمیت کە لە زانکۆی ئیرلانگەن "Erlangen" مامۆستایە لەساڵی ١٩٩٤ لە کاتی سەردانێکیدا گرنگی گردی خراپە رەشی بۆ دەرکەوتووە و لەو چوارچێوەیەشدا پرۆژەیەکی بۆ لێکۆڵینەوەو کنەکردن پێشکەش کردووە.

هەرچی هارلد هاپتمان یشە کە کنەو لێکۆڵینەوەکانی نەوالی چۆری" کەئێستا ژێر ئاو بووە" ئەنجامداوە، بەسیفەتی بەڕێوەبەری پەیمانگای شوێنەوارناسی ئەڵمانی پشتگیری لەو پرۆژەیە کردووە و وەک ئەندامێکی گرووپەکەش ناوی تۆمارکراوە، بەڵام بەشێوەیەکی چالاک جێگای خۆی لە پرۆژەی گردی خرابە رەش "گۆبەکلی تەپە"دا نەگرتووە. کنەکردن و پشکنینەکانی گردی خرابە رەش لەساڵی ١٩٩٥ تا ساڵی ٢٠٠٦ وەک کاروخەباتێکی هاوبەشی پەیمانگای شوێنەوارناسی ئەڵمانی و مۆزەخانەی ئورفا لەلایەن کلاوس شمیتەوە بەڕێوەبراوە. شمیت سەبارەت بە خرابە رەش ئەو هەڵسەنگاندنانەی کردووە.

"خرابە رەش شوێنگەیەکی پیرۆزی بەرزاییە"شاخە" کە بۆ سەردەمی بەردین دەگەڕێتەوە. باسی ئەو قۆناخ و پرۆسەیە دەکات کە لە کولتووری نێچیروانی و کۆکردنەوەی بەروبوومەوە گۆزەرکردنی بۆ کولتووری جوتیاری "کشتوکاڵی" جێگای باسە. لەئەنجامی ئەو هەڵگۆڵین و کنەکردنانەی ئەنجامدراون ئیتر ئەو ناوچەیە دەڤەرێکی ناسراوە لەلایەن گشت جیهانەوە. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە خرابە رەش خاوەن بیناسازیەکی رەسەن و تایبەتە، لەوەش گرنگتر تەپۆلکە و گردێکی پیرۆزی بێ هاوتایە.

بەرلـەوەی ئـەو شـوێنەوارە بدۆزینـەوە، ئـەو شـوێنە دەڤـەرێک بـوو کـە چاوەڕوانیـەکی بـەمجۆرەمان لێـی نـەبوو. خرابـەرەش تـەنیا لـەو چینانـە پێکهاتووە کە بۆ سەردەمی ئاکارماتیک دەگەڕێتەوە. هەڵبەتە ئەمانە بۆ دوو سـەردەم ریزبەنـد کـراون. سـەردەمی یەکـەم بـۆ ناوەڕاسـتەکانی دەیـەمین هـەزارەی پێش زایـین دەگەڕێتـەوە، هـەرچی سـەردەمی دووەمـە، سـەر بـە نۆیـەمین هـەزارەی پێش زایینـە. چینـەکانی سـەردەمی دواتر بوونیان نییە. واتە چینـەکانی دوای سـەردەمی نیۆلـۆتیکی بێ دەفرو دیزە نەدۆزاوەتـەوە، نـەبووە. پێشـتر بەشـداری سـەرجەم هـەڵگۆلین و کنـەکردنی شـوێنەواری نەوالی چۆرێ م کردووە، نەوالی چۆرێ زۆر باش دەناسـم و ئاشـنام. ئێرە شوێنێکی نیشتەجێبوون بووە کە خاوەن پێکهاتە "بیناسازی"ی ئاپینی بووە و دەکەوێتـە شـاری سامسـاتی نزیـک رووبـاری فـورات. نـەوالی چـۆرێ دەڤەرێکی نیشتەجێبوونی گرووپێکی نێچیروانی و کۆکـەرەوەی بـەروبووم بووە، ئەو پێدراوە نوێیە، لەهەمانکاتدا دۆزینەوەیـەکی نـوێ بـوو، شـوێنگەی نیشتەجێبوونی گرووپگەلێکی نێچیروانی و کۆکـەرەوەی بـەروبووم بـوو کـە پێکهاتەو شوێنی پەرستشی هەبوو. بەڵام پەرستگاکەی ئێرە، لەگـەڵ ئـەوەی خودی بونیادەکەی لەگەڵ ماڵەکانی دیکەی شوێنی نیشتە جێبوون جیـاوازی هـەبوو، بـەڵام لـەبواری گەورەییـەوە سـادەبوو، هـەرچی خرابـەرەشـە بـە بەراورد لەگەڵ ئەمە هەم شوێنی نیشتەجێبوونی نییە، شـوێنێکی کۆتـەڵی یـە کـە تـەنیا بونیـادی پەرسـتگای هەیـە. واتـە تـەنیا شـوێنێکی پیـرۆزە. دەکـرێ بـەمجۆرە دەرکـی پـێ بکـەین: لەکاتێکـدا نـەوالی چـۆرێ شـوێنێکی نیشتەجێبوونە، هەرچی خرابە رەشـە بـە تـەواوی مەیدانێکی ئاپینی پیـرۆزە. ئـەوەی منـی بـردە خرابـە رەشـیش پەیوەنـدی بـە نـەوالی چـۆرێ وە هەیـە. نزیکـەی بـۆ مـاوەی دە سـاڵ کـارم لـە هـەڵگۆلین و کنەکردنـەکانی نـەوالێ چۆرێدا کرد، بەڵام لەو خەباتەدا چەندین پرسیار لە میشکمدا دروست بوو. ئەو وەڵامەی لە رێگای ئەو پرسیارانەوە بەدواپدا دەگەڕام، لـە دۆزینـەوەی خرابـەرەش "گۆبـەکلی تەپـە"دا دۆزیمـەوە. بـەڵام ئـەوە کەشـف و

دۆزینەوەیەکی بە رێکەوت نەبوو. ئەو شتەی منی بەرەو خرابەرەش راکێش کرد دەتوانم بڵێم میوەو بەرهەمی کارو خەباتی لە پێشینەکەی سااڵنی پێشوو بوو. یەکسەر تێگەیشتم کە ئەو دەقەرە لە شوێنەکانی دیکەی پەرستن زۆر گەورە و بایەخدارترە. لەو سۆنگەوە سەرجەم کار و چاالکییە زانستیەکانی لێتوێژینەوەم بۆ ئێرە گواستەوە و بەو دەقەرە قاڵبوومەوە.

هەڵبەتە لە ئورفا و دەوروبەری شوێنی دیکەی نیۆلۆتیک هەن، چەند دانەیەکی ناسراویان هەیە. لەوانەیە ئەوانەش هەبن کە هێشتا نەدۆزراونەتەوە. من کار و خەباتی خۆم سەبارەت بە خرابەرەش چڕ کردەوە و لەشوێنی دیکە لێکۆلینەوەم نەکرد. لەو بڕوایەدام کە ئەم بابەتە کاری هاوپیشەکانی ترمە. چونکە ئێمە کاروخەباتێکی بەرفراوان و بەردەواممان لە خرابەرەش هەیە. ئێرە ئەو دەقەرەیە کە بۆ یەکەمین جار گۆڕین و وەرچەرخانی کولتووری کۆکردنەوەی بەروبووم و نێچیروانی بۆ کولتووری جوتیاری "کشتوکاڵی" تێدا بینراوە. ئەو قۆناخ و پرۆسەیەش رێکەوتی ۱۰۰۰۰ – ۹۰۰۰ پێش زایینە. ئەو دەقەرە رۆڵی کلیلێکی گەورە بۆ جیهانی کۆن دەبینێت. هەر لەبەر ئەوەشە سەبارەت بە مێژووی جیهانی کۆن ئەو ناوچەیە تا دواڕادە گرنگە. لەگەڵ دۆزینەوەی خرابەرەش شتی نوێ و جیاوازتر دەردەکەوێتە مەیدان.

جاکۆس کۆفیای کۆچکردوو کە هاوپیشەیەکی فەرەنسیم بوو "کەخۆی ئاشنای خرابە رەش نەبوو" بەو رادەیەی کە ئێمە پێشتر بیرمان لێ نەکردبوویەوە دەرکی بەوە کردبوو کە لە قۆناخ و پرۆسەی گوزەرکردن لەکۆمەڵگەی نێچیروانیەوە بۆ کولتووری جوتیاری – کشتوکاڵی ئایین و بوویەرە ئایینیەکان رۆڵێکی زۆر گەورەی بینیوە. هەر ئەو ئەنجامەشە کە تا ئێستا ئێمە بینیومانە.

پێویستە جەخت لەسەر گرنگی ئەو رۆڵە بکرێتەوە کە لەو گۆڕانکاریەدا بە خرابەرەش "گۆبەکلی تەپە" دراوە. کاروخەباتمان سەبارەت بە

وردەکاریەکان بەردەوامە. بەشێوەیەکی تایبەت بینینی ئەنجامەکان بنەمای لێتوێژینەکانی ئێستامانە. کۆبوونەوەی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر لە خۆپاراستن زیاتر هۆکارەکەی بۆ ئامانجی باوەڕی و پەرستش دەگەڕێتەوە. فاکتەرەکانی پاراستن دواتر دەرکەوتوون، لەو سەردەمانەش شەڕ سەریهەڵدا، خۆ پاراستنی مرۆڤ بەرامبەر بەگەلان و هێزەکانی دیکە پێکهاتووە. بەڵام وەک دەبینرێت لە سەردەمی نێچیروانی و کۆکردنەوەی بەروبووم، واتە لە سەردەمی بەردینی کۆن ئەمجۆرە بەرگری و پاراستنانە نەبوون. مرۆڤی ئەو سەردەمە خاوەن ئەو دۆخ و سۆز – هەستە نییە کە خۆی بەرامبەر دراوسێکەی و مرۆڤی تر بپارێزێت، زیاتر پێویستی بە خۆپاراستن لە ئاژەڵە درندەکان بوو. لە رێگەی گرووپی بچووکەوە دەیانتوانی خۆیان لەو جۆرە ئاژەڵانە بپارێزن. هەروەها لەرێگەی ئەو چەکانەی دروستی کردن لەبەرامبەر ئاژەڵان دەیتوانی بالآبوون بەدەست بێنێت. واتە بەیەکگەیشتنی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە "بەردینی کۆن" بە ئامانجی بەرگری و خۆپاراستن نییە. زیاتر ئامانجیان ئەوە بوو لە ئاهەنگە نا ئاساییەکان بەیەکتر بگەن. هۆکاری پشت ئەو ئاهەنگانەش ناوەڕۆکە ئایینیەکە بوو. دەکرێ دۆخەکە بەمجۆرە ببینین. دەتوانین ئەو راستیە ببینین کە ئەمجۆرە بەیەکگەیشتنانە لە یەکەمین کۆمەڵگەکاندا تەنیا لەپێناو دڵخۆشی و شادومانی نەبووە، بەڵکو زیاتر هۆکارەکەی ئایینی بووە. پێناسەی چاخی نیۆلۆتیک، مانای "کۆمەڵگەی بەرهەمهێنەری خۆراک" دەبەخشێت. ئەمەش یەکێک لە سەرەکیترین ئەو فاکتەرانەیە کە کۆمەڵگەیەک دەکات بە کۆمەڵگەی نیۆلۆتیک. هەرچی بابەتەکانی نیشتەجێبوون و خانوون ، لەپاڵ ئەو فاکتەرەوە بەڕێوە دەچن. ئەمانە دیاردەکانی ئەو قۆناخەی نیۆلۆتیکن، بەڵام سەردەمی نیۆلۆتیک پێناسە ناکەن. ئەوەی ئێستا ئێمە دەیبینین دامەزراندنی شوێنی نیشتەجێبوونی کۆمەڵگەی نێچیروانیْ و کۆکەرەوەی بەروبوومە لە دەوروبەری دیجلە و فورات. چونکە لێرەدا دەستیان کردووە بە پێشخستنی ئاوایيەکانیان.

هەرچی ئەو بیناسازیەیە کە لێرەدا سەریهەڵداوەو پەرەی سەندووە، لە رەهەندی ئایینیەوە ئاواکراوە، هەروەها خۆراکەکەشی لەئایینەوە وەرگرتووە. پێکهاتنی بیناسازیەکان هێزی کۆمەڵایەتی و بەرهەمداریشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، لەئاکامی ئەوەشدا مانەوەی "دۆزینەوەی" رووەکەکانیان ئەنجامداوە. چونکە ئەو فاکتەرانە بۆ درێژەدان بە سەرچاوەی ژیانی جۆاتی مرۆڤ پێویستن. خرابەرەش کۆنترین پەرستگای بونیادنراوی مرۆڤایەتییە. لەمیانەی ئەو پێداوانەی لەو هەڵکۆڵین و کنەکردن و پشکنینانە دەرکەوتوون لە ساڵی ١٩٩٥ وە بەبێ هیچ دابڕانێک بەردەوامە، بۆمان دەرکەوتووە کە خرابەرەش ناوەندی باوەڕیەکە مرۆڤی سەردەمی نێچیروانی و کۆکردنەوەی بەروبووم دوازدە هەزار ساڵ پێش ئافراندوویەتی. ئەو کێوەی شوێنگەی پەرستگاکان کە دەکرێ وەک ناوەندی کۆبوونەوەو بەیەکگەیشتنی دوا نێچیروانەکان پێناسە بکرێن، پێداوێکی بە رۆژی ئەمڕۆمان گەیاندووە کە ئەو مۆدێل و تێۆرانە سەراوبن دەکات کە تائێستا سەبارەت بە سەردەمی نیۆلۆتیک لە مێژووی لێکۆلینەوەی شوێنەوارناسیدا بیری لێکراوەتەوە. کولتوورێکی دواترین گرووپەکانی نێچیروانیمان پێشکەش دەکات کە لە گوزەرکردنی بۆ قۆناخی بەرهەمهێنان نزیکن و لەو قۆناخەدا بیناسازی ئایینی و جیهانی سیمبۆلییان بەئاستێکی چاوەڕوان نەکراو گەیشتووە. گردی خرابەرەش "گۆبەکلی تەپە" پەرستگاکەی رووبەرەکەی نزیکەی ٣٠ مەترە و شێوەیەکی بازنەیی هەیە و نزیکەی ٣٠ پەیکەر لەخۆوە دەگرێت. شەش دانە لەوانە لەکاتی ئەنجامدانی هەڵکۆلینەکان دەرکەوتوون، ئەوانی دیکەش لەمیانەی ئەو پێودانگانەی بەشێوازەکانی جیۆمانیاتیک و جیۆرادار ئەنجامدراون و دەست نیشان کراون.

ئەو ئەنجامانەی لە رێگای ئەو پێوانەکردنانەوە بەدەست هێنراون پشتگیری لەو بۆچوونە دەکەن کە گردی خرابەرەش دوازدە هەزار ساڵ پێش ئێستا ناوەندێکی مەزنی دۆزینەوە بووە، شوێنگەی بابەتەکانی ژیانی

رۆژانە نەبووە، بەڵکو بە پەیکەر گەلێکی ئایینی داخراوە کە بەئامانجی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئایینەوە دروستکراون. دوو بەرد "پەیکەر" ی شێوەی پیتی T لاتینی لە ناوەڕاستی ڕووبەرە بازنەییەکەی ئەو پەیکەرانە دانراون کە شێوەیەکی سەربەستیان هەیە و بەرزاییەکەیان نزیکەی پێنج مەتر دەبێ. هەرچی ئەو بەرد "پەیکەر"ە چەقێنراوانەی ترن کە لەهەمان شێوەن، بەڵام لەو دووانەیە بچووکترن، بەجۆرێک لەناو دیوارەکانی ناوەوەی ئەو پەرستگایە جێگیرکراون کە بەرەو دوو پەیکەرەکەی ناوەڕاست ئاراستەکراون. هەرچی ئەو سیمبۆلە ئەبستراکت(مجرد) و وێنەی ئاژەڵانن کە بەشێوازی کۆڵین و داتاشینەوە دروستکراون دۆزینەوەو پێدراوێکن کە یادگا و پەیامەکانی دونیای سیمبۆلی دوازدە هەزار ساڵ پێش ئێستای پاشماوەکانی سیستەمی جۆرێکی هەواڵ گەیاندنی بە ڕۆژی ئەمڕۆمان گەیاندووە. پەیکەر و بونیادە ئایینیەکەی گردی خرابەڕەش، بەمەبەست لەلایەن مرۆڤی سەردەمی نیۆلۆتیک پڕکراوەتەوە کە خۆشیان دروستیان کردوە. ئەگەرێکی بەهێزە کە ئەو پەرستگایە ناوەندی کۆبوونەوەو شوێنی بەیەککەیشتنی گرووپە نێچیروانیە نیشتەجێکانە کە لە شوێن و ناوچەی جیاوازەوە هاتوون. لێرەدا بەیەککەیشتوون و ئاهەنگ و مەراسیمی گەورەیان ئەنجامداوە، ئەمانەش نەک تەنیا ڕۆژێک، ئەگەرێکی بەهێزە بەدرێژایی چەندین هەفتە بەردەوامبوون. ئەگەر ژمارەی بەشداربووەکان ڕەچاوبکەین، ئەوا ئەگەری بەهێزە کە ئەم بەیەککەیشتنانە، واتە ئەو ئاهەنگانە لەناو دۆخێکی هاوکاری و بەیەکەوە ژیاندا ئەنجامگیربوون. دروستکردنی ئەو بەرد "پەیکەر" انەی قورساییەکەیان چەندین تەن دەبێت، گواستنەوەیان و چەقاندنیان بەشێوەیەکی بازنەیی، ئەو ئەگەرە بەهێزتر دەکات. گردی خرابە ڕەش شوێنێکی پیرۆزە.

بەشێوەیەکی گشتی لەئاست مێژووی لێکۆلینەوەشدا بەمجۆرەیە. ئەگەر ئەو بوویەرە بە ئەنسکلۆپیدیایەک مەزەندە بکەین، وا دابنێین کە مێژووی جیهان لە "٢٠" بەرگ پێکدێت ئەوا دەکرێ قۆناخی نێوان چاخی بەردینی کۆن و چاخی بەردینی نوێ "نیۆلۆتیک" وەک بەرگی "٢١" بیست و یەکەمین

جێگیربکەین. گرنگی شۆڕشەواری گردی خرابەرەش لەوەدایە، لەکاتێکدا چاوەڕوانمان نەدەکرد و لەو بەرگەی بیست و یەکەمین بێ ئاگابووین، ئەو قۆناخەی گۆڕەکردنی بەشێوەیەکی زۆر دەوڵەمەند و هەمەڕەنگ گواستۆتەوە. ئێستا بەشێوەیەکی گشتی حەپەسانێکی ناوچەکە سەبارەت بەپێکهاتەی ئایینی جێگای باسە. هەروەها ئەو زانیارییانەی لە ئاکامی پشکنینەکانی ئەو دەڤەرە دەرکەوتوون، دەستپێکردنێکی نوێ بۆ تیۆری، مۆدێل و بۆچوونی هاوپێشەکانم دەرەخسێت. خەباتێکی دیکەی هاوشێوەی لێکۆڵینەوەکانی گردی خرابە رەش بوونی نییە کە بەم قۆناخەوە سەرقاڵ بێت. ڕۆڵی گردی خرابەرەش ئاشکرایە و لەبەرچاوانە. لە پەرتوکێکدا بەناوی "بونیادنەری کۆنترین پەرستگا" گردی خرابەرەش پێناسە کراوە کە لە ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن بڵاوکراوەکانی هونەرو شۆڕشەواری تورکیاش لەژێر ناوی " گردی خرابە رەش دەڤەری ئەفسوونی و پیرۆزی نێچیروانەکانی چاخی بەردین" بڵاوکراوەتەوە. هەروەها لەساڵی ٢٠٠٩دا پەرستگاکەی گردی خرابەرەش بووە بە بابەتی ڕاگەیاندنە خۆجێیی و بیانیەکان. لەساڵی ١٩٩٥ " چیای پەرستگا پیرۆزەکان" مان دۆزیەوە. هەرکەسێکی خاوەن خولیا و پەیوەست بە بابەتەکە، بۆ بینینی ئەو پەرستگایە دێن و لەناو مەراق و حەپەسانەوە بەچاوی خۆیان ئەو کۆتەڵە سەرسوڕهێنەرانەی مێژووی مرۆڤایەتی دەبینین، ئیتر ئەو بۆشاییەی پرکردۆتەوە کە لە قۆناخی گۆڕانکاری و گوزەرکردن لە کۆمەڵگەی نێچیروانیەوە بەرەو کولتووری جووتیاری "کشتوکاڵی" لە ئاراداببوو. بەڵێ چیتر بەو ڕەنگە "ڕەش" گەیشتووە کە پێشتر هێشتا دیار نەبوو. ئێمە بەجۆرێک بیرمان دەکردەوە کە شۆڕشی نیشتەجێبوونی جوتیاران "کشتیاران" لەئاکامی سەرەتایەکی سادەو خاکییەوە پێکهاتووە. بەڵام نائاسایی بووە. ئەگەر تەعبیرەکەمان لەجێگای خۆیدا بێت لێرەدا دەهۆڵێک دڕاوەو تەقەی بڕاوە. بەڵام فەراهەمبوونی ئەو قۆناخەی گۆڕانکاری و شێوە گۆڕین لەمیانەی گوزەرکردنێک کە ئێمە چاوەڕوانی نەبووین و بەبیرماندا نەدەهات، وێنەیەکی نوێ و بەرگێکی نوێ بۆ مێژووی مرۆڤایەتی بەدەست دێنێت.

کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان

ژمێرە	ناوی کتێب	ناوی نووسەر
١	شاری سلێمانی	م جەحدەر
2	بڵنی سێو	عیرفان سالم
٣	هونەری ئەوروپی سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنیسانس	وەهبی ڕەسوڵ
٤	مێژووی ئاینی زەردەشتی	عبدالله
٥	هەڵوێستی ڕۆژئاوا بەرامبەر زەردەشت	جی دوشین گمین
٦	کاك فوئاد سوڵتانی	(مەلەکە)
٧	شاری ڕووناکی زەردەشت	د.حسین وحیدی
٨	نازیلا	یاسین خیلانی
٩	کاریگەری خێڵ و ئایین	گۆران سەلام
١٠	میوزیکی شێرکۆ بێکەس	ڕۆژك قەرەداغی
١١	کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدرلێکراو	د.گونیتەر دشینەر
١٢	گوڵ	ڕۆژك قەرەداغی
١٣	لێکۆڵینەوەی سۆسیۆمیدیایی	د.محمد علی یەوری
١٤	ڕازێك لە زمانی دەرخستەوە	فەرهاد حەمە سالم
١٥	ملزارت	فەرمان عەلی
١٦	ڕێبوار سەعید	ڕێبوار سەعید
١٧	غازی محەمەد	بەختیار سەعید
١٨	ئازاد شەوقی	بەختیار سەعید
١٩	بەدیع باباجان	بەختیار سەعید
٢٠	ناسیونالیزم	ئێرنێس گلنێر
٢١	مێژووی ماد	م.ا.دیاکۆ نۆف
٢٢	مێژووی شوێنەوارناسی ڕۆژهەڵات	عوبەید سوورخایی
23	شەمیلە- فارسی	عارف قوربانی
24	بارودۆخی سیاسی کوردستان لەنێوان ساڵانی ١٩٠٥-١٩٣٠	عەبدولقادر شکاك
25	فەلسەفەی مارکسیزم	ڤ.یۆڤچینسینك یاخوت
26	پارسان	ئەیوب ڕەسنەم
27	زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا	جوانی ئەسعەد
٢٨	شیعر- لاتینی	لوقمان مەحمود
٢٩	کینی کریانو- لاتینی	محەمەد حەمە
٣٠	ئارکۆلۆژیای شانۆ	نیهاد جامی
٣١	ژنانی شێوەکار	بەختیار سەعید
٣٢	سێ دیدار	ماکسیم گۆرکی
٣٣	بەیامی زەردەشت	اکرم بەرامی
٣٤	جەنگێکی بێزراو	حەبیب سۆزدیە
٣٥	ڕیگایەك لە ئەدەب بینینێك بۆ سیاسەت	بشکۆ نەجمەدین
٣٦	بەرێوەبردنی ژینگە	د.زکریا ئامین
٣٧	بیستوونی ژینگەو جزرەکانی	محمد ئەلسەید عەجوورە
٣٨	سەرنج لەسەر سەعید قەزاز	زەهێر کازم عە ببوود
٣٩	چەمکە بنەڕەتییەکانی زانستی ئابووری	پرۆفیسۆر اسماعیل
٤٠	چیرۆکەکانم هەر ئەوەندە بوو	ئاوات محەمەد

ئایا دەکرێ بگووترێت کە (PKK) بزووتنەوەیەکی ئیبراهیمی هاوچەرخە؟ لەبواری نیازدا لایەنی هاوشێوەی زەق و دیار بەرچاو دەکەوێت. هێرشکردنە سەر زەمینەی نەعلەتی و نەمرودە بچووکەکان نەك تەنیا بەناوی نەتەوەیی و دیموکراتیەوە، بەڵکو بۆ تەواوی مرۆڤایەتیش هەنگاوێکی پێشکەوتنخوازییە.

ناوەندی توێژینەوە و هزریی شەهید نارام
لەسەر نەرکی (د. تەها رەسوڵ) چاپکراوە
2017